# گەندەڵستان

## چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان دا

نووسینی: محەممەد هەریری

چاپی یەکەمی
ئیلکترۆنی 2018





# گەندەڵستان

## چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان

نووسینی
محەمەد هەریری

چاپی یەکەمی ئێلکترۆنی سێپتەمبەری 2018

# گەندەڵستان

چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشوری کوردستان

نوسینی : محەمەد هەریری   توێژەر لە فکری ئیسلامی

نەخشەسازی بەرگ و تێکستەکان : هادی هونەر

ساڵی چاپ : چاپی یەکەمی ئیلیکترۆنی سێپتەمبەری 2018

# پێشەکی

**گەندەڵی وەك لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسە کراوە بریتییە: لە لادان یان لەناوبردنی ئەستۆپاکی لە پیادەکردن و هەڵسوڕانی ئەرکە گشتییەکان لە ڕێگای بەرتیل و پەسەندکارییدا.**

**بە پێی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئاڵۆزە، کاریگەری بەسەر هەموو وڵاتاندا هەیە. گەندەڵی دەزگاکانی دیموکراتیەت هەڵدەوەشێنێتەوە و گەشەی ئابووری خاو دەکاتەوە، شڵەژانی حکومەت دەنێتەوە و لە بنچینەی دەزگا و دامەزراوە دیموکراتیەتەکان دەدات، بە شێواندنی پرۆسێسەکانی هەڵبژاردن کە سەروەری یاسا لە ئامانجەکانی لادەدات، و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی زۆنگاوە بیرۆکراتیەکان کە مانەوەیان بەند دەبێ لەسەر بەرتیل و شڕەخۆری.**

گەندەڵی دەردێکی ترسناکە، کە لە کۆمەڵگاکاندا بڵاودەبێتەوە، ئەو ئافەتە لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی جیهان بڵاوبۆتەوە، وەك شێرپەنجە بە هەموو دەمارەکانی بوارەکاندا بڵاوبۆتەوە، ئاکامی ئەو گەندەڵیەش دروێنەی فەشەل و نوشووستی و گەڕانەوە بۆ دواوە و چیلکە خستنە بەر ڕەوڕەوەی گەشەپێدان وپێشکەوتنە. هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی وڵاتان و دارمانی شەرعیەت و ناوزڕانیانیشە.

**گەندەڵیەکان فرە بوارن، بەڵام مەترسیدارترین جۆری گەندەڵی، گەندەڵی سیاسییە، کە لە پێناسەیدا هاتووە: خراپ بەکارهێنانی دەستەبژێری فەرمانڕەوەکانە، بۆ دەسەڵاتی گشتیی حکومیی، لە پێناو ئامانجی نا مەشروعی وەك بەرتیل و قووچاندنەوە و پارە پێ بەردانەوە وخزم خزمێنە و پەسندکاری، بۆ بەدەستهێنانی قازانجی کەسێتی.**

**لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا ئەگەر سەرۆکی وڵات دیاریەکی وەرگرت نرخی لە سەرووی ٢٠٠ دۆلار بیت، بە جۆرێک لە گەندەڵی دادەنرێت، بۆیە هەر دیارییەك لە سەرووی ٢٠٠ دۆلارەوە بێت، دەبیتە موڵکی نووسینگەی سەرۆکایەتی، سەرۆك پاش تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی دەتوانێ بیکڕێتەوە! لە کوردستان سەرۆك و وەزیرەکان و بەرپرسە باڵاکان سنوور نییە بۆ دیاری و شیرینی نەوت و جۆریتری بەرتیل، وەزیرەکانیش کە دەگۆڕێن هەموو ئۆتۆمبیل و فەرش وقەنەفەی وەزارەتەکەش لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە!**

دیاردە و حالەتەکانی گەندەڵی زۆرن، گرنگترینیان وەك ئیتیفاقیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی ٢٠٠٣ بەو شێوەیە دیاری کردوون:

- **بەرتیل دانە کارمەندە گشتییە نیشتیمانییەکان**
- **بەرتیلدانە کارمەندی گشتی بێگانەکان و کارمەندانی دەزگا نێودەوڵەتیەکان**
- **قوچاندنەوەی [اختلاس] موڵکی گشتی و بەهەدەردانی و ڕەوانەکردنی بۆ دەرەوە لەلایەن بەرپرسان وکارمەندانی حکومەت.**
- **بازرگانیکردن بە دەسەڵات.**
- **خراپ بەکارهێنانی پایە ودەسەڵات.**
- **دەوڵەمەنبوونی نا مەشروع و نایاسایی.**
- **بەرتیل لە کەرتی تایبەت.**
- **شۆردنەوەی داهاتی کارە نایاسایی و پڕ تاوانەکان.**
- **شاردنەوەی پارە.**
- **تەگەرەخستننە بەر ڕێگای دادگەری**

گەندەڵی لە ڕووی قەبارەوە دوو جۆرن:

**ئاماژەکانی گەندەڵی لە هەر وڵاتێکدا بریتیین:**

- دەرکەوتن و هەڵتۆقینی دەوڵەمەندی لە سنوور بەدەر، لە غافڵەتی و لە ناکاودا، وەك دەوڵەمەندەکانی دەسەڵاتی کوردی.

- بڵاوبوونەوەی ڕەشوە وبەرتیل و سەرانە بە هەموو جۆرێك، هەتا کەس نەتوانێ پڕۆژەیەکی بازرگانیش بکات، بەبێ ئەوەی بەرتیلێکی گەورە، یان ڕێژەیەکی گەورە نەداتە بەرپرسێکی گەورەی سیاسی، زۆرجار لە کوردستان لە ٥٠٪ ش تێپەڕدەدا!

- پەسندکاری لە پێدانی ئەرکە حکومییەکان، و دابەشکردنی بەسەر خێزان و عەشیرەت وحزب و خێڵ، لە جیاتی پێدانیان لەسەر بنچینەی لێهاتوویی و کارامەیی و پسپۆڕی ودڵسۆزی و دەستپاکی.

- لاوازی دەزگاکانی چاوەدێری دەوڵەت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە چاودێرییەکانی، بوونی بە شێوەیەکی توێکلی ناکاریگەر و شکلی.

❖ دەست بەسەرداگرتنی مولکی گشتی و فرۆشتنەوەی، بۆ بەدیهێنانی قازانجی تایبەت و شەخسی. کە ئەوەش لە کوردستان زۆر بڵاوە، هەتا بیرە نەوتەکانیش هەر یەکەی هی بەرپرسێک یان چەند بەرپرسێکە!

❖ بەدبەکارهێنانی پایەی سیاسی، وپێشێلکردنی یاسا ورێسای دەوڵەت، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی.

❖ بڵاوبوونەوەی دیاردەی قۆچاندنەوە [ابتزاز]، لە ڕێگای ئاڵۆزکردنی ڕێکارەکان و ڕۆتینە ئاڵۆزەکان، هەتا بگەڕێنەوە لای خۆیان بە بەرتیل بۆیان چارەسەر کەن! مەترسی ئەو دیاردەیەش لەوەدایە، کە دەبێتە هۆی بێ متمانەیی و راکردنی سەرمایە لەو وڵاتە.

**گرنگترین جۆری گەندەڵی سیاسی بریتین لە:**

❖ **شیرینی و بەرتیل Payoffs and Bribes: کە سەرەکیترین و زەقترین جۆری گەندەڵی سیاسییە. کە بریتییە لە پێدانی پارە و کاڵا و خزمەتگوزاری لە بەرامبەر مامەڵەیەکی پەسندکارانە.**

❖ **قازانجی نامەشروع و قوچاندنەوەی پارە Embezzlement: واتە لادانی بەشێك لەو پارەیەی کە دەوڵەت بۆ پڕۆژەکانی یان بۆ هاوڵاتییەکانی دابینی کردوە.**

❖ **ئیبتیزاز Blackmail and Extortion: بریتییە لە بەکارهێنانی پایەی گەورە وهەستیاری دەسەڵات بۆ هەڕەشەکردن و زۆرلێکردنی کەسێك تا هاریکاری بکات و بەو شێوەیە کارێك بکات کە بەرپرسەکە دەیەوێ.**

❖ **مامەڵەی پەسەندکاری Preferential Treatment : ئەوەش جۆرێکە لە گەندەڵی سیاسی، ئەو کاتە ڕوودەدات کە بەرپرسە باڵاکان لەسەر بنچینەی ماڵباتی و خزم خزمێنەیی یان عایدی من nepotism یان حزبایەتی پایەی دەوڵەتی دەبەخشێتە کەسێک، نەك لەسەر بنچینەی لێهاتوویی و بڕوانامە و کارامەیی.**

زۆر لە توێژینەوەکانی ئەو بوارە دەیسەلمێنن، کە زیاتر لە ٦ ملیار مرۆڤ لە ژێر سایەی حکومەتە گەندەڵەکاندا دەژین! بێگومان گەندەڵیش لەو وڵاتانەی دووچاری ئەو دەردە بوونەتەوە ڕێژەییە. هەیانە ڕێژەی کەمە، و هەوڵی جیدی و شێلگێرانە لە ئارادایە، بۆ

قەڵاچۆکردنی. هەشیانە گەندەڵیەکی بێ سنوورە، لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتەوە تا بچوکترین کارمەند تێوەگلاوە وەك حالەتی کوردستان.

**ئینجا دوو جۆر گەندەڵی هەیە لە ڕووی قەبارەوە:**

**گەندەڵی بچووك Minor Corruption کە کارمەندە پلە پایینەکان دەیکەن، بەبێ ڕێگەپێدانی سەروو، وەك وەرگرتنی بەرتیلی بچووك ئەوەیان چارەسەری ئاسانە و کاریگەریشی هێندە تێکدەرانە نییە ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی سەروو بێت!**

**گەندەڵی زەبەلاح Gross Corruption کە دەسەڵاتدارە پلە باڵاکان دەیکەن لە لوتکەی دەسەڵاتەوە، ئەوەیان زۆر مەترسیدارە، و دەبێتە هۆی خواردن و بە هەدەردانی پارەیەکی خەیاڵی زۆر بۆ دەستەبژێری دەسەڵات. هەندێ جار وڵاتێکی پڕ دەرامەت و سامانیش، وا دەردەکەوێ کە هەژارترین گەلی سەر زەوی بن وەك کوردستانی باشوور، کە گەندەڵیەکەی سوپەر زەبەلاحە!**

وەك دەبینن کوردستانی باشوور، هەموو مەرجەکان و ئاماژەکان و خەسڵەتەکانی گەندەڵی تێدایە بە زیادەوەش! بەڵێ بە زیادەوەش، چونکە دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە هەموو بوارێکدا فاشیل بێت، ئەوە لە بواری گەندەڵیدا لە پێشەوەیە و پڕ داهێنانە! نموونەی داهێنان بەزمەکەی دانا غازە، کە هەموو ئاماژەکان دەڵێن، تەنها یاریەکە لە نێوان دەسەڵاتی خۆماڵی و کۆمپانیایەکی عەرەبی خەلیجی بۆ تاڵانکردنی سامانی گەل.

یان تەرخانکردنی پارەی بودجە بۆ گوندێك کە ناوی لەسەر نەخشەی کوردستان نەبێت! یان مووچەدان بە کارمەندانی کۆمپانیایەکی ئەهلی، چونکە خاوەنەکەی سەرۆك وەزیرانە!

یان سەرفکردنی ملیۆنەها دۆلارە بۆ کڕینی گوڵ بۆ کۆشکی سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی تر!

تەنها لە بودجەی ساڵی ٢٠١٣ ئەو ژمارە سەیرانە هاتبوون کە مرۆڤ تووشی خەمۆکی دەکات:

"٤هەزارو ٢٠٠ دەفتەر بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل، بۆ دەرماڵەو خەرجییەکانی گەشتکردن ٣٠ ملیارو ٨٨٩ ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئایا بەرهەمی ئەم گەشتو وەفدانە چی بون لە رابردودا، سودەکەیان بە ئەندازەی پارەی تەرخانکراو دەبێت؟

500 "دەفتەر بۆ ئاهەنگ و ڕابواردنی فەرمی (الترفیه الرسمی)

663"دەفتەر دۆلار بۆ کۆڕو کۆبونەوەکانی حکومەتی هەرێم!

حکومەت (10) کارگەی هەیە، شەشیان لە کارکەتووەو چواریان کاردەکاتو خەرجییەکانیان 10 ئەوەندەی داهاتەکەیەتی ئەم ساڵ بڕی 4ملیارو 253 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئەم کارگانە کامانەن؟ بەرهەمەکانیان کوا؟ کەس نازانێ!

نەک هێندە بەڵکو ئەو دوو فرۆکەخانە گەورەیەی هەولێر وسلێمانی، مشە خۆرە لەسەر بودجە وهیچ داهاتێکی وای دیار نییە، وەك بڵێی دەزگایەکی خێرخوازیە وبەس!

دەسەڵاتی دادوەری داوای 40 ملیۆن دیناری کردووە بۆ کریی ئاوەرۆ، وەزارەتی دارایی وتوویەتی ئاوەڕۆ کرێی نییەو هیچی بۆ تەرخاننەکردووە.! دەسەڵاتی دادوەر وا داهێنەر بێ لە دزی، چی بە ئەوانیتر دەگووترێ؟!
لە هەمووی خۆشتر بەزمی گەڵابەکانی پەرلەمانە، کە لە ماوەی دوو ساڵە پەرلەمان بڕی (600) ملیۆن دینار بۆ چاکردنەوەی گەڵابە خراپبووەکانی پەرلەمان تەرخاندەکات، نەمانزانیوە پەرلەمان ناوچەی پیشەسازیشی هەیە، بۆ چاککردنەوەی گەڵابە! وتا کۆتایی مەهزەلەکان.

گەندەڵی کوردستان گەندەڵی زەبەلاحە **Gross Corruption** بە کوێرایی دوژمنان! چونکە ناکرێ لە هەموو بوارێك هەر لە دواوە و بچووك بین!

**من لە نووسینی ئەو کتێبە بیرم لە وشەی گەندەڵستان و گەندەڵی دەکردەوە! چونکە دڵنیام وشەیەك نییە بە وردی وەسفی حالەتی خراپی بارودۆخی کوردستان بکات. بەر لە ماوەیەك لەگەڵ شاعیری مەزنی کورد عەبدوڵلا پەشێو بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، یەك دووجار وشەی گەندەڵی دەسەڵاتم بەکار هێنا. پەشێوی مەزن گووتی کاک محەمەد: غەرەتە ئەو دەسەڵاتە بەناو کوردیە وەسف بکرێت بە گەندەڵ، چونکە وشەی گەندەڵ زۆر بچووکە بۆ وەسفی، هەقی خۆی ناداتێ! دەبێت وشەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە گوزارش لەو هەموو نەگریسیەی بکات کە تیایدایە، تا ئێستا لە قاموسی کوردی وشەیەکی لەو جۆرەم نەدۆزیتەوە بۆی بەکاری بێنین. ئەو دەسەڵاتە، پێشڕەوی کوردی کرد بەرەو پەرتەوازەیی و تاڵانی و هەڕاجکردنی نیشتیمان و دواکەوتوویی و دووبەرەکی و هەستی بێ ئینتیمایی و دەیان کارەساتی تر.**

کەوابوو من لەناچاری ئەو وشەی گەندەڵییەم بەکار هێناوە، وەك تێپەڕاندن یان [تجوزا] وەك عەرەب دەڵێت، دەنا دەزانم پڕ بە پێستیان نییە.

لەبیرمە تازە ڕاپەڕین ببوو، هێندە دڵخۆش بووم کە هیچیتر لەژێر دەستی بەعس نامێنینەوە و هیچیتر لە ڕیزی نەیاران و دژایەتی ڕژێم نامێنینەوە، پاش ئەوەی وەك کور تێکڕا هێزمان لێبڕا بوو، لە ستەمەکانی ڕژێم و ماندوو ببوین لە دژایەتی ڕژێمی سەدام و بەرهەڵەستی کردنی.

باوکم بە ڕەحمەت بێ منی دیت وا دڵخۆش بووم، گووتی: کوڕم قەت وا دڵخۆشم نەدیوی!

گووتم: تەواو بابە ڕزگارمان بوو، لەمەودوا هەر کورد بەخۆی حوکم دەکات، کێشەکانی سەردەمی سەدامەمان نامینێ لە دزینی سامانی کوردستان و داپلۆسین و چەوساندنەوە و کوشتن وگرتن!

باوکم کە مرۆڤێکی سادە ودەروێش و دڵساف و دوور لە سیاسەت بوو، بەڵام زۆر کوردپەروەریش بوو سەرەڕای دینداریيە کوردەوارییەکەی، گووتی: ئەوە بەڕاستتە کوڕم، بەخوای دەترسێم خۆزگە بە سەدامی بخوازین ڕۆژەك لە دەست ئەو حزبە کوردیانە!

ڕاستیەکەی ئەمن ئەو کاتە گاڵتەم بەو قسەیەی باوکم هات، بە تایبەتی کە دەمزانی سەر لە سیاسەت دەرناکا! بەڵام ئەو وتەیەی باوکم دەتگووت وەك وەلییەک لە ئەولیای خوا، کە دەڵێن خوا کەشفی نهێنیان بۆ دەکەن، دەتگووت خودا بۆی کەشف کرد بوو!

هەر ڕۆژێك و مانگێك و ساڵێك تێدەپەڕی، بەشێك لە ڕووبەری ڕاستی ئەو قسەیەی باوکم بۆ بەدەردەکەوت. ئەو وتەیە لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆش ڕۆژانە بیرم دێتەوە، گەیشتمە ئەو ڕادەیەی بڵێم ئەو پێشبینییەی باوکم وەك کەرامەتێك و کەشفێکیی خودایی بوو، ئێستاش تێناگەم چۆن ئایندەی بۆ کەشف بوو، خو کاتێ ئەو قسەیەی کرد، هێشتا هیچ گەندەڵییەک و داپلۆسینی سیاسی ڕوویان نەدابوو، لە قۆناغی مەست بوون بووین بە سەرکەوتن بەسەر سەدام و دەرکردنی لە کوردستان!

من هەر زوو هەستم کرد بە فەوزەویەتی و سەرلێشیواوی حزبە کوردییەکان، بەڵام بۆ چەند ساڵێ چاوپۆشیمان لێدەکرد، دەمانگووت ئەوانە بێ ئەزموونن و با سەبریان لێ بگرین! بۆیە لەو قۆناغە بە ڕوحیەتی دۆستێکی ئامۆژیگار دەماننوسی، بۆیە لە زۆر لە وتارەکانی ئەو قۆناغە هەست بەو نەرمییە دەکرێت وەك نموونە:

: "لە پێناو شڵەقاندنی گۆمی مەنگی گۆڕەپانی سیاسی، و نوێکردنەوەی بە خوێنێکی نوێ بۆ بوژانەوەی شادەماری ژیانی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا، پێویستە هەموو خاوەن

هەڵوێستێک لە دژی ئەو کەموکورتی وپشێوی وبە هەدەر چوونی سامانی وڵات وگەندەلییەی، کە ڕۆژانە لەسەر ئاستی شەقامی کوردی، ونوخبەی سیاسی وفەرهەنگی باسی لێوە دەکرێت، پاڵپشتی هەر دەنگێک بکات، کە هەوڵ دەدات لە پێناو پتەوکردنی ژیانی دیموکراسی، ونە هێشتنی گەندەڵی وبەرفراونکردنی زیاتری ئازادیەکان وهتد."

بۆ ماوەیەك بەو نەفەسە ئامۆژگاریخوازە ڕەخنەکانمان دەگرت بەوپەڕی نەرمیەوە، دوایی دیتم سەرانی حزب و سیاسەت، خۆیان هەوڵی ڕەگ داکوتاندنی گەندەڵی دەدەن، وگەندەڵی بە ئاسایی دەزانن، بۆیە گووتمان:

"گەندەڵی نەك مایەی شەرمەزاری نییە لەو جەنگڵستانەی گەندەڵیدا، وبەڵکو بە دانپێداهێنانی سەرۆکەکانمان بۆتە کلتور و فۆلکلۆر!! کوڕ ئەو کوڕەیە تا بۆی بکرێت هەلەکان بقۆزێتەوە وتا دەتوانی پارە ومولکی گەندەڵی بۆ خۆی گڵداتەوە... نەک گەندەڵی ڕێگە پێدراوە، لە سایەی ئەو کلتورە گەندەڵەدا، بەڵکو فایلداری بەعسیش بە هەر ئاساییە، مادام مل کەچ وپەیوەستی بە حزبایەتی وسەرۆکایەتی حزبەکەت..!

کورە سەرۆک جاشیش بویت هەر ئاساییە، با بەژداریت کردبێت لە ئەنفالکردنی خەڵکیش هەر ئاسایی یە، ئەوەندەت بەسە دڵسۆزبیت بۆ حزبەکان وسەرکردە قارەمانەکان، گرنگ ئەوەیە ئەگەر حزب شەڕی کرد ئامادە بیت ئەنفال بۆ ئەویش بکەیت!
با ئەمن وڕاپۆرت نووسی ڕژێمی بەعسی پێشوش بیت، وچەندین کەست گەیاندبێتە پەتی قەنارەش، گرنگ ئەوەیە ڕاپۆرتەکانی ئێستات لەبەرژەوەندی باڵای حزب ودەسەڵاتدا بێت!!
هیچ کەسی حزبی دڵسۆزتان دی بدرێتە دادگا بە تۆمەتی گەندەڵی ؟!
هیچ کەسی دڵسۆزبە حزب وسەرکردەکانتان دی بدرێتە دادگا بە تۆمەتی خیانەتی نیشتیمانی؟!"

دوایی بۆم دەرکەوت کە ئێمە لەوەتی هەین هەروا بووین:

" لەوە دەچێت لە مێژە خۆمان باش ناناسین، لەبەر هەندێ سیفەتی باش، سیفەت و شتە خراپەکانی خۆمان نەزانیبێت. یەك لەو شتانەی کە نەماندەزانی ئەوەیە، کە ئێمەی کورد هەمیشە گەندەڵی بەبەرچاومانەوە کراوە لەلایەن سەرۆك و سەرکردەکان، هەمیشەش یان ئەوەتا قەت دەنگیشمان نەکردوە، یانیش دەنگیشمان کردبێت هەر بۆیان چۆتە سەر، تا ڕادەی ئەوەی هەندێ لەو سەرۆك و سەرکردانە بۆنەتە ئایکۆنێکی مێژوویی پیرۆز و موقەدەس، هیچ کەس شتێکی ئەوتۆ لەبارەی دیوەکەی تری گەندەڵی و خیانەتەکانی نازانێت دەرهەق بە گەل.

" لەناو رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود، لەناو لیستی ئەوانەی "فەقیرانە"یان لە بەلەدییەی سلێمانی وەرگرتووە، ناوی دەیان بەگ و ئاغا و شێخ و بەگزادەی – بۆ نموونە وەك "ئەحمەد بەگی شەوکەت بەگ، شێخ حەمەومین ئاغا و فلان ئاغای ناودار و بەگزادەی شێخ فلان بەگ "دەبینیت، وەك (سواڵکەر!) ناویان لە رۆژنامەکەی شێخ مەحموودا تۆمار کراون، """فەقیرانە- سۆسیال"یان لە حکوومەتی مەلیك مەحموود وەرگرتووە!

سەرچاوەکان هەن، دەیسەلمێنن کەسایەتی کوردی لە لوتکەوە وا سووك و چروک بوون هەمیشە، بۆیە ئەمڕۆ سەرکردەکانمان ئامادەن کورد لە برسان بکوژن و ڕیسواکەن، نەك دەست لە دزی و تەماعی بێ بڕوانەوە و چڵێسی هەڵگرن!

نەك دەستی ئەو میللەتە بگرن، بیانبەنە ناو کۆڕی میللەتانەوە. دزی و تاڵانمان مەکەن دەوڵەتی کوردیمان لێتان ناوێت بەو برسێتییە و دەروون تێکشکاویە، دزی و تاڵانی خەڵك مەکەن، کەس نایەوێت ئاڵایان بۆ هەڵکەن ئەو چڕە مەعاشەی بەغداشیان لێ ببڕن!

سەیر لەوەدا بوو میللەتێك هەزار ساڵ زیاترە بێ کیان و بێ دەسەڵاتە، دەبوایە دەستەی دامەزرێنەری یەکەم دەسەڵاتی لە ڕووی دڵسۆزیەوە و ئەستۆ پاکییەوە وێنەیان نەبا لە مێژوودا، بەپێی مێژووی گەلان و تیورە سیاسیەکانی ئیبن خەلدون! بۆیە بە ناچاری گووتمان:

"یەکێک لە بلیمەتیەکانی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە، توانیویەتی ئەو هەموو قۆناغانەی دەوڵەت ببڕێت، سەر لە باوکی ئیبن خەلدون یش بشێوێنێ، کاتێ لە یەکەم قۆناغدا هێشتا تازە لەوبەر سنور وچیاکان هاتنەوە لەو پەڕی پەڕپوتی ونەداریدا، چاوەڕێیان نەکرد بە دڵسۆزی بنچینەی یەکەمی دەوڵەتی کوردی یان قەوارەی کوردی دامەزرینن، بەڵکو یەکسەر بە بازە کولەیەك گەیشتنە قۆناغی [الإسراف والتبذير] ی پێنجەم، دەڵێی قەومەکەی یاجوج وماجوجن لەپشت شورەکاندا بە برسێتی بەندکرابوون و کاتێ شورای بەندیان شکاند بەو شێوەیە برسێتیەی سەدان ساڵەوە بەربونەتە هەڵلوشینی سامانی ئەو نەتەوەیە ولەو پێناوەدا لە هیچ جۆرە رەخنە ونەقد وقسەیەکیش سڵ ناکەنەوە. ئەو قۆناغە لای ئیبن خەلدون قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی عەسەبیەت و دەمارگیرییە بەمانای [سۆزی نەتەوەیی یان هۆزگەلی] وقۆناغی لە نێو چوونی سامانەکانە کە بە زەرورەت بەرەو ڕوخانی قەوارەی دەولەت دەچێت لە ڕووی سیاسی وئابووریەوە."

قۆناغی دۆزینەوەی نەوت و بازرگانی پێکردنی بە دەستی ئەو سیاسییە نەخوێندەوار و سیفەت قاچاغچییانە نەك هەر بە خێر نەشکایەوە بۆ سەر میللەتی کورد، بەڵکو بووە چاووگی گەندەڵییەکان و بە هەدەردانی سامانی خەڵکی کورد لە ئێستا و دواڕۆژدا، هەر

**زوو پێشبینیم کرد کە ئەو نەخوێندەوارانە ئەو سیاسەتی نەوتە دەکەنە قازانجێکی شەخسی خۆیان و کارەساتێك بۆ میللەتەکەمان:**

**" ئەوەی دەسەڵاتی کوردی دەیکات لە هەڕاج کردنی سەروەت وسامانی کوردستان، بەڕاستی یان نهێنییەکی لە دواوەیە کە ئێمەی خەڵکی نا حکومی وحزبی نایزانین، یانیش گوزارشێکە لە سادە وساویلکەیی دەسەڵاتی کوردی. ئەگەر ئەگەری یەکەم بێت، ونهێنیەک لە ئارادا بێت بۆ بەکارهێنانی ئەو سەروەت وسامانانە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هێزە زەبەلاحەکان بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی وپاراستنی کوردستان لە برا دوژمنەکانی دەوروبەر، ئەوە کارێکی باشە وهەموومان دەستخۆشییان لێدەکەین، هەرچەندە مەزەندە ناکرێت ئەو دەسەڵاتە هێندە ستراتیژیانە بیر بکاتەوە، لە حاڵەتی ئەو ئەگەرە ڕاست نەبێت، ئەوە ئەو دەسەڵاتە سەروەت وسامانی کوردستان بە هەدەر دەدات، و ئاشتی هەورامی ئەو سەروەتەی کوردستان سەد لە سەد (100%) شاباش دەکات بۆ ئەوەی سەدا هەڤدەی (17%) وەرگرێتەوە لەوسەر!!"**

**دەیان فەزیحەی کۆمپانیا گەورەکانی نەوت ئاشکرا بوون، لە هەمووی بەدئەخلاقیتر فەزیحە بەردەوامەکەی دانە غازە، پاش وەرگرتنی ملیۆنەها دۆلار بە شێوازێکی زۆر گوماناوی گووتمان:**

**" دانە غازیش لەوە دەچێت بازرگانیەکی گەندەڵی بێت بۆ زیاتر دادۆشینی سامانی بێ خاوەنی خەڵکی کوردستان. ئەخر ماقوڵ نییە دانا غاز ئەو کارە بەو دەسەڵاتە مافیایە بکات، هێشتا کارمەندێکیشیان لووتی بەخوێن نەهاتبێت. ؟! تەقە لێکردنێك؟! ڕفاندنێك؟! ئاگرێك؟!**

**باشە تێمان بگەینن ئەو کۆمپانیایە چی کردوە و ئێوە چیتان کردوە تا وا سزای کوردستان بدەن؟!**
**من چۆن دەزانم من هەم و ئەو دێرانە دەنووسم، وەهاش دڵنیام کە ئەو بەزمەی دانەغاز، دزیەکی هاوبەشی نێوان دەسەڵاتداران و دانەغازە !**
**دەسەڵاتیک لەو ئاستە بێت دزی و گزی بە شەریکی لەگەڵ بێگانە بکات لە خەڵکەکەی، وەک ئەوەیە پیاوێک بەرێتەوە بۆ ماڵەوە تا پێکەوە دەستدرێژی بکاتە سەر خوشک ودایکی خۆیان!"**

**دیتمان لە کاتێکدا غەرق بووین لەناو نووسینی ڕەخنە لە گەندەڵییەکان، فەزیحەکانی گەندەڵان تا دێت زیاتر و زێتر دەبن:**

"فەزیحە دراوییەکان کە بە ملیۆنەهایە، کێ لەسەری لێپرسینەوەی لێکرا وکێ دادگایی کرا وکێ سزا درا، وکێ پارەی دزراوی لێ موسادەرە کرا؟!!

فەزیحەی ئەوانەی بە هەزاران کوردیان کوشتوە، وتەسلیم بە دوژمن کردوە لە جاشە خۆفرۆشەکان، کامەیان دادگایی کرا و کامەیان سزا درا، ، کامەیان لە دادگاییەکانی ئەنفال دادگایی کرا؟! یان تاوانی بە دەستی کورد تاوان نییە، تەنها عەرەب بێت ئەو کاتە دەبێتە تاوان؟! کامەیان لە جیاتی سزا پاداشتیش نەکراوە، ودیوەخانەیشی بۆ گەرم نەکراوە؟!!

فەزیحەی کوشتنی رۆژنامەوانانی وەک سۆران مامە حەمە ولێدان وهێرش کردنە سەر نەبەز گۆران وکەسانی تریش، کەی ئەنجامی لیژنەکانی بەدواداچون دەردەچێت، کێ ناوی ئاشکرا کرا وکآ دادگایی کرا وکێ سزا درا؟!!"

تا دەهاتن خراپتر و خراپتر دەبوون، گەندەڵییەکان پتر دەبوون، بۆیە ڕۆژێ نووسیمان:

" گەندەڵی کوردی تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە لە هیچ گەندەڵیتری وڵاتان ناچێت. گەندەڵی کوردی زۆر بێ ئیحساستر و بۆگەنتر ودەبەنگترە، بەڕادەیەك مرۆڤ تووشی خەمۆکی و شیزۆفرێنیا دەکات، توشی شێتبوون دەکات، مناڵەکانی دوێنێی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان بە ملیاردەها دۆلاریان لە دەستە کەچی سەرەڕای ئەوەی ئەو نەوتەی کوردستان شەو و ڕۆژ بەتاڵان دەبردرێت، کەچی هێندە بێ شعور و چڵێس و بێ عەقڵن گەندەڵەکانی کوردستان، هەتا مووچەی فەرمانبەران و کارمەندان و پێشمەرگەش بە جوانی نادەن!!
گەندەڵی کوردی هێندە پیسە خودی باسکردنیشی گەندەڵ بووە!"

دوایی بێ هیوا بووم لە تەرکیزکردنە سەر فەزیحەتەکانی گەندەڵی، دیتم دەیانی وەکوو من ڕۆژانە دژی گەندەڵی دەنووسن، کەچی هەر نەك هیچ ناگۆڕێت، بەڵکو خراپتریش دەبێت، بۆیە ڕۆژێ بە نائومێدییەوە نووسیم:

"دەسەڵات لە هەڵوشینی سامانەکان وەک تلیاک خۆرەکانی جیهانە خەیاڵیە بەرزە فڕەکەی تلیاک خۆرانی لێ دێت، نە دەتوانی گوێ بۆ کەس بگرێت ونەتێبگات لە کەس، جگە لە وڕێنە تلیاکیاوەیەکانی خۆی گوێی لە هیچی تر نییە!! لەو قۆناغەدا ڕەخنە ماندوو و شەکەت دەبێت، لەوانەیە دەسەڵاتی مەست بوو بە تلیاکی گەندەڵی، دڵی خۆش بێت کە ڕەخنە ماندوو بوە وجەوی نەماوە هیچی تر بنوسێت، بەڵام ترسناکی قۆناغەکە ئەوەیە، توڕەیی ڕەخنە وماندوو بوونی خەڵک بەرەو تەقینەوەیەکی سەرتاسەر ببات، و تا ئەو دەسەڵاتە سەرخۆشەی بە تلیاکی گەندەڵی بە هێز باڵبەست بکەن و بەرەو نزیکترین کلینیکی چارەسەری عەقڵی یان چارەسەری لە ئاڵودە بوون بە تلیاک بەرن!"

گەیشتینە قەناعەتەکەی باوکم، کە بڵێین ئەوانە لە سەدامیش خراپتر دەرچوون! هیوامان خواست کوردستان کۆڵۆنیەکی بێگانە با:

زۆر سیاسی ورۆشنبیر وبیرمەندی وڵاتانی ئەو جیهانەی سێیەمە، جاروبار دەڵێن داگیرکەرانی پێشوی وڵاتەکەمان چاکتر بوون لە دەسەڵاتی نیشتیمانی، ئێمەی کورد بەرلە گەیشتن بە سەربەخۆیی گەیشتینەتە ئەو قەناعەتەی خۆزگە وەک هەر دورگەیەکی کۆلۆنی لەژێر حوکمی یەک لە ئیمپریالیە جیهانیەکانی وەک ئەمریکا وبەریتانیا وفەرەنسا باین، هەرنەبا بە قەد هۆنگ کۆنگ بایەخیان پێدەداین، ئەو زلهێزە گەورانە بێ گومان لەو دەسەڵاتە بەناو کوردە مرۆڤ تر و بەبەزەیی تر دەبوون بەرامبەر بە مولک وسامانی ئەو وڵاتە، کریس کۆچێرا چاکی بۆ چوە کە بەراوردی سەرانی کورد دەکات بە چەتە دەریاییە سۆمالیەکان، هەرچەندە من پێم وایە هێشتا زوڵمی لە چەتە سۆماڵیەکان کردوە، چونکە ئەوان لەبەر بێکاری وبێ دەرامەتی وشەری ناوخۆ وپشت گوێ خستنی جیهان وبرسێتی وادەکەن، ئەوانەی ئێمە لەبەر تێری وەک جەهەنەمی قورئانیان لێهاتوە [یوم نقول لجهنم هل امتلئت، وتقول هل من مزید] کە بە دۆزەخ دەڵێن پڕ بوویت، دەڵێ هێشتا ماومە زیاترم تێکە.!!!

ڕۆژێك زانیم ئیتر من ماندوو بووم لە ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی. بەخوا من تاقەتم چووە باسی بەڵگە و مەڵگە بکەم لەسەر گەندەڵی و دزی و تاڵانی. چونکە چارەسەری ئەو دەسەڵاتە بێ شەرم و بێ بەهایە لە ڕەخنەدا نییە! ئەوانە سوواون ڕەخنە کاریان لێ ناکات!

ئەوانەی بەردەستت بەشێکن لەو وتارانەی لەسەر گەندەڵی دراوی و سیاسی و هونەری و زۆر بواریتری گەندەڵی دەسەڵاتی کوردی نووسراوە، سەرەتاکەی لە هەفتەنامەی ستاندارد و گۆشەی ورشەی بیر و دوایی چەندین ڕۆژنامە و سایتی تر! هەمووشی نییە، چونکە ڕۆژانە لە گەڕانەکانمدا وتاریترم بەرچاو دەکەوێت. ئێستا دەتوانم بڵێم تەنها لە فەیسبوك نووسینەکانم بڵاودەکەمەوە، چونکە بەڕای من و بە پشت بەستن بە دەیان بەڵگە، زۆربەی هەرە زۆری میدیای کوردی سەر بە دوو بەشە سەرەکیەکەی دەسەڵاتە، بۆیە نەمانتوانی تا سەر لەو کەناڵانەوە وتار و خوێندنەوەکانمان بڵاوکەینەوە.

خۆشم ئێستا زۆر بە جیدی بەدواداچوون ناکەم لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی، تاقەتم بڕا، هیچ نەما بیڵێین! هەست دەکەم زەمەن هیچ کاریگەری وا دروست ناکات لەسەر نووسین، چونکە وەزعەکە هەروایە و هەرواش بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەو نووسینەی بەر لە چەند ساڵێکەوە نووسیمە، ئەمڕۆ کە خوێندمەوە دەڵێی ئێستا نووسیمە، هیچ ناگۆڕێت هەمان دزی و هەمان گەندەڵی و هەمان دەموچاوە دزێوەکان!

سەیرم بەوە هات، پاش زیاتر لە ١٨ ساڵ دەمڕوانیە ئەو وتارانەی سەبارەت بە گەندەڵی نووسیم بوون لە ئەرشیفەکەمدا، چەند دڵخۆش دەبووم ئەگەر وەک یادگاری و شەڕێکی کۆتایی هاتوو لێیم ڕوانیبان! بەڵام ئەو هەستەم بۆ نەدەهات، چونکە هیچ نەگۆڕاوە، بەڵکو خراپتر بووە!

من دەزانم خەڵکیش کەم تا زۆر ڕۆڵی هەیە لەو حاڵەتی گەندەڵییە، بەڵام دەزانم کە دەسەڵات ڕۆلی سەرەکی دەگێڕێت، چونکە ئەو ئەرک و واجیبی یەکەمی دەسەڵاتە ژینگەیەکی تەندروست دروست بکات تیایدا خەڵك بێزی لە گەندەڵی و گەندەڵکاران بێتەوە، نەك ئەوەی زیاتری دزی و قۆچییەوە، لە هەمووان زیاتر ستایش بکرێ و ڕێزی بگیرێ. من دڵنیام گەلی زۆر وەزع پەڕپووتر لە کورد هەبووە، کە سەرکردەیەک و دەسەڵاتێکی نیشتیمان پەروەری بۆ هەڵکەوتووە گەورەترین تەکانی بەو گەلە داوە بۆ پێشەوە، نمونە یو کوان لی سەنگافۆرە و مەهاتیری مالیزیا.

بەڕای من ئەو هاریکەرانەی گەندەڵان، لە بەناو ڕۆشنبیران، ئەوانەی لە دەزگا سیاسی و حزبی و میدیای حزبی کار دەکەن هەرگیز مایەی لێخۆش بوون نین لەبەرامبەر گەل ومێژوودا. چونکە بەداخەوە بەشی هەرە زۆری ئەو چینە ڕۆشنبیرە خزانە ناو دەریای گەندەڵی، لە پێناو خەمی مووچە و ئیمتیازات، خەمی گەل ونیشتیمانیان وەلا نا، هێشتاش لەلایەن گەلی نەخوێندەوار ونەزانمان بوونەتە پاڵەوانی میدیاکان و گۆڕەپانەکان!
ئێوە ببینن چۆن لە یەکەم ڕۆژی ئەو دەسەڵاتە چاوەدێریمان کردوون و ڕەخنەمان لێ گرتووە تا ئەمڕۆش، کەچی کۆمەڵی گەندەڵ بەر لە چەند ساڵ کۆ ببوونەوە وێنەی خۆیان گرتبوو وەك قارەمانانی دژی گەندەڵی!!! ڕاستە هەندێکیان وابوون، بەڵام نیوەی زیاتریان ژێربەژێری پابەندن بە دەسەڵات، ئەو گەندەڵانەی مووچەخۆرانی دەسەڵات وحزبەکان، تووڕەبوون کە ڕەخنەم لێگرتن لەسەر فەرامۆش کردنی ناوی من و دەیان کەسیتری دڵسۆز، گووتم ناکرێ هەتا دژایەتی گەندەڵیش بە گەندەڵ بکرێ!

بەڕای من ئەوەی لەو چینە ڕۆشنبیرە بە یەك وشە و بە یەك هەنگاو یارمەتی ئەو دەسەڵاتەی دابێت، بەژدارە لە هەموو گەندەڵییەکانی.
ناوی زۆر زەبەلاح هەن هەر پێیەکیان لە کامپێکە وەك پەندە ئینگلیزیەکە دەڵێت! پێیەکیان لەناو دەسەڵاتە، پێیەکیان لەناو ئۆپۆزسیۆنە! بە شێوازێکی گەندەڵانە مووچە وعەرزە و خانەنشینی وەردەگرن، لە ڕۆژنامەکانی گەندەڵان بە پارە دەنووسن، لە میدیاکانیان دەشیرێنن گوایە دژایەتی گەندەڵی دەکەن! لە ڕاستیشدا خۆیان کرمی گەندەڵیەکەن!

با ئەوانە بە ڕاست و دروستی دژایەتی گەندەڵی بکەن، سەر بۆ مووچە وپارەیان شۆڕ نەکەن، ئەو کاتە تێدەگەن ژیانیان چەند قورس و بە زەحمەت دەبێت، بەڵام مرۆڤ لەو حالەتەدا ویژدانی زۆر ئاسوودە دەبێت، گەر ویژدانی هەبێت!

من ناڵێم ئەو کتێبە وەک ڕۆژمێرێکی وردودرشتی گەندەلیەکانی دەسەڵاتە، بەڵکو لەسەر زۆربەی گەندەڵییەکان لەهەر بوارێکەوە پێمان زانیبێت، ڕای خۆمان لەسەر داوە، وەك گەواهی نامەیەك بڵاوی دەکەینەوە، تا نەوەی نوێ و داهاتوو سوودی لێ ببینن، بزانن چۆن گەندەڵی سیاسی وئابووری و کارگێڕی گەورەترین گورزی لە خەونی زیاتر لە چل ملیۆن کورد دا. چۆن ئەو گەندەڵییە سیاسی وئابووریانە کوردستانی باشووری بەو ڕۆژە گەیاند، کە ببێتە خاوەن دزێوترین ئەزموونی سیاسی بۆ گەلێکی هێشتا لە خەباتدایە بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی.

**محەمەد هەریری**
**٢٠١٨/٩/١**

# بەشی یەکەم :

## گەندەڵی سیاسی و حزبی لە لوتکەوە

| مافیا ودەوڵەت |
| --- |
| سەرۆکی بەڕێز لەبەر ئەو هۆیانە هەستی ئینتیمای نەتەوەیی لاواز بووە |
| خەڵك لەچ وەزعێك دایە پارتیش هەر باسی سەربەخۆیی دەکەن! |
| وەفیق سامەرایی: موستەشارە سپۆرتەکەی سەیدولرەئیس |
| نێچیرڤان بارزانی: کابینەی بەهاری کوردی و لەشکری ماستاوچیان! |
| سەرەڕای دوژمنایەتی ئەردۆگان نێچیرڤان سواڵی بینینی دەکات!!! |
| دیاردەی تەها محی الدین معروف |
| سەرۆکمان زێڕە! |
| چی ئەبوو ئەگەر مالیکی جێگای متمانەی کورد با؟! |
| خۆ لی کوان یووی دامەزرێنەری سەنگافورە دکتاتۆریش بوو |
| نێچیر نەوتی نییە بۆ ناوەوە لەبەر دەرەوە!! |
| پەیمانی سەرۆکەکانی ئێمە بۆ گەل، وپەیمانی خدێوی فوئاد بۆ خزمەتکاری خۆی! |
| پێشمەرگە لە نیوان بێ وەفایی دەسەڵات و گاڵتەجاری ناحەزانی کورد! |
| لە شاخ یەکێتی، لە شار پارتی کەڵەگا! |
| ئەبو عەنتەر و دەسەڵاتی کوردی |
| قەتەر و دەسەڵاتی مافیای باشوری |
| ڕەخنەش ماندووەو ئیبن خەلدونیش حەپەساوە لە گەندەڵان! |
| فەزیحەکانی دەسەڵاتی فەلەستین و دەسەڵاتی کوردی |
| نەوت ودیکتاتۆریەت وسەربەخۆیی |
| پرۆژە یاسای نیشتەجێکردن بۆ پێشمەرگەی بێ خانوو |
| سەرانی پارتی بەو ڕەفتارە توندوتیژانەتان گۆڕێکی گەورە بۆ خۆتان هەڵدەکەنن! |
| پارتی لە دەوڵەتەوە بۆ دوو لەت! |
| دەبا ئێوەش تەوافوقی بن! |

# مافیا ودەوڵەت

دەبێ ئەوانەی ئەم هەرێمە ناسک وپڕ لە دوژمنەی کوردستان بەڕێوە دەبەن، چەندین ساڵی تریان پێویست بێت بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرپرسیارەتی ڕەوشتی ومێژوویی ڕەفتار بکەن، لە بەڕێوەبردنی وڵاتێکی وا داماو وخەڵکێکی وا دڵسۆز، کە ئەو هەموو گەندەڵیەی لەسەر حیسابیان دەکرێت.

تاکەی جیاوازی ناکەن لە نێوان شێوازی مافیایی لە بەڕێوە بردنی دەوڵەت، وشێوازی یاسایی؟!! ئەگەر لە ساڵانی سەرەتای 91 وچەند ساڵێک دوای ئەوە، بەکەیفی خۆیان کەوتبونەتە سیاسەتی قڕکردنی یەکتری، وتاڵانکردنی سامانی گشتی خەڵک، وبۆشیان دیزە بە دەرخونە دەکرا، دەبێت بزانن ئەو سەردەمە بەسەر چوو. ئەمڕۆ میدیای جیهانی سڵ ناکاتەوە لە فەزح کردن وئابڕوو بردنی بەهێزترین سەرۆک، ودەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانیش.

دەبێ کوردستانی عێراق چی بێت، لە بەراورد بەو زلهێزانە تا هەموو نهێنی گەندەڵیەکانی نەخەنە بەرچاوی میدیای جیهانی؟!
بەداخەوە کە ئاستی ناهۆشیاری سیاسی لەو ڕادەیەیە، ئەگینا فەزیحەتێکی وەک فەزیحەتەکەی ئاشتی هەورامی، وئەوانەی لە دواشینە بەشی ڕوخاندنی سێ حوکمەت دەکات نەک حوکمەتۆکەکەی خۆمان!!

بە نیسبەت بەڕێوەبردنی دەوڵەتانی جیهانیش، بەڕای ئێمە سەرجەم وڵاتانی جیهان، بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەم تا زۆر، یان بە شێوازی مافیایی بەڕێوە دەبرێت، یانیش بە شێوازی یاسایی.
خەسڵەتە سەرەکیەکانی شێوازی بە ڕێوەبردنی مافیایی دەتوانین لەو خاڵانە چڕیان کەینەوە:
• شێوازی مافیایی لای سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە، باوەڕی بە یەکسانی دەسەڵاتداران و هاوڵاتی ئاسایی نییە لە بەردەم یاسادا، وهەردەم یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە، وهانی خەڵکی ئاسایی دەدات پەیوەست بن بە یاسا، کەچی بە خۆی یەکەم کەسە ئەو یاسایە دەشکێنێ.

• لە شێوازی مافیایی دا دەسەڵاتداران خاوەنی ئامرازەکانی توند وتیژی خۆیانن، وزیندانی تایبەتی ونهێنیان هەیە، کەسانێک دەگیرێن لە هەموو سجلاتی دەوڵەت ناویان نابێت، چونکە ئەوان زیندانی نهێنین. بۆیە زۆربەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وزیندانیانیش پێیان نازانن.

• لە شێوازی مافیایی دا، موچە ومەعاشی چینی دەسەڵاتدار سنوردار نیە، وناکرێت دیاری بکرێت! خۆیان زۆر لەوە گەورەتر دەزانن موچەیان بۆ ببڕێتەوە ودیاری بکرێت! ئەوان سەدان کاری دەرەوەی یاسا، وئەم لاو ئەو لایان هەیە، چۆن بە موچەی سنوردار دەتوانن هەڵبکەن؟!

• لە شێوازی مافیایی دا، چینی دەسەڵاتدار خۆی دەبێتە خاوەن هەموو کۆمپانیاکانی دەوڵەت، وبەکورتی خۆی دەبێتە بازرگان وخەڵکیش هەمووی دەبنە کڕیار و مەعمیل (کەستمەر)، زۆربەی چالاکییە بازرگانیەکانیشی بۆ خەڵک دیار نیە، وبە نهێنیەوە ئەنجامی دەدات، وەک نمونەی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم وئەو فەزیحەتەی (دی ئێن ئۆ). یان چالاکیە بازرگانەکانی زۆر لێڵ وتەلیسماوین، زۆر جاریش دەیکەن بە ناوی فلانە کەس وفلانە کەس، بێئەوەی ئەو کەسانە خاوەنی هەقیقی پرۆژەکان بن.

• لە شێوازی مافیایی دا کاتێک فەزیحەتێک لە ناو سنوری مافیاستانەکەی ڕودەدات، یان بە چاوسورکردنەوە چارەسەری دەکات، یانیش بە پارە ئەگەر بکرێت، ئەگەریش ئەوانە نەکران، ئەوە بێ دەنگ دەبێت، بێئەوەی گوێ بداتە ئەو هەموو خەڵکەی چاوەڕوانی وەڵامی ئەوان دەکات! بۆ نمونە لەو فەزیحەتەی ئەو دواییەی ئاشتی هەورامی و(دی ئێن ئۆ) حکومەتی هەرێم پاش بێدەنگیەکی دورو درێژ، ڕونکردنەوەیەکی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە، چونکە گرنگ ئەوەیە دڵی ئینگلیز زمانەکان نەرمنجێت وغەڵەت تێ نەگەن، کورد زمانەکانیش بێ پێیەکانن وەک دەڵین (بالجیب) ن! گرنگ نین، هەتا ڕونکردنەوەکەش وەک دەڵێن عوزر لە تاوان قەباحەتتر بوو!!

بێگومان خەسڵەتی تریش هەیە هەر هێندە باس دەکرێت، وبۆ شێوازی بەڕێوەبردنی یاسایی دەوڵەتیش ئەوە دەق بە پێچەوانەی ئەو خاڵانەی سەرەوەیە. دەسەڵاتداریش ئازادە لە هەڵبژاردنی مافیا بوون ویاسایی بووندا.

٢٠٠٩/١١/٧

# سەرۆکی بەڕێز

## لەبەر ئەو هۆیانە هەستی ئینتیمای نەتەوەیی لاواز بووە

کراوەترین وچاکترین ساتەکانی جەماوەر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد، کاتی تەنگژەکانە وکاتی تەنگانەکانە وکاتی هەڵبژاردنەکانە، تا ئەو ڕادەیەی لە کاتی بەڕێوە چوونی یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان وتارێکمان نووسی بەناوی: (هەموو ڕۆژێکتان هەڵبژاردن بێت) لە جیاتی جەژن بێت، لە دەرەوەی ئەو کاتانە بەڕاستی خەڵک وجەماوەر تا سەر ئێسقان فەراموش دەکرێت.

لەو ڕۆژگارەشدا عێراق بەگشتی وکورد بە تایبەتی، دووچاری گەورەترین ومەترسیدارترین قەیران بۆتەوە لەسەر ئاستی سیاسیدا، وەک سەرۆک گوتی:" چەندە مەترسیدارە ئەو بارودۆخە....."

لەلایەک ئەمریکیەکان عێراقیان شاباشی ئێران کرد، وەک دەڵێن لەسەر خوانێکی ئاڵتوونی، کە بەڕای من لە گێلیەتی وایان نەکردوە، بەڵکو خوا دەزانێت چ مەرامێکی دووربینانەی ئەهریمەنیانەی لەدوایە. چونکە ساردوسڕییان لەبەرامبەر مالیکی وئێرانچیەتی مالیکی، کە خەریکە عێراق دەکاتە هەرێمێکی ئێرانی تابیع بە رەهبەری موعەزەم خامینەیی، و فرۆشتنی چەکی قورسی وەک فڕۆکەکانی ئێف١٦ ، جێگای گومان و سەرسوڕمانە!

خەریکە مانگی هەنگوینی ڕۆژگاری خەباتی دوو قۆڵی شیعە و کورد بەرەو تەڵاقێکی نارەجعی دەچێت، من پێموانیە کێشەی مالیکی تەنها لەگەڵ خودی مەسعود بارزانی یە، بەڵکو کێشەی ئەو پیاوە کێشەی هەر دەرونێکی ملهوری ڕۆژهەڵاتییە، کاتێک ئەو بودجە گەورەیەی لەدەست دەبێت، وئەو هەموو خەڵکە سوک وڕیسوایە بۆی دادەچەمێنەوە! ودەتوانێت دەنگی ئەو هەموو عەشیرەتانە بکڕێت وکپ بکات.

بەڵام جیاوازی هەڵوێستەکانی یەکێتی وحزبەکانی تر وتاڕادەیەک جەماوەریش، لە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ یەکلایەنانەی جاڕدانی ئەو هەڵوێستە ترسناکانەی بەبێ پرس وڕاکردن، وزەمینە خۆشکردن ونەبوونی متمانەی پێویست لە نێوان دەسەڵات وجەماوەر وهێزە سیاسیەکانی تر.

دانیشتنەکەی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای گەشتەکەی بۆ ئەمەریکا و ئەورووپا و تورکیا، لەگەڵ سەرنووسەر و بەرپرسانی میدیاکانی کوردستان سەرەتایەکی چاک بوو بۆ بنیاتنانەوەی متمانە لە نێوان دەسەڵات ومیدیا وجەماوەردا، هەرچەندە بایکۆت کردنی دەزگای ستاندەرد وگۆڤاری لڤین، کارێکی نا بەرپرسانە بوو لەو عەقلیەتە سەرچاوە دەگرێت کە ڕەخنە بە جوێن دەزانێت!

ئەوەی زیاتر لەهەر بابەتیکی تر لە نێو قسەکانی سەرۆکی هەرێم سەرنجی منی ڕاکێشا بۆ خۆی، نە سەربەخۆیی کوردستان بوو، نە نەهێشتنی ئاسەوارە بەدەکانی دوو ئیدارەیی بوو، ونە دوو سوپایی بوو، ونە یەکخستنی زمانی فەرمی نەتەوەیی بوو، لەگەڵ گرنگی هەموویان.

بەڵکو ئەوە بوو کاتێ سەرۆک نیگەرانیی خۆی دەربڕی، دەرهەق بە لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی کورد، کە بەڕاستی لەوە دەچێت سەرۆکی هەرێم زۆر چاک هەستی پێکردوە، وسوپاس بۆ خوا ئەو زانیارییە گرنگە توانیویەتی ئابلۆقەی لەشکری ماستاوچیان بشکێنێت وبەگەرمی بگاتە دەستی سەرۆک! سەرۆک پێی وابوو ئێستا ئەو هەستە زۆر لەجاران جیاوازە و گۆڕاوە و گوتی:" منیش دەپرسم بۆ ئەو هەستە وا لاواز بووە؟ جاران دەچووینە لادێیەک گوندێک خەڵکەکەی پارە و جل و خواردنیان لەگەڵ پێشمەرگە دابەشدەکرد، وەرن با ئەو ئینتیما و خۆشەویستییە بگەڕێنینەوە، بابەیەکەوە بۆ ئەم پرسە کاربکەین، بایارمەتیی یەکتر بدەین، چەندە مەترسیدارە ئەو بارودۆخە....."

## - سیاسەتی سەرباز وئەسپەکەی ئیزۆب

سەرۆکی هەرێم ڕاست دەکات، ئەو هەستەی ئینتیما وبەندیوار بوون بۆ کوردستان لای کەسانێکی زۆر، هێندە لاواز بوە هەزار جوێنی بازاڕی پێدەدرێت، کە بەڕاستی هەموو کوردپەروەرێک ئازار دەدات. خەڵک هەمووی لە ئاستی فەرهەنگی وفیکری کەسانێکی کەم ژمارە ونوخبە نین، کە هیچ هێزێک و هیچ ستەمێک نەتوانێت ئەو هەستەی ئینتیمایەیان لەلا کاڵبکاتەوە...

ڕاست دەکەی جاران خەڵکی سادەی لادێکان کە زۆربەی نەخوێندەوار بوون " پارە و جل و خواردنیان لەگەڵ پێشمەرگە دابەشدەکرد" چونکە بەڕاستی ئێوەیان خۆشدەویست، وبە بەرگری لێکەری خۆیانیان دەزانی، ودەیانزانی توانای ئێوە لەڕووی مادیەوە سنوردارە بۆیە پێیان ئاسایی بوو لە دەمی منداڵەکانیان بگرنەوە، بیدەنە دەمی پێشمەرگەکان، سەرەڕای بوونی دووبەرەکی وشەڕی براکوژی لە شاخیشدا هێشتا ئێوەیان بە پەناگەی خۆیان دەزانی...

جاران وایاندەزانی کە لە شاخ بێنەوە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدەنەوە لە نێوان خۆتاندا هەر زوو بو زوو دەسەڵاتی یاسا وعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار دەکەن..

وایاندەزانی یەکسانی بەرقەرار دەکەن وهیچ جیاوازیەک نامێنێ لە نێوان کوڕە وەزیر وگزیر، هەرکەسەی بە توانای خۆی مافی بەدەست دەهێنی لە چوارچێوەی یاسادا نەک بە واستە وحزبایەتی وخزم خزمێنە.

وایاندەزانی گەر دەسەڵات بکەوێتە دەستی پێشمەرگە بە ئاسانی زەبر وخیانەتی جاش وخۆفرۆشان وئەنفالچیەکان بە ئاسانی لەبیر ناکرێت وئەگەر سزاشیانتان نەدان، بەلایەنی کەمەوە بەرپرسیارەتیان پێنەدرێت تا ببنە فەرماندار بەسەر خەڵکی خەباتکەر وقوربانیانی هەڵەبجە وئەنفالکراوەکان... خەڵک نەیاندەزانی ئێوە هاڤرکێ دەکەن لەسەر ڕاکێشانی موستەشار و جاش وخۆفرۆشان وئەنفالچیەکان بۆ ڕیزەکانی خۆتان!!

وایاندەزانی گەر ئیمکانیاتێکی وا گەورە بکەوێتە دەستان گوندەکانیان پڕ خزمەت وبوژانەوە دەکەن وئاستی کشتوکالی هێندە پێش دەخەن بە چەند ساڵێک کوردستان دەگاتە ئاستی خودبەشی یان خۆبژوێنی Self-sufficiency، نەک مناڵەکانیان ڕاکێشن بۆ ئەوەی ببنە پۆلیس وپێشمەرگە لە شاردا لەبەر بێکاری وبێ پاڵپشتی... وایاندەزانی گوندەکانیان هێندە مۆدرن وجوان دەکەن دەگەنە ئاستی لادێکانی ئەوروپا وئاستی گوندەکانی ئینگلیزی وئەڵمانی وئیتاڵی، نەک گوندی ئەڵمانی وئنگلیزی وئیتاڵیان بۆ دروست بکەن کە بە گاڵتە ناوی گوندی لێنراوە!

وایاندەزانی وەک ئەزمونێکی دەگمەنی کورد کە دۆست ودوژمن چاودێری دەکات، هەرگیز ئاستی گەندەڵی تا ئەو ڕادەیە ناڕوات کە کوردستانی کردۆتە جەنگڵستانێکی گەندەڵی تا ئەو ڕادەیەی کە گەندەڵی نەک هەر دیاردەیەک بێت بەڵکو ببێتە کلتور وفۆلکلۆر!

وایاندەزانی....

وایاندەزانی....

ئێمەش لەگەڵ سەرۆکی هەرێم دەڵێین: "وەرن با ئەو ئینتیما و خۆشەویستییە بگەڕێنینەوە بابەیەکەوە بۆ ئەم پرسە کاربکەین، با یارمەتیی یەکتر بدەین....."

بایەخدان بە میللەت لە تەنگانەکان وفەرامۆش کردنیان لە کاتە ئاساییەکاندا سیاسەتی سەرباز وئەسپەکەی ئیزۆبە:لەو چیرۆکەدا [سەرباز وئەسپەکەی] ئەفسانەکانی ئیزۆب دا هاتوە: سەربازێک ئەسپێکی هەبوو لەکاتی جەنگدا چاکترین ئالیکی پێدەدا وخزمەتی دەکرد تا بەرگەی بارودۆخی مەیدانی جەنگ بگرێت، کە شەڕیش کۆتایی دەهات گرانترین کاری پێدەکرد وەک کەر ولەکای زیاتری پێ نەدەدا، کە شەڕی داهاتو ماوەیەکی زۆری کەوتە نێوان، سەربازەکە کە سەرجی خستە سەر پشتی ئەسپە لەڕ ولەبرسا نیوە مردوەکەی، پشتی چەمایەوە وبەرگەی کێشە قورسەکانی نەگرتوو و بە سەربازەکەی گوت: "ئەو جارە دەبێت بەپێ بچیتە جەنگەوە، لە سایەی کارە قورس وبێ ڕەحمەکانت وئالیکە خراپەکانت منت لە ئەسپەوە کرد بە کەر!! ناشتوانی بە چرکەیەک بمکەیتەوە ئەسپ"!!

٢٠١٢/٤/٢٥

# خەڵك لەچ وەزعێك دایە

## سەرۆكی پارتیش هەر باسی سەربەخۆیی دەكات!

**ئەمڕۆ كۆنفراسێك و وتارێكی پارتی وبارزانی دیسان باسی سەربەخۆیی كوردستانیان دەكرد!**

ئەوە كەی ڕۆژی كۆر و كۆنفرانسە لەسەر سەربەخۆیی؟! ئەو وتارە حزبی و پڕ هەڕەشە و حیساب. بۆكەس نەكردنە لە كوێی سەربەخۆیی جێگای دەبێتەوە؟! تەنها پارتی حەزی لەو نەغمەیەی سەربەخۆییە كە لە هەمان كاتدا هەموو كارەكانی ئەو حزبە و سەرانی ڕێك دژی ئامادەكارییە بۆ سەربەخۆیی!

كابرایەك دەڵێن بە پێغەمبەری گوتبوو كەی كاتەكەیە، مەبەستی قیامەت بوو؟ ئەویش گوتبووی چ كارێكت بۆ كردوە؟؟

باشە كە حەزتان لە سەربەخۆییە نابێت بزانی چیتان بۆ كردوە؟! باشە پارتی و بارزانی حەزت لە سەربەخۆییە چیتان كردوە بۆی؟! وڵاتێكی بە مافیا بەڕێوە چوو، پڕ لە دزی و تاڵانی و ناعەدالەتی؟! سیاسەتێكی شكستووی ئابووری، شەو و ڕۆژ نەوت دەردەهێنرێت هێشتا خەڵكەكەی موچەیەكی جیهانی سێیەمیش وەرناگرن! وڵاتێكی پڕ ناكۆكی سیاسی و دابەش بوو لە نێوان دوو وڵاتی ئیقلیمی؟!

توڕە كردنی خەڵك و برسی كردنیان تا ڕادەی ئەوەی هاتنەوەی حكومەتی عێراقی لای زۆربەیان باشترە لە حوكمی پارتی و یەكێتی، كە بە ئاشكرا سامانی وڵات بە مولكی مارەیی دایكیان دەزانن .

دروست كردنی ڕوحی ناوچەگەری و شارچیەتی لە جیاتی ڕوحی كوردایەتی، پاش ئەوەی كوردایەتیشتان هێندە قێزەون كردوە، خەڵك وەك جوێن لێی دەڕوانێت!

سەربەخۆیی چۆن بە سەرۆكێك دەكرێت كە ئەمڕۆ پاش ئەو هەموو كێشە و قەیران و كارەساتە، لە جیاتی وتارێكی هێدی و ئارام كەرەوە بدات، لە جیاتی ئاوڕ لە جەماوەری برسیكراو بداتەوە و بڵێت ئەگەر ئەو وڵاتە بە تاڵان دەبردرێت من بەرپرسیارم، ئەگەر ئێوە برسی بوون من بەرپرسیارم!

لە جیاتی ئەوە وەك سەرۆك حزبێك باس و هەڕەشە لە گۆڕان دەكات گوایە كودەتایان كردوە بەسەر شەرعیەت!!! ئەی مانەوەی خۆت لە سەرۆكایەتی كودەتا نیە بەسەر شەرعیەت؟! ئەدی برسی كردنی خەڵك لەبەر ئەو بۆ نویَ نەكردنەوەیە تاوان نیە؟ !تەنها شتێك هەبوو شانازی پێوە بكەن ئەویش قوربانیدانی پێشمەرگە بوو، بەڵام ئەوانیش بەشێكیان نەبێت ئەمریكا خێری بنوسێت موچەیان دەدات، دەنا زۆربەیان لە برسان و بێ مووچەیی و هەژاری دەناڵێنن!

سەربەخۆیی بەو هەموو دزی و تاڵانی و ناعەدالەتی و بێ حیكمەتی و دووبەرەكیەتی و میللەت سوك كردنەوە چۆن بەدەست دێت؟! ئەگەر بەدەستیش بێت تامی چییە؟!

میزی فەرهاد پیرباڵم كردە ئەو كوردایەتیە و ئەو سەربەخۆییە .

٢٠١٦/١١/١٦

# وەفیق سامەرایی:

# موستەشارە سپۆرتەکەی سەیدولرەئیس

لەوەتی مام جەلال بۆتە سەرۆکی عێراق، هەموو کەسێک دەزانێت چۆن لە شکرێک لە ڕاوێژکارانی هەموو نەتەوەی عێراقی لە دەوری خۆی دامەزراندوە، بەبێ گوێدان بە مێژووی سیاسی، وڕەزامەندی نێوەندی کوردی کە ئەوی گەیاندۆتە ئەو پایەیە، وبەبێ گوێدانە ڕەچاوکردنی بچوکترین مەرجی مرۆڤ دۆستی، ونیەت پاکی بەرامبەر دۆزی میللەتی کورد، کە بێگومان گەورەتر وترسناکترە لە هەموو دۆزەکانی تر.

لێرە نامانەوێ باسی هەمویان بکەین، چونکە وەفیق سامەرایی بەسە بۆ ئەوەی بزانین چ جۆرە کەسێک دەوری سەرۆکیان داوە! ئەو پیاوە کە بە پێی دانهێنانەکانی دادگاییەکانی سەرانی بەعس، ئەندازیاری ئەنفال بوە، کە ئەوەش دوور نیە لە یەکێک لە ناندینی سیاسەتی شۆفینی عێراقی کاری کردبێت. لە پاش ئەو ئیعترافاتانە لە جیاتی پەلکێش کردنی بۆ دادگا وادیارە وچانێکی کراوەی پێدراوە بۆ دەرچوون لە عێراق وڕزگار بوون لە دادگایی کردنی.

وەفیق سامەرایی هێندە داخ لە دڵە بەرامبەر کورد لە جیاتی سەرکز کردنی، بەڵکو زاکیرەی پەڕپوتی کوردی لە بیری دەکات، وەک چۆن لە بەرزترین پایەی سەرکردایەتی تاوانەکانی عەلی کیمیاوی وهاشم سوڵتان فەرامۆش دەکرێت، وتا ئێستاش ڕێگا بە جێبەجێکردنی سزای دادگا نادرێت بەسەریان، هەموو رۆژێک وەفیق سامەرایی لە میدیای عەرەبی دەردەچێت وداخی خۆی بە کورد دەڕێژێ، ئەو کوردەی کە یەکێکی وەک ئەویان لە مەرگی عێراق ڕزگارکرد وئەگەر کورد نەبوایە شیعەکان بە خاوی دەیانخوارد!

زۆر جار دەڵێم گیانی تۆڵە نە وەک گیانی تۆڵەی سەرەرۆیانەی شیعە بێت، ونەوەکی گیانی سەلبی وبێ دەسەڵاتانەی کوردیش بێت، کە ئامادەی بەخشینی سەدامیشی هەیە، بە تایبەتی لە ترۆپکی سەرکردایەتیەوە. وەفیق سامەرایی لە وتارێکی بەناوی (من حق اکراد العراق تقرير مصيرهم ..ولكن!) لە 26 جانیوەری لە رۆژنامەی شەرقی ئەوسەت :

"روداوەکانی ئەو دواییە وناکۆکیەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی و ئیدارەی کورد سەلماندیان، کە کێشەی کورد تەنها لە ئەنجامی سیاسەتەکانی حکومەتە یەک بەدوایەکانی عێراقدا نییە، چونکە کورد دژی هەموو حکومەتەکانی عێراق جەنگاون، هەتا دژی

نزیکترین دۆستی خۆشیان عبدالکریم قاسم، هەروەها چۆن لە نێو خۆشیان دەیان ساڵ جەنگاون لەبەر هۆی حزبی وعەشایەری"

کەوابوو کورد شەڕفرۆشن وهەتا بەرامبەر سەدام یش، کە وەفیق سامەرایی لێرە بەرگری لە وەلی نیعمەی کۆنیشی دەکات ولە وێنەیەکی ئایدیاڵی نیشانی دەدات، و دەڵێت:

"وليس خافياً أن الحركات الكردية المسلحة قاتلت القوات العراقية في أكثر مراحل الدولة حرجاً. وعندما ذهب قادة الكرد الى بغداد، بعد فشلهم في تحقيق أهداف ما بعد حرب الخليج الثانية، استقبلهم صدام وكأن شيئا لم يكن، وبدأ بتقديم العون لأكثر الأطراف تشدداً اليوم، بكل أشكاله، المال والسلاح والعتاد.. .... وبرغم ما قيل عن ممارسات صدام حسين تجاه الكرد، ما صح، وما بولغ فيه كثيراً، فإنه حاول الوصول الى حل للمعضلة، الى حد أنه قال لمسؤولين كرد جاءوا الى بغداد عام 1991، اذهبوا واعلنوا دولة كردية، وسأكون من أوائل من يعترف بها، إن وجدتم من يعترف بدولتكم."

کەوابوو سەدامیش بەدوای چارەسەرێکی جیدی دەگەڕا بۆ کێشەی کورد، وتاوانەکانیشی موبالەغە و زیادڕەوی تێدا کراوە، وهێندە چاک بوو داوای لە کورد کرد جاڕی سەربەخۆیی بدەن!!

ئینجا دەڵێ سەرەڕای ناکۆکی بیروڕاکان کورد مافی چارەی خۆنوسینی هەیە بەڵام لە کوێ؟! هیچ عەرەبێکی سونی وشیعی جگە لەوانەی هەڵگری بیری جواداخوازین، ڕازی نابن بەو تەجاوزاتانەی لەسەر کەرکوک وموسڵ وشاری تریش دەکرێن، وهەوڵی سەپاندنی واقیعێکی ڕەتکراوە دەدەن بە هەموو پێوەرێک."

ئینجا کورد تاوانبار دەکات بە حەزی لاوازکردنی عێراق وبڵاوکردنەوەی پەتای فیدرالیەت:

"ولم يكتف المتشددون من المسؤولين الكرد بحرصهم على نظام فدرالي خاص بهم، بل عملوا على أقلمة العراق لشرذمته وتقسيمه، فشجعوا ودعموا علنا كل مدع بأن الأقاليم هي الطريق الصحيح لتقدم العراق، لأنهم يرون في تفتيت العراق خيارا لمولد دولة عسيرة، خصوصاً بعد أن توقفت الحرب الطائفية المسيّسة."

لەکۆتایدا جارێکی تریش دەڵێم کورد هەقیان لەسەر برا عەرەبەکانیان هەیە پشتگیریان بکەن لە وەرگرتنی مافەکانیان بەڵام نابێت لەسەر حیسابی یەکێک لە دێرینترین وڵاتی جیهان بێت.
"مرة أخرى، من حق الكرد على إخوانهم العراقيين مناصرتهم في أخذ حقوقهم كاملة، لكن ليس على حساب واحدة من أعرق دول العالم" لە دوا وتاری لە هەمان ڕۆژنامە، ئاهەنگ

دەگێڕی بە بۆنەی شکستی کورد لە موسڵ لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان وبە ئینتیفازەی حسێب دەکات:

كان عليّ أن أقول «انتفض العراقيون...»، لكن خصوصيات الموقف قادت إلى العنوان السابق. أما اليوم فقد تخطى العراقيون المسميات الخاصة، ولم يعد هناك خوف (كبير) على وحدة بلدهم، وقوة نسيجهم. بعد أن اندمج العرب وكثير من أبناء العشائر الكردية في قائمة تلاحم وطني في الموصل، أعادت المعادلات إلى واقعها الأساسي..."

ئەو تەرزە موستەشارانە لە دەوری سەرۆکن بۆیە هەر رۆژەی گۆڵێک لە کورد دەکرێت، ئازادکردنی فڕۆکەوانەکەش لە نێو ئەو گۆڵانە بوو، هەوڵدان بۆ پڕچەک کردنی سوپای عێراقیش گوڵی هەرە گەورەیە کە سەرۆکی عێراق لە پێشوازی سارکۆزیش دوبارەی کردەوە، بەبآ دانانی میکانیزمێک بۆ چۆنیەتی بەکار نەهێنانی ئەو چەکانە لە دژی کورد.

٢٠٠٩/٢/١٦

## نێچیرڤان بارزانی:

## کابینـەی بەهاری کوردی و لەشکری ماستاوچیان!

بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی ئەگەر لەو چەند ساڵەی کە بەو گەنجیە کەوتیە ناو دنیای جەنجالی سیاسەتدا نە توانی ئامۆژگاری چاک و خراپ، ورەخنەی بنیاتنەر وروخێنەر، وئامۆژگاری ڕاستەقینە و پیاهەلدانی ماستاوچیان لێك جیاکەیتەوە، ئەوە بەڕاستی زۆر بە قورس لەسەر خۆت وکارەکانت دەکەوێت...

لە جموجۆلەکانت وسەردانەکانت بۆ زۆربەی زۆری حزب ولایەنەکان، هەست بە پەرۆشییەک دەکرێت لە تۆدا بۆ سەرخەستنی کابینە نوێیەکەی حەوتەم...

هیوادارین ئەو کابینەیەش تەنها ژمارەیەک نەبێت بخرێتە سەر شەش ژمارەکەی پێشوو، گواستنەوەیەکی جۆری بێت لە هەموو ڕوە نێگەتیڤەکانی پێشوو، بەرەو کۆکردنەوەی کورد لەو قۆناغە ودامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی ویاسا، ودانانی سنورێك بۆ گەندەڵیەکان لە بەرزترین ئاستەوە بۆ خوارەوە...

کاک نێچیرڤان، پێویستە زۆر وریا بیت بە ستایشی کەسانێك هەڵنەخەڵەتیّ، کە هێشتا هیچت نەکردوە کەچی ئەوان گەیشتونەتە ئەنجامیش، گوایە کابینەکەی تۆ سەرکەوتوە ولەوەش زیاتر بەرجەستەی بەهاری کوردییە! وەک نوسەرێکی نەناسراوی ماستاوچی عەرەب بەناوی [بەدر شەکوری] وای گوتبوو... بەڕاستی ئەوانەی وادەڵێن لەوانەیە ڕۆژانە چاوت پێیان بکەوێت لە دەوروبەری خۆشت، چونکە لە جیهانی ڕۆژهەلاتی ئێمەدا، ماستاوچیەتی پنجی لە ناو توراس وکەلتور و لاشعوری کەرتێکی گەورەی خەڵک داکوتاوە، تا چاوت بە ڕاستگۆیەک وهەقویستێك دەکەوێت، هەزاران ماستاوچی قوڵ وشانت ماچ دەکەن، بەڵکو من گومانم نییە کە لەشکری ماستاوچیان ژمارەیان لەناو دەزگا وپۆستە باڵاکانی حکومەت وهەردوو حزبی دەسەڵاتداریش وتاڕادەیەکیش حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش دە ئەوەندەی دڵسۆزانە...

بەرلەماوەیەک لەسەر فەیسبوک بووم چاوم بە ماڵپەڕی جەنابتان و هەروەها ماڵپەڕی سەرۆکی هەرێم کەوت، لە یەکەم ساتدا پێم شتێکی زۆر چاك بوو کە کەناڵێکی وا بکەنەوە لەگەڵ خەڵکدا لە پەیوەندی دابن، گوێیگرن بۆ ڕەخنە وگلەیی و ناسۆریەکانیان، بەڵام لەبەر لەشکری ماستاوچیان وقسە سواو دوبارەکانیان کە تەنها بریتیە لە وتنەوەی دروشمێکی لەو

جۆرانە: بژی کاک نێچیرڤان، بژی کاک مەسعود، بژی پارتی، وپێشرەوی کورد پارتییە، سەرۆکمان بارزانیە، بۆ پیشەوە پێشمان کەوە بارزانی....هتد.. ئەگەر یەکێك بیەوێت قسەیەکی چاکیشت بۆ بنوسێت یان ڕەخنەیەکی دڵسۆزانەشت بۆ بنوسێت ئەوە لەناو دەریای شیعاراتی لەشکری ماستاوچیاندا ون دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئێوە بە خۆتان نەچنە سەر پەیجەکەتان ویاریدەدەرێکت ئەو کارە بکات، لەوانەیە هەر ئەو یاریدەدەرەش لە لەشکری ناوبراو بێت حەز نەکات بێزارتان کات بە ڕەخنەیەکی هەقیقی ڕەزا قورس وقسەیەکی دڵسۆزانەی تاڵی لەو جۆرە...

دەبا بەڕاستی قسە بکەین کارەکەی تۆ لەو قۆناغەدا زۆر قورس وگران وهەستیارە، بەتایبەتی کە بەهاری عەرەبی کاری کردۆتە سەر هەموو جیهانی سێیەم وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست, وهەتا شەقامەکانی ئەسینا ونیۆرکیش.

لەوانەیە ئەوە دوا چانسی دەسەڵاتی کوردی بێت, بۆ کردنی کارێک کە بتوانێت هەموو هێزەکانی کورد کۆکاتەوە, وهیچی تر سیاسەتی کەنارخستن وپەڕاوێز خستن دەرهەق هێزەکانی تر بەکار نەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕووبەڕوی پرسە چارەنوسازەکان ببنەوە لەسەر ئاستی عێراق، کە دەوڵەتێکی فاشیلە بە هەموو پێودانگێك، وستراتیژەیەتێک دابڕێژرێت لە پێناو هەرچی زوە جیابوونەوە وجاڕدانی سەربەخۆیی...

بەهاری کوردی ئەو کاتە دێت ئەگەر توانیت ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنیت کە خەڵک داوای دەکات ڕۆژانە، هەر وەک لە خۆپیشاندانەکانیشدا باسیان لێوە دەکران، ئەگەر ئەو خاڵانەت بۆ جێبەجێ دەکرێت، بێگومان سەرکەوتو دەبیت:

١ -بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی لە بەرزترین ئاستدا تا نزمترین ئاست، ئەویش لە ڕێگای دامەزراندنی چەندین هەیئەی ڕەقابی لە کەسانی سەربەخۆ وناسراو بە دەست پاکی وبی لایەنی...

٢ -بێ ئومێد کردنی لەشکری ماستاوچیان، وەک چۆن کاتێ عومەری کوڕی عبدالعزیز بوە خەلیفە، ڕۆژانە شاعیرە ماستاوچیە مفتەخۆرەکان دەهاتن سیعریان بەسەر خەلیفەکانی تر هەڵدەدا وپارەیەکی زۆریان دەقۆچیەوە، کاتێ هاتن بۆ لای چەندین ڕۆژ لە بەر دەرگا بوون ، پرسیاری ناوەکانی کردن یەکە یەکە هۆکاری بۆ دەدۆزینەوە: ئەو شاعیرە درۆزنە، ئەوەیان داوێن پیسە، ئەوەیان تەنها بەدوای ئارەزوکانی خۆی کەوتوە تا مەرەخەسیان نەکات: تەنها ئیزنی [جەریر] ی دا، کە جەریریش بەسەری هەڵدا، زۆر بەساردی پێی گووت: جەریر لە خوا بترسە لە هەق زیاتر مەڵێ!!

ئینجا گوتی کە هاتمە سەر کار تەنها ٣٠ دینارم هەبوو ١٠ یان عبداللە ی کوڕم بردی و ١٠ کەی تر دایکی عبداللە بردی با ئەو ١٠ یەش بۆ تۆ بێت!! ئەو شاعیرانە بە هەزاران دیناریان وەردەگرت کەچی ئێستا ١٠ دینار وەردەگرێت بەو دەردە، تا وای لێهات لەشکری ماستاوچیان و شاعیران بە تەواوی بی ئومێد بوون لێی.

٣ -بەردانی هەموو زیندانیە سیاسیەکان، لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئەوانەی کە بەبێ مەحکەمە کردن لە زیندانن کە بەڕاستی ئەوپەڕی جەوروستەمە کەسانێك بۆ چەند ساڵ لە زیندان بن بەبێ دادگایی کردن، بە تایبەتی کە ئێستا خودی ئەمریکا لە تەبایی دایە لەگەڵ ئەوانەی کە ئەو ناوی نابوون بە تیرۆریست، با هیچی تر شوێنەواری گوانتانامۆ لە کوردستان نەمێنێت. پێویستە ئەوەی تا ئێستا دادگایی نەکراوە بکرێت وئەو ماوەیەشی بۆ حسێب بکرێت کە لە زیندان بوە بەبێ دادگایی کردن وئەوەشی بێ تاوان دەرچو یان حوکمی کەمتر بوو لەوەی بەسەری بردوە، پێویستە قەرەبوەکی چاك بکرێتەوە. بەڕاستی چاك بزانە ئەوانەی باسی زیندانەکانی ئێوە دەکەن هەزاران نەفرەت ئاڕاستەی ئێوە و کورد وکوردستانیش دەکەن، خەڵک خەباتی نەکردوە تا وەک سەردەمی بەعس بەبێ دادگایی کردن لە زیندان بکرێت، وئەشکەنجە بکرێت وتا ڕادەی تەجاوزی سێکسیشی پێبکرێت...

٤ -هەوڵت چڕتر بکەیتەوە بۆ ئاشتی سەرتاسەر، یەکەم لایەنیش کە پێویستە ئاشت بکرێنەوە کە جەوروستەمێکی زۆریان لێکرا بەدەستی حزبەکەی ئێوە [یەکگرتووی ئیسلامیە] بەڕاستی ئەگەر یەکگرتوو چەندین جاریش دەست درێژ نەکات بۆ تەوقە کردن لەگەڵ ئێوە ناهەق نییە چونکە غەدرێکی گەورەی لێکراوە، بەو لوتبەرزیە وبەرزەفڕینە کێشەکە چارەسەر ناکرێت...

٥ -نەهێشتنی ئەو تەسەیوبەی هەیە، لە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەبێ ئەوەی پارەکەی بچێتە خەزینەی حوکمەتەوە، وهەڵلوشینی پارە وپولی خەڵك بە جۆرەها شێوەی وەک وەسلێ تەزویر وموجەی بندیوار وناردنی خەڵک بۆ دەرەوە بەس بۆ پیاسەکردن بە ناوی بەعسە، وپێویستی خستنە پارەی کوردستان بۆ ژێر جیهازێکی مالی بەهێز کە لە چەندین کەس پێك هاتبن وناسراوبن بە دەست پاکی وپاشینە پاکی نەک یەک دوو کەس ئەو کارە بکەن.

٦ -نەهێشتنی دیاردەی دوو لەتی کوردستان، یان سەرۆک وەزیران بە لە هەولێر وسلێمانی یان ئەگەر بەس لە هەولێر و دهۆک دەبێت، باشترە نەبیت، تاکەی ئەو دوو لەتیە کە خەریکی دەروونمان لەگەڵ یەکتر دوو لەت دەکات خۆ ئێمە کۆریای باشوور و کۆریای باکوور نین.

٧ -دوورکەوتنەوەی هەموو بەرپرسەکان لە کاری بازرگانی وقۆرخ نەکردنی بازاڕ بۆ دەسەڵاتداران ونەهێشتنی سەپاندنی ڕێژە لەلایەن هیچ کەسێك بەسەر ئەوانەی پرۆژە دەکەنەوە لە کوردستان، وتەنها وەرگرتنی باجی یاسایی کە ڕاستەوخۆ بچێتە خەزینەی دەوڵەت.

خاڵی تر زۆرن بە قەد زۆری پشێوی و پاشاگەردانی یاسایی وگەندەڵیەکان، بەڵام من تەنها ئەوەندە دەڵێم، دەزانم ئەرکەکەت زۆر قورسە ئەگەر بتەوێت ببیتە سەرۆک وەزیرێکی جیاواز ودەگمەن، ومێژویەکی پڕشنگدار بۆ خۆت تۆمار بکەیت، وکوردستان لە پشێوی ونائارامی بپارێزیت، چونکە ئەگەر وا بڕوات خۆپیشاندانی سەرتاسەر کوردستانی تەنیەوە، ئەوە ژیان لە ئێوە و خەڵکیش تێکدەچێت، کوردستان میسر ولیبیا و تونس نییە لەگەڵ قەوارە بێ ئیعترافەکەی وزۆری دوژمنی دەوروبەر وناوخۆیدا دەکەوێتە مەتسیەکی گەورە، لە شەڕی خۆکوژی وقات وقڕی وچەندین کێشەی تر...بەڵام ئەگەر دەتەوێ تەنها لەسەر شێوازی پێشوو بڕۆیت گوێ تەنها بگریتە لەشکری ماستاوچیان کە بەهاری کوردیان بۆت هێناوەتە چۆکان ئەوە لە ئێستاوە دەڵێم ئەو ئەرکە بە ئەستۆ نەگریت، چونکە زۆر بە دووری بزانە سەرکەویت... بە هیوای سەرفرازی کوردستان.

14/2/2012

# سەرەڕای دوژمنایەتی ئەردۆگان نێچیرڤان سواڵی بینینی دەکات!!!

هێشتا نەوێراون وەڵامێکی ئەردۆگان و تورکیا بدەنەوە لە بەرامبەر ئەو هەموو کارە لە دژی کوردستان کردی و دەیکەن، و کە هۆکارێکی سەرەکیشی ئەو نسکۆیەی کوردستانی باشوور بوو.

دەسەڵاتی سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی هەردوو بارزانی نەوێران بە وشەیەکیش وەڵامی دەنەوە، نەک بە کارێک !کەچی سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتەش سواڵی بینینی ئەردۆگان دەکەن!!!

ئێوە بەو هەموو نەوت و هێز و غرورەوە ئەردۆگان هێندەی تورکێکی ئاساییش ڕێزی لێ نەدەگرتن، وەک خزمەتکار بەکاری دەهێنان بۆ بەرژەوەندی خۆیی و دژی کورد، ئێستا بەو هەموو شکست و دۆڕانەوە بە تەمای چ ڕێزێکی ئەردۆگانن؟! بە تەمای چ کارێکی ترن بۆی بکەن تا سوڵتان ڕازی بێت لێتان؟!

ئێوە بە تاڵانکردنی نەوتی کەرکوکیشەوە، کە ڕێژەیەکی زۆری دەچووە گیرفانی ئەردۆگان و کوڕ و زاواکەی، هێشتا بڕی قنگە جگەرەیەک وەفاتان نەدیت لە ئەردۆگان، پاش لە دەستچوونی نەوتی کەرکوک و هەموو بیرە نەوتیەکانی تری ژێردەستان بەچی ئەردۆگان ڕازی دەکەن؟! بە کەڵاشی هەورامان یان ماستی هەولێر یان گەزۆی سلێمانی؟ !

ئێوە بەو هەموو نەوت و دەرامەتەی بەر لە ڕیفراندۆم نەتان توانی حوکمەتداری بکەن و مووچەی خەڵک بدەن، خەڵکتان وا برسی و بێ کەرامەت کردوە، کە لە ئێوەش کوردپەروەر ترن، کەچی دەڵێن با حەشدی شەعبیش بێت تەنها ڕزگارمان بێت لەو حوکمەتە و دەسەڵاتە گەندەڵ و شکستخواردوەی کوردستان، ئێستا بەو بێ دەرامەتی و پەڕوباڵکردنەتان چۆن دەتوانن چارەگە مووچەکەش بدەن؟!!!

ترس و ماستاوی ئێوە بۆ تورکیا لە پێناو گەل نییە و بۆخۆتانە. ترسی ئێوە لە ئەردۆگان و تورکیا، لە ترسی نەفەرێک دەچێ کە پارەی لای قاچاغچیەکی سەرسەری بێت، ناوێرێ فزە بکات لە بەرامبەریدا نەوەک پارەکەی نەداتەوە!! دیارە پارەیەکی زۆری تاڵانکراوتان لە بانکەکانی تورک داناوە، و لە ترسی ڕادەستکردنەوەی بۆ عەبادی وا کەوتونەتە پەلەقاژێ!

2/11/2017

# دیاردەی تەها محی الدین معروف

زۆر جاران کە چاودەدەینە ئەدای سەرۆک وبەرپرس ووەزیرە کوردەکان ئەو دەربڕینە توراسیەی (الف لیلە ولیلە)م بیردێتەوە کە سەبارەت بە چونە ناو ئەشکەوتێک دەڵێت: (الداخل الیها مفقود والخارج منها مولود) (ئەوەی بچێتە ناوی ون دەبێت وئەوەشی هاتە دەرەوە تازە لە دایک دەبێت) سەرۆک وبەرپرسەکانی ئێمەش هەر لەو بەغدایەی هەزار ویەک شەوەدا هێندە بڕوایان بەو خورافاتە پتەوە، بۆیە هەر قاچیان خستە بەغدا ون دەبن. لە هەمووی ناخۆشتر ئەو بارە دیاردەیەکی کارتۆنیمان بەبیر دێنێتەوە، ئەویش دیاردەی (تەها محی الدین معروف) ە، ئەو پیاوە زل وقەبەیەی کە گوایە جێگری سەرۆک کۆمار (سەدام) بوو، کەچی هەموو عێراق بەتاسەی بیستنی دەنگی بوون ودەتگوت پەیکەری ئەبو هۆلە ڕۆژێک دەمی نەکردەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو (تەها محی الدین معروف) ە لەلایەن بەهێزترین دکتاتۆر دەست بەسەر بوو بێت وناچاری بینینی ئەو ڕۆڵە کرابێت، بۆ دەبێت بەرپرسەکانی ئێستای بەغدامان هەمان ڕۆڵ ببینن، بۆ دەبێت هەمان تەنازولات وخۆ بچوک کردنەوە بکەن، بۆ دەبێت لەسەردەمێک، کە چەمکی نەتەوەی برا بچوک وبرا گەورەیی بەرەو نەمان دەچێت، ئەوان بێن و بەزۆری کورد بکەنە برای بچوک بۆ زڕبراکان؟!

لەوانەیە ئەو بەرپرسانە خەڵکی تر تاوانبار کەن بە سەرەڕۆیی نەتەوایەتی، ڕاستە نەتەوە پەرستی واهەن بە هیچ ڕازی نەبن کەمتر لە سەربەخۆیی بەبآ گوێدانە هەل ومەرجە خودی وبابەتیەکان، بەڵام ئەدای بەرپرسانی کورد لە بەغدا هەموو کوردێک ڕادەتەکێنآ هەتا ئەوەی تۆزقاڵێک گیانی کوردایەتی هەبێت .

باسی سەرۆک کۆماری عێراقی عەیار 21 ناکەین، چونکە پێشتر باسمان کردووە. بابڕوانینە ئەدای وەزیری دەرەوەی عێراق، ئەو پیاوە تا پێش بوونە وەزیر ، سیاسی ورۆشنبیرێکی کورد بوو خەڵکێکی زۆر هیوای پێبوو کە لە هەر سەنگەرێک بێت بۆ کورد چۆڵی ناکات، بەڵام داخی گرانمان لە ڕووی شکلی وناوەرۆکیەوە هەنگاو بەرەو دیاردەی (تەها محی الدین معروف) دەنێت، لەگەڵ یەک جیاوازی کە وەزیری بەڕێز لەو زیاتر قسە دەکات، بەڵام قسەکانی زیاتر دەرسی (سەقافە قەومیە) ی سەپێنراومان بیردەهێنێتەوە.

نمونەیەکی تر سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقە، ئەو پیاوە هەندە غەریبۆکە ونەرم ونیانە لەبەرامبەر تەهمیش کردنی ولە سفرِدانی تا ڕادەی ئەوەی کە ئاگاداری جموجۆڵی سوپاکەشی نییە، کەچی ئەو بزەیە فەقیرانەیە هەرگیز لە لێوی جیانابێتەوە. بوونی ئەو پیاوە لەوآ ئەگەر زیانیشی نەبێت دەبێت سودی چی بێت؟!

هەتا رۆشنبیرێکی وەک دکتۆر بەرهەم ساڵح، خەریک بوو لە بەغدا دووچاری هەمان چارەنوس بێت، بەڵام زوو فریای خۆی کەوت و بەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی نوری مالیکی کردن هاوسەنگی خۆی پاراست. ئینجا ئەو پیاوە بە توانایەیان هێنایەوە کوردستان گوایە دەبێتە سەرۆک وەزیری کوردستان، کەچی کورد وەک جاڵجاڵۆکەی نێر بێچوەکانی خۆی دەخوات، وئەو پیاوەیان هێندە بچوک کردۆتەوە لە دەڤەری پارتی توانای بەقەد توانای ڕەحمەتی (تەها محی الدین معروف) لێکراوە، بەڵام دیسان لەگەڵ جیاوازیەک ئەویش ئەوەیە دکتۆر بەرهەم ساڵح زیاتر قسە دەکات، بەڵام قسەکان هەرگیز نایەنە واری جێبەجێ کردن.

ئەو سوکایەتیەی بەو پیاوە بەڕێزە دەکرێت، سوکایەتیە بە هەموو دەنگدەرانی کورد کە دەنگیان بۆ دوو حزبە گەورەکە داوەو، ئەگەر ویستی باڵای لەدواوە نەبێت هیچ مەردێک ناوێرێ پێنج جار لە یەک کاتدا کارەبا بەسەر سەرۆک وەزیرانی کوردستان بکوژێنێتەوە، یان بەو جۆرە ئیهمالیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. خەمی ئێمە بۆ کەسی دکتۆر بەرهەم ساڵح نییە بەڵکو بۆ ئەو عەقڵیەتانەیە کە نایانەوێت لە جوغزی تەسکی حزبیەت ودەستەگەری دەرکەون وببنە نەتەوەیی. نابینن هەتا سەفەرێکی گرنگی دەرەوەی وەک سەفەری ئەمریکا چۆن کرایە ئاهەنگی چاخواردنەوەی عائیلی!!

٢٠١٠/١/٣٠

**سەرنج: زاراوەی دیاردەی تەها محیەدین من یەکەم کەس بووم ئاماژەم پیکرد لە نووسیندا، دوایێ زۆر کەس و سیاسی ورەخنەگر ئاماژەیان پێدا، هەڵبەتە بێ ئاماژەکردن بۆ کێ بەکاری هێناوە یەکەم جار!**

# سەرۆکمان زێڕە!

تۆ وەرە کورد پاش نزیکەی لە سەدەیەك لە دامەزراندنی عێراقدا چانسی ئەوەی هەبێ ببێتە سەرۆک، لەپاش مام جەلال، کە ئێمە ئەسڵەن لەو ڕەخنەمان هەبوو، کەسێکی سارد وسڕی نائاکتیڤی، سروشت مۆزەفی وەك فوئاد مەعسوم بێت! ئەوەی مام جەلالیش کردبووی، مەعسوم سڕییەوە!

بەخوا کوندەکی پڕ ئاوی کورد لە بەغدا با خێری لە فوئاد مەعسوم زیاتر دەبوو! تۆ وەرە هەتا لە کارەساتەکانیش متەقی لێوە نایەت! باشە ئەو کۆڵکە دارە بۆشە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کورد چۆتە ئەوێ یان بۆ پاراستنی پایە و وەزیفەی خۆی؟!

ئەک خوام کردە گژت مام جەلال توخوا ئەوە پیاوی سیاسەت و کوردایەتی بوو، یان مۆزەفێکی دەروون کۆیلەی بەرژەوەندخوازی خۆی بوو؟ !

منەتیش لەسەر کورد دەکەن کە سەرۆکی کۆماری هەیە!!!!

بەخوای بە قەد سەدا یەکی حەنان فەتلاوی و عتاب دوری و... سەنگت نییە!

دەڵێن ژنێک مێردێکی کەڵەگەتی هەبوو، مێردەکەی شاز بوو حەزی لە هاوڕەگەزی خۆی بوو و بێزی لە مێینە دەبویەوە، ژنانی گەڕەک ئەوانەی پیاوی لەڕ و پوخەیان هەبوو ئێرەییان بە ژنی ئەو پیاوە کەڵەگەتە دەبرد!

ئەویش تا پێی خۆش نەبن نەیدەگووت: ئەو کەڵەگەتە هیچ کارەیە لەماڵەوە وەک کۆتەڵە دارێکە بێ ڕوح وەک فوادی مەلا مەعسومی!

ئەمڕۆ تورکمانێک و مەسیحیەکی کوردستانم دیت، ئەوانیش ئەو ستەمەیان پێ قبوڵ نەدەکرا و دەیانگووت:

دەبێت کورد یەک هەڵوێست بڕیاری کشانەوە لە پرۆسێسی سیاسی بدەن، کەچی فواد مەعسوم ناوێرێ لێدوانێکی کورتیش بدات، دەڵێی بۆ حەکەمایەتی ناردراوە بۆ بەغدا نەک بۆ حوکمکردن!

4/3/2018

## چی ئەبوو ئەگەر مالیکی جێگای متمانەی کورد با؟!

شەڕی لێدوانەکانی مالیکی وبارزانی ئەگەر لەسەرەتاشدا کەمێك گشتگیری پێوە دیار بوو، بەڵام وا خەریکە هێدی هێدی سیمایەکی شەخسی وەردەگرێت هەرچەندە هەردوو لا نکولی لە کەساندنو شەخسەنەی کێشەکە دەکەن، بەڵام لەزۆربەی سەردێرەکانی ئەو بابەتە ناوی مالیکی وبارزانی پێکەوە دێن، هەرچەندە مالیکی جورئەتی کرد سنوری مام جەلال یش ببەزێنێتو لە نوێترین چاوپێکەوتنی لە گەڵ کەناڵی ئاسمانی (NRT) دا، کاتێک بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دواخستنی کێشەی کەرکوکی خستە ئەستۆی دەستەی سەرۆکایەتی کە وتی ئەو وەک سەرۆک وەزیر ئەوەی لەسەری بوە کردویەتی یەک ملیار دۆلاری سەرفکردوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام کارەکان لەلای سەرۆکایەتی کۆمار وەستێنرا کە مام جەلال پێی وتوە لەبەر ڤیتۆی سێ ئەندامەکەی سەرۆکایەتی دواکەوتوە.

ئەوەی مالیکی گوتی لە چاوپێکەوتنی کەناڵی ئاسمانی(NRT) ئەگەرچی هەمووی نوێش نەبوون، بەڵام بای ئەوەندەش زانیاری نوێی تێدا بوو کە هەندێکیان ڕاچلەکێنەر بوون، وەك مەسەلەی نەهێشتنی مەسعود بارزانی لە بەشداری پێکردنی گۆڕان لە حکومەتی عێراق، کە کاتی خۆیشی دەنگۆیەکی وەها هەبوو، بەڵام مالیکی لەو چاوپێکەوتنە بەتەواوی دوپاتی لەسەر کردەوە، ئەوەش ئەگەر ڕاست بێت، زۆر دەکەوێت لەسەر سەرۆکی هەرێم و پەیوەندیەکانی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانەکە، بە تایبەتی هێزێکی گەورەی وەک گۆڕان کە تازە خەریك بوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ پارتی و یەکێتیش تا ڕادەیەک بەرەو ئاسایی کردنەوە دەچوو.

هەروەها لەبەر هۆیەکی تریش، کە ئەویش هەڵوێستە جوامێرەکەی نەوشێروان موستەفا بوو لە بەپیرەوە نەچوونی بە دەم بانگهێشتنەکەی مالیکی بۆ لوتکەی عەرەبی لە بەغدا، لە کۆتایی مانگی ئازارو ڕێگرتنی لە مالیکی لە درز خستنە نێو ڕیزی کورد، و قۆستنەوەو وەبەرهێنانی بارودۆخەکە، کە دەنگدانەوەیەکی زۆر پۆزەتیڤی هەبوو، لەلایەن هەموو دۆستو نەیارەکانیشی بزوتنەوەی گۆڕانو بە هەڵوێستێکی کوردانە بۆی تۆمار کرا.

ئەوەی مالیکی باسی لەبارەوە دەکرد لەمەسەلەی یاساو دەستور وپەیوەست نەبوونی کورد بە یاساو دەستوری عێراق لە مەسەلەی هێزە سنوریەکانو کۆنترۆڵ کردنی گومرگەکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵو هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە بە قاچاغ وهاوردەکردنی کەلوپەلی بێ ئەرزشو - کە لە هیچ وڵاتێکی موحتەرەم لە کۆنترۆڵی جۆری دەرناچێت- گومبوونی داهاتی نەوتی قاچاغ وپارەی گومرگەکان، دەتوانین بڵێین یەکە بە یەکەی ڕاستەو لە مێرد منداڵێکەوە تا گەنج وپیرترین نێرو مێی کورد ئەو هەقیقەتە دەزانن، ئاگاداری ئەو بە هەدەردانەو تاڵانکردنەی سامانی ئەو میللەتەن، ئاگاداری ئەو پێشبڕکێیە گەندەڵیەن کە تێیدا ئەوەی زیاتر

هەڵلوشێت لە هەموان بلیمەتترو ئازاترە. یان ئاگاداری ئەو یاسا گەندەڵەن کە دەڵێت تا لەدەسەڵاتی بۆت دەکرێت هەڵلوشە چونکە بەخت جارێك لە دەرگا دەدات!!

بەڕای من ئەگەر ئەو قسانەی مالیکی، سەرۆک وەزیرێکی وەک کامیرۆنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا یان ستیڤن هاربەری سەرۆک وەزیرانی کەنەدا لەو ئاستە بەرزەی پەیوەست بوونیان بە دیموکراسیەتو بە یاسا وبەرژەوەندی باڵای بەریتانیاو کەنەدا دا بۆ خەڵکی وێڵز یان ئوسکتلەندا یان هەرێمی کیوبیک یان کردبا، حکومەتەکەی ئەو سێ وڵاتو هەرێمەش هاووێنەی حکومەتە گەندەڵستانەکەی کورد بان، لە تاڵانی سامانی گەلو بە هەدەردانی، لە هەمان ئاستی نابەرپرسیارەتی مێژوویی بان، ڕوحی پێناسی نەتەوەیان خنکاندبا لە پێناو بەرژەوەندی حزبیو بنەماڵەیی دەکرا باوەڕی پێبکەین کە کامیرۆنو ستیڤن هاربەر لە خەمی بەرقەراربووونی دیموکراسیو دەستوورو یاسا ئەو لێدوانانە دەدەن،و گومانم نییە کە خەڵکی ئەو وڵاتەش پشتگیریان لێدەکرد، وەک چۆن خەڵکی هەرێمی کیوبك لە کەنەدا لە دژی سەربەخۆیی هەرێمەکە ئەوە بۆ چەندین جارە دەنگ دەدەن، چونکە دەزانن دەولەت دامەزراوەیەو یاسا ودەستور سەروەرن، ڕۆژێک لەڕۆژان کەس بیر لەوە ناکاتەوە بە هێزی سەربازی هەڵکوتێتە سەریان ویان هێز کۆکەنەوە لەدژیان...

ئەگەر مالیکی لە ئاستی متمانەو کەسایەتی سیاسی کامێرۆن و ستیڤن هاربەر بوایە لە هەرێمەکەی ئەو خەڵک لەسەر جیاوازی تایفەگەری نەکوژرابا، شەڕی کەرخ و رەسافەی شیعەو سونەی مێژوویی دووبارە نەبوبایەوە، هەموو کوردستان پێشوازیان لێدەکرد لە دەست بێزاریان لەو هەرێمە پڕ لە گەندەڵیو نا عەدالەتە...

ئەگەر لە هەرێمەکەی مالیکی گەندەڵیو بە قاچاغ بردنی نەوت دوو هێندەی قاچاغاکەی دەسەڵاتی کوردستان نەبوایە... هەموو خەڵکی هەریم بە دەمیەوە دەچوون، دەیانزانی مالیکی بەڕاستی خەمی بە قاچاغ بردنی نەوتیەتیو هەڵلوشینی پارەکەیەتیو هیچ مەرامێکی سیاسی لەدوای نیگەرانیەکانی نییە. ئەگەر ئاستی گەندەڵی لە ئاستە ئابڕوبەرەکەی کوردستانیش زیاتر نەبوایە،و منداڵی عێراق بە ئاشکرا لە بازاڕی بەندایەتی نەفرۆشرابان وەک ڕاپۆرتەکان باسی دەکەن، خەڵکی کوردستان باوەڕییان بە خەمخۆریو لێدوانەکانی مالیکی دەهات لەسەر رێچکە مافیاویەکەی بەرپرسانی هەرێم.

ئەگەر شارەکانی باشورو ناوەڕاست لە ئاستی خزمەتگوزاری دە پلە لە خوارەوەی کوردستان نەبوایە، گومانم نییە هەموو کوردستان پێشوازیان لێدەکرد بە گوڵ، بەڵکو شارەکانی کوردستانیشی دەهێنایە ئاستی شارە چراخانەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق...

ئەگەر مالیکی هەستو نیگەرانی کوردی نەوروژاندبا لە کەرکوک،و لێدوان وئیجرائاتی بەعس ئاسایانەی ئەنجام نەدابا، دوور نەبوو کورد بە تەواوی قسەکانی باوەڕ کردبا لەسەر

کەمتەرخەمی دەسەڵاتی کوردی لەمەر دۆزی کەرکوکـو کوشتنی ڕوحی کوردایەتی لەو شارەو زاڵکردنی سیاسەتی حزبایەتی وشەڕە پەڕۆ لە جیاتی...

ئەوە لە خۆشبەختی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی کوردییە کە ئەمڕۆ سیاسیەکانی عیراق لەو ئاستە نزمەدان کە نابنە جێگای متمانەی خەڵکی کورد، یان سیاقی مێژوویی لە بەرژەوەندی دیارکەوتنی کەسایەتیەکی سیاسی وەک کامیرۆن وهاربەر نییە، دەنا یەک تۆزقاڵ گومانمان نییە هەر ڕزگارکەرێکی شایەنی متمانەی خەڵک لە دەرەوەو ناوەوە بەدەرکەوێت خەڵکی کوردستان هەموو دەدەنە پاڵی، چونکە ئەو دەسەڵاتە تا دێت گەندەڵو گەندەڵتر دەبێتو بڕیاریشی داوە نە بەخۆیدا بچێتەوەو نە فێری دەوڵەتداری بێت.

17-05-2012

# خۆ لی کوان یووی دامەزرێنەری سەنگافورە دکتاتۆریش بوو

خۆ لی کوان یووی دامەزرێنەری سەنگافورە دکتاتۆریش بوو بەڵام دکتاتۆرێکی دەست پاک و خەمخۆر و یەکسان دۆست بوە؟ ئەخر ئەو وڵاتێکی بێ دەرامەتی هەژاری دوواکەوتووی هێنایە ئاستی وڵاتە هەرە پێشکەوتوەکانی جیهان، هەر بینایەکی نیشتەجێ بوونی دابەش دەکردە سەر چەندین گەلی جیا جیا، تا خەڵکی وڵات لەیەک نزیک بکەونەوە، گیانی نیشتیمان پەروەری بەهێزتر بکات!

دەسەڵاتی سوپەر گەندەڵی ئێمە، بە دەریایەک نەوتەوە خەریکە خەڵک بە سواڵ دەیەخن؟!

ڕۆژ بە ڕۆژ حەساسیەتی زیاتر دروست دەکەن لە نێوان پێکهاتەکانی یەک میللەتەوە وەک حەساسیەتی نێوان سۆرانی و بادینی!

ئەوانە ئێمە دکتاتۆریشن لە ژێر پەردەی دیموکراسیەوە، بەڵام چۆن دیکتاتۆرێک؟! دەست پیس و نا ئەمین و تاڵانچی و نەزان و بێ ڕەحم بە خاک و نیشتیمان، بەخشندە و دڵسۆز بە دوژمنانی سەرسەختی کورد!

دکتاتۆرێکی وەک لی کوان یوو، وا دڵسۆز و دەست و داوێن و وێژدان پاک، دەکرێت لە قۆناغی دامەزراندندا چاوپۆشی پەیڕەو نەکردنی دیموکراتیشی لێ بکرێت، ئەگەر دکتاتۆرێکی عادیلی بنیاتنەر بێت، وەک لی کوان یوو کە ئامادە نەبووە خانوێکی دەوڵەتیش ببەخشێتە دایکی بەبێ ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێکارە فەرمیەکان!

نەک خۆیی و منداڵ و کەسوکاری بکاتە مشەخۆر بەسەر ئەو نیشتیمانەوە!

ئەخر سەرکردەی نمونەیی وادەبێت!

کورد سەرکردەی نموونەیی نەدیوە، بۆیە وەک مناڵە هەتیو، ئەوەی دەستێکی بەسەر داهێنا بە هەر مەبەستێك لێی دەبێتە سوپەر لیدەر! ئەوەی کەمێک پاک بێت لێی دەبێتە پێغەمبەر!

لی کوان یو سەنغافورەی لە دورگەیەکی هەژار و پڕ زەلکاو و مێشولە و بێ نەوت و سامان و پڕ نەخۆشیەوە... لە دورگەیەک کە خەڵکەکەی بە ڕیفراندۆم داوایان کرد ببێتە بەشێک لە مالیزیا، کەچی مالیزیا ڕازی نەبوو دورگەیەکی وا هەژار و زەلکاو بکاتە بار بەسەر بودجەوە!

کردە وڵاتێک کە داهاتی نەتەوەیی بە قەد دوو هێندەی مالیزیا بێت، ئەو مالیزیایەی کە ٤٥٠ جار گەورەترە لە سەنغافورە!!! ئینجا مالیزیا یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی ئاسیا و پڵنگێکی ئاسیایە، نەک وڵاتێکی گەورەی هەژار بێ وەك سودان و میسر و مەغریب بۆ نموونە!

ئەو پیاوە داهاتی تاکی سەنغافوری لە ٢٠٠ دۆلارەوە گەیاندە ٨٠٠٠٠ هەشتا هەزار لە ساڵێک!
ئەو پیاوە ڕاپەڕینێکی زانستی و تەکنۆلۆژی وای بەرپاکرد لەو دورگەیە هەژارە کە ئەگەر خەڵکەکەی وەک پێغەمبەرێکیش لێی بڕوانن ناهەقیان نییە!

لە هەمووی گرنگتر تا مردیش هەر بە دەست پاکی و دڵسۆزی مایەوە و بچوکترین لەزمەی گەندەڵی نەدا، نەخۆی و نە حزبەکەی و نەماڵباتی!

٢٠١٧/٧/١٧

# نێچیر نەوتی نییە بۆ ناوەوە لەبەر دەرەوە!!

بەس نییە بە حەوت سەد هەزار بەرمیل نەوتی دزراو ڕۆژانە، هێشتا ئەو سێ چوار ساڵەی بەغدا نەینارد نەتانتوانی تەنها ئەو خەمە بچوکەش لە کۆڵ خەڵکی داماو بکەنەوە؟!

وەرە وڵاتێک ئێستاش ڕۆژانە سێ سەد هەزار بەرمیل بنێرێتە دەرەوە هێشتا بڵێ نەوتمان نییە بدەینە هاوڵاتیان!!!
ناتوانی بای چوار ڕۆژ هەناردەکانی نەوتی تاڵانکراوی بێ سۆراغ ڕاگریت و بینێریت بۆ پاڵاوگەکانی کوردستان وپاکی کەنەوە وبیدەنە هاوڵاتیان؟!

دەزانن خەڵکینە پاڵاوگەکانی کەورگۆسک و شوێنی تریش، بە بەرزترین کواڵێتی بەرهەمەکانی نەوت بەرهەم دێنێت؟!

دەزانن خەڵکینە هەتا حکومەتی عێراق نەوتی خاو دەنێرێتە پاڵاوگەکانی کوردستان لە هەولێر و شوێنی تر بۆ پاڵاوتنی و بەرهەمی نەوت و بەنزین!؟

ئەخر ڕۆڵە سەرۆکایەتی وەزیران هەر بەقسەی قۆڕ و دزی وتاڵانی و ڕوتاننەوەی گەل ناکرێت!
بەو هەموو تاڵان و دزی و دۆڕاندنی نیوەی خاکی کوردستان مەمنونی خوابە کە گەلێکی وا ئەعساب ساردت هەیە دەهێڵن هێشتا ئێوە سەرۆکیان بن، دڵنیام هیچ گەلێکی خاوەن کەرامەت ئەوە قبوڵ ناکات، هێشتا بەس نییە خەڵکتان کوشت لە بێ مووچەیی و بێ نازی وبێ کەرامەتی و دۆڕاوی، تەنها نەتوانی هەر ماڵەی یەک دوو بەرمیل نەوتی بۆ دابین بکەیت؟!

وڵاتێک لەسەر دەریایەک نەوتە و لە ئاو زۆرتر نەوتی هەیە هێشتا دەڵێیت ناتوانی نەوتیان بۆ دابین کەیت؟!

خۆ ئێستا ئەردۆگان سەلامێکتان لێبکاتەوە شەش ملیۆن بەرمیل نەوتی بە دیاری بۆ دەنێری!

توانیت دوو ملیار ونیو دۆلاری پێشوەخت بۆ ئەردۆگان دابین بکەیت لە سەفقەی نەوتی ڕوسیا بەڵام ناتوانی یەکدوو ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ خەڵکی کوردستانی موبتەلای بە ئێوە دابین بکەیت؟!

شەرم بتانگرێ بەسە و نەوت بنێرە پاڵاوگەکانی هەولێر کە هەمووی هی خۆتانە و بەگەندەڵی وەدەستتان هێناوە و بەو سەرمایە کەمێک لە ئازاری خەڵک کەمکەنەوە، دەنا وجودی تۆیەک کە نەتوانی مووچە و نەوت و گوزەرانی خەڵک دابین بکەیت لەگەڵ نەبوونت فەرقی چییە؟!!؟

ئێستا خەریکە لەو خەڵکە تێدەگەم کە تەمەنای هاتنی هەتا حەشدی شەعبی دەکەن بەس ئێوەی گەندەڵ و هیچ لەبار و دۆستی بێگانە و دژە میللەت نەمێنن!

7/12/17

**پەیمانی سەرۆکەکانی ئێمە بۆ گەل و پەیمانی خدێوی فوئاد بۆ خزمەتکاری خۆی!**

سەرۆک و سەرکردەکانی ئێمە هەزاران پەیمانیان داوە بە گەل و بە خوێنی شەهیدان و دایک و هاوسەری شەهیدان، بەڵام نەک هیچیان جێبەجێ نەکرد، یان لە توانایان نەبوو جێبەجێی کەن تا عوزرییان بۆ بدۆزینەوە، بەڵکو ڕێک پێچەوانەی هەموو پەیمانەکانیان ڕەفتاریان کرد، نیشتمان یان کردە مەزرەعەیەکی خانەوادەیی وحزبی خۆیان، وەک چێڵێکی شیردار تا دوا تنۆکی دایاندۆشی و دایدەدۆشن بۆ بەرژەوەندی خۆیان و خانەوادە و پیاوە حزبیە باڵاکانیان! ئەوەی ئەو سەرکردانە کردیان دژی پەیمان و ویژدان و هەموو بەها ڕەوشتیەکان، دوژمنی غەیرەش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی دارمانی ڕەوشتی!

خدێوی فوئادی میسر ڕۆژێک کە بووە پاشای میسر وێنەی خزمەتکارێکی خۆی مام ئیدریس دەخاتە سەر بەهاترین بانکەنۆتی دراوی میسری چونکە پەیمانی پێدابوو!

چیرۆکی ئەو پەیمانەی خدێوی فوئاد بۆ مام ئیدریس چۆن بوو؟

مام ئیدریس ڕۆژێک خەونی بینی میر فوئاد دەبێتە شای میسر، میر فوئادیش پێدەکەنێ ودەلێت ئێستا برام شایە و کوڕیشی جێنشینیەتی من کەی دەبمە شا؟!

ئیدریس دەلێت من زۆر باوەرم بەو خەونەیە بێتە دی!

میر فوئادیش دەڵێت پەیمان بێت ئەگەر بوومە پاشای میسر، وێنەی تۆ بخەمە سەر یەک جونەی میسری، کە جونەیەکی ئەو کاتە بەهاکەی زۆر زۆر بوو، کارمەند هەبوو مانگانەکەی دوو سێ جونەی بوو!. ڕۆژگار دەڕوات و برای میر فوئاد کۆچی دوایی دەکات و کورەکەشی تەنازول دەکات لە عەرش و دەسەڵات، میر فوئادیش دەبێتە پاشای میسر، خۆی لە گێلی نادا و ناڵێت ئێستا خەڵکی پێمدەڵێن ئەو پیاوە مام ئیدریسە کێیە خۆ ئەدیسۆن نییە تۆ وێنەی دەخەیتە سەر بەهاترین دراوی میسری! بێ دڵ لە دڵ دان پەیمانەکەی دەهێنێتە دی و وێنەی مام ئیدریسی خزمەتکاری دەخاتە سەر دراوی میسری!

ئەوەیە پابەندبوون بە پەیمان لەگەڵ خزمەتکارێکی هەژاری بێ دەسەڵات، کە ئەگەر خدێوی فوئاد پەیمانەکەشی جێبەجێ نەکردبا، زاتی ئەوەی نەدەکرد بیریشی بهێنێتەوە، نەک ئەو سەرۆک و سەرکردانەی کورد، تا لە چیابوون پەیمانی زل و قەبەیان بە خەڵك دەدا، کەچی هەر ئەوێیان وێرانکرد بە خیانەت و براکوژی وبەوێراندانی دەیان گوند و شارۆچکە، وکە هاتنەوەش هەزاران پەیمانیان دا، بەو گەلەی کە هیچ نەما بۆیان نەکات، کەچی تەنها پەیمانێکیان بۆ جێبەجێ نەکرد..

٢٠١٧/٧/٤

# پێشمەرگە لە نێوان بێ وەفایی دەسەڵات و گاڵتەجاری ناحەزانی کورد!

لەو کتێبەدا کە هەر ئەمڕۆ کەوتە بازاڕ لەلایەن پاتریك کوکبیرن نووسراوە ، کە وەسف دەکرێت بە چاکترین ڕۆژنامەنووسی خۆرئاوایی لە عێراقدا، کە لە دار الساقي دەرچووە و هێشتا نوسخە ئینگلیزیەکەی دەرنەچوە، وەرگێڕەکە ئافرەتێکی مەسیحی عەرەبە ناوی (میشلین حبیب)ـە، لە پێشەکیەکەیدا زۆر بە تەوسەوە باسی پێشمەرگە دەکات، بە پێچەوانەی ئەوەی باوە لەناو عەرەب و میللەتان کە پێشمەرگە کەسانێکی ئازا و جەربەزەن.

وادیارە لە سایەی سەری شەڕە خۆبەخۆیەکان و گەندەڵیەکانی حکومەتی هەرێم و حزبە سیاسیەکانی، بێ وەفایی بۆ پێشمەرگە، وپیس کردنیان بە ئەرکی نانیشتیمانی، سیحر و ئەفسانەی مێژوویی کورد بەتاڵ بۆتەوە لای خەڵك! ئەگەر ئەو نەبەردیە و قارەمانیەتەی کۆبانێ نەبا لەوانەبوو کورد یەك تۆزقاڵ هەیبەتی نەمابا لە دڵی داعش و دوژمنانی کورد بە گشتی.

وەرگێڕەکە دەڵێت: " دەستدرێژی داعش بۆسەر کورد و کوردی یەزیدی بە تایبەتی لە8ی 8ی 2014 ، دەستپێکی بەشێکی نوێ بوو لە مێژووی دەستتێوەردانی ئەمریکایی لە عێراقدا. شکستهێنانی خێرای پێشمەرگە، کە واچاوەڕوان دەکرا کە زۆر لە سەربازەکانی سوپای عێراق بەهێزتر بن، لەوە دەچوو کە نمایشیکی نوێ بێت بۆ کارامەیی سەربازی داعش. لەوە دەچێت شۆرەتی سەربازی پێشمەرگە هەردەم زیادەڕەوی لێکرابێت: چونکە بۆ ماوەی یەک چارەگە سەدەیەکە، پێشمەرگە جەنگیان دژی کەس نەکردوە، تەنها لەدژی یەکتر نەبێت! چاودێرێك باشی دەناسین کاتێ هەردەم ناوی دەهێنان بە [بێشمالبة] کە جۆرێکە لە حەلوا" یانی وەك حەڵوا نەرم شل و شکستە سروشتن.

باوەڕتان بێت هەتا مافیا و چەتەکان لە دەسەڵاتی کوردی دڵسۆزترن بۆ جەنگاوەرانیان، بڕۆن ژیانی بارۆنەکانی تلیاك بخوێننەوە لە ئەمرکای لاتینی و شوێنی تر، سەیرتان پێ دێت هێندە بەوەفا بن! من هەر خۆم شاهێدی چیرۆکێکی پڕ لە وەفاداری گانگەستەرێکی کۆلانەکانی لەندەنم!

بەر لە پێنج شەش ساڵێك دەبێت، منداڵێکی خێزانێکی میسری ناوی عەمرۆ بوو، دیار بوو باش پەدوەردە نەکرابوو، ببوە ئەندامی باندێکی گانگستەر یانی چەتە و عەسابە، بە ماوەیەکی کەم قووڵ ببوەوە لەناو تاوان وشەڕ وتلیاك. ڕۆژێکیان لە ناکۆکیەکی نێوان دوو گانگستەر، عەمرۆ لە نزیك ماڵی ئێمە بە چەقۆ کوژرا. وەك عادەتی لەندەنیەکان دەیان چەپکە گوڵیان لە

شوێنی ڕەوداوەکە دانابوو، گووتم ئاساییە، بەس ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ڕۆژێك کۆمەڵێك منالًی هەرزەکاری گانگستەرم دیت، هەر یەکەی چەپکە گوڵێکی دانا لە هەمان شوێنی کوشتنەکەی عەمرۆ بۆ یادکردنەوەی، ئێمە سێ ساڵێکە ماڵمان لەوێ نەماوە بۆ کارێك ڕێم بەلای ماڵە کۆنەکەمان کەوت، دیتم پاش پێنج شەش ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو ڕووداوە دیسان چەندین چەپکە گوڵیان لەوێ دانابوو بۆ عەمرۆ !!!

لە دڵی خۆمدا گووتم وەرە هەرزەکاری باندێکی گانگستەر وا بە وەفا بن بۆ ئەندامێکیان بۆ شەش ساڵی بەردەوام یادی بکەنەوە، کەچی شەهیدانی پێشمەرگە بە گیرفانی بەتاڵ و قەرزاریەوە شەهید دەبن، کەس ئاوڕ لە ماڵە بێ نازەکانیشیان. نادەنەوە وەك پێویست .

2014-10-28

**سەرنج: هەر ئەو ساڵیش ٢٠١٨ یادکردنەوەی عەمرۆم دیت چەندین چەپکە گوڵ و وێنەی عەمرۆم دیت لە هەمان شوێنی کوشتنەکەی دانرابوو!**

# لە شاخ یەکێتی، لە شار پارتی کەڵەگا!

لە بیرمە سەردەمی شاخ ساڵانێك یەكێتی بە تەنها شەڕی بەرەی جودی دەكرد كە پارتی و سۆشیالیست و حزبی شیوعی و پاسۆك ی لە خۆ گرتبوو. یەكێتی بەهێز بوو، بەهێز هەموو ئیرادەكانی خۆی دەسەپاند .

ئێستا كە لە شارن پارتی ڕۆڵی یەكێتی ئەوسا دەگێڕێت، بە هێزی مادی و مەعنەوی خۆی سەپاندوە بەسەر ئیرادەی هەموو خەڵك و هەموو حزبەكان .

خۆزگە هەر وەك یەكێتی ئەوسا، تەنها دژایەتی حزبەكانی كردبا!
پارتی بە خۆكردنە بەرپرس لە مەلەفی نەوت و پارە لە كوردستان، و بە غەیب كردنی داهاتی نەوت، وبە زەلیلكردنی فەرمانبەران و مووچە خۆران بە گوێ نەدان. بە پێدانی مووچەكانیان، دوژمنایەتی خەڵكی كوردستانیشی ئاڕاستەی خۆی كرد .

لەو ساتانەدا گومانم نییە ئەگەر هەڵبژاردنێكی ئازادی پارێزراو بە هێزێكی نێودەوڵەتی بكرێت لە كوردستان، پارتی وەك بووكە بە بارانە بە چەپڵە لە وڵات دەردەكرێت .وەنەبی ئەوانیتریش وەزعیان زۆر باش بێت، بەڵام لە پارتی باشتر دەبن .

پارتی ئەگەر بزانێت هەست و مشاعری خەڵك چۆنە لە دژیدا، هەموو پیاوانی لە سەرۆكەوە تا بچوكترین پارەداریان، پارەكانیان دەهێننەوە بۆ سپی كردنەوەی ڕووی خۆیان مووچەی خەڵكی لێ دەدەن. بەس عەقڵ كوا هەردەم مێوانە!

لەبیرم چوو خاڵێكیتر بڵێم ئەویش ئەوەیە، كاتێ یەكێتی كەڵەگا بوو لە شاخ، پارتی و حزبەكانیتر تێكڕا لە دژی دەجەنگان، بەڵام ئێستا یەكیتی لە ڕاستیدا بۆتە پردێك پارتی بەسەریدا تێدەپەڕێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان لە گەندەڵی و تاڵان و ڕووتاندنەوەی خەڵك و وڵات.

٢٠١٧/٦/١٣

# ئەبو عەنتەر و دەسەڵاتی کوردی

کەم کەس هەیە لە نەوەکانی پەنجا وشەست وحەفتاکان کە ئەکتەری بەناوبانگی سوری ئەبو عەنتەر نەناسن. ئەبو عەنتەر کە ناوی خۆی (ناجی جبر)ە، لەگەڵ غەوار وحوسنیە فەندی ویاسین بەقوش بەشێک لە زاکیرەی ئەو نەوانە تەشکیل دەکەن کە ئاماژەمان پێکردن.

ئەو هونەرمەندە گەورەیە بەر لە چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی کرد وهەزار ڕەحمەتی لێ بێت. ئەوەی زیاتر منی سەرسام کرد بە ئەبو عەنتەر ئەو بە خۆداچونەوە بوو کە بەو دواییە کردی بەبآ گوێدانە تەمەنی گەورە ودەقگرتنی بەیەک شێوازی نواندن ویەک ڕۆڵی دوبارە بوەوە، و ئەستەمبوونی سڕینەوەی وێنەی کەسایەتی ئەبو عەنتەر لە یادوەری گشتیدا. بە دەستی خۆم نەبوو کە بەراوردی ئەبو عەنتەر ودەسەڵاتی کوردی بازیدایە سەر پەڕەی پیرکردنەوەم چونکە پێموایە لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن!

• ئەبو عەنتەر وەک دەسەڵاتی کوردی لە ئەنجامی نەتوانینی (زیاد مەولەوی) لە یاری کردنی ڕۆڵی ئەبو عەنتەر لە دوو زنجیرەی بەناوبانگی (حمام الهنا) و(مقالب غوار) ئەو ڕۆڵانەی وەک ڕێکەوت دەستکەوت ولە پڕێک بوە ئەو ئەبو عەنتەرەی سەر گۆڕەپانەکە! وەک چۆن سەدام کۆتایی بە رۆڵی خۆی هێنا لە ئەنجامی ریسکە پڕ لە دەبەنگەکانی!

• ئەبو عەنتەر لەوەتی هەبوو بینەران لە ڕۆڵی کابرایەکی کەڵەگا ولۆتی وگۆبەندگێڕ وقۆڵ کوترای دەیاندیت، کە هەردەم مافی خەڵکی دەخوارد بە هێزی بازوو و هەڕەشە وگوڕەشە لە گەڕەکێک بە ناوی (حارە کل مین ایدو الو) (هەرکەسەو دەست ومستی خۆی)! (وەک هەرێمەکەی خۆمان)، وهەردەم ستەمی لە کەسانێکی هەژاری وەک (یاسین بەقوش) (خەڵکە هەژارەکە) دەکرد!!

• ئەبو عەنتەر بەس لە سەرۆکی مەخفەری پۆلیسی گەرەکەکە دەترسا وهیچ گوێی بە خەڵکی گەڕەکەکە نەدەدا (وەک چۆن دەسەڵاتی کوردی بە هەموو دەزگاکانیەوە ئەوەندەی دڵی ئەمریکا وتورکیا وکێ وکێ ڕادەگرێت، یەک لەسەدا دڵی میللەتەکەی ڕاناگرێت.)

• بۆ ماوەیەکی زۆر ئەبو عەنتەر ئەو وێنەیەی خۆی دوبارە دەکردەوە لە زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی وەک (صح النوم ، یومیات ابو عنتر، ملح وسکر، حمام الهنا. و مقالب غوار. ) بێگومان خەڵک وجەماوەری ئەبو عەنتەر بۆ ماوەیەک بەو ڕۆڵانەی ئەبو عەنتەر دڵخۆش بوون وەک (چۆن خەڵکی کوردستانیش دڵیان بەو ئەزموونە ساوایە خۆش بوو بۆ ماوەیەکی زیاد لە حەد) ئەبو عەنتەریش وایدەزانی ئەو رۆڵەی قەدەری خوایە وهەرگیز نابێت

بگۆڕدرێت یان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، پێیوابوو خەڵکیش هەرگیز لێی بێزار نابن ئەگەر بۆ هەتا هەتایێ لە ناو پێستی ئەو ڕۆڵە بێت (ئەوە نییە هەرێم ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە عێراق دەکرێت لە هەرێمدا ناکرێت!!). دەسەڵاتی کوردیش بە هەمان شێوە، دەیەوێت هەر ڕۆڵی ئەو حکومەتە ساوایە ببینێت، کە بانگەشەی بۆ دەکات لە یەکەم رۆژی ئازاد بوونی کوردستاندا! چونکە ساوا بەرپرسیار نییە لە هیچ کارێکی دژی یاسا وشارستانیەت ودادپەروەری کە دەیکا. و هەر عەیبیشە کەسێک موحاسەبەی ساوایەک بکات!

ئەی ئەوە نییە کە مشتومڕ ودەودەوانێ لەگەڵ ساوایەک دەکەیت هەزار کەس لێت ڕاست دەبنەوە وڕەخنەت لێدەگرن چۆن ئەو کارە دەرهەق بەو سەبی وساوایە دەکەیت!!

• ئەبو عەنتەر کە هەستی بە بێزاری ومەلولی خەڵکەکە کرد، وزانی هیچی تر ئەو ڕۆڵەی جێگای بایەخ وخۆشحاڵی ئەوان نییە، وخەریکە خەڵک بە تەواوی لە بیری دەکەن، پاش دانیشتنێکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕۆڵی عەنتەر ئاسا، هەڵسا بیرێکی لە حاڵی خۆی کردەوە و توانی لە کەولی ئەو ڕۆڵەی ئەبو عەنتەر بچێتە دەرەوە، وسەر لەنوێ متمانەی خەڵکانێکی زۆر بەڵکو زیاتر لە جاران بۆخۆی بگەڕێنێتەوە.

ئەوەبوو لە ماوەیەکی کورتدا چەندین کاری جوان وسەرکەوتوانەی پێشکەش کرد وەک (اهل الرایه ، الحصرم الشامی، اولاد القیمریه، بیت جدی،، غزلان فی غابه الذئاب، و رجل الانقلاب) وچەندین کاری تر.

بلیمەتی ئەبو عەنتەر لەوەدا بوو، بەو ماوەیە کورتە توانی چەندین رۆڵی جیاواز ودەگمەن بگێڕێت، بە جۆرێک خەڵک وێنە کۆنەکەی لە بیر بکات، وتوانی بیسەلمێنێت کە قۆناغی عەنتەریاتی بڕیوە وئێستا ڕۆڵێکی تر یاری دەکات، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی تا ئەمڕۆش هەر لە قۆناغی نا بەرپرسیارەتی ساوایی دایە، نایەوێ کەس لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، کەس نەڵێ (من این لکم هذا)!

کەس نەزانێ بودجەی هەرێم چەندە وچۆن سەرف دەکرێت، وبە خێری خۆی یارمەتی بداتە حزب ودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی (ئەگەر هەبن!!)، ودەسەڵاتی سیاسی تەنها بۆ خۆی قۆرخ بکات، ئەگەر خودی ئەمریکاش ڕەخنەی لێگرت ئەوە هۆیەکەی ئەوەیە چاویان بە ئەزموونە ساوایەکەی هەڵنایەت.

دەسەڵاتی کوردی هەموو هێلکەکانی چارەنووسی خستۆتە سەبەتەی ئەمریکا، وپێشی شەرم نیە وەک پیاوی یەکەمی ئەمریکا ناوزەدی بکەن لە ناوچەکە، بەڵام ئەگەر هەمان ئەمریکا

یارمەتی هەر لایەنێکی دا لە کوردستان، وەک یارمەتی دانی میدیای ئازادی ناحیزبی، ئەوە دەسەڵاتی کوردی هارو هاج دەبێت، وپێیان دەڵێت ئەوانەی بەکرێگیراوی ئەمریکا وولاتانی ترن! تو بڵێی دەسەڵاتی کوردی بڕیاڕی مانەوەی هەتاهەتایی دابێت لە قۆناغی عەنتەریات، ماقوڵە ئەبو عەنتەر یان ڕاستر (ناجی جبر) لە دەسەڵاتی کوردی بلیمەتتر بێت؟!

٢٠٠٩/٤/١٣

# قەتەر و دەسەڵاتی مافیای باشوور!

خۆزگە قەتەری بۆگەن باجی چەندین ساڵەی ئەو ئاشوب وفتنەگێڕییەی خۆیی و جەزیرەیان پێدەدا. خۆزگە ئەو شیکارە ڕاست بێت کە دەڵێت ترامپ بەو ٤٠٠ ملیار دۆلارەی گرێبەستنەکانی سعودیە و ئەمریکا، قەتەری فرۆشتە سعودیە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی! ئەگەر ڕاست بێت سعودیە لە غەیری سەرەنگوم کردنی حوکمی قەتەری ڕازی نابێت، چونکە زۆری چەشتووە لە دەستیدا.

قەتەر سەرەڕای قەبارەی بچووکی دەستی هەیە لە هەموو ڕووداو و کارەساتە گەورەکانی ناوچەکە، لە ڕەبیعی شومی سەلەفی عەرەبی و شەڕی ناوخۆی سوریا و لیبیا و شەڕی حوسی و سعودیەوە تا هاندانی بێ حیسابی ئیسلامی سیاسی لە هەردوو فۆرمە ئیخوانیەکەی و سەلەفیەتی جیهادی قاعیدە و داعش و باقی پۆخڵەواتەکان، بۆ کوردیش هەردەم خەریی ئاڕاستەکردنی دوژمنانە بوی وەک تورکیا و ئێران و داعش و هەتا حکومەتی سوریا و عێراقیش سەرەڕای دوژمنایەتی کردنیشیان!

خۆزگە دز و مافیا خۆگێیەکانی دەسەڵاتی کوردی، کە دانە غازیان بۆ ڕوحی کوردی هەزار قووت کردۆتەوە، لە یاریەکی لێڵی پڕ گوماندا خەریکی دزینی ملیارەها دۆلارن لە قووتی ئەو خەڵکە هەژارە ساویلکەیەی ناو بازاڕی جیهان، دووچاری هەمان چارەنووسی قەتەر دەبوون.

خۆزگە قەتەر و حکومەتی کوردی پێکەوە سەرەنگوم دەبوون و تا زیاتر بەڵگەکانی یاریەکانیان ئاشکرا دەبوون، بەڵام هەتا ئێستاش ئاشکرا بێت هیچ ڕوونادات ئەو میللەتە زۆر بە ڕەحمە لەگەڵ دزومافیاکانیشی، وابزانم خوا کە ساویلکەیی و ڕەحم و بێ هیمەتی دروست کردوە سێ بەشی داوە بە کورد و بەشێکییشی دابەش کردوە بەسەر هەموو مرۆڤایەتی.

خۆزگە وەزعێکی لەباریش بۆ ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتە مافیا خۆگێیەی کوردی دروست دەبوو دەبوونە لاپەڕەیەک و پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی کورددا.

٢٠١٧/٦/٥

# ڕەخنەش ماندووەو ئیبن خەلدونیش حەپەساوە لە گەندەڵان!

باوەڕ ناکەم لە هەموو مێژووی هاوچەرخدا، هیچ وڵاتێک بەقەد کوردستان ڕەخنەی تێدا بنوسرێ و ڕەخنەشی تێدا ڕیسوا بکرێت، بە فەرامۆش کردنی وگوێ پێ نەدانی. دەسەڵات لە ئاست ڕەخنەکان گوێی کەڕ کردوە، ومێشێکی لێ میوان نییە. لەوەش نەگبەتتر ئەو ڕەخنانەش نەبونەتە هێزوگوڕێك بۆ جەماوەر لە قۆناغی گوێگرتنەوە، تەکان بدات بۆ قۆناغی کردار. لە کوردستان هەر دەسەڵات بێباکی خۆی نیشان نادات لە ڕەخنە، بەڵکو خەڵکیشیان واڕاهێناوە کە پرۆسێسی ڕەخنەگرتن کارێکی بێ هودەیە، لە زۆر کەسم بیستوە دەڵێن ڕەخنە لە کێ دەگریت وبۆ کێی دەنوسیت! بەرپرسەکان ئەوە هیچ نایخوێننەوە، چونکە سکرتێرەکانیان تەنها هەواڵە خۆشەکانیان پێ دەڵێن، ئەوە تەنها دەزگا ئەمنیەکانی دەسەڵاتە گرنگی دەدەنە ئەو نوسەرانەی کە ڕەخنە دەگرن لە دەسەڵات، یان جوێن بە دەسەڵات دەدەن بە عەقڵیەتی ئەمنی، چونکە بەپێی ئەو عەقڵیەتە ئەمنیە ڕەخنە شتێک نیە لە جوێن پێدان زیاتر.

بەرپرسانی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک چۆن منداڵان دەکوترێن لە دژی نەخۆشیە درمەکان، ئاوا خۆیان کوتاوە لە دژی ڕەخنە، گەورەترین کارەسات وفەزیحە لای ئەوان بە قەد گزەی مێشێك کاریان تێناکات، نابینیت سەدا ٩٠% خەڵک دژی گەندەڵی دەسەڵاتە، کەچی بە زەبری زۆردارەکی بودجە تێدەپەڕێنێ! و بۆ سەرقاڵ کردنی پەزەکانی پێشبرکێی شاجوانی کوردستان دەکات، بە دەست کۆمپانیایە بێ ئابروەکانی لوبنان کە تەنها لە پیشەسازی سێکسی بلیمەتن.

یان لە سەدا ٩٠% خەڵک زیاتر لە ساڵێکە دژی بەشار ئەسەد خۆپیشاندان دەکەن و پاش کوشتنی نزیکەی ٢٠ هەزار کەس، هێشتا خۆڕاگرە لە بەردەم ئیرادەی خەڵکی پیلانگێڕ!! ئەو ئابڕو چونانەی لە دەسەڵاتی کوردی ڕۆژانە ئاشکرا دەبێت، دەیان حکومەتی پێ دەڕوخێت وهەڵدەوەشێتەوە، لە وڵاتانێك کە یاسا بەڕاستی سەروەر بێت و پەرلەمان بەڕاستی پەرلەمان بێت. کوردستان کە هێشتا قەوارەیەکی فیدرالیە ونەبۆتە دەوڵەتیش کەچی ئاستی گەندەڵیەکانی زۆر لە وڵاتانی سەربەخۆشی تێپەڕاندوە.

بەپێی تیوری ئیبن خەلدون بێت یەکەم دەستەی دەسەڵاتدار کە لە قۆناغی دروست کردن ودامەزراندنی دەوڵەتن، لەسەر بنەمای دەمارگیری وعەسەبیەت وهاوڕەگەزیدا، دەبێت دەستەیەکی زۆر خاکی و چاونەترس ودەست پاک ودڵسۆز و قوربانی دەر بن، زۆر یەکگرتوو بن، وهەماهەنگی تەواو هەبێت لە نێوان فەرمانڕەوا وخەڵکەکەی، ودەسەڵات لەو قۆناغە بە بەژداری دەبێت لە نێوان سەرۆک و پێشەوا و سوڵتان لەگەڵ میللەتەکەی، ئەو قۆناغە دوور دەبێت لە تەرەف و فەنتازیای پارە بە هەدەردان، و پارەکە بۆ پتەوکردنی بنەماکانی قەوارەکە دەخرێتە گەڕ. قۆناغی دوەم، قۆناغی تاکڕەوی دەسەڵاتە، سێیەم قۆناغی سەرسوکی وئاسودەییە [الفراغ والدعە] کە دەوڵەت بەری کارەکانی پێشوی دەچنێتەوە،

قۆناغی چوارەم قۆناغی سەرکزی وسەلامەت خوازیە [القنوع والمسالمە] تێیدا دەوڵەت لەسەر دەسکەوتەکانی پێشو دەژێت، قۆناغی پێنجەم قۆناغی [الإسراف والتبذیر] هەڵەخەرجی و بە هەدەردانی سامانە!! کە لەو قۆناغەدا دەوڵەت سامانی میللەتەکە، تەنها بۆ چڵێسی و بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیی وحاشیەکەی بە بای پیلان سەرف دەکات و بە هەدەری دەدات ولەو قۆناغەدا وەک ئیبن خەلدون دەڵێت دەوڵەت توشی پیربوون وبە تەمەن داچوون دەبێت، نەخۆشی کەڤنار بەرۆکی دەگرێت کە چارەسەری نییە تا لە ناو دەچێت!! ئەو پێنج قۆناغە ۱۲۰ ساڵی دەوێت بە مە زەندەی ئیبن خەلدون!!

**یەکێک لە بلیمەتیەکانی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە، توانیویەتی ئەو هەموو قۆناغانەی دەوڵەت ببڕێت، سەر لە باوکی ئیبن خەلدون یش بشێوێنێ، کاتێ لە یەکەم قۆناغدا هێشتا تازە لەوبەر سنور وچیاکان هاتنەوە لەو پەڕی پەڕپوتی ونەداریدا، چاوەڕێیان نەکرد بە دڵسۆزی بنچینەی یەکەمی دەوڵەتی کوردی یان قەوارەی کوردی دامەزرینن، بەڵکو یەکسەر بە بازە کولەیەك گەیشتنە قۆناغی [الإسراف والتبذیر] ی پێنجەم، دەڵێی قەومەکەی یاجوج وماجوجن لەپشت شورەکاندا بە برسێتی بەندکرابوون و کاتێ شورای بەندیان شکاند بەو شێوەیە برسێتیەی سەدان ساڵەوە بەربونەتە هەڵلوشینی سامانی ئەو نەتەوەیە ولەو پێناوەدا لە هیچ جۆرە رەخنە ونەقد وقسەیەکیش سڵ ناکەنەوە. ئەو قۆناغە لای ئیبن خەلدون قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی عەسەبیەت و دەمارگیرییە بەمانای [سۆزی نەتەوەیی یان هۆزگەلی] وقۆناغی لە نێو چوونی سامانەکانە کە بە زەرورەت بەرەو ڕوخانی قەوارەی دەولەت دەچێت لە ڕووی سیاسی وئابووریەوە.**

بەرای من گوێنەدان و فەرامۆش کردنی ڕەخنە لەلایەن دەسەڵاتەوە، وماندوو بوونی ڕەخنەی کوردی لە دەسەڵات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات و ڕەخنە لە دوو قۆناغی جیاوازن لە ڕووی زەنیەت وقۆناغ وگۆڕەپاندا. ڕەخنە هێشتا لە قۆناغی یەکەمی دامەزراندن دایە، کەچی دەسەڵات لە قۆناغی هەڵەخەرجی و بە هەدردان وئیسراف دایە، کە تێیدا دەسەڵات بە هەڵوشینی سامانەکان وەک تلیاک خۆرەکانی جیهانە خەیاڵیە بەرزە فڕەکەی تلیاک خۆرانی لێ دێت، نە دەتوانی گوێ بۆ کەس بگرێت ونەتێیگات لە کەس، جگە لە وڕێنە تلیاکیاوەیەکانی خۆی گوێی لە هیچی تر نییە!! لەو قۆناغەدا ڕەخنە ماندوو و شەکەت دەبێت، لەوانەیە دەسەڵاتی مەست بوو بە تلیاکی گەندەڵی، دڵی خۆش بێت کە ڕەخنە ماندوو بوە وجەوی نەماوە هیچی تر بنوسێت، بەڵام ترسناکی قۆناغەکە ئەوەیە، تورەیی ڕەخنە وماندوو بوونی خەڵک بەرەو تەقینەوەیەکی سەرتاسەر ببات، و تا ئەو دەسەڵاتە سەرخۆشەی بە تلیاکی گەندەڵی بە هێز باڵبەست بکەن و بەرەو نزیکترین کلینیکی چارەسەری عەقڵی یان چارەسەری لە ئالودە بوون بە تلیاک بەرن!

08-07-2012

# فەزیحەکانی دەسەڵاتی فەلەستین و

# کوردی عەرش وکروش لەناو دەبەن!

ئەو فەزیحانەی کە لە هەفتەی ڕابردوو لە لایەن ئەفسەری موخابەراتی فەلەستینی (فەهمی شەبانە) ئاشکرا کرا، دەربارەی گەندەڵییە دراوی وسێکسییەکانی دەسەڵاتی فەلەستینی، هەرچەندە زۆر کاریگەر بوون بەسەر نوخبەی فەرمانڕەوای فەلەستینی، بەڵام لەوانەیە لەبەر ئەوەی لە میدیای ئیسرائیلی (کەناڵ 10) بڵاوکرایەوە، خەلکی جۆرێک لە ساردی ولاموبالاتیان نواند لە بەرامبەریدا. لەوانەیە هۆیەکی تریش بێ ئومێدی خەڵک بێت لە بەرامبەر چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵییەی کە سەرتاپای ژیانی سیاسی ولایەنەکانی تری گرتۆتەوە.

ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ڤیدیۆی ئەو فەزیحەیە سێکسییەی بەرپرسی دیوانی سەرۆکایەتی رفیق الحسینی بوو کە لە یەک کاتدا لەگەڵ دوو ئافرەت خەریکی کاری سێکسی بوو، یەکەمیان لەگەڵ سکرتێرەکەی (کە بە ڕاستی ئەو کارە بەتەواوی دزێو بوە ولە جیاتی کاری ئیداری بۆتە هێمای تەرفیهی سێکسی لە کاربەدەستان)، دووەمیانیش ئافرەتێکی تر بوو کە رفیق الحسینی ئیستغلالی دەکرد لە بەرامبەر داواکردنی کاردا!! وادیارە ئافرەتەکە هەواڵەکەی گەیاندبوە موخابەراتی فەلەستینی وئەوانیش شوێن وکامێرایان بۆ ئامادەکرد بوو وهەر بەرلەوەی هیچ ڕوبدات ئەفسەری ناوبراو چەند کەسی تر چونە شوێنەکە ورفیق الحسینی یان بە ڕوتوقوتی گرت!

گومانی تێدا نییە کە فەزایحەکانی دەسەڵاتی کوردی، لەلایەنی دراوی وسێکسی وویژدانی ونیشتیمانی هێندە کەم نین، بەڵام زۆربەی فەزایحەکان لە دۆکیومنتدان تا کەرەستەی بینراو. بێگومان فەزیحەتە نوسراوەکان یان دۆکیۆمنتەکان، هەرچەندە زۆریش ترسناک بوون، ولەوڵاتان لەسەدا یەکی ئەو فەزیحەتانە عەرش وکروش (ورگ) لەناو دەبات، بەڵام لە کوردستان نەک هیچ ڕونادات، بەڵکو لەپاش فەزیحەتەکانیش، هیچ شتێک چارەسەر ناکرێن. بۆ نمونە فەزیحەی فایلدارە ڕەشەکان کوا کێ لێپرسینەوەی لێکرا، وکێ دادگایی کرا، وکێ سزا درا؟!!

فەزیحە دراوییەکان کە بە ملیۆنەهایە، کێ لەسەری لێپرسینەوەی لێکرا وکێ دادگایی کرا وکێ سزا درا، وکێ پارەی دزراوی لێ موسادەرە کرا؟!!

فەزیحەی ئەوانەی بە هەزاران کوردیان کوشتوە، وتەسلیم بە دوژمن کردوە لە جاشە خۆفرۆشەکان، کامەیان دادگایی کرا و کامەیان سزا درا، ، کامەیان لە دادگاییەکانی ئەنفال دادگایی کرا؟! یان تاوانی بە دەستی کورد تاوان نییە، تەنها عەرەب بێت ئەو کاتە دەبێتە تاوان؟! کامەیان لە جیاتی سزا پاداشتیش نەکراوە، ودیوەخانەیشی بۆ گەرم نەکراوە؟!!

فەزیحەی داواکردنی 50 – 70 % قازانجی هەر پرۆژەیەک لەو وەبەرهێنانەی کە دەیانەوێت کارێک وپرۆژەیەک لە کوردستان بکەن، کە زۆربەی جار ڕادەکەن لەبەر ناماقوڵی ئەو گەندەڵییە وڕێژەی قازانجی خەیاڵی داواکراودا، هەرچەندە ئەو کەسانەش ناسراون، بۆ زۆربەی خەڵک وکەس وکاری ئەڵقەی هەرە نزیکی فەرمانڕوایانن، کەچی کێ لێپرسینەوەی لێکرا وکێ دادگایی کرا وکێ سزا درا؟!!

فەزیحەی کوشتنی ڕۆژنامەوانانی وەک سۆران مامە حەمە ولێدان وهێرش کردنە سەر نەبەز گۆران وکەسانی تریش، کەی ئەنجامی لیژنەکانی بەدواداچون دەردەچێت، کێ ناوی ئاشکرا کرا وکآ دادگایی کرا وکێ سزا درا؟!!

ئینجا ئەگەر بێینە سەر فەزیحە سێکسیەکانی ئەو دەسەڵاتە، ئەوە بە دڵنیاییەوە هێندە زۆرە تەنها ئەوەی کەمە ڕۆژێک لە میدیاکان بڵاوبکرێنەوە بە ڤیدیۆیی، بێگومان ئەگەر فەلەستینیەکان، تەنها ئیسرائیلیەکان بۆ فشار خستنە سەر ئەو کارە بڵاوبکەنەوە، ئەوە کورد بە ناشوکری نەبێت هێندە دوژمنی زۆرە دەیان وسەدان کەناڵی ئەرزی وئاسمانی ئامادەی بڵاوکردنەوەیانن.

فەزیحەکان زۆر زۆرن، بەڵام بێدەنگیەکانیش زۆر زۆرترن، تا ڕادەی ئەوەی مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕە کە فەزیحەکان نۆرماڵ وئاسایین وڕەخنەکان شاز و ڕیزپەڕن!!

٢٠١٠/٢/١٩

# نەوت ودیکتاتۆریەت وسەربەخۆیی

ناردنی نەوت ودۆزینەوەی نەوت وغاز وهەر سامانێکی تری سروشتی بە بڕێکی گەورە، زۆر مایەی خۆشییە بۆ هەموو کەسێکی دڵسۆز بە نیشتیمانەکەی. ئەوەی دەسەڵاتی کوردی دەیکات لە هەڕاج کردنی سەروەت وسامانی کوردستان، بەڕاستی یان نهێنییەکی لە دواوەیە کە ئێمەی خەڵکی نا حکومی وحزبی نایزانین، یانیش گوزارشێکە لە سادە وساویلکەیی دەسەڵاتی کوردی.

ئەگەر ئەگەری یەکەم بێت، ونهێنیەک لە ئارادا بێت بۆ بەکارهێنانی ئەو سەروەت وسامانانە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هێزە زەبەلاحەکان بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی وپاراستنی کوردستان لە برا دوژمنەکانی دەوروبەر، ئەوە کارێکی باشە وهەموومان دەستخۆشییان لێدەکەین، هەرچەندە مەزەندە ناکرێت ئەو دەسەڵاتە هێندە سترتتیژیانە بیر بکاتەوە، لە حاڵتی ئەو ئەگەرە ڕاست نەبێت، ئەوە ئەو دەسەڵاتە سەروەت وسامانی کوردستان بە هەدەر دەدات، و ئاشتی هەورامی ئەو سەروەتەی کوردستان سەد لە سەد (100%) شاباش دەکات بۆ ئەوەی سەدا هەڤدەی (17%) وەرگرێتەوە لەوسەری!!

کوردستان دنیایەک کێشەی هەلپەسێردراوی هەیە لەگەڵ حکومەتی بەغدا، ئەوە بۆ چەندین ساڵە چارەسەری کێشەکان دوادەخرێت، وتا دێت گەورەتر وئاڵۆزتر دەبن، ئەوە کێشەی کەرکوک وناوچەکانی تر، وکێشەی گرێبەستە نەوتیەکان، وکێشەی مەرکەزیەت وفیدرالیەت، وکێشەی دەستور وپێداچوونەوەی، وچەندین کێشەی تر.

هەر لە گەرمەی ئەو کێشانەدا شیعەکان وادیارە شەهیەی دیکتاتۆریەتی زۆربەییان وروژاوە، وچەندین سیاسەتمەدار وخەتیبی مزگەوتەکانیان بە ئاشکرا بانگەوازی دەکەن بۆ هەقی حوکمکردنی عێراق بە دەستی شیعە بە تەنها!! گوێبگرە بۆ سەدرەدین قوبانچی دەڵێ:" شیعەی ئەهلی بەیت (!) زۆربەن لە عێراقدا، ومافی خۆمانە حوکم وحاکمیەت بۆ شیعە بێت، بەرگری کردن لەو مافە بەرگریکردنە لە سیستمی دەستوری لە عێراق"!

مالیکیش بەر لەوە دەمێکە هەوڵی بە هێزکردنی مەرکەزیەت دەدات، وباوەڕی بە دەستور نەماوە کە بەڕای ئەو لە هەل ومەرجێکی هەڵاوێردە ونا سروشتی ولە ژێر فشاردا نوسراوەتەوە! وبەر لەو ئاخوندەی سەرەوەش بە ئاشکرا داوای نەهێشتنی دیموکراتیەتی تەوافوقی کرد، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بانگەشەیە بۆ حوکمی زۆربەیی شیعە!! ئەو جگە لە هەوڵەکانی لە خۆپڕ چەک کردن ودرز خستنە نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان، وزیندوو کردنەوەی پڕۆژەی جاشایەتی وچەندین شتی تر کە هەمووی مایەی نیگەرانین.

ئە لەو کاتەدا ئێمەی کورد بە پارەی کوردستان وساماناکەی داهاتی عێراق زیاد دەکەین بۆ ئەوەی بکرێتە چەکێک ولە خۆمانی بدەنەوە! کەی ئەوە ماقوڵە لە وجودی ئەو هەموو کێشانەوە ولە وجودی کەسانێکی وەک مالیکی ئەو عەقلیەتە نەخۆشانەی شیعە، کە پێیان ئاساییە تۆڵەی کوشتنی حەزرەتی حوسێن لە منالێکی بەر شیر بکەنەوە، یان لە هەر سونەیەک هەتا مولحید وبێ بڕواش بێت، لە گەرمەی هەوڵەکانی مالیکی بۆ چەک کڕین وبانگەشە کردن بۆ دیکتاتۆریەتی زۆربە، تۆ بێیت وپارە وسامانێکی ئەوها زۆر وزەوەند بخەیتە خەزێنەی شیعەی ئەهلی بەیت؟!

ئەی ئەو هەموو گەندەڵییەی کە لەوێ هەیە ئەوە هەر باس ناکرێ، تۆ سامانت دەبەخشی بۆ بە هێزکردنی گەندەڵی ودیکتاتۆریەت؟! کەرکوک بەس نەبوو ئەوە خەریکە نەوتەکەی چەک دەکات، کەچی هێشتا پێمانی ڕەوا نابینن وعەرەب وتورک وعەجەم شەڕی کەرکوکمان لەگەڵ دەکەن، کەچی تۆ بەو پەڕی سەخاوەتەوە سامانی تریشیان پێشکەش کەیت تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە عێراقیەکی خاسی!! ئەوە نیە 100% سامانەکانمانتان پێدەدەین بۆ ئەوەی 17% وەرگرینەوە بە زەحمەت وبە هەزار کێشە وبێشە!!

من پسپۆری بواری نەوت نیم، بەڵام دەمێکە دەزانم کە ئەمریکا نەوت دەکڕێت وخەزنی دەکات بۆ دواڕۆژی نەوەکانی، کەچی ئەگەر بە دەستی دەسەڵاتی کوردی وئاشتی هەورامی وکۆمپانیاکانی پشتیەوە بێت هەموو سامانی کوردستان شاباشی زڕە خەونێک دەکەن!

ئەگەر هەناردنی نەوت هێندە بەهێزتانی کردوە دەبەلایەنی کەم لە وەڵامی هەوڵەکانی مالیکی لە دژی دەستور ودیموکراتیەتی تەوافوقی وبەزمی حاکمیەتی شیعەی ئەهلی بەیت، ئێوەش کارتی سەربەخۆیی نیشانیان بدەن تا کەمێک سڵ بکەنەوە لە خەونی جمهوریەتێکی تری شیعەستان.

٢٠٠٩/٦/٦

# پرۆژە یاسای نیشتەجێكردن بۆ پێشمەرگەی بێ خانوو

ماشەڵلایان لێ بێت زۆربەی زۆری سیاسەتمدار و دەسەڵاتدارانمان، لە سەرۆكی هەرێمەوە تا وەزیر و ئەندام پەرلەمان وسەرۆكی حزبەكان، بەشێك لە ژیانیان لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریكا بەسەر بردوە. بەڵام لەوە ناچێت كەمترین سوودیان لەو ژیانەی ئەوێ كردبێت بۆ ڕیزگرتنی زیاتری مافی مرۆڤ، و بۆ دەستاودەستكردنی پایە و وازهێنان لە كورسی بە خواهیشی خۆیان، نەك لەو ساتە وەختە عەسیب و ترسناكانەدا وەزعەكە وا تەنگژاوی بكەیت بیگەینیەتە لێواری شەڕی ناوخۆ، لە پێناو مانەوەت، مانەوەش لە پێناو چی؟! خۆزگە ئەوەندەی حوكمت كرد دوو شتی چاك و دوو دەسكەوتی گەورەمان بەدی دەكرد!

دەزانم كات بە فیڕۆدانە هانی ئەوەتان بدەین وەك خۆرهەڵاتیەكان بن، بەڵام دەكرێت لە هەندێك لەو سیستمە جوانانەیان سوودمەند بین بۆ هێنانەدی كەمترین عەدالەتی كۆمەڵایەتی. لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا هەركەسێك كە كاری نەبوو و دەستی كورت بوو، مووچەیەكی خوار مام ناوەندی بۆ خۆیی و بۆ خێزانی دابین دەكەن، و كرێی خانووشی هەموو بۆ دەدەن، جا ئەو خانوەی تێیدایە هی شارەوانی بیت یان هی خەلكی تر بێت تۆ بەكرێت گرتبێت.

ئەوە باسی خەڵكانی كەمئەندام هەر ناكرێت چ نازێكیان دەكێشن ئەو حوكمەتانە .مووچەیان دوو تا سێ قات زیاترە لە كەسی ئاسایی، خەڵكیان بۆ دەگرن بۆ خزمەت كردنیان، بۆ بازاڕكردنیان وشتیتریش. هەموو هاتوجۆكردنیان بە پاس و قیتار وهەندیكیان تاكسیش بە خۆڕاییە! نوێترین ئوتۆمبیل بە هەموو خزمەتگوزاریەكانیەوە وەردەگرن بە كرێیەكی كەمی مانگانە، ولە كاتێكدا خەڵک گەورەترین كێشەی، ڕاگرتنی ئوتۆمبیلە، ئەو كەمئەندامانە بۆیان هەیە لە هەر شوێنێك ڕایگرن!

هێندەیان ناز دەكێشن تا ئەو ڕادەی زۆریان لە خۆیان گۆڕاون، پۆز لەسەر خەڵكی نا كەمئەندام لێدەدەن، لە جیاتی كەمێك هەستی مرۆڤایەتیان لا بەهێزتر كات! حوكمەتە مرۆییەكانی ئەوان ئەو خزمەتەی خەڵك دەكەن بێ ئەوەی ڕەچاوی نەتەوە و ڕەگەز و ئایینی خەڵكە نەدار و كەمئەندامەكان بكەن، بێ ئەوەی پرسیار لە سوودمەندی و بێ سوودی ئەو تاكە بكەن! زۆربەیان لە یەكەم ڕۆژی چوونیان بۆ ئەو وڵاتە نەخۆش بوون، یان خۆیان بە نەخۆش كردووە! یانی تەنها لەبەر ڕیزیان بۆ مرۆڤایەتی ئەو مرۆڤانە خزمەتیان دەكەن، دەنا هیچ سوودێكیان لێ نابینن!

من لەو حوكمەتە بێ پارەیەی، كە ئەگەر گەندەڵی و تاڵان وبڕۆیی ساڵانیكی نەبوایە، ئێستا بەلایەنی كەم پاشەكەوتی سی ساڵی هەبوو بۆ ڕۆژێكی وا. من لەو سیستمە گەندەڵە چاوەڕوانی ئەوە ناكەم مرۆڤایەتیان تا ئەو سنوورە بڕ بكات، هەموو تاكێكی وڵات وا خزمەت بكات، بە تاكی سوودمەند و بێ سوودەوە! بەڵام بەلایەنی كەمەوە ئێوە خزمەتی

سوودمەندەکان بکەن، هیچیتر هەیبەتی پێشمەرگەکان مەشکێنن لەبەر چاوی دۆست و دوژمن! پێشمەرگە چۆن هەیبەتی دەمینیت وەك ئافرەتێکی لانە شێواو لەسەر تەلەفزیۆن بە بەرچاوی دەیان کچی جوانەوە بگرییێت لەبەر بێ مووچەیی؟!

دەڵێن پێشمەرگەکانی شێخی نەهری وبەدرخان و شێخ سەعید پێش چوونە شەڕ خۆیان زۆر جوان دەکرد، و قژ و سمێڵ و ڕیشیان چاك دەکرد، دەیانگووت ئەگەر شەهید بووین با کچی کورد بە دزێوی نەمانبینن! ئێستاش پێشمەرگە لەبەرچاوی کچی کورد و منداڵی کورد دەگرییێت لەبەر بێ دەرەتانی!

پێشمەرگە چۆن هەیبەتی دەمینیت وەك سواڵکەرێك بۆ قەرز کردن دەستی پان بکاتەوە تا بڕێك پارە وەرگرێت پێی بجیتەوە بەرەی شەڕ! پێشمەرگە چۆن هەیبەتی دەمینیت لەبەر بێ چارەسەری بگرییێت؟ پێشمەرگە چۆن هەیبەتی دەمینیت بڵێت من زیاتر لە داعش لە کرێچیەکەم دەترسم!!

پێویستە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیەکەی پڕۆژە یاسایەکی خیرا بە ناوی پڕۆژەی نیشتەجێ کردن یان هاوسینگی پێشمەرگە پێشکەش بکەن و تیایدا حوکمەت:

- کرێی خانووی هەموو پێشمەرگەیەك بگریتە ئەستۆ و مووچەی پێشمەرگە بە سواڵکردن و ەرزکردن و هەر شێوەیەك بێت بدرێت، لەوەتەی شەڕی داعش دەستپێکردوە.
- ئەو پێشمەرگەی خانووی کرێی نییە، پێویستە شارەوانی بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزانی خانوویان بۆ کرێ بۆ بدۆزێتەوە.
- مەسەلەی چارەسەرکردنی پێشمەرگە بە چاکترین چارەسەر بکرێتە ترۆپکی یەکەمەکان، هەرچەندە ئەوە بابەتێکی ترە دەکرێت لە پڕۆژە یاسایەکیتریش چارەسەر بکرێت.
- پڕۆژەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجیکردن بۆ پێشمەرگە خێرایی تێدا بکرێت، تا حکومەت ڕزگاری بێت لە کرێدان.

ئەگەرنا چاوەڕوانی ئەوە بکەن بەتەواوی هەیبەتی پێشمەرگە بشکێت، لە خەیاڵدانی خەڵك، و لەبەر چاوی نەوەی نوێ. پێشمەرگە پێویستی بە قسەی قەڵە و گۆرانی وسروودی زۆر وبۆر، و وتاردانی درێژ و خۆ سوورکردنەوەی بۆش نییە !پێشمەرگە پێویستی بە دووپاتکردنەوەی سەرۆکی هەرێم نییە لە هەموو بۆنەیەك، کە دەڵیت من پێشمەرگەم! سەرۆك با ببێتە

پێشمەرگەیەکی بێ پارە وموچە، و کرێچی و خێزانی پارەی کارتێکی کۆڕەك و ئاسیای نەبێت تەلەفۆن بۆ مێردەکەی بکات، ئەو کاتە دەزانێت ئەو پێشمەرگەیە یان نا !

بیر لە چارەنووسی خۆتان ناکەنەوە ڕۆژێك ئەو پێشمەرگە بێ موچە و بێ خانە ولانە وبی کەرامەت لێتان یاخی بێت لە ڕقی برسیبوونی منداڵ و ژنی؟! ناترسن لە کاردانەوەی دەرهەق بە سوکایەتیکردنی کرێچیەکانی و چوونە سەرماڵی لە کاتێکدا ئەو لەبەرە جەنگ دا بێت وبەرگری لە خاکێك بکات تێیدا کرێچی بێت و سەد مەتری چوارگۆشەی نەبێت بۆ خێزانی، لە کاتێکدا ملیۆنێك عەرەبی کۆنە بەعسی و داعشی لەسەر خاکەکەی بە ڕیزەوە بژین؟ !

٢٠١٥/٧/١

## سەرانی پارتی بەو ڕەفتارە توندوتیژانە

## گۆڕێکی گەورە بۆ خۆتان هەڵدەکەنن!

سوکایەتی بە مرۆڤی ناڕازی کردن لە دژیتاڵان و دزیو گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی خەڵك باجێکی قوڕسی هەیە، ئەو نەوەیەش باجەکەتان پێ نەدات، نەوەیەکیتر پێتانی دەدات.

ئێوە هێندە خەڵکتان لا سوك بوە سەرەڕای ئەو هەموو پڕ بوونەی خەڵك و هاندانەی خەڵکی هەولێر و دهۆك، کە دەڵێیت کۆریای باکورە، هێشتا دزێکی گەورەتان نایەتە سەر میدیا مژدەی موچەدانی خەڵك بدات! چونکە بڕیاری برسیکردن و سوککردنی خەڵکتان داوە.

ئێوە ئەگەر تۆزێك عەقڵتان هەبا وەك یەکێتی دەتانهێشت مەنجەڵی بوخاری خەڵك هەناسەیەك بدات و ڕێگاتان دەدا و هانی خەڵکتان دەدا بێنە سەرجادە کەمێك هاوارکەن و خۆیان خاڵی کەنەوە وەك سلێمانی بێ ئەوەی زیانی دۆلارێکی بۆ یەکێتی هەبێت!

نازانم ئەو هەموو ملیاراتە دزراوەی چۆتە گیرفانی ئێوە بەچی دەدەن، ئەگەر دوو ڕاوێژکاری سیاسی هەقیقیتان نەبێت ڕزگارتان کات لە چارەنووسی ڕەشتان، لە جیاتی لەشکرێك لە ماستاوچی وەك ئومێد خۆشناو و جەلال پەرێشان!

ئەو ڕۆژەی لێتان دەقەومێت لەبەرچاومە ڕەحم بە منداڵەکانیشتان ناکەن، وەك چۆن ئێوە ڕەحم بە منداڵە شیرە خۆرەکانی خەڵکیش ناکەن! خەڵك دەزانێت چ دڕندە و بێ بەهایەکن بۆیە نایەنە سەر شەقامەکان، خەڵ گەیشتوون بە قەناعەتی گیڤارا کە کاتێ هاوڕێیەکی لە سەردەمی زانکۆ پێی دەڵێت وەرە بۆ خۆپیشاندان، گیڤارا ڕژێمی ئەو کاتەی ئەرژەنتینی باش دەناسی، کە بێگومان لە پارتی خراپتر و دڕندەتر نەبوو، بە هاوڕێیەکەی دەڵێت: دەتەوێت بێمە خۆپیشاندان تا پیاوە خۆفرۆشەکانی ڕژێم بمدەنە بەر شەق و سوکایەتیم پێ بکەن؟!

ئەو کاتە دێم بۆ خۆپیشاندان کە وەك ئەوان چەکم پێ بێت وبیانکوژم وەك چۆن دەمانکوژن و سوکیان کەم! قوڕتان بەسەر ئەگەر گەنجانی وڵات گەیشتبن بەو قەناعەتەی گیڤارا، بەخوا ئەو شۆڕشە بە سەد کەسی دڵسۆز دەست پێ بکات، ملیۆنێکی گەندەڵ و دز و نامرۆڤی وەك ئێوە ڕادەماڵێ.

٢٠١٨/٩/٢٨

# پارتی لە دەوڵەتەوە بۆ دوو لەت!

کورە کاکە پارتی، گۆڕان ئەو کیشەیە وا بچووك مەکەنەوە، تێبگەن ئەو کێشەیە کێشەی پارتی و گۆڕان نییە !

ئەوە کێشەی جەماوەری کوردستان ودەسەڵاتە، لەناو ئەو دەسەلاتەش لە پارتی و یەکێتی و گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتوو پێك دێت. تووڕەیی جەماوەر بە پلە یەك دژی پارتییە و دوایێ یەکێتی ودوایی گۆڕانە تا دوایی، چونکە سەرۆک و سەرۆک وەزیران و بەشی هەرە گەورەی پارە وموقەدەراتی وڵات لەلای پارتییە.

پارتی وادەزانێت ئەگەر گۆران نەبا خەڵك هیچ شعوری نەبوو بەو هەموو گەندەڵی ودزی و تالانیەی کە دەیکەن! خەڵك هیچ شعوری نییە بەو سیاسەتە ناکوردیەی کە ڕوحی کوردی خستۆتە مەترسی. سیاسەتی پڕکردنی کوردستان لە عەرەب و گەمارۆدانی ڕۆژئاوا ودژایەتی خەباتی پ ك ك و هەتا هەدەپەش لە باکوور لەبەر خاتری ئەردۆگان وتورك، سەرباری ئەو هەمووەش فەشەلی گەورەی پارتی لە سیاسەتی نەوت و بودجە و کیشەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق.

باشە تۆ بودجەت بەبڕیندا بە پابەند نەبوونت بە مەرجەکانی حکومەتی عێراق، بۆچی بەو هەموو نەوتە بە ئاشکرا ودزی دەیفرۆشیت نەتوانی مووچەی خەڵکیش دابین بکەیت؟ ئەی ئێوە هۆکاری بڕینی ئەو بودجەیە نەبوون؟!

ئێوە نەبوون باسی دەوڵەت تان دەکرد تا دەوڵەت بووە دوو لەت؟! کێشەی ئێوەی پارتی لەگەڵ گەلە نەك گۆڕان، تێبگەن ئاڕاستەی کێشەکان مەگۆڕن!

گۆڕان ئێوەش نابێت وا ساویلکە بن بچنە ئەو دەورەوە کە پارتی بۆی کێشاون، دەبێت لە میدیاکانتان بڵێن، ئیمە خاوەن کێشەکە نین، ئەوە خەڵکە خاوەنی کێشەکەیە.

٢٠١٥/١٠/١٢

# دەبا ئێوەش تەوافوقی بن!

بەرلەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەست پێبکات، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار کەوتونەتە خۆ لەسەر بەرزترین ئاستدا ڕێکلامی هەڵبژاردن بۆ خۆیان دەکەن، خۆزگە شێوازی ڕێکلامەکەش پۆزەتیڤ بایە ولە سنوری ڕێکلامکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دەرنەچوبایە بۆ گومان خستنە سەر نەیاران ومیدیای ئازاد بە تاوانبارکردنیان بە بوونی دەستی دەرەکی لە پشتیانەوە!! بەڕاستی ئەو نەفەسەی دەزگا سیاسی ومیدیاکانی دوو حزبەکە هەڵمەتەکانیانن پێیەوە دەست پێکردوە ئاماژەیەکی پۆزەتیڤانە نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک وشەفاف وبآ دەستێوەردان.

هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە تەک ئەو تۆمەتبارادنەش باسی دەسکەوتەکانی خۆیان دەکەن لە بواری ئاوەدان کردنەوە وپرۆژە خزمەت گوزارییەکان، وخەڵکیچکی بێ ئاگا ونا پسپۆر دەدوێنن بۆ ئەوەی بکەوێتە ستایشکردنی ئەو دەسکەوتانە! ئەوەی پێویستە بگوترێ لەبارەی ئەو دەسکەوتانە ئەوەیە کە کەس ئینکاری ناکات لە هەندێک لەو کاروبارانە، بەڵام ئەگەر ئەو کار ودەسکەوتانە لە وڵاتێکی بێ دەرامەتی وەک ئەفغانستان و سۆماڵ ئەنجامدرابا، بە سواڵکردنی سەرۆکەکانی یان بە پارەی تلیاک فرۆشتن وچەتەگەرێتی دەریایی دەمانگوت: بڕوانن خەڵکینە ئەو سەرکردانەی ئێمە سواڵ دەکەن، وتلیاک دەفرۆشن وچەتەیی دەکەن لە پێناو ئاسودەیی میللەتەکەیان!!

بەڵام لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک عێراق وهەرێمێکی وەک کوردستان لە 17% بودجەکەی بۆ تەرخان بکرێت کە سەر لە 9 بۆ 13 ملیار دۆلار دەدات ولە بودجەی چەندین وڵاتی دونیا ودەوروبەر زیاترە، ئەوەندەی کراوە هیچ شتێکی وانییە لە چاوە ئەوەی کە دەکرا بکرێت.

هەرچەندە برادەران بێزار بوونە لە وشەی گەندەڵی، بەڵام دیسان دەڵێینەوە ئەگەر گەندەڵی وقۆرخکردنی سەروەت وسامان وکۆمیشینی کڕینی خەڵک وزیمەکان نەبوایە، ئەگەر بەهەدەردانی پارە وپولێکی زۆر نەبوایە لە کاروباری بێ سود وبەعسە و نێردە بێ خێرەکان، ئەوانەی بەس دەیان نێرنە دەرەوە بۆ پیاسەکردن وڕابواردن بە ناوی بەعسەی عیلمی!!

ئەگەر ئەو هەموو موچەیە نەدرابایە کەسانێک بە پلەی وەزیر، کە هەر وەزیریش نەبونە، ئەگەر ئەو هەموو پارەیە بە ناوی دیوەخانانە نەدرابایە، کە درێژەی موچەی جاشایەتییە، ئەگەر ئەو خەڵکەتان فێری کاری بندیوارانێ نەکردبا، دەبوایە کوردستان لە مڕۆ زیاتر بە چوار کەرەت پێشکەوتوتر بوایە! هێشتا دەیانەوێ خەڵک 100% دەنگیان بۆ بدات!

سەرۆکەکانی ئەو دوو حزبە، هەردەم داوای تەوافوق وحوکمی دیموکراتیەتی تەوافوقی دەکەن، لە سەرکردەکانی عەرەبی عێراق! ئەی باشە بۆ خۆیان تەوافوقی نابن لە ناو کوردستان؟! پێویستە بزانن خەڵکێکی زۆر هەرچەندە ئامارێک لە دەستدا نییە، بەڵام وەک چاودێریکی باری سیاسی، دەتوانین بڵێین ئەگەر خەڵکی نەیار بە سیاسەتی ئەو دوو حزبە دەنگ بدەن بە ئازادی دوور لە هیچ فشار وچاو سورکردنەوەیەک، ئەوا بەلایەنی کەم 50% ی دەسەڵاتی دوو حزبەکە کەمدەبێتەوە ئەوە ئەگەر زیاتریش نەبێت.

ئەگەر ئەو کارە ڕویدا، ئەگەر نەیارانی ئەوان یەک لە سێی دەنگەکانیشیان هێنا، ئەوە وەک کورسیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، کە سەرکردەکان داوای بەژداری وتەوافوقیان لێدەکەن، ئێمەش وەک نارازی بە سیاسەتەکانی ئەو دوو حزبە دەسەڵاتدارە داوای تەوافوقیان لێدەکەین، دەبێت هەموو هێزێکی پاک ووڵاتخواز بەژداری بکەن لە حوکم وهەڵسوڕاندنی کوردستاندا، هیچی تر کەس مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی کوردستان قبوڵ ناکات.

٢٠٠٩/٥/٩

# بەشی دووەم:

## گەندەڵی ئابووری

**گەندەڵی بەریتانیا وکوردستان**

**لە نێوان داوای لێبوردنی ئەوان وداوای بەڵگەی ئەوانی ئێمە!**

**لە گەندەڵی سەردەمی شێخ مەحمودەوە بۆ گەندەڵی سەردەمی بارزانی!**

**بودجەی فەزیحە بەرەکات**

**خەمی ساڵانەی قەسابخانەکەی بودجە!**

**ئاشتی هەورامی کوردستان لە بازاڕی نەخاسە هەڕاج دەکات!**

**گەندەڵی انعمت علیهم و گەندەڵی مغضوب علیهم!**

**سواڵی مەڵتی ملیاردێرەکان**

**دڵمانیش خۆشە گەیشتینە ڕێکەوتن!**

**کە دز دەبێتەماڵخۆ**

**خۆزگە ئەو دەسەڵاتە لە جیاتی ڕیفراندۆم چیرۆکی دانە غازی پێ دەگووتین!**

**خەڵك برسی کەن باش دەیچننەوە!**

# گەندەڵی بەریتانیا وکوردستان

## لە نێوان داوای لێبوردنی ئەوان وداوای بەڵگەی ئەوانی ئێمە!

گومانم نیە کە سکاندەڵی (ئابڕوچونی) دراوی بەریتانیا کە چەندین وەزیر وئەندام پەرلەمانی گرتەوە، ئاهێکی خۆشی بە دڵی هەموو گەندەڵچیەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم وکوردستانیش بە تایبەتی دا هێنا.

لەمەودوا گەندەڵچیە لۆکاڵەکانی خۆمان زیاتر دەکەونە خۆ بۆ زیاتر هەڵلوشینی سەروەت وسامانی خەڵک! بۆ وا نەکەن؟! ئەی ئەوە نیە ئەندام پەرلەمان ووەزیرەکانی دێرینترین دیموکراسی لە جیهاندا ئەو گەندەڵییە دەکەن؟! پەندی پێشینانیش دەڵێت: گەورە ئاو دەرژێنێ، بچوکیش پێی لێ دەخشێنێ! عەرەبیش دەڵێ: ئەگەر خاوەن ماڵ دمبکچی بوو، ئەوە ئەندامەکانی خێزانەکەی دەبنە سەماچی!!

بەڕاستی ئەو سکاندەڵە سەلماندنی، کە میدیای ئازاد تا چ ڕادەیەک توانای هەیە لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی وەک دەسەڵاتی چوارەم، کە لە کوردستان ئەو تەرتیبەش دەگۆڕێت، ئەگەر میدیای ئازاد دەسەڵاتی هەبێت، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی دوەم، بە ئیعتباری ئەوەی تەنها یەک دەسەڵاتی حزبی هەیە لە کوردستان ئەویش دەسەڵاتی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەیە!

ئەو سکاندەڵە لە ڕێگای ڕۆژنامەی (دەیلی تەلیگراف) ئاشکرا کرا، کاتێک ڕۆژنامەی ناوبراو وێنەی ئەو دۆکیومەنتانەی بڵاوکردەوە، کە تیایدا چەند پەرلەمانتار و وەزیرێک هەڵە خەرجیان کردوە، وفاتورە ووەسلی تایبەت وکەسێتیان بە پارەی حوکمەت داوە..

بێگومان تا ئێرە ڕاستە گەندەڵچیەکانی کوردستان لە بەراوردا چاکتر دەردەچن لە هاوڕێیە بەریتانیەکانیان، بۆ؟ چونکە ئەوانی خۆمان گەندەڵیان لە وڵاتێکی بێسەروبەر وساوا لە دیموکراسیدا کردوە، کەچی سیاسیە بەریتانیەکان گەندەڵیان لە نێو دێرینترین دیموکراسی لە جیهاندا کردوە!

بەڵام کە دێنە سەر ئەنجام وکاردانەوەکان، ئەوە خۆشی گەندەڵچیەکانی خۆمان دەبێتە هەڵم. چونکە هەرلەپاش سکاندەڵەکەی ئەوان، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گۆرد براون، ئەوە چەندەمین جارە داوای لێبورد دەکات لە گەل، وپەیمانی توندترین سزا دەدات بەوانەی بە هەر جۆرێک پارەی باجدەرانی بەریتانیایان خواردوە وگوتی: "پێویستە دەست بەجێ متمانەی گەل بە دەست بێنینەوە... داوای لێبوردن دەکەم لە جیاتی هەموو سیاسیەکان وهەموو حزبەکان لەوەی ڕویداوە لەو چەند ساڵەی ڕابردودا"

نەک هەر براون بەڵکو (دەیڤید کامیرۆنی) سەرۆکی حزبی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن حزبی کۆنسێرڤەتیڤ (موحافزین) یش داوای لێبوردنی کرد، وگوتی دەبێت هەموو ئەندامانی پەرلەمان داوای لێبوردن بکەن وسیستمەکەش بەتەواوی بگۆڕێت!! دەبێت هەموو ئەو پارەیە بە هەوەنتە وەرگیراوە، بدرێتەوە حکومەت، وئەوەشی سەرپێچی کرد لە لیژنەی پەرلەمانی حزب دەردەکرێت!! کار بەردەوامە لەسەر چاکردنەوەی زیانەکانی ئەو سکاندەڵە، هەرچەندە هەموو ئەو پارەیەی باسکراوە شتێکی وا دەرناچێت لە چاو گەندەڵی پشیلە قەڵەوەکانی کوردستان!

لە کوردستان پاش نزیکەی 18 ساڵ لە گەندەڵی وبێ سەروبەری وپاشا گەردانی دراوی وسامانی، پاش ئەوەی قەڵەمەکان ماندوو بوون لە نوسین ودەنگەکان خامۆش بوون لە زۆری گوتن وگوتنەوە، دەربارەی ئەو دیاردەیە ترسناکەی گەندەڵ،ی کە بۆی هەیە گەورەترین درز بخاتە نێوان دەسەڵات وخەڵک وهەستی ئینتیما بوونیش لاواز بکات لای تاکی کورد، کەچی تازە بەتازە سەرکردەکانی هەرێم داوای بەڵگە دەکەن لەسەر گەندەڵی!!!!

سەیرە ئەگەر خۆر بەسەر سەرتەوە بێت، داوای بەڵگە بکەیت لەسەر بوونی خۆر! کەس دەتوانێ داوای بەڵگە بکات لەسەر بوونی هەولێر؟! بوونی گەندەڵی ونقوم بوون لەناو زەلکاوەکانی، بەقەد بوونی هەولێر ئاشکرایەو وبەڵگە نەویستە. لە جیاتی ئەوەی پاش 18 ساڵ دەست بەکار بن بۆ چارەسەرکردنی وەک بەریتانیەکان، کە دوای ڕۆژێک هەموو دەزگاکانی دەوڵەتیان لە ئامادە باشی داناوە بۆ چارەسەرکردنی هەر کەلەبەرێک، لە یاسای بەریتانی بۆ نەهێشتن وڕێگرتن لە گەندەڵی، لە جیاتی ئەوە داوای بەڵگە دەکەن لەسەر گەندەڵی!! بەڵگەکان لەسەر زەوین هێندە زۆرن بۆ ئەوەی چاوی ببینێت، خەڵکی لەبەر زۆری بەڵگەکان ساتمەیان پێدەکەن.

٢٠٠٩/٥/٢٣

## لە گەندەڵی سەردەمی شێخ مەحمودەوە

## بۆ گەندەڵی سەردەمی بارزانی!

لەوە دەچێت لە مێژە خۆمان باش نەناسین، لەبەر هەندێ سیفەتی باش، سیفەت و شتە خراپەکانی خۆمان نەزانیبێت. یەك لەو شتانەی کە نەماندەزانی ئەوەیە، کە ئێمەی کورد هەمیشە گەندەڵی بەبەرچاومانەوە کراوە لەلایەن سەرۆك و سەرکردەکان، هەمیشەش یان ئەوەتا قەت دەنگیشمان نەکردوە، یانیش دەنگیشمان کردبێت هەر بۆیان چۆتە سەر، تا ڕادەی ئەوەی هەندێ لەو سەرۆك و سەرکردانە بۆنەتە ئایکۆنێکی مێژوویی پیرۆز و موقەدەس، هیچ کەس شتێکی ئەوتۆ لەبارەی دیوەکەی تری گەندەڵی و خیانەتەکانی نازانێت دەرهەق بە گەل.

من هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەو هەموو گەندەڵەی کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەیکەن، کە بڕستی لە خەڵك بڕیوە، بێ ڕەگی مێژوویی بێت، ڕاستە سەرکردەی باش و خاکیش هەشبوون، بەڵام نازانم ئەوانیش هیچیان لە دەستدا نەبوو، یان پارە نەبوو و کات لەبار نەبوو بۆ گەندەڵی بۆیە نەیانکردوە، یان هەر خۆیان مرۆڤگەلی چاك بوون!

من زۆرم لە کەسە زیندوەکان گوێ لێ بووە دەربارەی ئەو گەندەڵییەی کە هەبوو لە شۆڕشی ساڵی 1974، سەرەڕای داوێن پیسی بەرپرسان بەرامبەر ژنانی کوردی ئاوارە و دەیان کاری بۆگەنتر. بەس دیارە دەرامەتەکە ناکاتە 1٪ ئەوەی ئەمڕۆ، بۆیە هەر کەس بە کتێبێکیش بەلایدا نەچووە، مەگەر وەك خاڵێك لە کتێبێکدا بە خێرایی باس کرابێت!

دەزانن ئەو شێخ مەحمودەی کە بۆتە ئەو کاریزمایە مێژووییە، دەڵێن لەسەردەمی ئەو دەیان کاری گەندەڵی ڕوویداوە، بە عیلم و ئاگاداری خۆی، هەندێکیان بە دەستی خۆشی! پێش ماوەیەك وتارێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەری فەرهاد پیربالم دی دەربارەی گەندەڵیەکی گەورەی سەردەمی شێخ، کە گوزارش دەکات لەو دەروون نزمییەی کە بەرپرسانی کورد تیایدان، بەڵکو تاکی کوردیش.

ئەوە هەمان ئەو دەروونزمیەیە، کە مرۆڤێك هاندەدات لە ئەوروپاوە بژیت ژیانی هەموو دابین بێت، کەچی بۆ مووچەیەکی گەندەڵی جڕت و فرتی بێت لە نێوان ئەوروپا و کوردستان لە پێناو مووچەیەکی گەندەڵی!

وتارەکەی پیربال باسی شتێك دەکات کە پێیان گووتوە [فەقیرانە] لە سەردەمی شێخ مەحمود وەك مووچەیەکی هەژاران بڕاوەتەوە، گوایە بۆ ئەو خەڵکە هەژارەی کە بژێوی ژیانیان خراپ بووە! بەڵام وەك پیربال دەڵێت:

" لەناو رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموود، لەناو لیستی ئەوانەی "فەقیرانە"یان لە بەلەدییەی سلێمانی وەرگرتووە، ناوی دەیان بەگ و ئاغا و شێخ و بەگزادەی – بۆ نموونە وەك "ئەحمەد بەگی شەوکەت بەگ، شێخ حەمەومین ئاغا و فلآن ئاغای ناودار و بەگزادەی شێخ فلآن بەگ "دەبینیت، وەك (سوالّکەر!) ناویان لە رۆژنامەکەی شێخ مەحموودا تۆمار کراون، """فەقیرانە- سۆسیال"یان لە حکوومەتی مەلیك مەحموود وەرگرتووە!

لە هەمووی ناخۆشتر وتارەکە دەڵێت : دوو مەلای ناوداریشیان تێدایە کە هەمان فەقیرانەیان وەرگرتووە و ناویان نووسراوە!

باشە ماقوڵە ئەگەر دەروون نزمی نەبیت، ناو لە خۆت بنێی ئاغا و شێخ و بەگ و بەگزادە، کە ئەو ڕۆژگارە سەرتۆپی کۆمەڵگا بوون، هەمووی دەرەبەگ و خاوەن خاك و گوند و زەوی، کەچی بچیت ناوت لە لیستی فەقیرانە تۆمار بکەیت، تا بەشی فەقیرەکانیش بخۆیت؟!

بەخوای مرۆڤی فەقیریش پێی ناخۆشە مووچەیەك وەرگرێت بەناوی فەقیرانە، ئەگەر ناچار نەبێت، ئەخر شێخ و بەگ و ئاغای ترزل چۆن شەرمیان نەکردوە "ناویان لە ڕۆژنامەی "ژیانەوە و ژیان"دا تۆمار کراوە، خەڵکی وای تێدایە کە ئەولادە ملیۆنێرەکانی ئەمڕۆ، روبعێکی سلێمانی بەناوی ئەوانە! هەر لەبەر هەمان هۆکاریش، نەمویست ناوەکانیان لێرەدا بڵاو بکەمەوە وەك بەڵگە."

ڕاستە کاوە حەفید وەڵامی دایەوە بەڵام چ وەڵامێك، گوایە بە پاڵنەری حزبایەتی و پارتی ئەو سوکایەتیە دەکرێت بە شێخ مەحمود، دەڵێت: ئەو بەگ و ئاغا و شێخانە مەرج نییە هەژار نەبووبن! یانی شێخ و بەگ و ئاغای تۆزوبا بوونە! ناڵێت چۆن شێخ محمود ڕازی بووە لە ڕۆژنامەکانی ناوی ئەو هەموو بەگ و ئاغا و برسی بەگانە ببینێت، لە لیستی فەقیرانە و چاوپۆشی لێ بکات، دەیەوێت کێشەکە بگەڕێنێتەوە بۆ کێشەی یەکێتی و پارتی.

من هەقم نییە پیرباڵ ئەو کارەی بۆ کێ و بە پاڵنەر چی کردوە، لەوەش ناچێت بەو پاڵنەرە کردبێتی، چونکە ڕەخنە لە گەندەڵی ئێستاش دەگرێت لە وتارەکە. گرنگ ئەوەیە لیستەکان و سەرچاوەکان هەن، دەیسەلمێنن کەسایەتی کوردی لە لوتکەوە وا سووك و چروك بوون هەمیشە، بۆیە ئەمڕۆ سەرکردەکانمان ئامادەن کورد لە برسان بکوژن و ڕیسواکەن، نەك دەست لە دزی و تەماعی بێ بڕوانەوە و چڵێسی هەڵگرن، دەستی ئەو مللەتە بگرن بیانبەنە ناو کۆڕی میللەتانەوە. دزی و تاڵانمان مەکەن دەوڵەتی کوردیمان لێتان ناوێت بەو برسێتییە و دەروون تێکشکاویە، دزی و تاڵانی خەڵك مەکەن، کەس نایەوێت ئاڵایان بۆ هەڵکەن ئەو چرە مەعاشەی بەغداشیان لێ ببڕن!

سەرچاوەی وتارەکە و وەڵامەکەی شێخ کاوە حەفید ـ ئاوێنە ٢٠١٧/٣/٢٨

# بودجەی فەزیحە بەرەکات

فەزیحە بەرەکات ناوی ئافرەتێکی پڕ لە فەزیحەت بوو لە شانۆگەریەکی غەوار، ئەو فەزایحانەی لەسەر بودجە پەردەیان لەسەر لادرا بە دەستی پەرلەمانتارانی دڵسۆزی کوردستان، بەزەروورەت ناوی ئەو ئافرەتە بێ ئابڕوەی واتە (فەزیحە بەرەکات) ی بیرهێنامەوە. ئەو فەزیحە بەرەکاتە نەشەرمی لە هیچ دەکرد ونەسڵی لە کەس دەکرد، ئەگەر ڕۆژانە دەرزەنێک فەزیحەی هەبا هەرگوێشی پێ نەدەدا وەک ئەوە بوو نەبای دیبێت نەبۆران!!

بەڕاستی کارەساتە بۆ کورد، ئەو حوکمەتەی نوێنەری دەکات، هەنگاو بنێت بە خێرایی موشەک بەرەو ئاستی نزمی فەزیحە بەرەکات، هەر چی ڕودەدات گوێی پێ نەدات، هەر خیانەتێک ئاشکرا بێت لێی نەپێچرێتەوە، هەر هەڵەیەکی کوشندە ڕوبدات ڕاست نەکرێتەوە، وهەتا پاساویشی بۆ بهێندرێتەوە!

هەر هەفتەی ڕابڕدوو کە هێشتا ئابڕوچونە شاباشەکەی DNO لە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا لەبیر نەچوبوەوە کەچی دیسان میدیای بەریتانی (Sunday Times) باسی قازانجکردنی 13 ملیۆن باوەند دەکات لەلایەن قارەمانی پێش پەردەی سکانداڵەکان (ئاشتی هەورامی) !!

ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان بە تایبەتی، وپەرلەمانتارانی یەکگرتوو وکۆمەڵ و کەسانی تریش بەگشتی نواندیان، لە هەمبەر تێپەڕاندنی بودجەیەکی تەمومژاوی وپڕ لە بێویژدانی وئابڕوچوون وبەهەوەنتە خواردنی مافی خەڵک، جێگای دڵخۆشی هەموو کوردێکی دڵسۆز بوو بۆ ئەو نیشتمانە. بەڕاستی ئێمە ناتوانین هەتا تەسەوری بکەین کە کەسانێک ئیدیعای کوردایەتی ودڵسۆزی دەکەن بەو شێوەیە مافیا ئاسایی وبێویژدانییە بکەونە گیانی پارە وسامانی خەڵک.

بەپێی لێدوانی پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن، سەدان ملیۆن بۆ پڕۆژەی تەواوکراو وپڕۆژەی حزبی تایبەتی وپڕۆژەی کەرتی تایبەت هەڵسوڕێندراو لەلایەن حزبی باڵادەست وپڕۆژەی وەهمی و شوێنی وەهمی، وموچەی کەرتی تایبەت و بۆ چەندین شتی تر تەرخان کراوە، هێشتا کات ماوە بەر بەو فەزیحەتە بگیرێ، بەڕاستی ئەو بێویژدانیەی لە داڕێژەری ئەو بودجەیە دەردەکەوێت بێویژدانیەکە باوەڕ ناکەم حکومەتی ئیسرائیلیش بەرامبەر گەلی عەرەبی فەلەستینی بیکات!!

بەڕاستی ئەو دەسەڵاتەی بیەوێت یەکڕیزی میللەتی خۆی بپارێزێت وبەهێز بێت لە بەرامبەر نەیارانی ئەو ئەزموونە نابێت بەو شێوەیە ڕەفتار بکات. ئەو دەسەڵاتەی بیەوێت وێنەی خۆی لە شێواندن بپارێزێت لە دەرەوە نابێت بەو عەقڵیەتە مافیاوییە بیرکاتەوە. هیوادارم ئەو دەسەڵاتە بەدەردی فەزیحە بەرەکات نەچێت!

٢٠١٠/٣/٣

# خەمی ساڵانەی قەسابخانەکەی بودجە!

**کۆمەڵگای مێگەل، زوو یا درەنگ حکومەتێک لە گورگ حوکمی دەکات".**
**برتراند دی ژوڤنیل، فەیلەسوف وئابوری زانی فەرەنسی**

سەرەڕای خەمی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان، بۆ کارەبا و ئاو وبەنزین وکەل وپەلی ئێکسپایەر ودەرمانی ئێکسپایەر وقۆڵبڕینی دکتۆرە ناچیزەکان وستەمی بەرپرسەکان ومونافەسە تافیهەکان، لەسەر جوانترین سەیارە وخانوو وناوماڵ و هەر رۆژەی لەبەرکردنی جل وبەرگی نوێ بۆ خانمان بە شێوەیەکی تایبەتی، زۆر شتی ساڵانەش هەیە خەڵک قەڵس دەکات وناچاری دەکات خەمێکی لێ بخوات.

بۆ نموونە لە کوردستان، خەمی زستان ونەوت وغاز وکارەبا دەستەبەربوون لەو وەرزە سارد وبەستەڵەکەدا، خەمی دامەزران بۆ ئەوانەی لەماڵەوە دانیشتوون، وخەمی دروستکردنی خێزان، بۆ ئەو گەنجانەی بێکار وبێ پارەن وچەندین خەمی تر.
ژیان لە هەندەرانیشدا مرۆڤ توشی خەمی ساڵانەی تر دەکات، بۆ نموونە ساڵانە دەبێت ئوتومبیلەکەت ئینشوور کەیت [تأمین] کە زۆربەی جار ساڵ بە ساڵ نرخی گرانتر دەبێت، بەڵکو زۆربەی جا نرخی لە خودی ئوتومبێلەکەت زیاتر دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر چەند غەلەتێکت هەبوو وچەند خاڵێك لەسەر مۆڵەتەکەت هەبوو. خەمی [ mot ئێم ئۆ تی] پشکنینی ساڵانەی ئوتومبیلەکەت ومۆڵەتی ڕۆیشتن بەسەر ڕێگا، وبان ومۆڵەتی وەستاندن لە گەڕەکەکەت وچەندین خەمی تر.

بەڵام مرۆڤی هەستیاری کورد لە ناوەوە ودەرەوە، بۆیەش دەڵێم هەستیار چونکە بەداخەوە خەڵکێکی زۆر هەن بە بەرماوەی بەرماوەیش ڕازین، بەو پەڕی ئاسودەییەوە بەرماوەکە لوش دەن! بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو بێدەنگیە سەرتاسەریەیە لە ئاست ئاشکرا کردنی ئەو هەموو ژمارە تراژیکۆمێدیایەی بودجە کە بە هەدەر دەدرێت ودەدزرێت، بەبەرچاوی هەموان بەبێ ئەوەی دەسەڵات شەرمێک دای گرێت، وبێ دەسەڵاتیش فزەی لێوە بێت.!

**لە چوارچێوەی ئەو هەوالانە و زنجیرە راپۆرتانەی ژوری لێکۆڵینەوەی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی کەموکورییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی خەمڵێنراوی ئەمساڵی هەرێم ٢٠١٣ کە برەکەی بریتییە لە ١٥ تریلیۆنو ٢٥٧ ملیارو ٨٤٩ ملیۆن دینار. ئامادەی دەکات،دا هاتووە:**

٣ هەزارو ٦٠٠ دەفتەر بۆ کڕینی ئەساس، ١٦ ملیار دینار بۆ ئەساسی دارو ١٥ملیار بۆ ئەساسی مەعدەنی، ١١ ملیار بۆ ئەساسی دیکە.
"٤هەزارو ٢٠٠ دەفتەر بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل، بۆ دەرماڵەو خەرجییەکانی گەشتکردن 30 ملیارو 889 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئایا بەرهەمی ئەم گەشتو وەفدانە چی بون لە رابردودا، سودەکەیان بە ئەندازەی پارەی تەرخانکراو دەبێت؟

500 "دەفتەر بۆ ئاهەنگ و ڕابواردنی فەرمی (الترفيه الرسمی)، لەشەش مانگی یەکەمی پارساڵدا 10 ملیارو 2 ملیۆن دینار خەرجکراوە و وەك ئەوەی حکومەت بڕیاریدابێت بۆ ساڵی 2013 رابواردنەکانی زیادبکات بڕی 28 ملیارو 382 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکردوە و بەم شێوە دابەشکراوە".

663"دەفتەر دۆلار بۆ کۆڕو کۆبونەوەکانی حکومەتی هەرێم تەرخاندەکریت"
"حکومەت (10) کارگەی هەیە، شەشیان لە کارکەتووەو چواریان کاردەکاتو خەرجییەکانیان 10 ئەوەندەی داهاتەکەیەتیو لە ئێستاشدا هیچ پلانێکی نییە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم کارگانە، بەڵام ساڵانەو بەشێوەی جیاواز پارە نۆژەنکردنەوەی کارگە تەرخاندەکرێتو هیچ بەرهەمیش دیارنییە... ئەم ساڵ بڕی 4ملیارو 253 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئەم کارگانە کامانەن؟ بەرهەمەکانیان کوا؟"

نەک هێندە بەڵکو ئەو دوو فرۆکەخانە گەورەیەی هەولێر وسلێمانی مشە خۆرە لەسەر بودجە وهیچ داهاتێکی وای دیار نییە، وەك بڵێی دەزگایەکی خێرخوازیە وبەس!
"دەسەڵاتی دادورەی داوای پارە بۆ کرێی ئاوەرۆو بەکرێگرتنی ئامێری پەیوەندیکردنو ئاهەنگ دەکات...
دەسەڵاتی دادوەری داوای 40 ملیۆن دیناری کردووە بۆ کریی ئاوەرۆ، وەزارەتی دارایی وتوویەتی ئاوەڕۆ کرێی نییەو هیچی بۆ تەرخاننەکردووە.

ئەگەر دادگاو دەسەڵاتی دادوەری نەزانێیت ئاوەڕۆ کرێی هەیە یان نییەتی و خەریکی ئاهەنگ بیت. چی لێ چاوەرێ دەکرێت".
"حکومەت 4 ملیۆن رۆژنامە دەکڕیت کام رۆژنامانەن؟ بۆ ئیشتیراکی رۆژنامە، لە ساڵی 2012دا (یەك ملیارو 675 ملیۆن) دینار تەرخانکرا، بەڵام لە ئەم ساڵدا بەبێ هۆکار بە ئەندازەیەکی بەرچاو زیادیکردوە بۆ 2 ملیارو 430 ملیۆن دینار"
خوێنەرێك دەڵێت: هەقی خۆیانە ئاهەنگ وسەما بکەن بەو هەموو پارەیە ئەگینا دڵیان شەق دەبات!

"لەبودجەی ئەمساڵدا موچەو پاداشتی خانەنشینی سەربازی 12 ئەوەندەی خانەنشینی مەدەنی بۆ تەر خانکراوە لەکاتێکدا ئەو کەسانەی کە لە دەزگا مەدەنییەکاندا کاردەکەن زۆر زیاترن لە ئەو کەسانەی لە دەزگا سەربازییەکاندا کاردەکەن .”

ئەو چ لە شکرێکە لەشکری ڕایخی گێرمانی مەزنە ئەو هەموو ژەنەڕاڵ وکۆلۆنێلەی خانەنشینەی هەیە؟!!

لە هەمووی خۆشتر بەزمی گەڵابەکانی پەرلەمانە، کە لە ماوەی دوو ساڵە پەرلەمان بڕی (600) ملیۆن دینار بۆ چاکردنەوەی گەڵابە خراپبووەکانی پەرلەمان تەرخاندەکات، نەمانزانیوە پەرلەمان ناوچەی پیشەسازیشی هەیە، بۆ چاککردنوەی هەزاران گەڵابە، هەرچەندە برادەرێکی شەریکە بەش لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆن گووتی: کە ئەو گەڵابەیەکی دیوە لەناو پەرلەمان!! لەوانەیە هەر بۆ ئەوەی شایەدی ئەو برادەرەیان بە درۆ نەچێ بۆیە گەڵابەیەکیان بۆ هێنابێتە ناو پەرلەمانەوە.

باسی چی وچی وچیترتان بۆ بکەین، قەسابخانەی ساڵانەی بودجەش، بۆتە خەمێکی سەربار بۆ سەر خەمی ساڵانەمان خۆزگە وەک هەڵبژاردنە ساختەکان، چوار ساڵ جارێك دەبوو تا هەر نەبا ساڵانە تووشی هەژانی ئیمان وباوەڕ ومتمانە نە دەبووین بە خۆمان ومیللەتەکەمان ودەسەڵاتە سوپەر گەندەڵەکەمان.

## چەند پێشنیارێك بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو

لە ئیلهامی گەڵابەکانی پەرلەمان، و کرێی ئاوەرۆی وەزارەتی داد، و ڕابواردنی فەرمی و خەرجییەکانی دیکە وکارگە ڕاوەستاو وداخراوەکاندا، ئەو خاڵانەش پێشنیار دەکەین بۆ ئەو دەسەڵاتە تا تاڵان ودزیەکان شەرعیەتێکی زیاتری پێوە دیار بێت:

بڕە بودجەیەك بۆ کرینی یاری ولەعابە بۆ منداڵەکانی دەسەڵاتداران بە وەزیر وگزیر وفەرمانبەرانەوە تا بتوانن خزمەتی میللەتەکەمان بکەن بەبێ هەراوهۆریای منداڵان!
بڕە بودجەیەك بۆ کرینی میکیاژ وئارایشت وسوبغی ڕەنگردنەوەی قژ وسمێڵ ونەشتەرگەری جوانکار بۆ پیاوانی دەسەڵاتدار، تا خۆیان وژن ومنداڵەکانیان جوان دەرکەون، لە کاتی سەردانی سیاسەتمەدارەکانی خۆرئاوا، یان هەتا ئەکتەرەکانی وەک ئەنجلینا جۆلی کە وتی لەبەر وێنە گرتن لەگەڵ مەسئولان نەپەرژام کارێك بکەم لە کوردستان.

بڕە بودجەیەکی ئاشکرا بۆ کرینی ویژدانی سیاسی ونوسەر ومەلا وبیرمەندانی کوردستان ودەرەوە، چونکە ئەو پارەیە هەر سەرف دەکرێت، بەڵام بۆ لە کیسەی دەسەڵاتداران دەرچێت خۆ هەتیو بەخێو ناکەن! دەتوانن بۆ زیاتر شەرعیەت پێدانی ناوی بنێن بودجەی [مؤلفة قلوبهم] دڵ نەرم کردوەکان!
بڕە بودجەیەك بۆ کرینی پایسکیل بۆ پیاوانی دەسەڵات، وهیزی حیمایە وفەرمانبەران وسکرتێرە قەڵەوەکان بۆ لەش ساغی وپاراستنی ژینگە، لەو هەموو ئوتۆمبیلەی کە بە دوایان دەکەوێت.

کورە چوزانم پێشنیاری داهێنەرانە زۆرە بەڵام باوەڕ ناکەم گەورەترین بیرمەند وداهێنەر بەقەد داهێنەرانی موفرەداتی بودجەی پەرلەمان داهێنەر بن لە خولقاندنی کونیلکە ڕەشە گەردوونیەکان Black holes کە هەموو شتێ لووش دەدەن، بۆ لوشدانی بودجە...
ئەوەی کۆمێنتەکان بخوێنێتەوە لەژێر هەواڵەکانی قەسابخانەی بودجەدا، دەزانێت ئەو میللەتە گەیشتۆتە چ ڕادەیەك لە بێزاری ونا ئومێدی وعەبەسیەت وبێ ئومێدی ودەسەوسان، بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە تاڵانکەرە!

لەژێر بابەتێکی پەیوەند بە بودجەی تاڵانکراودا کۆمێنتێك زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە نوسیبووی :تکایە موراعاتی باری دەروونی خەلکیش بکەن لە نیشاندانی ئەو هەموو تاڵان ودزییە!! کەس نییە ئەو هەموو ژمارە گەورانەی تاڵان ودزی نەبینێت وباری دەروونی تێك نەچێت، دەبێت ڕۆژێك بێت بودجە لە نێو لیستی خەمیساڵانەمان دەرچێت؟!! لەوە ناچێت.

٢٠١٣/١/٢٨

# ئاشتی هەورامی

## کوردستان لە بازاڕی نەخاسە هەڕاج دەکات!

لێدوانەکانی ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو سنورێک دەبەزێنێت. ئێمە نازانین ئاشتی هەورامی چرای سەوزی لە کێ وەرگرتوە بۆ ئەو هەموو لێدوانە وروژێنەر وئیستفزازیانەی، بەڵام دڵنیاین کە لێدوانەکان تۆزقاڵێک حیکمەتی تێدا نیە.

دواترین لێدوانەکانی ئاشتی هەورامی، وەک بۆمبا بەناو میدیای عەرەبی وجیهانی تەقییەوە، کاتێ جاڕی دۆزینەوەی سێ کێڵگەی نوێی نەوتی دا، کە بە مەزەندەی خۆی ساڵانە بڕی 35 ملیار دۆلار بەرهەم دێنێ، وئیحتیاتی یەکەی دەگاتە دوو بلیۆن بەرمیل!!

ئێمەی کورد لەوەتی هەین چاومان بڕیوەتە نەوتی کەرکوک، کەوابزانم تا چک نەکات تەسلیم بە ئێمەی ناکەنەوە! لە جیاتی تەرکیز کردن لەسەر کەرکوک، هەر بۆ نمایشی ماسولکە بەهێزەکانمان، ڕۆژانە ئاشتی هەورامی باس لە دۆزینەوەی گەورە وسەیر وسەمەرە دەکات لە بواری نەوتدا.

هەموو کەس دەزانێ کە زەوتکەر، ئەگەر هەستی کرد ئەوەی زەوتی کردوە مەسەلەی ژیان ومەرگ نیە، خاوە خاو زیاتر دەکات لە گەڕاندنەوەی ئەوەی زەوتی کردوە. ئەگەر ئیکتشافاتەکانی ئاشتی هەورامی وکۆمپانیا سەرمایەدارەکانی هێندە گەورە وزەبەلاحن، ئەی دەبێت بۆ کورد هەموو جارێ بەختی خۆی بسوتێنێ لە پێناو کەرکوک؟!

ئێمە خۆمان دەخەڵەتێنین، ئەگەر بڵێین پێداگیری ئێمە بۆ کەرکوک لەبەر نەوتەکەی نیە! چونکە ئەگەر کەرکوک وخەڵکەکەی هێندە گرنگ بان، بەو شێوەیە بێ بایەخ نەدەکران، لە ژێر دەوارە شڕەکانیان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا ڕادەی ئەوەی خەریکە ئەوەی گەڕاوەتەوە کەرکوک لە پاش ڕوخانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕ، هەمووی سەرلەنوێ بە پێچەوانەوە بگەڕێنەوە بەرەو شارەکانی هەولێر وسولەیمانی ودهۆک!

سادەترین چەکی سروشتی بەرگری دەڵێت: لەکاتی بوونی ترسناکی لە شوێنێک نا بێت تۆ پیاوخراپان بە خۆت (ئیغرا) تاوگیر کەیت، ئەگەر دزو جەردە هەبوون لە دەوروبەرت ئایە ماقوڵە تۆ پارەو پولت لە عەلاگەیەکی دیودەر هەڵگریت وبچیت بە ڕێوە؟! یان ئەگەر

خەڵکێکی داوێن پیس وشەلاتی لە دەوروبەرت بوون ماقوڵە کچێکی جوانی خۆت برازێنیتەوە وبەتەنیا بینێریتە دەرەوە لەو دەروبەرە لە شەودا؟! بێگومان نەخێر ماقوڵ نیە. بەڵام ئاشتی هەورامی وسیاسەتمەدارانی تر هەمان هەڵە دەکەن.

- کوردستان چاردەورەی تەنراوە بە وڵاتانی دژی کورد (دز وداوێن پیس لە نمونەکاندا) کەچی ڕۆژانە ئاشتی هەورامی، باس لە سامانە خەیالیەکان وژمارە فەلەکیەکانی قازانجی نەوتی کورد دەکات، تا زیاتر بتۆقێن وزیاتر دژایەتەیەکەیان خەستر کەنەوە.

- هێشتا کێشەی کەرکوک چارەسەر نەکراوە، کەچی کێشەی گرێبەستە نەوتیەکان هاتۆتە پێشەوە، لەسەر حیسابی کێشەی کەرکوک، کە هەموو کەس دەزانێت زیاتر لە کێشەی کەرکوک دەوروژێنرێت!

- هێشتا یاسای نەوت دەرنەچوە، کەچی هێندە گرێبەس ئیمزاکراوە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، کە لەوانەیە دەوڵەتەکانی تر بە چەندین ساڵ ئەوەندە گرێبەسە ئیمزا نەکەن! ئەوە باسی مەرجەکانی ئەو گرێبەسان ناکەین کە دەڵێن هەندێکیان زۆر موجحیفە بە هەقی ئێمە لە کوردستان وعێراقدا.

- هەتا ئەگەر نەوتیشت بەرهەم هێنا، ئەوە بە کوێ ڕەوانەی دەرەوەی دەکەیت؟ بەو وڵاتە (دۆستانەی) دەوروبەرمان؟ یان بە ئاسمانەوە کە تەکلیفەکەی گرانتر دەوەستێت.

- بەڕاستی کارەکانی ئاشتی هەورامی لە سیاسەتمەدارێکی کورد ناچێت، زیاتر لە کاری سەرمایەدارێکی ڕۆژئاوایی دەچێت، کە لە قازانج زیاتر هیچ خەمی تری نەبێت، ئینجا با خەڵکەکە بکەونە مەترسیەوە، وژینگە وێران ببێت، ئاو پیس ببێت وگیانلەبەرەکانی وشکایی وئاوی بمرێت.

بەڕاستی پێویستە سنورێک بۆ لێدوان وکارەکانی ئاشتی هەورامی دابنرێت، تا بە دەردی (نەخواردی لە سمێڵان مەیی) نەچین!

٢٠٠٨/٥/٢٥

# گەندەڵی انعمت علیهم و گەندەڵی مغضوب علیهم!

هەواڵی گرتن ودەست بەسەر کردنی قایمقامی سلێمانی، زانا محەمەد ساڵح بە هۆی گەندەڵی و "بەرتیل وەرگرتن" دوا نەکتەی دەسەڵاتی کوردی بوو لە قەڵەمڕەوی سلێمانیدا. لەناو جەنگڵستانی گەندەڵیەوە لە نوکتەش سەیرترە کە یەکێک بەناوی گەندەڵی بگیرێت وپەڕوباڵی بکرێت، هەواڵەکە لەوە دەچێت کە یاریزانێکی تۆپی پێ فاوڵی لێبگیرێت چونکە بەپێ شوتی لە تۆپەکە هەڵدا بێت !چونکە هەموو دەزانین خۆی یاری تۆپی پێیە بۆ دەبێت تەنها یەکێك سزا بدرێت لەسەر بەکارهێنانی قاچی لە یاریەکەدا لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی ناو یاریگایەکە قاچیان بەکار دەهێنن وەک ئەو!

ئەوە خەبەر نییە بڵێی شێرێک لە جەنگڵدا ئاسکێکی ڕاوکرد ولەسەر گۆشتی ئاژەڵە بەستەزمانەکانەوە دەژێت، ئەوە کاتێك دەبێتە خەبەر ئەگەر بڵێیت شێرێك ڕوەکییە وبەپێچەوانەی هاوڕەگەزەکانی هەرگیز بەلای گۆشتی حەرامی ئاژەڵە بەستەزمانەکانەوە دا ناچێت.
گەندەڵی نەك مایەی شەرمەزاری نییە لەو جەنگڵستانەی گەندەڵیدا، وبەڵکو بە دانپێداهێنانی سەرۆکەکانمان بۆتە کلتور و فۆلکلۆر!! کوڕ ئەو کوڕەیە تا بۆی بکرێت هەلەکان بقۆزێتەوە وتا دەتوانی پارە ومولکی گەندەڵی بۆ خۆی گلداتەوە... نەک گەندەڵی ڕێگە پێدراوە لە سایەی ئەو کلتورە گەندەڵەدا، بەڵکو فایلداری بەعسیش بە هەر ئاساییە، مادام مل کەچ وپەیوەستی بە حزبایەتی وسەرۆکایەتی حزبەکەت..!

کورە سەرۆک جاشیش بویت هەر ئاساییە، با بەژداریت کردبێت لە ئەنفالکردنی خەڵکیش هەر ئاسایی یە، ئەوەندەت بەسە دڵسۆزبیت بۆ حزبەکان وسەرکردە قارەمانەکان، گرنگ ئەوەیە ئەگەر حزب شەڕی کرد ئامادە بیت ئەنفال بۆ ئەویش بکەیت!

با ئەمن وڕاپۆرت نووسی ڕژێمی بەعسی پێشوش بیت، وچەندین کەست گەیاندبێتە پەتی قەنارەش، گرنگ ئەوەیە ڕاپۆرتەکانی ئێستات لەبەرژەوەندی باڵای حزب ودەسەڵاتدا بێت!!
هیچ کەسی حزبی دڵسۆزتان دی بدرێتە دادگا بە تۆمەتی گەندەڵی ؟!
هیچ کەسی دڵسۆزبە حزب وسەرکردەکانتان دی بدرێتە دادگا بە تۆمەتی خیانەتی نیشتیمانی؟ !

لەسایەی پێشکەوتنی وەلای حزبی وکەسێتی بەسەر وەلای نیشتیمانی شتێك نییە بەناوی خیانەت، ئاشکرا کردنی خیانەتی ئەم و ئەو تەنها لە بابی زانینی شتێکەوەیە ]باب العلم بشئ[ دەنا کەست دیت بدرێتە دادگا لەسەر دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ موخابەراتی دوژمن؟! خیانەتەکان تەنها سودیکیان هەیە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ کلتور، ئەویش لە کاتی شەرەکانی ڕاگەیاندندا بەڵگەنامەکان بخرێنە بەر دیدی خوێنەرە ئازیزەکان، وکە پێکیش هاتنەوە وەک

بڵێی هیچ لە گۆڕێدا نییە، هەر براکەی جارانین.! بە کورتی ئەوانە گەندەڵی گروپی [انعمت علیهم]ن واتە ئەوانەی لێیان ڕازین و بەهرەوەر کردوان ونیعمەت پێدراوانن. گروپی گەندەڵی دووەم، گەندەڵی گروپی [المغضوب علیهم]ن واتە ئەوانەی خەشم و قینیان لێگیراوە.

کەوابوو ناونیشانی چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا بە هەڵە دانراوە، کەیسەکە گەندەڵی و "بەرتیل وەرگرتن" نییە ، بەڵکو سیاسییە ولە ئەنجامی کەوتنە بەر خەشم وقینی وەلی نیعمەتەکەیە، لە ئەنجامی وروژاندنی بابەتێکی ناڕەحەتە بە بەرپرسە باڵاکانی حزبەوە، ولە ئەنجامی تێکدانی ڕۆلی دیارکراو ودەرچونە لە دەقدا [خروج عن النص] شەرت نییە لە دڵسۆزیەوەش ئەو کارەت کردبێت.

لەو جەنگەڵستانەی گەندەڵیدا، تۆ تەنها ئەو کاتە بەدیار دەکەوێت گەندەڵیت کاتێ قسە وجولە وڕەفتارت پێچەوانەی کرد لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای حزب وسەرکردەکانی، تۆ تەنها ئەو کاتە خاین وخۆفرۆشی کە دژی بەرژەوەندی باڵای حزب وسەرکردەکانی وەستایتەوە، وەك چیرۆکەکانی هەزار ویەک شەوە کاتێ کەنیشکێکی جوان دەبوە وەحش ودێو ئەگەر تیشکی خۆری پێکەوتبا.

٢٠١٢/٤/١٥

# سواڵی مەڵتی ملیاردێرەکان

دیاردەی کۆکردنەوەی کۆمەك و سواڵ کردن بە ناوی هەژارانەوە، تەقلیدێکی کۆنی حزب وگروپە ئاینیەکانە، بە قەد کۆنی ئایینەکان کۆنە. حزب وگروپە ئاینیەکانیش کە خۆیان بە میراتگری ئاینەکان دەزانن، درێژەیان بەو پراکتیسە داوە، هیچ بۆنەیەکی ئایینی نەماوە داوای کۆکردنەوەی کۆمەك و پارە نەکەن، جاروبار لەکاتی خوتبەی جومعەشدا دەفرەکە دەخەنە بەردەمت و زۆر ئیحراجیشت دەکەن...

ئەگەر عوزرێك بدەینە چەند حزبێکی ئیسلامی، لەبەر نەبوونی پارەو ئۆپۆزسیۆن بوونیاندا یان بوونیان لە قۆناغی [ئیستزعاف] دا بە قەولی خۆیان، بەڵام دەبێت چ عوزرێک بدەینە حزبە زەبەلاحەکانی کوردستان، بە سەدان ملیۆنیان تازە قوت داوە لە بودجەی بێ ساحێبی کورد، وبە راست و چەپ سامان و پارەی ئەو میللەتە دەکێشنەوە، دێت و ئەو دیمەنە جەرگبڕانەی هەژارو پەککەوتەکانی کوردستان، نیشانی خەڵک دەدەن، بە هەمان دەستوری رێکخراو و مزگەوتە هەژارەکان، پارە کۆدەکەنەوە و داوا لە خەڵك دەکەن پارە بنێرن بۆ چاککردنی ژیانی ئەو خێزان و ئەم خێزانە!

چەند مامۆستایەکی ئاینیش بۆ بەرنامەکە دێنن تا بە سۆزی ئاینی خەڵک ببزوێنێ، لە جیاتی گەڕان بەدوای چارەسەرێکی یاسایی و بەردەوام، دەیانەوێت خەڵک لە رەمەزان بۆ رەمەزان ئەو هەژارانەیان بیرکەوێتەوەو بە شێوەیەکی مەوسیمی یارمەتیان بدەن.

لە بەرنامەیەکی زاگرۆس تیڤی، کە لەسایەی خواوە سەر بە بە دەوڵەمەندترین و بەهێزترین پارتی کوردستانە، کێشەی خێزانێکی پڕ کارەساتیان خستە بەرچاوی بینەران، کە مرۆڤ توشی شۆک دەکات. کێشەی ئەو خێزانە بریتی بوو لە دایکێکی یەک دەست، و کچێکی بەستەزمان کە بەدیار دوو کوڕو کچێکی گەورەی بە تەمەن، و بە لاشەو ناتەواو لەرووی عەقلیەوە دانیشتوون، لەسەر خێرو خێراتی خەڵك دەژین.

کەی کێشەی ئەو خێزانە بە [خێروخۆشی] بینەران چارەسەر دەکرێت؟! لە سایەی بوونی بودجەیەکی وا زەبەلاح، کە بە قەد بودجەی چەندین دەوڵەتی گەورەیە، شورەییە ئەو حزبە هەتا ڕێگا بە دەرهێنانی ئەو جۆرە بەرنامانە بدات. ئەگەر پارتی پارتیە هەژارەکەی ئاوارەی ئێران و سەردەمی شاخ بێت، ئەگەر هەولێر کابولی ئەفغانستان بێت، یان سلێمانی مەقەدیشۆی سۆماڵ بایە، کەس گلەیی لێ نەدەکردن وهەزار دوعای خێریشمان بۆ دەکردن.

بەڵام دەسەڵاتداران خاوەنی سەدان ملیۆن وملیار بن کە هیچیان بە ئارەقەی نێوچەوانیان پەیدایان نەکردوە، کەچی سواڵ لە خەڵکی ئاسایی بکەن، ئەوە شەرم وشورەیی نییە؟! لەوەش گەڕێ بودجەیەکی وا زەبەلاح لە 10% ی نەخرێتە خزمەت ئەو جۆرە هەژارانە کە گومانمان نییە ئەو ڕێژەیە زۆربەی کێشەکانیان چارەسەر دەکات، ئەو خەڵکە هەژارەو پەککەوتەو نەخۆشە عەقڵیەکان، بە یاسا یارمەتی نەدرێن وموچەیەکی هەقیقیان بۆ نەبڕێتەوە، سواڵ سودی چیە؟ ئەی پاش رەمەزان کێ سواڵیان بۆ دەکات؟ !دوایی بۆ لە بوونی سەروەت وسامانێکی وا زۆر وگەورە سواڵ بۆ هەژاران بکەین؟!

ئەوە سواڵ بۆ هەژارێکی لەش ساغ مەکروهە، ئەیدەبێت لە پێناو چیدا ئەمڕۆ مەڵتی ملیاردێرەکانی کوردستان، سواڵ لە ئێمەی بینەران دەکەن بۆ ئەوەی یارمەتی ئەو هەژارانەو کەمئەندامانە بدەین، لە کاتێکدا سەدان ملیۆن دۆلاری ئەو میللەتە دەچێتە گیرفانی ئەو دەزگا ناشەرعیانەی، کە وەک قات لەلای خەیات بە کردنی دەدەن تا لە شان و شەوکەتی سەرکردە قارەمانەکانمان بوەشێتەوە! ئەوانەی بە سروشت و فیترەت هەر لە دایکبوونەوە سەرکردەن خوا بیانپارێزێت وچەندە دەوڵەمەندن دەوڵەمەندتریان کات، وەهەولێری گوتەنی سندانیش لە فەقیری دا.

7-08-2012

# دڵمانیش خۆشە گەیشتینە ڕێکەوتن!

وەرە میللەتێك شەش مانگ زیاترە بودجەی ببڕێت، و دووچاری درندەترین هێرشی چەکداری و میدیایی عەرەبی وئیسلامی تیرۆرستان بوو بێت، تەنها هێزێك بیت لە جیهان توانیبێتی پاشەکشێ بە تیرۆرستان بکات، و هەموو جیهان سەرسامی ئازایەتی کوڕان وکچانت بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هێندە ساویلکە و نەزان بیت نەتوانی ئەو هەموو دەسکەوتە گەورانە وەبەربهێنیت بۆ ڕیسواکردنی حکومەتی شیعەی عێراقی بێ سەلیقە!

نەتوانی ئیحراجی بکەیت لەبەردەم ئەمریکا وخۆرئاوا، کە لەو ساتە ناسک وهەستیارانە قووتی خەلک دەبڕێت، وبێیت هەموو ئەو دەسکەوتانە لەسەر مێزی بەناو گفتوگۆیەک بدۆڕێنیت وبەو مەرجە پڕ شەرمەزاریانە تەنها ٥٠٠ ملیۆن دۆلارت بۆ بنێردرێت، کە نرخی پارەی خودی ١٥٠ هەزار بەرمیلە نەوتەکەش ناکات بە نرخی جیهانی؟!

کورد ئەگەر قات وپانتۆڵی مارکەی ئیتاڵی لەبەر کرد وادەزانێت بۆتە سیاسەتمەدار و دیپلۆماسی! وللە من کە خۆم بە سیاسی نازانم لەو گفتوگۆیە بام مەرجی باشترم بەسەریان دەسەپاند.

٢٠١٤/١١/١٤

# کە دز دەبێتە ماڵخۆ

ڕاستە فلسێکی ئەحمەری ئەو کوردستانە، نەچۆتەو ناچێتە گیرفانم، ومن لەدەرەوە دەژیم و بودجە دەخورێ و دەدزرێ بەمن هیچ، وەک برادەرێک پێی گوتم تۆ بۆ خۆت سەرقاڵ دەکەیت بەو بابەتە! بەڵام ئەو ئیستهتارەی پەرلەمانتارانی دەسەڵات بە سامانی خەڵک، و ئەو هەموو دزیە و پێشێلکاریەو کەموکورتیەی لە بودجەدا دەردەکەوێت، ئەوە بۆ چەندەمینساڵە، مرۆڤ توشی کوفر بە کوردبوونیشی دەکات، و دەیهێنێتە قەناعەت کە ئەو برادەرانە تا چ ڕادەیەک دەماری مرۆیی و کوردایەتیان سڕ بووە لە ئاستی گەلەکەیان.

حاشا لیلا ئەگەر پەرلەمانتارانی تورکە کەمالیستەکان، نوێنەری خەڵکی کوردستانی عێراق بن، ئەوانە نوێنەری ئەو خەڵکە نین، ئاخر ئەوەی دەنگ دەدات بە تێپەڕبوونی ئەو بودجەیە، یانی دەنگ دەدات بە دزی وتاڵانی و بێ بەهایی، و بەشدار دەبێت لە هەموو ئەو سیفەتانە. ئەوەی فشار دەکات، بە ئاڕاستەی تێپەڕاندنی ئەو دەعبایە دزێوەی کە ناویان ناوە بودجە، بیەوێ یان نا خەڵک وەک سەرۆک باندی ئەو دزی وتاڵانیە سەیری دەکات.

ئەو بێ ویژدانیەی لە قوچاندنەوەی سەروەت وسامانی خەڵک، بە بیانوی وەهمی و بێ هۆ و بە هۆکاری پێکەنین هێنەر، زادەی عەقڵیەتێکی نەخوێندەواری، بی ئینتیمای کوردایەتی و شوراوەیە لە مرۆڤایەتیش... ئەوەی ئەو بودجەیەی نوسیوە بە عەقڵیەتی رەئیسی باندە دزیەکانەوە نوسیویەتی، و بەو عەقلیەتەوەش دابەشی دەکەن، ئەوەی ئەوها بیردەکاتەوە دزە هەرگیز ماڵخۆ نیە، و باوەڕی بە ئایندەی ئەو میللەتە نییە، بە دەرونێکی کۆچەری نەک نیشتەجێیی بیردەکاتەوە...

ماقوڵە [٢٠٠] ملیارد بۆ حزب و رێکخراوەکان تەرخان بکرێت، کە بەقەد سەرە دەرزیەک خێریان بۆ کورد و میللەت نییە؟! کە بەو ٢٠٠ ملیاردە ئەگەر مەڕوماڵاتی پێ بکڕن چاکترە ، نەک لە ماستاوچیەکانی وخاوەن موچەکانی بندیواری حزب سەرفی کەن، ئەگەر مەڕوماڵاتی پێ بکڕن هەر نەبێت بەو پارەیە کوردستان پڕاوپڕ دەبێت لە شیر و گۆشت و خێروبێر!

ئەو بەشە زەبەلاحەی بودجە کە بۆ هەردوو دەزگای [دەزگای ئاسایش لە لایەن یەکێتی نیشتمانیەوە بەڕێوە دەبرێتو ئەنجومەنی ئاسایش لە لایەن پارتی دیموکراتەوە] حکومەتە یەکگرتوەکەی کوردستان بە جیا تەرخان کراوە، پیاو توشی قێزهاتنەوە دەکات! ئاخر کەی ماقوڵە دوو دەزگای سیخوڕی کە تەنها بۆ تۆقاندن ولێدانی وتیرۆر کردنی کورد تەرخان کراوە، وبۆ شەڕی حزب حزبێنە دروست کراوە، کەچی ئەو بودجەیە زەبەلاحەی بۆ تەرخان بکرێت؟ ! لەکاتێکدا هێشتا دوو دەزگای فەرمی حکومەتیش نین ودەزگای حزبن!!

ئەگەر ئەو دوو دەزگایە هێندە ڕەشید وئازان، با چارەسەری ئەو ناوچانە بکەن کە کورد بە نوێژی نیوەڕۆ چاوی لێ سوردەکرێتەوە، وشاپ لەدەر دەکرێ تیایدا، لەسەر زێدی باوک وباپیرانیان. ئەوە کورد بە لێشاو لەناوچە بەناو جێناکۆکەکان ڕاودەنرێن، نەیانتوانی بەر بە دوژمنانی دەرەکی بگرن، ئەگەر وا دڵسۆزن کەمێک کەرامەتی نەتەوەییان هەبێت دەبێ نەهێڵن کورد بە دەستی ئێران وتوران، بە بەرچاوی ئەوانەوە تیرۆر بکرێن وبڕفێنرێن بەرەو ئێران وکوێ وکوێ.

دەبا چالاکیە پیس ونەگریسەکانیان، لە تیرۆر وئەشکەنجە ولێدانی نوسەران ورۆژنامەنوسان وبەرهەڵستکاران، وقۆنەرە پێ ماچکردن بە ڕۆڵەی کورد، بگوێزنەوە بۆ بەرەی ئەو دوژمنانە کە کوردیان لەو شوێنانە تۆقاندوە وپەکیان خستون. دەزگایەک بەس لەبەر دەرگای ماڵەوە ئازان ودەنەڕێنێن کەچی ۹۰۰ ملیارد دیناریان بۆ تەرخان بکرێت، بەو پارەیە کەرتی کشتوکاڵی کوردستان دەبوژێتەوە.

ئەگەر باسی دزی وتاڵانیەکانی خودی پەرلەمان بکەین، وەک تەئسیساتی ئاو و کارەبا و کرێی بینایەی پەرلەمان، کە دەبێت کرێیەکە بدەنە ساجیدەی ژنی سەدامی یان رەغدەی کچی، چونکە بینایەکە هی سەردەی صدامە کە بۆ مەجلیسی تشریعی وتەنفیزی تەرخانی کردبوو! هێشتا لەو بودجە زەبەلاحانە نەیانتوانی بینایەکی نوێ بۆ پەرلەمان دروست بکەن، مانەوەیان لەو بینایە دەلالەتێکی زۆری هەیە، وئاماژە بە نەگۆڕی ناوەرۆکی مەجلیسە کارتۆنیەکانی سەردەمی سەدام، و پەرلەمانە کارتۆنیەکانی سەردەمی کوردایەتییە پڕ خەوش وعەیب وعارەکە دەکات.

ئەو دوو مەجلیسە کارتۆنیانەی، لە کارتۆنیەتدا هیچیان کەمتر نەبوو لە کارتۆنیەتی پەرلەمانەکەی کوردستان، لەگەڵ ڕیزمان بۆ ئەو دەنگە ئازایانەی ئۆپۆزسیۆن وتاک وتەرای دەسەڵاتیش کە بێوچان وبێ هودە دژی تالانچیەتیەکەی دەسەڵات وپەرلەمان، زۆر مەردانە ڕابوون، ئەو دەنگانە ئەگەر بەری ئەو گەندەڵیەشیان پێ نەگیرێت، ئەوا مێژویەکی پاك بۆخۆیان تۆمار دەکەن، کاتێ گەندەڵچیەکان بەر نەفرەتی مێژوو ونەوەکان دەکەون، خەڵک سەری ڕیز ونەوازش بۆ ئەوانی دژە گەندەڵ ئەچەمێنن.

ئەو پەرلەمانەی گوایە چاودێرە بەسەر دەسەڵاتی تەنفیزی وجێبەجێ کردن، بەڵام کە گەندەڵیەکانی خۆیان دەبینین، ئەو کاتە دەزانین ڕانە مەڕ بە گورگ سپێدراوە یان وەك گوتویانە [حامیها حرامیها] پارێزەرەکە دزەکەیە.

زۆر سیاسی ورۆشنبیر وبیرمەندی وڵاتانی ئەو جیهانەی سێیەمە، جاروبار دەڵێن داگیرکەرانی پێشوی وڵاتەکەمان چاکتر بوون لە دەسەڵاتی نیشتیمانی. ئێمەی کورد بەرلە گەیشتن بە سەربەخۆیی گەیشتینەتە ئەو قەناعەتەی، خۆزگە وەک هەر دورگەیەکی کۆلۆنی لەژێر حوکمی یەک لە ئیمپریالیە جیهانیەکانی وەک ئەمریکا وبەریتانیا وفەرەنسا باین،

هەرنەبا بە قەد هۆنگ کۆنگ بایەخیان پێدەداین! بێ گومان ئەو زلهێزە گەورانە لەو دەسەڵاتە بەناو کوردییە، مرۆڤ تر و بەبەزەیی تر دەبوون بەرامبەر بە مولک وسامانی ئەو وڵاتە.

کریس کۆچێرا چاکی بۆ چوە کە بەراوردی سەرانی کورد دەکات بە چەتە دەریاییە سۆمالیەکان، هەرچەندە من پێم وایە هێشتا زوڵمی لە چەتە سۆماڵیەکان کردوە، چونکە ئەوان لەبەر بێکاری وبێ دەرامەتی وشەری ناوخۆ وپشت گوێ خستنی جیهان وبرسێتی وادەکەن، ئەوانەی ئێمە لەبەر تێری وەک جەهەنەمی قورئانیان لێهاتوە [یوم نقول لجهنم هل امتلئت، وتقول هل من مزید] کە بە دۆزەخ دەڵێن پڕ بوویت، دەڵێ هێشتا ماومە زیاترم تێکە.!!!

24-06-2012

# خۆزگە ئەو دەسەڵاتە

# لە جیاتی ڕیفراندۆم چیرۆکی دانە غازی پێ دەگووتین!

دانە غازیش لەوە دەچێت بازرگانیەکی گەندەڵی بێت بۆ زیاتر دادۆشینی سامانی بێ خاوەنی خەڵکی کوردستان. ئەخر ماقوڵ نییە دانا غاز ئەو کارە بەو دەسەڵاتە مافیایە مرۆڤکوژە بکات، هێشتا کارمەندێکیشیان لووتی بەخوێن نەهاتبێت. ؟!
تەقە لێکردنێك؟! ڕفاندنێك؟! ئاگرێك؟!

ئەو بێ هەڵوێستیە و بێ خەمییەی دەسەڵات، دەسیسەلمێنێت کە ئەو شانۆگەرییەی قەرەبووکردنەوەی دانە غاز کاری دەسەڵاتی مافیا و ئیماراتە.
ئەگەر وانەبێت، ئەو هەموو پارەیەی قووت و مووچەی خەڵک بۆچی دەدەنە ئەو کۆمپانیا ئیماراتیە؟!

هەر لەو ڕۆژانە یەک ملیاریان داوە بە دانە غاز! کە بەشی دوو مانگی مووچەی خەڵکی کوردستان دەکات! نزیکەی ملیارێک ونیویش ماوە بۆ ماوەیەکیتر دەبێت بیدەن!

ماقولە ئەو دەسەڵاتە دۆلارپەرستە، گەلفرۆشە بۆ پارە، وا بێ مقاوەمەت و بێ دەستی دەستی و بێ دواخستن، ئەو هەموو پارەیە ببژێرێت بۆ کۆمپانیایەکی عەرەبی ئیماراتی؟!

ئەخر چەندی دەکەم باوەڕم پێ ناکرێ ئەو دەسەڵاتە وا ملحیز بێ، بەرامبەر کۆمپانیایەکی ئیماراتی! ئەگەر کۆمپانیایەکی ئەمریکی و بەریتانی و ئەڵمانی و هەتا تورکیش با، کەمێک ماقوڵ بوو!

باشە تێمان بگەینن ئەو کۆمپانیایە چی کردوە و ئێوە چیتان کردوە تا وا سزای کوردستان بدەن؟!
من چۆن دەزانم من هەم و ئەو دێرانە دەنووسم، وەهاش دڵنیام کە ئەو بەزمەی دانەغاز، دزیەکی هاوبەشی نێوان دەسەڵاتداران و دانەغازە !
دەسەڵاتێک لەو ئاستە بێت دزی و گزی بە شەریکی لەگەڵ بێگانە بکات لە خەڵکەکەی، وەک ئەوەیە پیاوێک بەرێتەوە بۆ ماڵەوە تا پێکەوە دەستدرێژی بکاتە سەر خوشک ودایکی خۆیان!

بۆیە من نە باوەڕم بەو گەوجاندنەی ڕیفراندۆمە و نەباوەڕم هەیە کەسانێکی وا کارسەقەت و پڕ خیانەت و دزی و تاڵانی بتوانن ئامانجێکی وا گەورە بهێننە دی! بەڵکو بە دەستی ئەو دز و تاڵانچی وخاینانە بێتە دیش، دڵم پێی خۆش نابێت. پێمخۆشە ئەوەی چاکەی لەسەرم دەبێت مرۆڤێکی پاک و شایستە بێت!

٢٠١٧/٩/١٤

# خەڵك برسی کەن باش دەیچـنـنـەوە!

هیچ تاکێك لەو کوردستانە نییە نەزانێت کە هەموو،و یان بەشی شێری موقەدەراتی دراوی لە دەست پارتییە، موقەدەراتی پارتیش لە دەست بنەماڵەی بارزانییە، موقەدەراتی بنەماڵەش لە دەستی مەسعود بارزانیە بە پلە یەك، دوایی نێچیرڤانە بە پلە دوو وهتد..

بۆیە هەر نە هامەتیەکی خۆکردە وکورد کوردە بەسەر خەڵك بێت، ئەوە خەڵك ناچێت یەخەی کاك فەلاحی هەڕەشەکەر لە ڕووسیا بگرێت، یان هەتا ملی ئاشتی هەورامی. لەوانەیە ئەوانەش جوێن بخۆن وقسەیان پێ بوترێت، بەڵام خەڵك لە قووڵایی دڵیەوە نەشوێرێت گوزارشی لێبکات، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەڵواسراو و نێچیری ئەندازیاری نەوت بە هەدەردان بە بەرپرسی یەکەمی ئەو دۆخە دەزانێت.

کاتی خۆی لە حەسار و گەمارۆی سەدامدا، سەرەڕای ئەوەی ئەو کاتەش خواردن وتاڵان هەبوو بۆ سامانی گومرگەکان و شتیتریش، بەڵام کەس یەخەی پارتی وبارزانی ودەسەڵاتی نەدەگرت، دەیانگووت خەتای بەغدایە. ئێستا خەڵك خەتای بەغدا وەك جاران نابینێت، چونکە دەزانێت هەتا دەست وپێوەندەکانی بارزانی ملیاردێرن!

خەڵك دەزانێت یەك ڕۆژیش نەوت کێشانەوە و بە قاچاغ فرۆشتن نەوەستاوە! خەڵك دەزانێت ئێوە ئەگەر خەمخۆری ئەو میللەتە بان، هەرنەبا پێشمەرگەتان لە بارودوخێکی شەرافەتمەندانە دەژیانت! خەڵك دەزانێ بەرپرس و کوڕ ونەوەکانی بارزانی و چەند حزبێکیتریش بە بای پیلان سەرف دەکەن و بە هەدەری دەدەن.

خەڵك دەزانێت ئەوەی پارتی و ئەندازیارانی پارتی دەیکەن لە ڕیسواکردنی مووچەخۆران وپێشمەرگە و پۆلیس وهتد، سیاسەتێکی دێرینی دزێوترین دیکتاتۆرەکانی دنیایە، لە پێناو مەرامە سیاسیە کورت بینەکانیان.

وامەزانن خەڵك گێلە ونازانێ هەفتانە دوو سەد ملیۆن بەس پارەی نەوتی بۆڕیەکانتان دێتە دەست، جگە لە نەوتی ترێلەکان و باقی داهاتیتی تر..

شورەییە بۆ حزبەکان بە تایبەتی گۆڕان و کۆمەل ویەکگرتوو بۆ یەك ساتیتر وەك شەیتانی ئەخرەس وکەڕ وکوێر بێدەنگ بن و لەو کابینە لەرزۆکە و نا مرۆییە نە کێشەنەوە.

پارەی نەوت و نەوت هەناردەکردن وەك پارەی مەزرەعەی پارتی لێهاتووە، کەس بۆی نییە هیچی لەبارە بزانێت، جەندیان فرۆشتوە وچەندیان پارە وەرگرتووە؟!

ئەخر ئەو نەوتە یان بە خۆڕایی دەینێرن بۆ ئاغا تورکیەکانتان، یانیش بە پارە دەینێرن، کەوابوو کوا پارەکانی؟! کە مەعاشی خەڵك نادەن هەتا پێشمەرگەش، دەبێت چی لێ بێت ئەو پارانە؟!

توخوا هەتا وا فەرزمان کرد پارە نییە، نەدەبوایە بارزانی کە بەخۆی دەڵێت من تا دەمرم پێشمەرگەم سواڵیشی بۆ کردبان، تا پێشمەرگە بێ نازتر و ناپۆشتەتر و برسیتر و ڕیسواتر نەبا لە بەراورد هەتا لەگەڵ شەڕکەری داعشدا؟! پێشمەرگە هەیا بە ملیارات دۆلاری هەبیت جگە لە بارزانی؟!

بەردەوام بن لەسەر برسیکردنی خەڵك، خەڵك تێگەیشتووە، سەرکەوتوو بوون لە برسیکردنی خەڵک، وتێکدانی شیرازەی خێزانی ودەروونی زۆران خەڵکێك، بەڵام ئەمرۆ دەبێت بزانن چ زامێکتان لە دلەکانی خەڵك دروست کردوەە، دەبێت بزانن بوونەتە قێزەونترین پارت وبنەماڵە و دەسەڵات لە لای خەڵکدا.

ئەو هەموو جوێن و سوکایەتیەی لە سایتەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بارزانی و پارتەکەیی و کوڕەکانی دەدرێن، ئاماژەی هەڵگرتنی شۆڕشێکی پەنگخواردوە لە هەناوی برسی کراوەکان. ڕۆژیکی ڕەش چاوەڕوانتان دەکات، کاتێك تەکنیکیکی دیکتاتۆرانە لە فەزایەکی بەناو دیموکراتدا جێبەجێ دەکەن.

05 تشرینی یەکەم 2015

# بەشی سێیەم :
## گەندەڵی و هەڵبژاردن

| |
|---|
| پێشنیاری چارەسەرێك بۆ قەیرانی هەڵبژاردن لە جیهانی سێیەم دا |
| ئێران ومۆریتانیا ئاوت! هەڵبژاردنی کوردستان چۆن دەبێت؟! |
| ئەنجامە پێشوەختیەکانی هەڵبژاردن!! |
| ئینشاڵڵا هەموو رۆژێکتان پێش هەڵبژاردن بێت! |
| هەڵمەتی هەڵبژاردن:چەند بابەتێك |
| لیستی داخراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ شاردنەوەی ناشیاوەکانە! |
| ساختەکاری هەڵبژاردن لە نێوان ڕاستی وسەرەڕۆیدا |
| هەڵبژاردنی ئێران و وانەیەك بۆ کوردستان |
| کورد وهەلێکی زێڕینی دوای هەڵبژاردنی ئێران |
| ئەلیسا وبانگەشەی ئیرۆتیکی بۆ لیستی هاوپەیمانی! |
| لیستی یەکگرتوو لە هەولێر |
| هەڵبژێرە لەنێوان سێکیولارێکی گەندەڵ یان داعشێکی دەست پاك |
| لەبەر بێ مەرجەعیەت لەو هەڵبژاردنە دۆڕاوی هەرە گەورە کورد بوو! |
| دەنگ مەدەنە ئەوانەی لە بەغدا کوردیان هەڕاج دەکرد! هەڵوێستی سارتەر لە |
| دەنگ بدە بەو مواسەفاتە ئەگەر هەبوو!!! |
| چۆن دەزانی هەڵبژاردن وپەرلەمان لای حزبەکان فشەیە! |
| مەهاتیر لە ٩٢ ساڵی دەگەڕێتەوە ناو سیاسەت بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی گەندەڵ! |

# پێشنیاری چارەسەرێك بۆ قەیرانی هەڵبژاردن لە جیهانی سێیەم دا

بەو دواییە یان لەو چەند مانگەی ڕابردوو، چەندین هەڵبژاردنی گەورەی پەرلەمانی وسەرۆکایەتی، لە چەند وڵاتێکی گەورە وبچوکی ئەو جیهانە ڕویدا، کە لە ژێر ناونیشانی جیهانی سێیەم پۆلێن دەکرێت. دیارترینیان هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لوبنان وتورکیا ومۆریتانیا وکوردستان بوو. جگە لە هەڵبژاردنی لوبنان، تا ڕادەیەکیش هەڵبژاردنی تورکیا کە بە هێمنی و بێ وروژاندنی تۆمەتی ساختەکاری بەڕێوە چوو، هەڵبژاردنەکانی تر سەرتاسەری قەیرانێکی ڕێژەیی دروست کردوە، وتا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەو ناڕەزاییانە هەستی پێدەکرێت، سەرەتا لە کێشە وتەنگژە ڕۆژ بە ڕۆژەکانی ئێران، بەرەو ناڕەزاییەکانی ئۆپۆزسیۆن لە مۆریتانیا و کوردستان.

هەتا ئەو هێمنییەی کە لوبنانیش بە خۆیەوەی دیت دوای هەڵبژاردنەکە، نا گەڕێتەوە بۆ هەڵکشانی ڕوحی دیموکراسیەت لەو وڵاتە، بەڵکو زیاتر بۆ جڵەوبەستنی ڕژێمی سوری دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامدا هاوپەیمانەکانی بێدەنگ بوون، ودەنا وەزعەکە لەوانەبوو لە ئێران وکوردستان خراپتر بوایە. ئینجا هەڵبژاردنەکەی تورکیا لە شارە کوردییەکان چەندین ساختەکاری و کاری توندوتیژی بە خۆیەوە دیت، کە ڕێژەیەکی چاکیان بە وێنەی ڤیدیۆیی دۆکیومێنت کراوە! سەرەڕای ئەو هەڵمەتە نایاساییانەی دەستگیر کردنی ئەندامان ودەنگدەرانی (دەتەپە) پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیکی کوردی، لە سەتاسەری تورکیا هەورێکی تەڵخی پڕ گومانی خستە سەر کۆی پرۆسەکە.

ئەو قەیرانانەی لە ئەنجامی قەیرانی خودی هەڵبژاردنەکان دوچاری هاتوە، خەریکە هەڕەشە لە بوونی چەندین ڕژێم دەکات، وهەروەها هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی چەندی تر دەکات وەک کوردستان بۆ نمونە. کە لەگەڵ گردبوونەوەی فشارەکان لە هەموو لایەک، فشاری قەیرانی هەڵبژاردنیشی هاتە سەر، کە چەندە ئەو فشارە هەق وڕاستیش بێت، بەڵام لە کۆتایی زیان بە بوونی قەوارە وسەنگی کوردستان دەگەیەنێت. سوپاس بۆ خوا ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە بەشە هەرە گەورەکەیدا بەوپەڕی بەرپرسیارانە هەڵسوکەوتیان کرد، ئەگینا ئەگەر وەزعەکە لە کۆنترۆڵ دەرچووبا خوا دەیزانی بە کوێ دەگەیشت.

بە داخەوە لە هەموو ئەو وڵاتانەی جیهانی سێیەم، کە ئۆپۆزسیۆن دەنگی ناڕەزایی هەڵدەبڕێت، چاوێکی بەلای وڵاتانی ڕۆژئاوایە، بۆ پشتگیری کردنی لە هەڵوێستەکانی وتۆمەتەکانی بە ئەنجامدانی ساختەکاری. چونکە هەڵبژاردنەکانی ئەو جیهانە، بەو پەڕی نەزاهەت وپرۆفێشنالی جێبەجێ دەکرێت، کەچی هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم

هەردەم پڕە لە تەزویر وساختەکاری وئەنجامەکانی 99%، کە زانایەکی دینی وەک قەرەزاوی دەڵێت: ئەگەر پێغەمبەریش خۆی لە مەدینە هەڵبژاردبا ڕێژەی 99% دەنگەکانی نە دەهێنا!!

ڕاستە چەندین چاودێر و ڕێکخراو بەژداری دەکەن، لە چاودێری کردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن، بەڵام هێشتا خەڵک باسی ساختەکاری دەکەن، ئەی کەوابوو چارەسەری ئەو کێشە گەورەیە چییە؟

بەڕای ئێمە چاکترین چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە، پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە بە پێی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان UN

کە ئەرکی ئەنجامدانی خودی هەڵبژاردنەکان، بخاتە ئەستۆ لەو وڵاتانەی کە ڕیکۆردێکی لاوازیان هەیە لە پەیڕەوکردنی دیموکراسیەت ومافەکانی مرۆڤ. واتە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، پێویستە وڵاتانی جیهان هەرگیز دان بە شەرعیەتی ئەو ڕژێمانە نەنێن، کە لە ژێر چاودێری وئەنجامدانی ئەو ڕێکخراوە بەڕێوە نەچێت. ئەو ڕێکخراوە پێویستە هەزاران ئەندامی لێهاتوو وڕاهێنراو بۆ خۆی ئامادە بکات، کەوا چاکترە چەندین زمان بزانن بۆ ئاسانکردنی بەژداری کردنیان لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

پێویستە بودجەی ئەو هەڵبژاردنەش لە ئەستۆی ئەو وڵاتە بێت، یان ئەگەر پارەکە زۆر بوو بە یارمەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پارەکە بدرێت، چونکە ئەو بڕە پارەیەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان UN دەیبەخشێت بەو پرۆسەیە، هەر چەند بێ کەمترە ،لەو پارەیەی کە دەبێت بیبەخشێت لە کاتی پشێوی کەوتنەوە لە هەر وڵاتێک. ئەگەر ئەو پێشنیارە چارەسەر کرا گومانم نییە زۆر لە دەموچاوەکانی فەرمانڕەوایانی ئەو جیهانەی سێیەمەی پڕ ساختەیە دەگۆڕێت، وزۆر کێشە وگرژیش کۆتایی پێدێت، پێویستیش ناکات وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو دوو ڕوویيە ڕۆژانەیەی بنوێنێت، لەلایەک باسی دیموکراسیەت وبڵاوکردنەوەی بکەن، ولە لایەکیش دەست بخەنە ناو دەستی دەیەها دیکتاتۆری وەک بەشار ئەسەد وقەزافی وموبارەک و...هتد.

نیەتم هەیە ئەو پێشنیارە وەک خۆی وەرگێڕم بۆ ئینگلیزی وبیخەمە بەرچاوی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان UN چونکە لەوانەیە ئەو بیرۆکەیە ببێتە مایەی ئارامی وئاشتی بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم وجیهاندا!!

٢٠٠٩/٨/١٥

# ئێران ومۆریتانیا ئاوت! هەڵبژاردنی کوردستان چۆن دەبێت؟!

لەو وەرزەی هەڵبژاردندا کە لە چەندین وڵاتی ئیسلامی وعەرەبی بەڕێوە چوو وبەڕێوە دەچێت، بەداخەوە هێشتا نەفەسی دیموکراسی لەو وڵاتانە نەگەیشتوتە ڕادەی یەکتری قبوڵ کردن وقبوڵکردنی ئەنجامەکان بە گیانێکی وەرزشی. بێگومان ئەو قبوڵ نەکردنەش هانی لایەنە دەست باڵاکان دەدات بۆ بیرکردنەوە لە گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وپەنابردن بۆ تەزویر وکارە نایاساییەکان.

بێگومان هەمومان دەزانین، چۆن کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئەو ساتانەش دەناڵێنێت بەدەستی ئەو پشێویەی کە تێیکەوتوە، پاش تاوانبارکردنی بەرەی چاکسازی موسەوی وکەروبی بە تەزویرکردنی ئەنجامەکان، تا دێش تەنگژەکە گەورەتر دەبێت.

ودواهەمین بەشی ئەو تەنگژەیە گەیشتۆتە نێوان ئەحمەدی نەژاد کوڕە عاقڵ ونازدارەکەی ڕژێم، وڕەهبەری ئەو ڕژێمە ئایەتوڵڵا خامینەیی!! واش چاوەڕوان ناکرێت ئەو قەیرانە بەو زوانە کۆتایی پێ بێت. بەلای ئێمە هۆی سەرەکی ئەو تەنگژە وقەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەستی گشتی خەڵک بەرەو گۆڕینی ئەحمەدی نەژاد بوو، ودورکەوتنەوە بوو لە شیعارات وئامانجە ڕادیکاڵییەکان.

بەڵام هێزە پارێزخوازەکان ئەو گۆڕانەیان بۆ هەرەس نەکرا بۆیە کەوتنە گیانی ئەنجامەکان وتەزویر کردن، کە زیانێکی زۆری بە ئەزموونی دیموکراسی ئێران گەیاند، وزیاتر سەلماندی بۆ خەڵکانی دەرەوە کە ڕژێمی ئایینی بەرگەی پەیڕەوکردنی دیموکراسیەتی نییە هەتا ئەگەر پاڵێوراوەکان لە چوارچێوەی هەمان ئایدیۆلۆژیاش بن، چ جای ئەگەر پاڵێوراوەکان لە هەموو ڕەنگ وئاڕاستەکان بان؟!

## مۆریتانیا وشەرعیەت دان بە کودەتاچیەکان!

مەهزەلەکە لە مۆریتانیا زۆر هەزەلیترە، پاش ئەوەی بە کودەتایەکی سەربازی لە 2008/8/6 سوپا بە سەرۆکایەتی (محمد ولد عبدالعزیز) دیموکراتیترین ڕژێمی عەرەبی لەناو برد، ووەڵامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش زۆر بە هێز بوو کە هەرگیز دانیان بە دەسەڵاتی کودەتاچییەکان نەنا، وئەوانیش دەرگا نەما لێینەدەن بۆ وەرگرتنی شەرعیەت، کە تەنها دەرگای دۆنکیشۆتی سەرۆکەکانی عەرەب عەقید موعەمەر قەزافیيان لێکرایەوە، کە لەیەکەم ڕۆژی ئەزموونی دیموکراتی مۆریتانیا بە سەرۆکایەتی (سیدی محمد ولد الشیخ عبدالله)

دژایەتی خۆی نیشان دا، نەوەک پەتای دیموکراسی بگاتە وڵاتەکەی کە وەک ئاخوڕی وڵاخ حوکمیان دەکات!

سەیر لەوەدا بوو سەرۆکی ناوبراو لە کۆبونەوەیەکی لوتکەی عەرەبی بەژداری کرد وەک جوجکە ڕەشەکەی فیلمی کارتۆن کەس نەدەچوو بەلایەوە ودکتاتۆرە عەرەبەکان بە چاوێکی سوک سەرنجیان دەدا، ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤانەی سەرانی عەرەب بەتایبەتی قەزافی ئەو کودەتایەی لێکەوتەوە ومۆریتانیای بردەوە خانەی سفر لە دیموکراسیەتدا.

وەک گوتمان کە کودەتاچییەکان هیچیان پێنەکرا، ملیان دایە دانوستان لەگەڵ سەرۆکی شەرعی (سیدی محمد ولد الشیخ عبدالله) تا یارییەکە بەجۆرێکی تر ببەنەوە، ئەویش تەزویرکردنی هەڵبژاردن بوو، ئەو پیاوەی سەرۆکی کودەتاچییەکان (محمد ولد عبدالعزیز) کە ببوە دزێوترین کەس لەسەر ئاستی مۆریتانیا، بە قودرەتی قادر نا بەڵکو بە قودرەتی تەزویر لەناکاو بوە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە وەک بڵێی نە بای دیبێت نە بۆران!! ئەوەشمان فت.

## یاخوا هەڵبژاردنەکەی کوردستان سەرکەوتوو بێت

هەڵبژاردنی کوردستان ئەمڕۆ لەکاتی نووسینی ئەو ستوونە بەڕێوە دەچێت، بەڵام بەدەر لە هەڵبژاردنی ئێران هەزاران چاودێری ناوخۆیی و بیگانە بەژدارن لە چاودێرکردنی پرۆسەکە، تا ئەم ساتە لێدوانەکانی سەرانی کورد زۆر باشە وهەموو دوپات دەکەنەوە لەسەر پاراستنی کەش وهەوایی ئازاد وسەلامەت وقبولچکردنی ئەنجامەکان، ئێمەی کورد وەک وڵاتانی تر پشتیوانێکی ئەو تۆمان نییە پێویستە کارێک نەکەین ئابڕووی هەموو ئەزموونەکە ببەین چونکە ناحەزمان زۆر زۆرە هەتا لەناو کەسانێکی کوردیش.

من لە رۆژی 2009/7/23 کە لە تەلەفزیۆنی (الحوار) داوەت کرابووم لەگەڵ بەڕێزان د. محمود عوسمان وفەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەوانان، لەکاتی پرسیارەکانی پێشکەش کەری بەرنامەکە هەستم دەکرد هەموو ئەو قسانەی دوبارەدەکردەوە کە لە عەقلیەتی شۆفێنستەکان هەیە بەرامبەر کورد وئەزموونەکەی وەک :"دەڵێن دیموکراسیەت و هەڵبژاردن ئەسڵی نییە وڕژێم لەوێش وەک ڕژێمە عەرەبیەکانە"

بەڵام ئێمە نەمانهێشت ئەو تۆمەتانە زیاتر لە زیهنیەتی عەرەبی بچەسپێت، وگوتمان کە ئەو قسەیە ڕاست نییە وتێکەڵ وپێکەڵکردنە، دیموکراسیەتی کوردستان هەرگیز بەراورد ناکرێت بەوەی لەوڵاتە عەرەبیەکان ڕوودەدات، روبەرێکی چاک لە دیموکراسیەت لە کوردستان

هەیە ولەگەڵ بوونی ڕەخنەش لە چەند لایەنێکی، بەڵام بەداخەوە کەسانێک لەبەر هۆی کەسی بونەتە زوڕنایەک بۆ شێواندنی کورد ودیموکراسیەتی کوردستان، وەک کوڕەکەی (رەفِیق حیلمی) فەرەیدوون، کە لەلایەن شۆفینیستەکانی عەرەب وعەجەم داوەت دەکرێت، تا بە هەرزەکارترین شێوە دابەزێتە سەر کورد وئەزموونەکەی، ئەمڕۆش لە جەزیرەی ئینگلیزی دەرچوو بەهەمان بەزمی جارانی گومانی لە هەموو شتەکان دەکرد. جارێکیان پێکەوە داوەت کرابووین لە کەناڵی شۆفێنی موستەقیلە (المستقله) لەوێ دەیگوت کورد هەموو عێراقیان تاڵان کرد ،وئەوان بوون بوونە هۆی داگیرکردنی عێراق وهەموو ژێرخانی عێراقیان دزیو فرۆشتەوە وچەندین قسەی قۆڕی تر، منیش خۆم بۆ نەگیرا، وزۆر بە توندی دەمکوتم کرد وگوتم بەداخەوە کە تۆ کوڕی پیاوێکی ناوداری وەک (ڕەفیق حیلمی) ت.

دوایی لەیەک دوو پەیوەندی کوردەکان تاوانباریان کرد بە خیانەت ونەک ئەوەندە یەکێک پێی گووت: باوەڕ ناکەم باوکیشت کوردێکی باش بوو بێت، کە یەکێکی وەک تۆی لێوەپاش کەوتوە!! سەیر لەوەدایە بەر لە بەرنامەکە، کاک فەرەیدوون خۆی بە قەدەری ئیلاهی باسی هۆی هەڵوێستەکانی کرد، کەوا بۆ ماوەیەک کردویانە بە وەزیر، ودوایی پۆستەکەیان لێوەرگرتۆتەوە وئینجا وەعدی پۆستی تریان پێداوە، بەڵام جێبەجێیان نەکردوە وئەو عەرزانەی پێشیان دابوو لێیان سەندبوەوە!

کەوابوو مەسەلەکە شەخێییە نەک هەڵوێستی سیاسی. ئەو پیاوە زۆر دوژمنکارانە قسە دژ بە کورد دەکات، خۆزگە کێشە شەخسییەکانی حەل دەکرا تا وەک بولبول بەسەر دیموکراسیەتی کوردستانی بخوێندایە.

ئەوەی نیشتیمانی خۆی خۆشبوێت نا بێت چاوەڕوانی ئەوە بێت چی بۆ کراوە بەڵکو پێویستە هەردەم بپرسێت چی بۆ نیشتیمان کردوە.

٢٠٠٩/٧/٢٥

# ئەنجامە پێشوەختیەکانی هەڵبژاردن!!

بێگومان ئێمە نە فەتاح فاڵین و نە نوستراداموس تا پێشبینی وردی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەین، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین لەو حیراکە سیاسیەی گۆڕەپانی کوردستان هەمووی مایەی دڵخۆشییە ئەگەر برادەرانی دەسەڵاتدار تا سەر بتوانن دان بە خۆیان دا بگرن. ئەمڕۆ ئەوەی لە ساتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕوو دەدات لەگەڵ کەمێک خروقاتیش لێرە ولەوآ بەڵام هەر مایەی دڵخۆشییە ونیشانی دەدات ئێمەی کوردیش بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتە کە سندوقەکانی دەنگ دان چاکترین داوەرە. ئەنجامە پێشوەختەکانیش زۆر گرنگن ئەگەر لێرەداش کۆتایی بێت هێشتا زۆرە، گرنگترینی ئەو ئەنجامانە ئەوانەن:

• پارتی ویەکێتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە گۆڕەپانی کوردستان هەتا هەتایی بۆ ئەوان مۆنۆپۆڵ نەکراوە، وچەندین هێزی موناڤیس دروست بوونە کە بۆی هەیە ئەگەر ڕاستگۆ بن لەگەڵ دروشمەکانیان لە ئایندەدا بە هێزتریش بن.

• پارتی ویەکێتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە چیتر بە چاوسورکردنەوە ناتوانن هەموو پیلانەکانی خۆیان بەرنە سەر لە حوکمکردنی کوردستان بە زەبر وزەنگ.

• پارتی ویەکێتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هێزە سەرەکیەکانی دونیا چاودێر ڕەفتاریان دەکەن لەو هەڵبژاردنە وناکرێت موغامەرە وریسک بە سومعەی سیاسیان بکەن وهەڵسن بە تەزویرکردن وپڕکردنەوەی  سندوقەکان بە دەستی خۆیان، کردنی ئەو جۆرە کارانەش دەیانگۆڕێت بۆ ڕژێمێکی بێزێنرا وگۆشەگیر ولەوانەشە پشتگیری تەواوی نێودەوڵەتی لە دەست بدات.

• پارتی ویەکێتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە خەڵک وجوماوەر ژمارەیەکی قورسە لە هاوکێشەکان ودەبێت لەمەولا حیسابێکی زۆریان بۆ بکەن نەک وەک ڕانە مەڕ تێیان بڕوانن، ئەوە نییە ڕویەکی کاتیان بەلای بنەماڵەی شەهیدان ودایکی شەهیدان وخێزانەکانیان کردۆتەوە، ئەوە نییە باسی بودجەی خەیاڵی دەکەن بۆ قوتابیان وپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن وهەناردەی زانستی بۆ تەواکردنی خوێندنی باڵا.

• دەبێت پارتی ویەکێتی تاڕادەیکیش بێت گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە هیچی تر کەسی خائین وخۆفرۆش وکۆنە جاش وفایلدار وکۆنە بەعسی دالْدە نەدەن چونکە خەڵک بۆی قبوڵ ناکرێت، وباجەکەی لەسەر سندوقی دەنگدان دەدەن، بەداخەوە زۆربەی ڕێژەی ئەو پیاوە زەریفە خاینانە لەناو دەزگا وپۆستەکانی ئەو دوو حزبە شوێنی دیاریان هەیە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە پیاوی پاک وکوردپەروەر وبەکەرامەت بە هیچ جۆرێک لای لێناکرێتەوە لەلایەن ئەو دوو حزبە، چونکە ئەو ناپاک وخاینانە وەک ئالەت دەتوانن هەموو کارێکی چاک وخراپ ڕاپەڕێنن، بەڵام خەڵکی بە ویژدان وپاک ناتوانن هەموو کارێک جێبەجآ بکەن یان ویژدانیان ڕێگایان نادات هەموو کارێک بکەن بۆیە وا پەراوێز دەخرێن، لە هەر وڵاتێک ئەو کاسەلێسانە نزیک بوون لە دەسەڵات بزانە خودی دەسەڵات خەلەلی تێدایە.

• پارتی ویەکێتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە گۆڕان (مەبەستم لیستی گۆڕان نیە کە بۆتە مۆتەکەی هەردوولا!) لە شێوازی بەڕێوەبردن ومامەڵەکردنی سیاسی کارێکی حەتمییە، دەزگاکانی حزبی وحکومیان پێویستیان بە پیرۆسترۆیکایەکە، چونکە مانەوە بەو شێوەیەی ئێستا دەبێتە هۆی دواکەوتنیان لە کارواندا، ئەو نەوەیە نوێیەش هێندە زاکیرەیان کۆن نییە هەڵبخەڵەتێن بە قەوانی کۆن و ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی وخەباتی شاخ وئەو مەحفوزاتانەی کە چۆن دەڵێن پریەتی لە سەروەی ، پڕیەتی لە شەرمەزاری وکوردکوژی وچەندین شتی تردا!

ئەمەو ئەنجامی تریش زۆرن بەڵام هەر هێندە دەکرێت باسبکرێن، یەکێک لە کارە خراپەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن دابەش کردنی دەمانچەیە لەلایەن سەرۆک تاڵەبانی، ئەخر ئەو پیاوە ناسکەی دڵی نەهات لەسەر بڕیاری لە سێدارەدانی ێدام وهاوەڵەکانی ئیمزا بکات، چۆن دڵی دآ ئەو هەموو دەمانچەیە ببەخشێتەوە کە ئامێرێکە بۆ کوشتنی ئادەمیزاد؟!

ئەگەر لەو هەلبژاردنە هەر بە هێندەش دەرچین ئەو سەرکەوتنێکی چاکە بۆ هەموو کورد کە ئەو دوو حزبە وەرچەرخانێکی جیدی وهەقیقی لە کاروانیاندا ڕوو بدات وکەمێک لە مۆدێلی حزبی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دوورکەونەوە!.

٢٠٠٩/٧/١٢

# ئینشاڵڵا هەموو ڕۆژێکتان پێش هەڵبژاردن بێت!

پێش ئەوەی هەڵبژاردن دەست پێبکات، کە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار زانیان خەڵکەکە هیچی تر کاریلە نەماون لە ژێر تریاندا جێگایان ببێتەوە وهوشیار بوونە تا ڕادەیەک وئێستا بە ئاشکرا قسە دەکەن ورەخنە دەگرن لە هەموو دیاردە نێگەتیڤەکان.

هەروەها کە ئەو دوو حزبە زانیان هیچی تر خەڵک بە ترساندنیان لە لە دەست دانی ئەزموونەکەمان هەڵناخەڵەتێن وبە پێچەوانەوە خودی ئەو دوو حزبە بونەتە گەورەترین مەترسی بۆسەر ئەو ئەزموونە بە هۆی نەبوونی شەفافیەت وقۆرخ کردنی دەسەڵات بۆ خۆیان وئەندامەکان وشوێن کەوتەکانیان، وسەرەڕای ئەو گەندەڵی بەرفراوانەی کە لە ئارادایە، وهەروەها بەهۆی پێشنەکەوتنی باری سیاسی ومانەوەی لە بازنەیەکی داخراودا، تا ئەو ڕادەیەی پەرلەمانە حوسێنیەکەی عێراق خەریکە دیموکراتیانەتر هەڵسوکەوت دەکات لە پەرلەمانە نا ئاکتیڤەکەی کوردستان.

هەروەها کە زانیان حکومەتی عێراق و حزبە سیاسیەکانی غەیرە کورد لە ناوەوە وولاتانی دەوروبەر – بە هەر مەبەستێک بێت - وئەمریکا وئەوروپاش لە دەرەوە بایەخێکی نا ئاسایی بەو هەڵبژاردنەی کوردستان دەدەن تا ڕادەی ئەوەی ئەمریکا ئامادەیی نیشاندا بۆ تەدەخول بە هێزی سەربازی بۆ مسۆگەر کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی یاسایی ودوور لە دەست تێوەردان وفشاری دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە.

کە زانیان حزبە کوردیەکان و چەندین لیستی سەربەخۆ بەوپەڕی بوێرییەوە تەحەدا دەکەن وخوازیاری گۆڕانی ئەو بارەن بەرەو چاکتر، وزانیان بۆیان هەیە دەنگێکی چاک بهێنن وتاڕادەیەک ئەو کارتەلە cartel سیاسییەی ئەو دوو حزبە بشکێنن.

پاش زانینی ئەو ڕاستیانە ڕوو پۆشەکان هەموو گۆڕان وبزەی شیرین شوێنی ڕوو گرژی گرتەوە، بەرپرسەکان سەردانی بازاڕ وهاولاتیەکان دەکەن وشەونخونی دەکەن بۆ ئاسودەیی هاولاتیان، ومەکینەی سەرفکردنی پارەوپول وکەل وپەل بەڕاست وچۆپ دەستی پێکرد، لە ئێستاوە دەنگکڕین دەستی پێکردوە، پەیمانە کۆنەکان نوێکرانەوە بە خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی یارمەتی دارایی، پرۆژە بەجێهێشتراوەکان بە نیوەچڵی یان پرۆژە مردوەکان زیندوکرانەوە وسەرلەنوآ کاری تێدا دەکرێت. چەندین خانوو وفلات دابەش کرا وپەیمانی دابەشکردنی زەوی وزار بە هەزاران خەڵک دراوە کە لەوانەیە تەنها یەحرای عەرعەر بەشیان بکات!!

چەند چاک دەبوو کە هەموو کاتێک واابان وبەو ڕوحیەتە خزمەتی خەڵکیان کردبا نەک تەنها لە ترسی هەڵبژاردن ئەو ڕەشوە وبەرتیلە ناڕاستەوخۆیانەیان بە خەڵک دابا، چەند چاک دەبوو ئاوا ڕوو لە خەڵک بان، وبەدەم داخوازیەکانیان هاتبان تا پشت ئەستوربان بە پالپشتی ئەو خەڵکە نەک کۆنە ڕەفیق وجاش وخۆرۆش وفایلدار وهاوڕێیەکانی سەرۆک سەدام (اصدقاء سید الرئیس) بکەنە کەڵەگا بەسەر ئەو خەڵکە، وخەڵکە خاوەن شەهید و کورد پەروەرە پاکەکانیش پەراوێز بکەن بەو شێوەیەی وەک بڵێی باجەی بەشەرەف بوونیان دەدەن!

چەند خۆش دەبوو پلە وپایەکان بەبآ ڕەچاوکردنی حزبی بوون دابەش دەکرا نەک کەسێکی حزبی ناشیاو لە شوێنێک دامەزرێنیت هەرلەبەر ئەوەی حزبیە، ودەیانی شیاو وگونجاو هەبن لەبەر دەستی ناشارەزایەکی وەک ئەو حزبیە کار بکەن!

گۆڕانی هەڵسوکەوتی ئەو دوو حزبە لەو ماوەیەدا لە گۆڕانی ئارەخۆرەکانی ڕەمەزان دەچێت کە لەو مانگە نوێژدەکەن وبەڕۆژوو دەبن وئارەق ناخۆنەوە بەڵام کە ڕەمەزان تەواو بوو بەزمی: ساقی بۆم تێکە لەو شەرابە وقۆریاتی دەم ئارەق خواردنەوە دەست پێدەکاتەوە. تا ئەو ڕۆژە بە خەڵکی کوردستان دەڵێین هەر ساغ بن وهەموو ڕۆژێکتان بە وێنەی ڕۆژەکانی پێش هەڵبژاردن بێت!!

٢٠٠٩/٥/٣٠

# هەڵمەتی هەڵبژاردن:چەند بابەتێك

ناکرێت لەو هەڵمەتە چڕەی هەڵبژاردن تەنها تەرکیز بکەینە سەر بابەتێک لەبەر زۆری ڕوداو ولێدوانەکان وهەڵوێستەکان، بۆیە هەوڵ دەدەین هەڵوەستە لەسەر چەند ڕوداوێک بکەین.

## چالاکی ویاداشتەکانی سەرۆک بارزانی

بۆیە دڵم بەو هەڵبژاردنە خۆشە وەک پێشتر وتومە، چونکە زەنگێکی ئاگادار کردنەوەی بەهێز بوو بۆ هەموو کایە سیاسیەکانی کوردستان، وبۆ یەکەم جارە دەنگی تاکی کورد گرنگییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە دیوە، کە خودی خاوەن دەنگەکە چاوەڕوانی نەدەکرد. بەڕێز مەسعود بارزانیش وەک پاڵێوڕاوی سەرەکی سەرۆکایەتی هەرێم لە لوتکەی سەری ڕەش وسەفین هاتۆتە مەیدانەوە، وەک هەر پاڵێوراوێک هەڵمەتێکی چڕی دەست پێکردوە، کە ئەوەش مایەی دڵخۆشیە.

لە بەرەکاتەکانی ئەو هەڵبژاردنە ئەوەیە، وەک بڵێی بۆ یەکەم جار بێت دیوێکی تری ژیانی بەڕێز مەسعود بارزانیمان بۆ ئاشکرا بێت، لە ڕێگای گێڕانەوەی یاداشتەکانی لەگەڵ بارزانی باوک، بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام باسکردنی عیرفان ودینداری شێخ ئەحمەدی خوالێخۆش بوو، کە کاک مەسعود خۆی بە قوتابی ئەو دەزانێ.

لە هەمووی سەرنجراکێشتر ئەو قسەیە بوو کە بەڕێزی گووتی شێخ ئەحمەد تا کۆچی دوایی کردنیش دەستی بە پارە نەکەوت!! خۆزگە ئەو زوهد ودەست پاکییە دەبوە ڕێڕەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاش هەڵبژاردندا، گومانم نییە هەر کەس وحزبێک ولیستێک، پەیڕەو لەو ڕێبازەی شێخ ئەحمەدی بارزانی بکات، سەرکەوتنی مسۆگەرە نەک لەو هەڵبژاردنە، بەڵکو بۆ هەتا هەتایی.

## عەزیز وەیسی

لەو هەڵبژاردنە چەندین گۆرانی بێژی خاوەن جەماوەر خۆیان بچوک کردەوە لە چوارچێوەی لیستێک، هەرچەندە هونەرمەندیش مرۆڤە، مافی ئەوەی هەیە مەیلی بۆ لیستێک هەبێت دوور لە تاوگیرکردنیان بە دینار ودۆلار. عەزیز وەیسی یش لەو هەڵبژاردنە دوو لەو گۆرانیە جەماوەریانەی خۆی گۆڕیوە بۆ گۆرانی لیستێک، وناوی عاشق ومەعشوقەکەی ناو دوو گۆرانیەکەی گۆڕیوە بۆ کاکە ومامەی تاڵەبانی ولیستی کوردستانی، کاتی خۆی کاک عەزیز وەیسی ڕەخنەی لێگیرا لەسەر گۆرانی (کچ بە خۆڕایی ناڵێم، ماچ ودینار بستێنە!!) لەسەر هەرزانفرۆشکردنی ماچ وبانگەشەکردن بۆ لەشفرۆشی!!

دەڵێم ئەگەر کاک عەزیز وەیسی نیەتی هەیە ئەو گۆرانییە عاتیفییەش بگۆڕێت بۆ گۆرانیەکی لیستی دەتوانێ ئەوهای بڵێ: ( کورە بە خۆڕایی ناڵێم دەنگ ودۆلار بستێنە!!) کەی باوی دینار ماوە هەی سەلامەت بی!

## شەڕی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی

لەجیاتی ڕێککەوتن لە نێو خۆیان بۆ دەسنیشان کردنی چاکترینیان، پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم خەریکی یەکتری کوتانن. دکتۆر میراودەڵی بێئەوەی جیاوازی بکات لە نێوان نوسین کە بەڕاست وبە چۆپ هێرش دەکات، ولە نێوان سیاسەتکردن لەناو گۆڕەپانی واقیعی سیاسەتدا، کە بە هەمان شێوە هێرش دەکاتە سەر پاڵێوراوەکانی تری سەرۆکایەتی هەرێم.

دوا هێرشەکانی کردە سەر بەڕێز هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد، کە ئەویش بە توندی وەڵامی دایەوە، ولە نێو هەموو وەڵامەکانی وەک تاوانبارکردن بەوەی کە لە خێزانێکی موستەشار وجاشدا هاتوە، وەڵامێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی دایەوە، کەوا بەڕێز میراودەڵی تا ئێستا سێ ژنی تەڵاق داوە، ئەوەی بەرگەی سێ ژن نەگرێت، ولەگەڵ سێ ژن نەحەوێتەوە چۆن دەتوانێ سەرۆکایەتی میللەتێک بکات؟! بەداخەوە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ناگاتە ئاستی هەڵبژاردنی پەرلەمان چونکە مونافەسەکە لە ئاستی پێویست نییە.

## ماچەکەی نێوشێروان

کەسانێک ڕەخنەیان لە نێوشێروان گرت لەبەر کۆبونەوەکانی لەگەڵ ماڵە شێخەکان وماچ کردنی قورئان وخستنە سەرسەری. ئەوانەی ڕەخنەیان گرت دوو بەرەن، یەکەم: کۆمەڵێ چەپڕەوی توندڕەو، کە دژی هەر ریزوحورمەتێکن بۆ پیرۆزیەکانی خەڵک، ئەوانە حەز دەکەن نێوشێروان وەک هەر چەپڕەوێکی هەرزەکار دابەزێتە سەر ئاین وقورئان وپێغەمبەر، تا دڵی ئەو چەند کەسە نەخۆشە خۆش بکات.

بەرەی دوەم ئەوانەن کە توندڕەوی ئاینین، و نێوشێروان بە دوو ڕوویی تاوانبار دەکەن، چونکە بەنەزەری ئەوان ئەگەر ڕاست دەکات، دەبێ وەک ئەوان لە دین بڕوانێت وپەیڕەوی بکات!! من دەزانم کاک نێوشێروان لە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەیە، کە مارکسیترین گروهی کوردستان بوو، بەڵام وەک شایەدییەک نێوشێروان وەک بیریارێک ونووسەرێک ورۆشنبیرێک، هەرگیز بەرچاوم نەکەوتوە رۆژێک لە دێرێکدا هێرشی کردبێتە سەر هیچ ئایینێک.

بۆیە نا بێت کەسێکی وەک نێوشێروان بەراورد بکرێت بەوانەی هیوایەتیان هێرشکردنە سەر پیرۆزیەکانە. هەرچەندە چەمکی پیرۆزیەکان چەمکێکی ڕێژەیی یە، لای کەسێک بۆ کەسێک دەگۆڕێت. ئەگەر ڕەخنەمان هەبێت لە نێوشێروان لەو هەڵمەتەدا ئەوەیە نەهێڵیت خەڵکی نەزان وکاڵفام تەقدیست کەن وستایشی خۆرهەلاتیانەت بکەن، وناو لە بارەگاکەت بنێن (گردی پیرۆز)!!

٢٠٠٩/٧/١٩

## لیستی داخراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ شاردنەوەی ناشیاوەکانە!

ئێمە تێناگەین تاکەی ئەو دوکانە گەورەیەی کە پێی دەڵێن پەرلەمانی کوردستان لە ژێر ئاڕاستە و بەرژەوەندی هەر دوو حزبی دەسەڵاتدار کاردەکات، بێ گوێدانە گلە ورەخنە وویست وخوازەکانی ملێۆنەها کەس لە جەماوەری کوردستان؟! کە ئەمڕۆ لە سایەی سیاسەتی چەوت وگەندەڵخوازیدا بوینەتە عەیب وعاری نێو گەلان. ئەوە بەس لە سرودەکانی سەردەمی رۆمانسیەتی نەتەوایەتییە (کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندوە!!) ئەگینا زۆر دەمێکە (کورد مردوە، کێ دەڵێ زیندوە؟!)

پەرلەمانێک بە پێچەوانەی ویستی خەڵک دەنگ لەسەر لیستی داخراو بدات، وچەندین تەگەرەی تر ودواخستن بخاتە ژێر ڕەوڕەوەی هەڵبژاردن، بۆ زیاتر مانەوە وهەڵلوشینی ئەو ئیمتیازاتانەی کە ئەو کورسیانەی ژێریان پێیان دەدات، ئەوە چۆن دەتوانیت ناوی بنێی بە پەرلەمانی خەڵک؟!.

پەرلەمانتارانی کوردستان بە ئیمتیاز پەرلەمانتاری حزبن وئامادەن بۆ نەرەنجانی دڵی حزبەکانیان دڵی کورد نەک هەر لە عێراق بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستان بشکێنێت. بۆ پەرلەمانی کوردستان بەس نییە بوینەتە قەشمەرجاری دیموکراسیەت، ولە چەندین هەڵبژاردنی عێراق بە بیانوی چەوت وچەوێل کوردستانی لێ بێبەش دەکەن، وەک بڵێی خەڵکی کوردستان دابەستی وڵاخ بن وهیچ ڕایەکیان نەبێت، ویان هیچ ڕایان نەگۆڕن هەرچیەکیش ڕوبدات!!

بەڕاستی سەیرە ئەو دوو حزبەی کە خۆیان بە عەلمانیەت ودیموکراسیەت هەڵواسیوە، نەیانتوانی بەقەد حزبە دینی وتایفەگەرەکانی شیعەش دیموکراسی بن، لە ئەنجامیشدا جەماوەری کوردیش لە ڕووی دیموکراسیەتدا چەند جۆخین لە دواوەی جەماوەری پارچەکانی تری عێراقن! ئەوە نیە لە دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکان، توانیان بە دەنگەکانیان هاوکێشەیەکی زۆری سیاسی سەر گۆڕەپانەکە بگۆڕن؟!

ئێستا حزبەکانی ئەو ناوچانە خەریکی بە خۆداچونەوە وگەڕانن، بە دوای ئەو هۆیانەی بوەتە هۆی کەم دەنگ هێنان ونشوستیان لەو هەڵبژاردنە. کەچی برادەرانی لەمەڕ خۆمان دەڵێی خوێنی خوداوەندی لە دەمارەکانیاندا دەسوڕێتەوە، ومەعسومن لە هەڵە وچەوتی، بۆیە لەوەتی هاتوون بە هەمان شێوە ماونەتەوە، هێندەیان بە شانی نمونە دیموکراتیەکەیان هەڵدا بۆ ماوەیەک فریوی ئەمریکا ومیدیای ئەمریکیەکانیشیان پێدا، یان خۆیان کردە فریوخواردوو بۆ

مەبەستێکی کاتی، تا حال بەوە گەیشت ئێستا ئەوان نهێنی گەندەڵی حکومەتی کوردستان ئاشکرا دەکەن وڕۆژانە ڕاپۆرت ونهێنی لێ ئاشکرا دەکەن!!

لە نێو ئەو هەموو گۆڕان وپێشهاتنانەدا، پەرلەمانی کوردستان وەک مەلا کۆنەکەی پاش چەندین دەیە لە نەمانی حوکمی عوسمانیەکان دوعای بۆ سوڵتان عبدالحمید کردبوو، تازە بە تازە بڕیار دەدات هەڵبژاردنەکەی داهاتوی کوردستان بە لیستی داخراو بکرێت!!

لیستی داخراو بۆ شاردنەوەی ناو وکەسایەتی ئەو کەسانەن کە گوناحە بکرێنە پاسەوانیش لەبەر دەمی پەرلەمان، لیستی داخراو بۆ شاردنەوەی کۆنە بەعسی وخاین وکۆنە جاشەکانە کە ئەگەر ناویان بە ئاشکرا دابەزێت سەری حزبەکانیشیان دەخۆن.

لیستی داخراو بۆ فریودانی خەڵکی کوردستانە، وەک پێفرۆشتنی تەماتەیە بە شەرتی کڕینی کەرەوز وەک کاتی خۆی سەوزە فرۆشەکان دەیانکرد!! لە لیستی داخراودا حزبەکان یان چاکتر بڵێین دوو حیزبەکە، پێویستیان بە گەڕان نییە بە دوای کەسی لێهاتوو وشیاو وبە توانا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، بەڵکو بە دوای کەسانی وا دەگەڕێن، گوێ لە مست ودەست لەسەر سنگ بن، لە لیستی داخراودا ئەندامەکانی بە تەواوی دەبنە بەندەی حزب، بەڵام لە لیستی کراوەدا کە خەڵکی چاکتر وبە تواناتر هەڵدەبژێردرێت، ئەندام ئەسیری حزب نابێت بە یەکجاری.

پاش دەنگدانی پەرلەمانی کوردستان بۆ لیستی داخراو بە 70 دەنگ بەرامبەر 14 بۆ لیستی کراوە، بۆ هەموو خەڵک ئاشکرا بوو کە ئەو پەرلەمانە شەرعیەتی جەماوەری لە دەست داوە سەرەڕای شەرعیەتی یاسایی ودەمێکە ماوەی شیاوی ئێکسپایەر بوە.

29/3/2009

# ساختەکاری هەڵبژاردن لە نێوان ڕاستی وسەرەڕۆیدا

لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردن ودوابەدوای هەڵبژاردنی ئێران ستونێکمان بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (هەڵبژاردنی ئێران و وانەیەک بۆ کوردستان) سەروبەری ستونەکە تەرخان کرابوو بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ناوخۆ ودەرەوەی ئێران سەرەڕای تەزویر وساختەکاری هەڵبژاردنیش، تەنها یەک پەیام لەو نوسینە لە چەند دێرێکدا بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان هاتبوو، کە ئەوەیان دەقەکەیەتی " ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا خەڵکی زۆر وشیار کردۆتەوە وئاگاداری هەموو شتێک دەبن لە چەند چرکەیەکدا بۆیە ئەوانەی بیر لە تەزویرکردنی هەڵبژاردن دەکەنەوە یان دەبێت بەو شێوەیە ڕووبەڕی جەماوەری خۆیان وجیهانی دەرەوە ببنەوە یانیش دەبێت هەزار جار بیر بکەنەوە بەرلەوەی تەزویرکاری بکەن، ئەوەش وانەیەکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان کە هیچی تر ئەو ئەزموونە نەشێوێنن ودوورکەونەوە لە هەموو جۆرە تەزویر وپێشێلکاریەک."

سەرەڕای هەموو ئەو نوسینانە وئاگادارکردنەوەی نێوەندە ناوخۆیی وبیانیەکان کەچی وادیارە دیسان دەسەڵاتداران بآ گوێدانە ئەو هەلومەرجە ناسکەی کە ئەزموونی کوردستان پێی تێدەپەڕێت وبەبآ گوێدانە شەرعیەتی دەسەڵات خۆیان بۆ نەگیرا ودەستیان کردە چەندین کاری تەزویر وساختەکاری.

لەگەڵ ئەوەشدا ئایا دەتوانین هەموو پرۆسەکە لە سفر دەین؟! ئایا ئاستی تەزویر وساختەکاری تا ئەو ڕادەیە بوو کە ئەو هەموو کێشەیەی ناوەتەوە؟! ئایە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لایەنگیری دەسەڵات بوو؟! ئایە هەموو ئەو لایەنە ناوخۆ ونێودەوڵەتی وەک یەکێتی ئەوروپا وحکومەتی ئەمریکا وهتد، وکەسایەتیە سیاسیەکانی دەرەوە هەتا سەرۆک کۆماری تورکیا وسەرۆک وەزیران نوری مالیکی بآ ئاگان وهەر بە خۆڕایی ستایشی پرۆسێسی هەڵبژاردنیان کرد؟

وەک ڕای شەخسی خۆم پێموایە بەڵێ تا ئاستێک کردەی تەزویر وساختەکاری هەبوو بەڵام هەرگیز باوەڕم نییە کە ئەو کردەوانە تا ئەو ڕادەیە بووبن ئەنجامە بەراییەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی بگۆڕێت، چونکە من قەناعەتم نییە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لایەنگیری دەسەڵاتە ئەو کۆمسیۆنە یەکەم ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی سەرۆک بارزانی کرد لە رۆژی هەڵبژاردنەکە، قەناعەتم نییە ئەمریکا ویەکێتی ئەوروپا وسەرۆکی تورکیا و سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی (کە لە بەرژەوەندییان دایە ئەو هەڵبژاردنە شەرعیەتی

نەبێت) هەموویان پیلان دژی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕن، بەڵکو زۆرێک لەو لایەنانە ڕۆلی کارایان هەیە لە بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆنی کوردی.

ئەوەی زۆر مایەی شورەیی بوو ئەو کارە تێکدەرانەی چەند کەسانێک کردیان بەناوی پارتی لە دژی بارەگاکانی چەند لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام داوای لێبوردن کردنی سەرۆک وەزیران وسەرۆکی کوردستان زۆر ڕوون وئاشکرابوو هیچ گومانێک جێناهێڵێت بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە تێکدەرانە دەستگیر بکرێن لەگەڵ ئەو کەسەی هانی داون وپیلانەکەی بۆ داناون جا هەر کآ بێت، ئەگەر کارەکە بە ڕەمەکی نەکرابوو. پێویستە سەرۆک وەزیران وسەرۆکی کوردستان زۆر بە جیدی کار لەسەر ئەو دۆسێیە بکەن، چونکە پشتگوآ خستنی گومان دروست دەکات!

ئەوەی لە هەڵبژاردن ڕوویدا بە هەموو پێوەرێک موعجیزە بوو کە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار زیاتر لە 40% دەنگەکان بدۆڕێنن، ئەگەر ئەنجامەکان بۆ لیستی کوردستانیش سەرکەوتن بێت وەک سەرکەوتنێکی نیمچە دۆڕانە بەو هەموو کەناڵەی میدیاوە وبەو هەموو بودجەیەوە وپارە هەڵڕشتنەوە تەنها 60% دەنگەکان بهێنن!

پێویستە ئۆپۆزسیۆن لە بارگرژی جەوی هەڵبژاردن دەرچن وخۆیان ئامادەکەن بۆ جێبەجێکردنی پەیمان وئەرکەکانی ئایندەیان، ونەک نیوەی ئەو ئۆپوزسیۆنە بچێتە ناو حکومەت ورۆڵی (حکوسزیۆن) واتە حکومەت وئۆپوزسیۆن بن لە یەک کاتدا.

ئێمەی خەڵکی بێلایەن کە گەورەترین بەشی کوردستان پێک دەهێنین پشتگیری هەر لایەنێک دەکەین خزمەتی گەل ونیشتیمان بکەن هەتا ئەگەر پارتی ویەکێتیش بە خۆیاندا چوونەوە هەموو هەڵە گەورەکانیان ڕاست کردەوە دەستخۆشیان لێدەکەین، کاتی خۆی لە شێخ شەعراوی یان پرسی ئێوە داوای جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام دەکەن بۆ ئەوەی خۆتان حوکم بکەن؟ لەوەڵامدا گووتی : ئێمە نامانەوآ حوکم بکەین بە ئیسلام، بەڵکو دەمانەوآ حوکم بکرێین بە ئیسلام. کەوابوو ئەگەر دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە بەخۆیان دانەچنەوە وهەموو چاکسازیە یاسایی وشەرعیەکان ئەنجام نەدەن ئەوە لە هەڵبژاردنی داهاتودا زیاتر لە 60% دەدۆڕێنن، ئەو هەڵپەیەی حزبەکانی ئۆپوزسیۆنیش بۆ گرتنە دەستی جڵەوی حوکم کێشەی ئێمەی بێلایەن نییە، چونکە پێویستە بەر لەوە ئەدایان ببینین لە ئۆپوزسیۆندا.

خیتابی بەشێک لەو ئۆپوزسیۆنە لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی زۆر جاڕسکەرە وادەزانن کوردستان بۆتە لەندەن وواشنتۆن وهێندە تەقالیدی دیموکراتیەت جێگیر بووە لە کۆمەڵگاکەمان بەرگەی هەموو ئاستێکی توند وتیژی وزمانی زبری میدیا دەگرێت. ئەو

خیتابە زۆر بە شێوەیەکی بێڕەحمانە هەموو کارێک دەکات بۆ شێواندنی هەموو ئەزموونی کوردستان لە جیاتی کەمێک بەخۆ داچوونەوە ئەنجامی کورتهێنانیان هەمووی دەخەنە ئەستۆی ساختەکاری.

لە لایەکی تر دوا مێسەگ بۆ خودی سەرۆک بارزانی وتاڵەبانی: سزادانی خەڵک لەسەر دەنگدانیان بە لیستەکانی تر دژی سەرەتلیپترین مافی دیموکراسیەتە، ئەوەی ئەو کارە دەکات وپێپێڕازییە خاوەنی ڕەوشت وتەفکێرێکی بەعسییە ئەگەر شێخ سەعیدی پیرانیش بێت، بۆیە بەس نیە تەنها بە دەم ئیدانەی ئەو کارانە بکەن چونکە ئەو حاڵەتە خەریکە دەبێتە دیاردە، بەعسیە ئەوەی نانی خەڵک دەبڕێت لەبەر مومارەسەکردنی مافی دیموکراسی خۆی لە دەنگدان!

من دەزانم ئەو بێلایەنیە کەس ڕازی ناکات نە ئۆپوزسیۆن ونە دەسەڵاتدار، چونکە لەو هەڵبژاردنە کە ستونێکمان نوسی لەسەر سەرنجەکانمان لەسەر خودی نێوشێروان ولیستەکەی ئیتر لە تەلەفزیۆنەکەیان ئاماژەیان بە لاوازترین نوسینی ئەم وئەو دەکرد بەلای نوسینەکانی ئێمە تێنەدەپەڕین واتە خرابوینە لیستی ڕەشەوە هەتا چەند هەوادارێکی خۆیان کە لە لەندەن دەمناسن زۆر ستایشی نوسینەکانی منیان دەکرد، منیش دەمگوت: ئەی بۆ کە باسی وتاری رۆژنامەکان دەکەن لە KNN ەکەتان باسیان ناکەن؟! بێگومان نەیاندەزانی ئەو عەقڵیەتەی گۆڕان بەڕێوە دەبات هەمان ئەو عەقڵیەتە شەڕانگێزە حزبیەیە کە هێشتا ماکی خوێنی شەڕەکانی براکوژی بەسەر جلەکانیەوەیە، وبرینێکی قوڵی شارچیەتی پێوەیە، جارآ هیچ نەبوە لیستی ڕەشیان داناوە!! دکتۆر فەرهاد پیربال یش نمونەیەکی چاکە بۆ ناسینی ئەو گۆڕانەی کە هێندە نابات پێویستی بە گۆڕانێکی تر دەبێت!

٢٠٠٩/٨/٢

# هەڵبژاردنی ئێران و وانەیەك بۆ كوردستان

ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات، کۆی هەموو ئەو سیاسەتە چەوتانەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی ئیسلامیە لە ناوەوە ودەرەوەی ئێران. ئەو کۆمارە بەناو ئیسلامیەی، کە لە پاش ڕوخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی ببوە جێی ئومێدی ملیۆنەها خەڵک لە گەلانی ئێران وموسڵمانانی جیهان، بە هیوای پێشکەش کردنی نمونەیەکی نوێ لە عەدل ویەکسانی ومرۆدۆستی، نەک نەیتوانی ئەو وێنەیە پێشکەش بە جیهان بکات، بەڵکو نەیتوانی کەمترین دادپەروەری ئیسلامی لە نێو خودی گەلانی ئێرانی پەیڕەو بکات!

یاسا ودەستوری ئەو وڵاتەیان لەسەر بنچینەی مەزهەبی بنیات نا، وەک بڵێی بە تەنها شیعە لەو وڵاتە دەژێت، هەرچەندە زۆربەی زۆری کورد وبەلوچ وبەشێک لە فارسەکان وبەشێک لە عەرەب وتورکمانەکان سونی مەزهەبن، هەندێک بە زیاتر لە 45% ئێران تەقدیریان دەکەن.

لەسەر ئاستی دەرەوە، ملیارەها دۆلاری خەڵکی ئێران بە فیڕۆ دەدرێت، لە موغامەراتە سیاسی ومەزهەبیەکان، بۆ نمونە بودجەی حزب الله ی لوبنانی، لە بودجەی خودی دەوڵەتی لوبنان زۆرتر بێت کەمتر نیە، هەر ئاوەدان کردنەوەی باشووری بەیروت، کە ئاتاری لەسەر پاتاری نەما، بە هۆی بۆردومان کردنی ئیسرائیل، هەمووی لەسەر حیسابی ئێران ئاوەدان کرایەوە، نەک وەک هەوڵێکی خێرخوازی بەڵکو وەک شوێنێکی شیعەنشین، وناوچەی نفوز ودەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران!!

ئینجا خۆ خەریک کردن بە بڵاوکردنەوەی دەعوەی مەزهەبی، لە زۆر وڵات وشارە گەورە وسونە نشینەکانی جیهانی ئیسلامی، وتەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر بۆ ئەو خەونە کۆنەی جوڵانەوە باتینی وئیسماعیلیەکان، کارێکی بێ هودەیە وئابوری ئێرانی شلۆق کردوە، ورۆژ بەڕۆژ باری دارایی وئاستی بژێوی خەڵکی ئێران خراپ وخراپتر دەکات.

سەرەڕای ئەوەش ئەو دەعویە دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی گیانی مەزهەب گەرێتی، وکاردانەوەیەکی توند لە دژی ئێران وشیعە دروست دەکات، بەڵکو دروستی کردوە تا ڕادەی ئەوەی شێخێکی بە حیساب میانڕەوەی وەک قەرەزاوی، هیچی تر خۆی بۆ نەگیرا وبە ئاشکرا ئیدانەی توندی ئەو کارە ناماقوڵانەی ئێرانی کرد. چونکە گومانی تێدا نییە کە ئێران ڕازی نابێت کەسێک لەو وڵاتە دەعوەی تەسەنون بکات، چونکە ئاشکرایە کە لە لەندەن

مزگەوتی شیعە وسونەی لێیە، کەچی تەهران وشارە شیعە نشینەکان مزگەوتێکی بۆ سونە تێدا نییە!!

لە ڕووی ئازادیەکانەوەش، هەزار لەمپەر وبەربەست دانراوە بۆ دەنگ وڕەنگە جیاوەزەکان. ئەوەی خۆی بۆ هەر هەلبژاردنێک کاندید بکات، ئەوە دەبێت لە چەندین فلتەر بدرێت تا بە سەلامەتی دەربچێت وڕێگای پێ بدرێت بەژداری بکات! کورد وبەلوچ وعەرەب وخەڵکی بە گشتی، دەناڵێنن بە دەستی پەراوێزکردنی ناوچە نا شیعیەکان، کە بە پێوەری ئەمڕۆی جیهان تاوانی جوداکارییە discrimination . لەو هەڵبژاردنەی ئەو دوایە وڕوداوە توند وتیژەکانی دوای هەڵبژاردنەکە، ئاشکرابوو کە جامی خەڵکی ئێران لێواو لێو پڕ بوە ولێی دەڕژێ، لە دژی سیاسەتە توند وئایدیۆلۆژیەکانی ئێران.

ئینجا ئەو تەزویرەی کە باس دەکرێت، زۆر ئاماژەی ڕوون هەیە کە ئەو تەزویرە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان کراوە، بۆ نمونە تەنها خوێندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە شارەکانی کوردستان کە زیاتر لە 60% دەنگەکان بۆ ئەحمەدی نەژاد ڕۆیشتوە، شتێکی ناماقوڵە خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بە حیزبوللایەکی وەک نەژاد! یان لە لورستان کە لە هەڵبژاردنی پێشوو نەژاد 20% هێنا بوو ئەو جارەیان 70%، یان لە هەڵبژاردنی لەندەن کە بەپێی موراسیلی بی بی سی، پرسیاریان لە زۆربەی دەنگدەران کردوە وزیاتر لە 80% خەڵک دژی نەژاد دەنگیان دابوو، کەچی ئەنجامەکەی 90% بۆ نەژاد بوو!

ئینجا خوتبەی هەینی ڕەهبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران یش، قوڕەکە خەستر دەکات چونکە لایەنگیری نەژادی زۆر ئاشکرا پێوە دیار بوو، ئەمڕۆ هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە موسەوی وکەروبی بە ئاشکرا تەحەدای ئەو ڕێنمایی وچاو لێسورکردنەوەی ڕەهبەر علی خامەنەیی دەکەن.

ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا خەڵکی زۆر وشیار کردۆتەوە، وئاگاداری هەموو شتێک دەبن لە چەند چرکەیەکدا، بۆیە ئەوانەی بیر لە تەزویرکردنی هەڵبژاردن دەکەنەوە، یان دەبێت بەو شێوەیە ڕوبەڕی جەماوەری خۆیان وجیهانی دەرەوە ببنەوە، یانیش دەبێت هەزار جار بیر بکەنەوە بەرلەوەی تەزویرکاری بکەن! ئەوەش وانەیەکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، کە هیچی تر ئەو ئەزموونە نەشێوێنن ودوورکەونەوە لە هەموو جۆرە تەزویر وپێشێلکاریەک.

٢٠٠٩/٦/٢٠

# کورد وەهەلێکی زێڕینی دوای هەڵبژاردنی ئێران

ڕوداوەکانی پاش هەڵبژاردنی ئێران وئەو توند وتیژیەی کە لێکەوتەوە، لە بەرەنگار بوونەوەی دەنگی ناڕەزایی خەڵک، وادیارە خەریکە هەموو خەڵک وگەلانی ئێرانی وریا کردۆتەوە، وبە پێچەوانەی بانگەشەی لایەنگرانی ڕژێمی ئێران کە پێیان وایە ناڕەزاییەکان هەر بە تەنها لە سنوری خەڵکی تەهران ونوخبەیەکی رۆژئاواگەرایە!

ئەمرۆ دەبێتە شورەیەکی گەورە بۆ ئەو میللەتانەی، کە بەو پەڕی پەراوێزخستنەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بێ دەنگی هەڵبژێرن، وەک هاندەرێک چۆن دەڕواننە یاری تۆپێن، بڕواننە ڕوداوەکانی تەهران ودەوروبەری.

حزبە کوردیەکانی ئێرانیش بە داخەو،ە لە ماوەی درێژی ئەو هەموو پەیوەندییە گرژەی نێوان کۆماری ئیسلامی ورۆژئاوا وجیهانی عەرەبی وئیسلامیش تا ڕادەیەک، لە کاتێک کە زۆربەی ئەو جیهانە پان وبەرینە دژی ئاڕاستەکانی سیاسەتی ئێرانن ودەستێوەردانەکانیانن، نەک نەیانتوانیوە کەمێک لەو حاڵەتە بۆ خۆیان بە بەرژەوەندی خۆیان وەبەری بێنن بەڵکو دەڵێی لە فرێزەرێک خۆیان حەشارداوە تا مەهدی مونتەزیریان بەدیار دەکەوێت، یان تا گیڤارا زیندوو دەبێتەوە لە بۆلیڤیاوە بەرەو هانایان دێت، یان دەڵێی لە مۆزەخانەیەکی شۆڕشگێڕانە وەک لاشەیەکی مردوی تەحنیتکراو، بەو پەڕی ساردیەوە لە گۆشەیەک دانراون!

ئەو حزبانە نەیانتوانیوە تەبەنای خیتابێکی هاوچەرخ وگونجاو بکەن، لەگەل سروشتی ئەو قۆناغە بگونجێت، بەڵکو زۆربەیان هەر خەریکی لێدانەوەی قەوانی کۆنن، چەند کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیان هەیە، دەڵێی ڕادیۆی سەردەمی هەڵکشانی شەپۆلی کۆمەنیزمە، پیاو زۆر حەوسەلەی فراوانە ئەگەر بتوانێت سەعاتێک چاوی بداتێ!!

ئەمرۆ کوردستانی ئێران نە پێویستی بەو حزبە سارد وسڕانە هەیە، نە بەو کاوڵکاریەی پژاک دەیکات بەناوی خەبات، کە هێزی ئێران لە تۆڵەی هەر فیشەکێکی ئەوان، هەزاران تۆپ بە کوردستان و سنورەکانی ولادێیەکانیەوە وەدەنێن! پێویستە کورد خەباتێکی شارستانی و شارنشینیانە بکات وهەر لەناو شارەکانیش، چەند ڕابەرێکی دەستە جەمعی دروست بکەن بۆ ئیدارەی کێشەکەیان، وهیچی تر چاوەڕوانی ئەو حزبە ساردو سڕانە نەکەن.

چونکە بێگومان ئەو حزبانە هیچیان لێ شین نابێت، ئەگەر لەو هەل ومەرجەی دژی ڕژێمی ئێران وا بێدەنگ وڕەنگ بن، ئەی ئەگەر ئەو دژایەتییە سوکتر بێتەوە دەبێت چی بکەن؟!

هەواڵەکان باسی سەرهەڵدانی چالاکیەکان دەکەن، لە چەند شارێکی کوردی وەک کەرمانشا ومەهاباد وبۆکان ونەغەدە، تا ئێستاش پێنج کورد بونەتە قوربانی بەرپەچدانەوەی هێزەکانی ئێران، وهەڵمەتێکی بەرفراوانیش لە دەستگیر کردنی لاوان وچالاکوانەکان دەستی پێکردوە. کەوابوو وەک کەسێکی دیاری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەڵێت:" ئەوە چاکترین هەلە بۆ کورد بۆ دەستپێکردنی خەباتێکی سیاسی وشارستانی، بۆ وەدەست هێنانی کەمێک لە مافەکانیان" ئێمەش پێمان وایە ئەو ڕوداوانە چاکترین هەلە بۆ وەرچەرخانی شێوازی خەبات کردن، ودەست پێکردنی شێوازێکی نوێی لە خەبات کردن، چونکە ئەو ڕژێمە لەسەردەمی خاتەمییەوە کە میانڕەوترین سەرۆکی ئێران بوو، دەیەها پەیمانی بە کورددا وپاش ئەوەی کوردیش لە هەردوو دەورەی هەڵبژاردن هەموو دەنگی خۆیان پێیدا، کەچی یەک لەو پەیمانانەشی جێبەجێ نەکرد!

جا نازانم لەبەر موستەزعەفی خۆی بوو یان یان لەبەر هۆی تر بوو! چونکە دیاردەیەکی سەیر هەیە لە گۆڕەپانی سیاسی وفیکریش، ئەویش ئەوەیە ئەوانەی ئەوپەڕی بیرفراوانی ودیموکراتخوازی نیشان دەدەن لە نوسین وکردەوەیان، کە دێنە سەر کورد وکێشەی کورد نازانم بۆ وا سەرەتاییانە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەی ئەوە (ئەدۆنیس) ی پێغەمبەرە درۆزنەکەی مۆدرینێستەکان نەبوو کە نەیویست دێریکیش لە دەفتەری یادەوەری مۆنیۆمێنتی هەڵەبجە تۆمار بکات؟!

پێویستە کورد پەیوەندی بە موسەوی وکەروبی وهەموو ئیسلاح گەراکان بکات بۆ ئەوەی وەک لۆبیەکی بەرفراوان دەنگی کوردی ڕێکبخەن وبە خۆڕایی نەیدەنە کەس، هەتا داواکاریەکانیان جێبەجێ نەکات! کورد لە ئێران پێویستی بە پەکەکەیەکی تر نیە، بەڵکو پێویستی بە دەتەپە (حزی کۆمەڵگای دیموکراتی) یەکە.

٢٠٠٩/٦/٢٧

# ئەلیسا وبانگەشەی ئیرۆتیکی بۆ لیستی هاوپەیمانی!

ئەلیسای گۆرانیبێژی لوبنانی ناوبانگی بوێری وبێ پەردەیی ئیرۆتیکی (جینسی) گەیشتە هەولێر، بۆیە داوەتکراوە بۆ ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێک بۆ خەڵکی موحافزکاری هەولێر.! سەیر لەوەدایە کە ئەلیسا گوایە لەسەر داوەتی کۆمپانیایەکی هونەری یان بەڵێندەرێک هاتوە، کەچی لەلایەن وەزیری موتەرجیم، یان موتەرجیمی بە پلەی وەزیر فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا !!

بەڕاستی جێی سەرسوڕمان وپێکەنینیشە، کە کەسایەتیەکی دیاری پارتی وحکومەتی هەرێم، لەو ساتە ناسکانەی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەوپەڕی بێ باکیی ولاموبلاتیەوە پێشوازی لە گۆرانیبێژێکی ئیرۆتیکی وڕوت وقوتی وەک ئەلیسا بکات بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی١ کە بێجگە لە چەند هەرزەکارێکی تەمەن بچوک ومەزنی ئەو کۆمەڵگایە، زۆربەی پێیان خۆش نییە نمونەی وەک ئەلیسا ببێتە خولیای گەنجەکانمان لە کچان وکوڕان.

کلیپ وگۆرانیەکانی ئەلیسا، وچەندین گۆرانی بێژی ئیرۆتیکی تری وەک هەیفا وەهبی و وروبی ودومینیک وهتد، هەتا لەلایەن کەناڵە عەرەبیەکانی تایبەت بە گۆرانی وەک گروپی کەناڵەکانی سترایک ورۆتانا وهتد، لە مانگی ڕەمەزان قەدەغە دەکرێت لەبەر ئیحائات وئاماژە سێکسی وبێ پەردەییەکانیان لە وتە ولە وێنەدا.

دەوڵەتی کوێت وەک ڕیزگرتنێک بۆ زەوق ومیزاجی خەڵکەکەی نەیهێشت ئەلیسا ئاهەنگ بگێرێت لەبەر هۆی ڕەوشتی!!

لە هەمووی سەیرتر وڵاتێکی بێسەروبەر لە ڕووی ڕەوشتیەوەی وەک سوریا لەسەر زمانی نەقیبی هونەرمەندانی سوریا، سەباح عبید بڕیاری قەدەغەکردنی لیستێک لە گۆرانیبێژی ئیرۆتیکی دا، کە دیارترینیان ئەلیسا وهەیفا وەهبی بوون! نەقیبی هونەرمەندانی سوریا لەمەر هۆی بڕیارەکەشدا گوتی بۆ :" ڕێگرتن لە پیسبوونی ڕەوشتی کە لە ئەنجامی ئەو گۆرانیانە دێتە کایەوە، کە زیاتر سەر بە ڕوتوقوتین، زیاتر لەوەی سەر بە هونەری گۆرانی گوتن بن" بڕوانە چۆن باسی (التلوث الاخلاقی) وەک (التلوث البیئی) دەکات، کە هەردوو تەلەوس دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەی سروشتی وڕەوشتی ئادەمیزادەکان!! ئەوەش دەقی وتەکەی ئەوە:

"للحد من التلوث الاخلاقی الذی یسببە الغناء الذی ینتمی الی العری اکثر من انتمائە لفن الغناء "

کەسانێک گوتیان ئەو بڕیارەی سوریا هۆی ئەمنی وسیاسی لە دوایە، کە ئەو قسەیەش نەقیبی هونەرمەندانی سوریای توڕەکرد، و ئەو قسەیەی ڕەتکردەوە وگوتی هەیفا وئەلیسا وئەوانە پەیوەندیان چییە بە سیاسەت، بۆ ئەوانە هەلوێستی سیاسیان هەیە؟!، لەوانەیە هەلوێستی تریان هەبێت بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو هەڵوێستانە سیاسی نین!!

وادیارە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی حیسابی کاردانەوەی خەڵکی هەولێر وکوردستان بەگشتی ناکەن، ئەگینا لەو گەرمەیەی هەڵبژاردن، ئافرەتێکی گۆرانی بێژی وا بەدشوهرەتیان نە دەهێنا بۆ کوردستان، وسەدان هەزار دۆلاریان بەسەردا شاباش نەدەکرد! لە جیاتی ئەو پارەیەتان بەسەر چەندین خێزانی هەژار و گەنجی هەژار دابەش کردبا، ناڵێم بۆ خوا بەڵکو هەر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

ئەوەی زیاتر مرۆڤ توشی شۆک دەکات، وەک بڵێی کاک فەلاح موستەفا لە مەریخ بێت، ونەزانێت ئەلیسا چییە وسەنگ وقورسایی چەندە لە نێوەندی عەرەبی هونەری وکۆمەڵایەتی وئاگای لە دەرەوە نەبێت، هەرچەندە بە حوکمی موتەرجیمی وزمانزانی کراوەتە بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێت: " زۆر دڵخۆشین بە هاتنی، ئەمەش بۆ سەقامگیری بارودۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەمە کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهانی عەرەبی پیشان دەدات!!!"

ئەوەیە بلیمەتی وعەبقەریەت لە چڵەپۆپەدا، هاتنی ئەلیسا بەڵگەی ئاسایش وئارامبوونی هەرێم و بەڵگەی کرانەوەی هەرێمە بەڕووی جیهانی عەرەبی!! ئەوە قسەیەکی عەنتیکەی عادیل ئیمام مان بیردەهێنێتەوە لە شانۆنامەی (الزعیم) کە ناوی لە پەیوەندیە بەد ڕەوشتەکانی لەگەڵ کچانی ئەوروپا دەنا بە (المباحثات الثنائیە)!!

هەق وایە لەمەودوا لە نێو بانگەشەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بڵێن :

- دەنگمان پێبدەن چونکە ئەلیسامان بۆ هێناون تا گۆرانیتان بۆ بڵێت وبلیتەکانیش لەسەر خۆمانە!!

- دەنگمان پێبدەن تا هەیفا وەهبی و روبی ودۆمنیک ودانا هەموو گۆرانیبێژە ئیرۆتیکەکانی ترتان بۆ بێنین!!

ئەوەیە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەگەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەسانی وا بلیمەت وعەبقەری هەبێت لە موراعاتکردنی هەست وزەوق وسەلیقەی خەڵک زۆر باش دەباتەوە!.
٢٠١٠/٢/١٩

# لیستی یەکگرتوو لە هەولێر

یەکگرتوو وەک حزبێکی سیاسی لەو چەن ساڵەی دواییدا، گۆڕانێکی جۆری لە هەڵوێستە سیاسیەکانی بەدیدەکرێت، وخەریکە ورده ورده لە پاڵتۆیە کلاسیکییەکەی (اخوان المسلمین) دەدردەچێت، بێگومان ئەو هەل ومەرجەی یەکگرتوو پێیدا تێپەڕیوە، وئەو هەموو ئەزموون وخبرەیەی کە وەریگرتوە لە گۆڕپانی سیاسی کوردستان، وکاریگەری حزبی داد وگەشەپێدانی تورکی، هەمووی بەرەو ئەو خاڵەی دەبات کە لە بەراوردا لەگەڵ ئەزموونە ئیخوانیە سەرکوتکراوەکانی تری ئیخوان لە میسر، وهەموو وڵاتانی تری دەوڵەمەندتر بکات وئاسۆی فراوانتر بکات.

لە کاتێکدا یەکگرتوو ئەو هەنگاوە ئیجابیانە دەنێت، کەچی لە جاڕدانی لیستی کاندیدەکانی لە هەولێر خەڵکێکی زۆری توشی حەپەسان کرد. چونکە لە ئێستادا نێوەندی سیاسی وفەرهەنگی کوردی، ڕەخنە لە دیاردەی بنەماڵەی حزبی وحزبی بنەماڵەیی دەگرێت، کەچی یەکگرتوو لە هەولێر هەمان ئەزموونی دووبارە دەکاتەوە، من لەسەر ئاستی کەسێتی هیچ شتێکم نییە لەگەڵ ئەو بنەماڵانەی یەکگرتوو لە هەولێر، بەڵام بەڕاستی لە دیاریکردنی کاندیدی پلە یەکی لیستی هەولێر سەرکەوتو نەبوون، هۆی سەرەکیش لەو هەڵبژاردنە نفوزی بنەماڵەیی مەلا جەمیلە وهیچی تر.

من ڕیزم هەیە بۆ کاک ئوسامە، مەرج نیە کەسێک لە لایەنێک چاک بێت لە لایەنێکی تریش بە هەمان شێوە چاک بێت، بەڵام هەر لە ئاهەنگی ناساندنەکەدا ڕەهەندێکی مەنتیقی نیشان نەدا، تا تەبریری ئەو هەڵبژاردنە بکات، چۆن سەرۆکی لیستێک دێت لە جیاتی پێشکەش کردنی پرۆژە وبەرنامەی، شیعرێک دەخوێنێتەوە بە شێوەیەکی سوریالی گومانم نییە لەوەی سێ بەشی منداڵەکانی هۆڵەکەی ترساند، وسێ بەشی ئامادەبوانیش لێی تێنەگەیشتن بە ئەمینداری گشتییەوەش!

ئینجا ناکرێت کەسانێک دەست بۆ هەموو شتێک بەرن، لە یەک کاتدا سەد کارەبن، وەک ئەکتەرێکی کۆمیدی بەریتانی لە فلمێکدا بە تەنها هوتێلێکی بەڕێوە دەبرد، هەر خۆی دەرگەوان وکارمەندی پێشوازی وبەڕێوەبەری هوتێل وتەباخ وباربۆی وپاکژکەرەوە وشوفێر وچەندین شتی تر بوو!!

یەک لەو کارانەی کاک ئوسامە کە من لێی ئاگادارم - بێگومان کاری تر وبەهرەی تریشی هەیە- کاری نواندنە، بەڵام پێمناخۆشە کە بەسەراحەت بڵێم، ئەکتەرێکی سەرکەوتوو نییە لەو چەند ڕۆڵەی کە بینیومە، دەترسم وەک چۆن مومەسیلێکی سەرکەوتوو نیە، ئەوهاش سەرکەوتوو نەبێت لە تەمسیلی خەڵکی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا!!

٢٠١٠/٣/٣

# هەڵبژێرە لەنێوان سێکیولارێکی گەندەڵ یان داعشێکی دەست پاك

نیۆرك تایمز ستایشی دەوڵەتی داعش دەکات، ودەڵێت سەرەڕای ئەوەی توونـد وتیژیەکی لە ڕادەبەدەری تێدایە، وئافرەتانی یەزیدی لە بازاڕی کۆیلایەتی دەفرۆشرێن وچەندین کارەساتیتر بەڵام بەرتیل وڕەشوە و گەندەڵی تێدا نیە، کە سەرەکیترین توخمی سەرکەوتنی دەوڵەتە!
لە کوردستان ئەو تووند وتیژیەی تێدا نیە تەنها گەندەڵی و بەرتیل وڕەشوەی تێدایە! کە سەرەکیترین توخمی فەشەل هێنانە بە هەر وڵاتێك .

بەو حیسابەی نیۆرك تایمس بێت دەوڵەتی داعش سەرکەوتووترە لە حکومەتی عێراق و سوریا و کوردستانیش!!

یەکێك دەڵێت یەك ملیۆن دۆلارت پێ بێت دەتوانی لە ڕەقەوە بیبەیت بۆ موسڵ بێ ئەوەی کەس بتوانێت ڕێت پێ بگرێت و یەك دۆلارت لێ بەرێت !

لە کوردستان خەڵکێکی زۆرم دیوە بە تایبەتی لە هەولێر، کە پشتگیری لە توونـدڕەوترین و نەزانترین مەلای ئەو مینبەرانە دەکەن تەنها لە دژی گەندەڵی حزبەکان! مەلاکانیش لە پێناو ئەو خاڵە لاوازەی خەلك هەموو بیروڕایە دوواکەوتوو و رزیوەکانی خۆیانیان بەسەر دەسەپێنن.

یانی قەدەری میللەتانی خۆرهەڵات ئەوەیە یان حکومەتێکی بێ گەندەڵی داعشی هەبێت، یان حکومەتێکی بە ناو سێکیولاری دیموکراتی گەندەڵ تا سەر ئێسقان؟!

یان حزبێکی داعشی دەنگەکانت بەرێت، یان حزبگەلێکی ناو ئێسقان ڕزیو و گەندەڵی وەك پارتی و یەکێتی و حزبە ڕۆژهەڵاتیەکان؟!

چەندە هەڵبژاردەیەکی قوڕسە لە نێوان بەناو سێکیولاری دیموکراتی گەندەڵ یان داعشێکی تیرۆرستی سەربڕی کۆیلەداری دەست پاك؟!

٢٠١٥/٧/٢٢

# لەبەر بێ مەرجەعیەت

## لەو هەڵبژاردنە دۆڕاوی هەرە گەورە کورد بوو!

پیلانی بچوک کردنەوەی کورد لەلایەن هێزی داگیرکەری عێراق، ووڵاتە دراوسێ عەرەبەکان وهێزەکانی ناوخۆوە هەر زۆر زوو دەستی پێکرد، ئەگەر ئێمە وەک کورد هۆش وهەڵوێستمان هەبا، نەدەبوایە پلە بە پلە سەر ئەو پلیکانەیەی پیلان هەڵگەڕابایین! ڕاستە کورد لەسەر ئاستی ئیقلیمی بێ پشتوپەنایە، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە هێزی جەماوەری کورد وڕێکخستنی ناوەوەی ماڵی کورد، مسۆگەری ئەو هێزە دەکات کە لایەنەکانی تر لە دەرەوە پێیان دەگات.

سەرەتای دۆڕانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕازیبوون بە کەمکردنەوەی ژمارەی کورسیەکانی کوردستان، وڕازیبوونی کورد بە تەلەفۆنێکی پڕ فشاری ئۆباما، ئەو ئۆبامایەی لەپاش بەتاڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی سەرۆکی پێشو جۆرج بۆش، وەک ئەو ئاغایەی گوندی لێهاتوە کە کچی بەدوکەوتبێت وکەس ڕیزی لێنەگرێت وسڵی لێ نەکات، کاتی خۆشی پێش گرتنی جڵەوی دەسەڵات، ئێمە لە وتارێکدا پێشبینی ئەو چارەنوسەمان کرد بۆ ئۆبامای جیهانی پاش بۆش.

ئێستاش پلە دووی ئەو پیلانە بەڕێوەیە، ئەویش بە شکاندنی ترسی دەروونی خەڵکی غەیرە کوردە لە کەرکوک، ئەوەتا لە کاتێکدا کورد زۆر باوەڕی بە خۆیەتی کە لە ڕیفراندۆمی کەرکوک دەباتەوە، ئەو ڕیفراندۆمەی کە لە چارەسەری کێشەی فەلەستینیەکان وجولەکە دەچێت، ولەوە ناچێت هەرگیز بکرێت، کەچی کەرکوک لەو هەڵبژاردنەی 2010/3/7 کرایە هێمای پەیامێکی خەتەرناک بۆ کورد کە کێ دەڵێت کورد خاوەنی کەرکوکە، کەرکوک کوردی نییە، بەڵکو عەللاوییە! وەک دەڵێن لە سەردێری چەند بڵاوکراوەیەکی ڕۆژئاوادا هاتوە!

ئێستا کورد زهنیەتی ئامادە دەکرێت بۆ ئەنجامی ریفراندۆمێکی دۆڕاو لەسەر کەرکوک، ئەگەر لە حالەتێکدا کرا وکورد زۆر سور بوو لەسەر ئەنجامدانی. ئەو پەیامە لەلایەن ئەمریکا وبەریتانیا ووڵاتە عەرەبیەکانە بۆ کورد، کە ڕێگا زۆرە بۆ نەهێشتنی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وئەو چەکەی کە ریفراندۆمە وکورد زۆر دڵی پێخۆشە، لەوانەیە هەر هەمان چەک بێت کە هیوای کورد بۆ هەتا هەتایی لە کەرکوک ببڕێت. سەیر لەوەدایە ئێستاش عەرەب وتورکمانە شۆڤینیستەکان لە سایەتە شڕەکانیان

بانگەشەی ئەوە دەکەن کەرکوک بە پیلانی ئیسرائیل وئەمریکا دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، بەرپرسە نامرۆڤەکانی ئیسرائیلیش تەفسیری ناکەن لە جەختاندنی ئەو بۆچۆنە وزۆر قسە ولێدوانی بێسەروبەر دەدەن لەو بارەوە لە خزمەت سیاسەتەکانی خۆیاندا بەکاری دەهێنن. کورد وپشتیوانی ئیسرائیل وەک ئەو پەندەی لێهاتوە کە دەڵێن (نەخواردووی لە سمێڵان مەیی)

ئێستا لە هەموو ئەولەویەتێک ئەولەوی تر یەکخستنی ڕیزی کوردە، ئەو ئەرکەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی هەرێم، دەزگای سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر بەڕاستی دەزگای هەموو کوردە دەبێت وەک شانەیەکی هەنگ بەردەوام لەکاردا بێت وپلانی پێشوەختی هەبێت بۆ هەموو بۆنە وڕوداوەکان، نەک پاش هەر دۆڕانێک بەخۆیان بێنەوە، ئەو تیمە زەبەلاحەی لەو دەزگایە کاردەکەن بەشی ئەوە دەکات خەم لە کوردەکانی روسیا وهیندیستانیش بخۆن نەک وادەستەپاچە بن لەبەرامبەر تەحەدایەکی گەورەی وەک هەڵبژاردنی عێراق ولە ئەنجامی نەبوونی تەنسیقێکی هارمۆنی لە نێو لایەنە کوردیەکان سەدان هەزار دەنگی کورد بفەوتآ لەملا ولەولا. پێویستە ئەوانەی لەو دەزگایەی سەرۆکایەتی هەرێم کار دەکەن سوپایەک بن لە Think Tank بیرمەندان نەک سوپایەکی زۆر وبۆری مشەخۆر، ئەو بەرپرسیاریەتەش لە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمە پێویستە کەسانی شیاو بەتوانا لە هەموو لایەک وئینتیمایەک لەوآ کۆبکاتەوە کاریان ئەوە بێت بیربکەنەوە لە ئێستا ودواڕۆژی کورد وپلان وپێشنیارەکانیان پێشکەشی سەرۆک بکەن وسەرۆکیش بەبەردەوامی پرس ورشایان پێبکات، ئەگەر ئەو کارەش ناکەن ئەی لە پێناو چی ئەو هەموو خەڵکە لەو دەزگایە کار بکەن؟!

ئەمڕۆ بەر لە زیاتر کەرتبوونی هێز ودەنگی کورد سەرۆکی هەرێم هەلێکی گەورەی لە پێشە بۆ بەرگرتن لە بەزایە چوونی ڕەنجی کورد وهەموو لایەک لەسەر خوانێک کۆبکاتەوە، سەرۆک کە 70% دەنگی کوردی هێناوە دەبێ خەمخۆری 100% کورد بێت ومەرجەعیەتێک لە دەوری خۆی دروست بکات ودەبێت زۆر حەساس بێت لەکاری حزبایەتی چونکە ئەو نوێنەری هەموو کوردە نا بێت وا بێخەم بێت لەو دابەشبوونە ئەمیبیەی کورد وئاهەنگ بگێڕآ بە بۆنەی سەرکەوتنی حزبەکەی لەو هەڵبژاردنەدا!!

20/3/2010

# دەنگ مەدەنە ئەوانەی لە بەغدا کوردیان هەڕاج دەکرد! هەڵوێستی سارتەر لە داگیرکاری ئەڵمانەکان!

نابێت خۆمان بەو وەهمەی هەرزەکارانی سیاسەت فریودەین، کە بەغدا پایتەختی هەموو عێراقیەکانە بە کوردیشەوە! دەوڵەتی نیشتیمانی ناچێت لەگەڵ دەر و جیرانەکان مانۆری سەربازی بکات بۆ تێکشکاندنی بەشێک لە وڵاتی خۆی! دەوڵەتی نیشتیمانی هێزی بیانی مەزهەبی ناهێنێتە سەر بەشێک لە میللەتی خۆی!؟ دەوڵەتی نیشتمانی لەبەر خاتری ڕازیکردنی تورکیا و کەمینە تورکمانێکی شیعی، زۆرینەی کورد ئاوارە ناکات لەسەر خاکی توز و دەوروبەری! دەوڵەتی نیشتیمانی ناهێڵێت نەزعەی دژایەتی کورد ببێتە کارتێکی دەنگ کۆکردنەوە، و دەبێت بە یاسا قەدەغەی بکات، وەک تۆمەتی دژەسامێتی، کە جووەکان لە سەرتاسەری جیهان کردویانەتە پاسەوانێک بۆ خۆیان!

بۆیە بە هەموو پێوەرێک بەغدا پایتەختی وڵاتێکی داگیرکەرە، و هەرواش خۆی دەنوێنێ با لە دەستوری پەکخراویشی وانەڵێت! هەندێ لەو پەرلەمانتارانەی بە دەنگی کورد چووبوون بۆ بەغدا، لە ئەمسالی سروە عبدالواحید و ئاڵا تاڵەبانی و هوشیار عبدالله و کاوە محمدی گۆڕان، لە ژێر پەردەی دژایەتی گەندەڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی سەرەکی خۆیانیان لەبیرچۆبوەوە، کە دەبێت بە پلە یەک دژایەتی گەندەڵی حکومەتی بەغدا و چەسپاندنی دیموکراتیەت وشەڕی بەرژەوەندی کورد بێت!

هەندێکیان وەک تەیرێکی قۆڕ وەک مەلا سەلیم شوشکەیی کۆمەڵ، لە چوارساڵی پەرلەمانتاریدا یەک جار خوێندی ئەویش دژی ڕیفراندۆم و کورد خوێندی تا مەلا مووچەی چەوری نەبڕێ! ئێستاش کۆمەڵی ئیسلامی وەک نەزۆکێک دیسان ئەو مەلا بێ کەڵکەی کاندید کردۆتەوە!

ڕاستە گەندەڵییەکی بێ سنوور و پڕ شەرمەزاری لە کوردستان هەیە، بەڵام ئەوە کاری سروە و وشیار نەبوو لە پەرلەمانی بەغدا، بەڵکو کاری ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان بوو، کە وابزانم گۆڕان تەفسیری لێ نەکردبوو، بەڵام بە نسبەت ئاڵا و هاوەڵە یەکێتیەکانی ئەوە هەر زۆر کۆمێدی بوو، حزبی خۆت سەرێکی مارە دووسەرەکەی دەسەڵات وگەندەڵی بێت، کەچی تۆ باسی گەندەڵی کوردستان بکەیت!

ئەو نیمچە ڕۆشنبیرانەی وەک سروە و وشیار و کاوە محمد وئاڵا وایان لێهاتبوو گاڵتەیان بە بەرگریکردن لە میللەتەکەیان بێت، ناوی قەومەچی و قسە قۆڕەکانی هەندێ کۆنە چەپرەوی خەیاڵیان لە هەست وسۆزی کورد دەنا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی !

نازانم ڕۆشنبیری کورد بۆ وا بە دوو کتێبی فیکری و فەلسەفی بەتاڵ دەبێتەوە لە هەموو بەهایەک، لە کاتێکدا فەیلەسوفێکی گەورەی وجودیەت ئێگزیشتانشاڵیزمی وەک سارتەر بزانە لە حاڵەتێکی هاوشێوەی حکومەتێکی گەندەڵی فەڕەنسی پێش داگیرکردنی فڕەنسا بزانە هەڵوێستی چۆن بووە!

سارتەر دەڵێت: لەبەردەم فەرەنسیەکان و ئەدیب و هونەرمەندان دوو ڕێگا هەبوو یان هاوکاری دوژمن یانیش بەرەنگاری، کە من بەرگریم هەڵبژارد.
سارتەر لە چاوپێکەوتنێک پاش سی ساڵ لە داگیرکاریەکەی ئەڵمان لەگەڵیکراوە دەربارەی هەل و مەرجی داگیرکاری ئەڵمانی دەڵێت:

لە ساڵی ١٩٤٠ هەمووومان ئەو کاتە لە مەرگ و چەرمەسەری دەترساین لە پێناو دۆزێک کە باوەڕمان پێی نەبوو. ئەو کاتە فەڕەنسا قێزەون بوو لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و ناکارامەیی و دژەسامێتی.
دەوڵەمەندەکان وڵاتەکەیان تەنها بۆ دەوڵەمەندەکان دەویست. کەسێکت دەست نەدەکەوت حەزبکات لە پێناو فەرەنسایەکی وا بمرێت. تا زانیمان کە نازییەکان هەڵبژاردەیەکی خراپترن!

دەڵێی سارتەر باسی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکات لە ڕۆچوون لە گەندەڵی و خواردنی خێروبێری وڵات لەلایەن دەوڵەمەندە گەندەڵەکان، ونەمانی هیوای خەڵک بە قوربانی دان لە پێناو وڵاتێک کە بووبێتە مەزرعەی شەخسی دوو حزب و دوو بنەماڵە!
بەڵام سارتەر بەو هەموو قوڵاییە فەلسەفییەوە، وەک هەرزەکارەکانی گۆڕان و یەکێتی و مەلا سەلیمی کۆمەڵیش لە بەغدا دژایەتی ئاوات و خاکی نەتەوەکەی نەکردەوە، هەرچەندە دەڵێن، داگیرکەری نازی زۆر نەرم و عاقڵانە ڕەفتاری دەکرد لەگەڵ فەرەنساییەکان، و خەڵکێکی زۆری فەڕەنسای بۆلای خۆی کێش کردبوو، وەک ڕەخنەگر ئەلان رایدینگ دەیلێت لە کتێبێک بەناوی: نمایشەکە بەردەوام بوو: ژیانی فەرهەنگی پاریس لە ژێر داگیرکاری ئەڵماندا.

بەداخەوە نەوەی نوێ کورد زۆربەیان لە عەرەبی ناگەن، دەنا حزبەکانیان وا بێ خەم نابوون لە کاندیدکردنەوەی ئەو چرچاوانەی خۆفرۆش و دژی کوردن بە هەموو پێوەرێک. گۆڕانەکانیش بە تایبەتی وا بێ هەڵوێست نابوون لە کاندیدکردنەوەی کاوە وشیار و بەقەرزدانی سروە بە لیستێکی عەرەبی! دەنگدان بەو جۆرە ئەندام پەرلەمانانەی گۆڕان ویەکێتی وپارتی و کۆمەڵ وهەرکەسێکی هاوشێوە خیانەتە لە کورد، چونکە بزوتنەوەی گۆڕان بە تایبەتی و حزبەکانی تر بە گشتی هێشتا ڕێبازی خیانەتکارانەی بەغدایان بە وشەیەک ڕەخنە نەکردوە بەفەرمی! محەمەد هەریری
٢٠١٨/٤/٢٠

# دەنگ بدە بەو مواسەفاتە ئەگەر هەبوو!!!

من دەمێکە دەنگ نادەم لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان، تەنها دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی بەریتانیا دەدەم، بەڵام زگم بە حاڵی خەڵک دەسووتێ ناچار بێ دەنگ بدات لە نێوان دوو زلهێزی مافیای دەسەڵات پارتی ویەکێتی، یان هاوپەیمانەکانیان، یان ئیسلامی سیاسی کە هیچی پێ نییە لە دروشم زیاتر! یان بە گۆڕانێکی داڕماو بە تایبەتی لە پاش نەوشێروان، یان شاسوارێکی بزنزمانی ساختەچی، و بەرهەم ساڵحێکی کردار شەرتەی تازە هەڵگەڕاوە بە زمان لە گەندەڵی!

قورسە بتوانی دەنگ بە یەکێ لەوانە بدەیت !

دەنگ مەدەن ئەگەریش دەیدەن، بدەنە کەسێک کە پێشتر ئەزموونی دۆڕاوی نەبێت، یان بازرگانی سیاسەت نەبێت، بە پارەی دزیاری و بەغدا پێگەیشتبێ! دەنگ بدەنە کەسێک بتوانێ کە سەرکەوت سنورێک بۆ پارتی و یەکێتی دابنێ، لە چەکیان داماڵێ، نەک ئەو دوو حزبە یەک کورسیش بێنن هەر سەرکاری وڵات بن! کەسێ بتوانێ گەندەڵی بن بڕ بکات، خاینان دادگایی و سزا بکات!

بتوانێ وەک هاوشان لەگەڵ بەغدا مامەڵە بکات. ئەگەر کەس و لایەنێکتان بەو مواسەفاتە دیت دەنگی پێ بدەن!

لەبیرت نەچێ هەواڵ بە منیش بدەیت!

28/2/18

# چۆن دەزانی هەڵبژاردن وپەرلەمان لای حزبەکان فشەیە!

تۆ بڕوانە لە کاندیدەکانەوە دەزانیت!
کاندیدێکی زۆری حزبەکان کە دەچنە بەغداش کە زمانی پەرلەمان لەوێ عەرەبییە، یان عەرەبی نازانن، یانیش عەرەبیەکی لاواز و زمانی شەقام بە نیوەچڵی دەزانن. لەو بەریتانیایە ئەگەر بتەوێ هەتا ببیتە کلینەر [کرێکاری پاک کردنەوە] دەبێت زمانی ئینگلیزی بزانیت و تاقیشت دەکەنەوە! لە ئیشە گەورەکاندا ئەوە دەبێت زانینی ئەو زمانەت فلووەنت بێ یانی بە تەلاقەت قسەی پێ بکەیت وتێبگەیت! ئێمە سەرەڕای خوێندنی ئینگلیزی لە کوردستان و بەریتانیاوە و کاری وەرگێران بە زیاتر لە ٢٠ ساڵ، زۆرجار لە تاقیکردنەوەی تەلاقەتی زمان دەرنەدەچووین!

ئەگەر ئەو حزبە بەلایانە و بێ خێرانەی کوردستان کەمێك پەرلەمانی عێراقیان بە هەند وەرگرتبا دەبایە لە جیاتی ئەو عەرەبی نەزانانە و کچە ئارایشکارانە، خەڵکانێکی یاساناس و عەرەبی زانیان دەنارد، نەك ئەو ناسکۆلانە بخەنە بەردەمی ژن و پیاوە دڕەکانی عەرەب! کە بە زمانزانییوە پێیان ناوێرن، چ جای زمان نەزانی؟!
هەندێک لەو پەرلەمانتارانە هەر لە بەغدا تا درەنگ فێری عەرەبیەکی شڕ بوون وەك سروە و ڕێزان و هوشیار و هتد.

دووەم ببینە حزبەکان کەسانێك کاندید دەکەنەوە، کە بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردوو، کەس نەیزانیوە بە وشەیەکیش پشتگیریان لە مافەکانی کورد کردبێت! هەتا گۆڕان و ئیسلامیەکانی کۆمەلیش لەوە بەدەر نین.

سێیەم :ساڵانی ڕابردوو دەیان فێڵ کرا لە کوتلەی کوردی، لەبەر نەزانی و ساویلکەیی و نەشارەزایی بە یاسا وغایب بوون. چۆن دەبێت بۆ ئەو خوولە کاندیدەکان لەوەی پێشوو لاوازتر نەبن، بە قوەتتر نەبن؟! سەرۆکی هاوپەیمانی بەرهەم، تەنها کوڕی مەلایەکی نیمچە ناودارە، مرۆڤێکە ئەوەی لە نزیکەوە بیناسێت تووشی شۆك بووە کە چۆن دەکرێتە سەرۆکی لیستێك، لە کاتێکدا بۆ یەك ڕۆژیش سیاسەتی نەکردوە وەك خۆی بە ڕەنجی گووت؟! نەك هەر ئەوە هەزار لەقەب و بڕوانامەی وەهمی بۆ خۆی دروست کردوە، کە ئاینشتاین ئێرەیی پێ دەبات، کەچی کەس بۆ ڕۆژێکیش وتارێکی ئەو کابرایەی نەدیتوە، پێش هەڵمەتی هەڵبژاردن!

چوارەم :ئەگەر ئەو پەرلەمانەی بەغدا لای زۆربەی حزبەکان گرنگ بایە، پیاوە دەستڕۆیشتوەکانی خۆیان دەنارده ناوی، وەك سەرۆک حزبەکانی ئەوروپا کە هەموویان دەبنە سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار و وەزیری وەزارەتە هەستیار و سیادیەکان، نەك پێیان شەرم بێت مناڵەکانی خۆشیان بۆ بنێرن! هەتا من کاتی خۆی چاوەڕوان بووم نەوشێروانی ڕەحمەتی ئەو نەرێتە بشکێنێ، بۆ ڕۆژێکیش بێت بچێتە پەرلەمانی کوردستان، کەچی نەیکرد! یان عەلی باپیر بچێتە پەرلەمانی عێراق هەر نەچوو.

ئەوە یان ئەوپەری نەزانییە بە سیاسەت، یانیش نهێنیەک هەیە ئێمە نایزانین، و ئەوان دەیزانن، کەە ئەو یاریەی پەرلەمان، یاریەکی بێ بنەمایە وهیچ کاریگەری نییە لەسەر هەقیقەتی بڕیاری سیاسی لە عێراق!

پێنجەم :لە هەمووی گرنگتر کە دەبوایە یەکەم جار باسم کردبا، ئەوەیە کە ئەگەر ئەو پەرلەمانی لایان گرنگ با، لە دواهەمین خول کە تا ئێستاش بەردەوامە، کورد زانی ئالیەتی تەوافوق لەلایەن شیعە تێکدرا، و خەریکە هەموو دەستکەوتەکانی کورد دەخەنە مەترسییەوە، لە ڕێگای یاری زۆرینە، ئەوەش لە بنەڕەتدا پێچەوانەی دیموکراتییە، دەنا هەموو کەمینەیەك بە بنەمای دەنگی زۆرینە دەچەوسەنرێتەوە، کەچی لە ڤیاتی بایەخ بە چارەسەرکردنی ئەو خەلەلە گەورەیە بدەن وبیکەنە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و زەمانات وەرگرن لەسەر دووبارەنەبوونەوەی پرەنسیپی زۆرینە وکەمینە، کەچی زۆر بێ خەمانە چوونەوە ناو یاریە دۆڕاوەکە و لە جیاتی ململانێی دەرەکی خەریکی ملشکاندنی ناوەکییینە!

٢٠١٨/٤/٢٥

# مەهاتیر لە ٩٣ ساڵی دەگەڕێتەوە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی گەندەڵ!

ئەو پیاوە مەزنە مەهاتیر محمد بنیاتنەری مالیزیا ی نوێی پڵنگێکی ئاسیا، بەر لە ٢٢ ساڵ بەخۆی وازی لە دەسەڵات هێنا، بەڵام بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە هەر وەک خەمخۆرێک و چاودێرێک ئاگای لە وەزعی وڵات بوو .

کە دیتی حزبە کۆنەکەی خۆی بە سەرۆکایەتی رەزاق نەجیب خەریکی دزی و گەندەڵییە، کەسێکی واش لە گۆڕەپانەکە نییە بۆ گۆڕینی دەسەڵات، بڕیاریدا لە ٩٢ ساڵی بگەڕێتەوە ناو مونافەسەی سیاسی بۆ ڕزگارکردنی وڵات لە دەستی گەندەڵی و شڕەخۆری، کە گەندەڵییەکەی ئەوێ لە چاو گەندەڵی کوردستان گەمەی مناڵانە.!

دکتۆر مەهاتیر لە ٢٠١٨/٥/٩ توانی سەرکەوێت لە هەڵبژاردن و ئەو حزبە کۆنەی خۆی کە ٦٠ ساڵە لە حوکمە، لە دەسەڵات داماڵێت!
سەرۆک وەزیران ویستی بە پارە و زێڕێکی زۆر ڕاکا بۆ ئەندەنوسیا، بەڵام مەهاتیر ڕێگای لێ گرت و ئێستا ژێر دەستە بە هەموو سندوقی پارە و زێڕ و فڕۆکە تایبەتەکەشی!
ئافەرین پیاو لە ٩٢ ساڵی ئەو عەزیمەتە و وڵاتپەروەریەت تێدا بێت، بێی لەو تەمەنەوە کە مرۆڤەکان چاوەڕێی مەرگ دەکەن، تۆ دەسەڵاتی گەندەڵ تێکشکێنی!

کاتی خۆی کە ڕێگای بە ئەنوەر ئیبراهیمی ئیسلامی گرت، من کەمێك لێی دڕدۆنگ ببووم و گومانم لە دیموکراتی بوونی هەبوو، بەڵام ئێستا دەزانم ئەو باشتر ئەنوەر ئیبراهیمی ناسیبوو، دەنا دوور نەبوو ببێتە ئەردۆگانێکی مالیزیا، و هەموو وڵاتەکەی بەرەو وێران بردبا وەك ئەردۆگان ئێستا دەستی داوەتێ!

ئێمەی کورد بە داخەوە کە هەندێ پیاوی گەورەشمان لەناودا هەڵدەکەوێ، جارێ نەبوونەتە حەفتا هێندە سست و بێ خەم سیاسەت دەکەن، دنیا خراپ بێت تەقەی سەریان دێ!

هەمانە وەک جەمال نەبەز و عبداللە پەشێو هەر بەلای سیاسەت داناچن بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لەو قوڕەی تێی چەقیون!
بۆیە فریادڕەسەکانمان دەبنە شاسوار و بەرهەمی کۆنە گەندەڵ و گۆڕان بە ئەزموونە فاشیلەکەیەوە!

٢٠١٨/٥/١٤

# بەشی چوارەم:
## گەندەڵی و خەڵك

| |
|---|
| ئەو گەندەڵستانە خەتای دەسەڵاتە یان گەل؟! |
| میللەتێکی بێ جورئەتە بە دەستی خۆی نییە! |
| جەماوەر خەسێندراوە چاوەڕوانی هیچی لێمەکەن!! |
| گای حکومەت! |
| کەمپینێك بۆ ڕیسواکردنی ئەو دکتۆرانەی وەك مەڕومالآت نەخۆش دەبەنە ژورەوە |
| سەلماندمان شایەنی خۆبەڕێوەبردن نین! |
| خانەنشینی و خەساندن |
| سیستمی تەندروستی لە ئاستی سواڵ و کەرامەت! |

# ئەو گەندەڵستانە خەتای دەسەڵاتە یان گەل؟!

## -١-

ئێمە زۆر جار کە باسی ئەو هەموو عەیب وعاری ئەو گەندەڵستانە دەکەین، کەسانێك بە تایبەتی لە پیاوانی دینی، دەیان پاکانە دەدۆزنەوە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ، لە گووتنی هەندێ پەند و حەدیسی بێ بنەما و وتەی پێشینان، کە بە وردبوونەوە لێیان دەردەکەوێت هیچ ڕاست نین.

بۆ نموونە دەڵێن: ئێوە چۆن بن سەرۆک و پاشاکانیشتان وا دەبن! کیفما تکونوا یولی علیکم! یانی خەتاکە هەمووی هی گەلە لە بنەڕەتدا، چونکە خۆیان خراپن بۆیە فەرمانڕەواش خراپ دەبێت! یانی هەق بەو گەندەڵانەیە هێشتا بە کەیفی خۆیان دەخۆن و دەدزن و تاڵان دەکەن، چونکە ئەوان لە دروستکراوی خراپی گەلە!

لە قورئانیش بەڵگە دەهێننەوە بە [لا یغیر الله ما بقوم حتی یغیروا بانفسهم] خودا باری هیچ میللەتێك ناگۆڕێت تا خۆیان دەگۆڕن! لەو ئایەتە ڕووی وتارەکە لە گەل و فەرمانڕەوایانە، کە تاکێکن لەو گەلە، جونکە فەرمانڕەوا مرۆڤێکن و خوێنی خوداوەند لە دەمارەکانیان هاتووچۆ ناکات، وەك لە دێرزەمانەوە خەڵکیان وا تێدەگەیاند، کە ئەوان لە وەچەی خوداوەندەکانن!

ئینجا ئەو حەدیسەش [ئێوە چۆن بن سەرۆک و پاشاکانیشتان وا دەبن! کیفما تکونوا یولی علیکم!] هەر خۆشی زەعیفە و ئەلبانی لە زنجیرەی حەدیسە زەعیفەکان دەریکردوە. هەرچەندە زۆر مەلا و شێخی سەلەفیش ئاماژەی پێدەکەن، لە پێناو پشتگیری کردن لە فەرمانڕەواکان، و نەوێرانی ڕەخنە لێ گرتنیان، وهێرش کردنە سەر گەلی هەژار و بەدبەخت، کە قوربانی یەکەمی گەندەڵیە، کەچی لە هەمان کاتیشدا بە هۆکاری سەرەکی گەندەڵیشی دەزانن!

بێگومان ئەو لۆژیکە سەقەتەیان لە کۆنەستی گەل چاندوە، خەڵك وای لێهاتووە، خۆیان بەرگری لە فەساد و گەندەڵی فەرمانڕەوا دەکەن، و سەرکۆنەی خۆیان دەکەن، و دەڵێن بەخوای ئەو سەرۆکە و ئەو وەزیرەش بڕوا، لەو خراپتر دێت، چونکە هۆکارەکەی خۆمانین، ئێمە خراپین بۆیە خوا ئەو گەندەڵانەمان بۆ دەنێرێ، ئەتوو بۆ وا خۆت تەنگاو کردوە، دادەبەزیتە سەر دز و جەردە دەسەڵاتدارەکان، لە جیاتی ئامۆژگاری خەڵک بکە باش بن، تا ئەوانیش باش بن!

-٢-

عەلی وەردی سەرکۆنەی ئەو لۆژیکە سەقەتەی کۆمەڵگا و موژدەپێدەرانی دەکات ودەڵێت: "لە سەرانسەری مێژوودا، لەو کەسە پیسانە زیانبەخشتر نییە، کە ناڵە و هاواری ستەملێکراوەکان ساختە دەکەن و لادەدەن لە ئامانجی هەقیقی خۆیان. کاتی تەنگانە و توندبوونی بەڵاکان بە خەڵك دەڵێن: ئەوە لە دارمانی ڕەوشتی خۆتانە، و لە بێ دینی خۆتانە یان لە نیازخراپی خۆتانە! بەو کارەشیان هێزی دەروونی ستەملێکراوەکان بڵاوە پێدەکەن، ستەمکارانیش لێدەگەڕێن زیاتر لە نازونیعمەتی رابوێریت، بە سایەی ئیماندارانی وە ئەو! بەو شێوەیەش مێژوو بۆ ماوەیەکی چاك لە جووڵە دەکەوێت! خوارق اللاشعور.

ئینجا هەنگاوی دوایی ئەو پاکانەکەرانەی گەندەڵی، دەبێتە وەعز ومەوعیزەی درێژدادڕ بۆ چاککردنەوەی ڕەوشتی ئەو خەڵکە، و دینداری ئەو خەڵکە، نازانن ڕەوشت و ڕەفتاری خەڵکەکە لە ئەنجامی هەل ومەرجە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریەکەوە دروست بوە نەك بە پێچەوانەوە! کەوابوو هەزار مەوعیزەش بدەیت بۆ خەڵك، خەڵك هەر کاری تێناکات، مەگەر ئەو ساتە عاتیفیە نەبێت.

یانی لە جیاتی بە خەڵك بڵێن ڕەوشتتان بگۆڕن تا هەل ومەرجتان بگۆڕێت، بڵێن با هەل ومەرجیان بگۆڕین تا ڕەوشتیان بگۆڕێت!
با فەرمانڕەوا ماڵی میللەت و سامانی گشتی نەدزێت، و خۆیی ومنداڵەکانیان لە پڕێکدا لە شاژنی بەریتانیاش دەوڵەمەندتر نەبن، بزانە کەس دەوێرێت دزی بکات و سامانی گشتی بخوات، ئەگەر دەسەڵاتدار خەمخۆری ماڵی گشتی بێت، و یاسای توندی هەبێت بۆ لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران؟!

با کوڕ وخزمانی دەسەڵاتداران، لەسەر شەقام ڕیز لە یاسای هاتوچۆ و پۆلیسی هاتووچۆ بگرن، بزانن کەس دەوێرێت ڕۆژانە وەك سەگ پەلاماری ئەو پۆلیسە هەژارە بدات، کە بە سەرما و گەرما، بۆ خزمەتی خەڵك و ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی پیرۆز، بۆ خزمەتی کۆمەڵگا لەسەر شەقامدا ڕاوەستاوە؟!

با دەسەڵاتدار ٩٥٪ سامان نەدزێت، و بیکاتە پڕۆژە و کار بۆ پێشخستنی گەل و نیشتیمان، و چاککردنی باری گوزەرانی خەڵك، بزانە کارمەندی فەرمانگاکان داوای بەرتیل و شڕەخۆری دەکەن، بەتایبەت مووچەیەکی باش و یاسایەکی توندی دژی بەرتیلیش هەبێت؟!

با سەرۆکەکان حزبایەتی و عەشیرەتگەری و ناوچەگەرێتی نەکەن، بزانە کێ دەوێرێت ئەو شتانە بکات؟! بزانە کێ دەوێرێت گەل دوو پارچە بکات، و حزبایەتی و خیزانچیەتی و ناوچەگەرێتی بخاتە پێش یەکیتی و بەرژەوەندی میللەت؟!

با دەسەڵاتداران خۆیان نەفرۆشن بەو وڵات و ئەو وڵات، زەمەنی سەفەوی و عوسمانیمان بۆ زیندوو نەکەنەوە، هەر ئیمارەتێك بداتە لایەك، با خیانەت وەك کوفری دین حیساب بکرێت، و توندترین سزای خاینانی خۆیان و بێگانە بدەن، با داڵدەیان نەدەن و پایەی گەورەیان پێ نەدەن، بزانە کەس پەیدا دەبێت خاوەنی فایلی ڕەش بێت و مێژووی خۆفرۆشی هەبێت، هێشتا بە فەخرەوە خۆی بادات لە میدیاکان، یان جاسوسی ویکلیکسیش دەرچێت، کەچی شانازیش بەخیانەتەکەیەوە بکات؟!

-٣-

هەر بۆیەش عومەر بەرپرسیارەتی گەندەڵی نەخستە ئەستۆی گەل، و نەیگووت دەبێ گەل خۆی بگۆڕێت تا گەندەڵی نەمینێت، بەڵکو لە یەکێ لە والیەکانی پرسی: ئەگەر خەڵک دزێکیان گرت و بۆیان هێنای چی لی دەکەیت؟!
گووتی: دەستی دەبڕم.
عومەر پێی گووت: کەوابوو هەر یەکێك لەوانەی تۆ حوکمیان دەکەیت بێتە لام برسی بێت منیش دەستی تۆ دەبڕم، چونکە خودا ئێمەی کردۆتە سەرپەرشتیاری ئەو خەڵکە تا برسێتیان تێر بکەین، و جەستەی ڕووتیان بپۆشین، کار و پیشەیان بۆ دابین کەین، ئەگەر ئەوانەمان بۆ کردن، هەقی لێپرسینەوەیانمان هەیە! ئەو دەستانە دروست کراون بۆ ئەوەی کاریان پێ بکرێت، ئەگەر کارێکی چاکی دەست نەکەوت، دوای بەدکاری دەگەڕێت.

ببینە هەموو قسەکانی ئاڕاستەی والی و فەرمانڕەواکەیە نەك گەل، چونکە گەندەڵی گەل لای عومەر بەدوای گەندەڵی فەرمانڕەوا دێت، نەك پێچەوانەکەی وەك خۆفرۆشانی دەسەڵات وادەڵێن لەو ڕۆژگارە. بۆیە عومەر هەردەم دەیگووت: ئەگەر سەرۆک و پێشەوا بەسەر سامانی گەل لەوەڕان، گەلیش دەلەوەڕێ!
هەروەها عومەر دەیزانی ڕیگرتن لە گەندەڵی لە خودی فەرمانرەوا و ماڵباتەکەی دەست پێدەکات، بۆیە زۆر توند بوو لەسەر چاوەدێری مناڵ و کەس وکاری و کاتێ شتێکی قەدەغە دەکرد پێیانی دەگووت: من ئەو شتە و ئەوەم قەدەغە کردوە، خەڵك وەك باڵندەن ببینن ئێوە دەکەون، ئەوانیش دەکەون، ئەگەر ترسان، ئەوانیش دەپرینگێنەوە، بەخوا هەر یەکێك لە ئێوەم بینی کارێکی کرد کە من خەڵکم لێی قەدەغە کردوە، ئەوە سزاکەی دووقات دەکەمەوە، لەبەر خزمایەتی لەگەل من!
کەوابوو ڕێگای گۆڕین بەو شێوەیە دەبێت، کە لە لوتکەوە دەست پێدەکات، نەك هەر داوا لە خەڵك بکەن بگۆڕێن، تا سەرۆك و ئیمام بگۆڕێت!

٢٠١٦/٨/٣

# میللەتێکی بێ جورئەتە بە دەستی خۆی نییە!

کورد حەلی نیە هەر خۆی میللەتیکی بێ جورئەت و لەرزۆکە. ئەوەی بەغدا لەگەڵ کوردی کرد، لەگەڵ هەر میللەیێکی تری کردبا زۆر دەمێك بوو لە هەموو پرۆسەی سیاسی کشابوونەوە. بەڵام بەس مووچەی وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانی کورد و سەربازگە حیمایەکانی هوشیار زێباری بدرێت، هیچیتر کێشە نییە.

لەناوخۆش ئەوەی پارتی بەو کوردستانەی کردوە بە تێکدانی یاسا و بەزۆر سەپاندنەوەی سەرۆك، و بازرگانی کردن بە سامانی هەرێم تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی، و تێکدانی پەرلەمان و حوکمەت، و بڕینی مووچەی خەڵك، وڕێگا دان بە سوپای داگیرکەری تورك، وگوێ نەدان بە دابەشکردنی کوردستان، و دامەزراندنی ئیمارەتێك لەسەر شارێکیش وەك عەرەب دەڵێن: الامارة ولو على الحجارة!

لە هەر وڵاتێکی تر حزبێك ئەو هەموو کارەساتەی بەرهەم هێنابا، دەمێك بوو ڕووبەڕووی شۆڕشێك ببوەوە، یان بەلایەنی کەم حزبەکانی یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ دەیانکێشایەوە و بە یەك دەنگ و هەڵوێست هەوڵیان دەدا شەرعیەت لە دەستی پارتی بستێیننەوە.

نەك یەکێتی لەو ساتە هەستیارە تۆڵەی دەروونی لە گۆڕان بکاتەوە، یەکگرتوو پەتپەتێن بکات! هەرچەندە گۆڕان نیش بەبێ ڕێکخەرە گشتیەکەی وەك هەتیوی بێ باوك وڕووت و ڕەجاڵی لێهاتووە!

ئەرێ بەڕاست خەریکە گۆڕانکاری وا ڕوودەدات لە سەرووی ئاستی تەسەوری هەموومانەوە، کەچی هێشتا خەڵك لە چاوەڕوانی گۆدۆکەی گۆڕانن! بەو ڕاکردنە لە گۆڕەپان و نابەرپرسیارەتیەی، نەوشێروان هیچ یادگارێکی جوان لە زیهنی جەماوەری کورد بە جێ ناهێڵێت.

٢٠١٥/١٢/١٥

# جەماوەر خەسێندراوە چاوەڕوانی هیچی لێمەکەن!!

مالیکی وعەبادی بودجەیان بڕی لە دژی پارتی، تەنها کەسێکیش زەرەرمەند بوون خەڵکی گشتی وموووچەخۆر بوون، بە بەڵگەی ئەوەی پارتی ڕۆژ بە ڕۆژ ملی ئەستورتر دەبێت، من باس لە بەرپرسانی دەکەم، باسی پارتیە ئاساییەکان ناکەم، کە بەرپرسانی هێندە بێ باکن لە بنکەی جەماوەری خۆشیان، هێزی زێرەڤانیشیان برسی کردوە و ئەندامانی لەبەر بێ پارەیی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن! ئێستاش پارتی بەو هەموو تاوانەوە بویتە کەڵەشێری کوردستان پاش ئەوەی کە گۆڕان لێی هاتە وەڵام.

سەیر لەوەدایە پارتی لە جیاتی پەرێزی خۆی پاك کاتەوە کە خۆی هۆی سەرەکی بڕینی بودجەی حکومەتی عێراق بوون، هەر پارتی خۆشی مووچەی خەڵکی کردە ئامرازێك، بۆ یاریە سیاسیە قێزەونەکان. دیسان هەر خەڵك هاڕدران لەو نێوانە، خەڵك زۆر لاواز کراوە چونکە دوژمن و بەناو دۆستیش هەر خەریکی فەقیر خەساندنن. بۆیە خەڵك نەك هێزی تێدا نەماوە شەڕی دەسەڵات بکات لەبەر برسی کردنی و بچوك کردنەوەی مرۆڤەکانی، بەڵکو قسەم لەگەڵ کەسانێك کردوە چوار مووچەی وەرنەگرتوە و کەس نەماوە داوای قەرزی لێنەکردبێت، هێشتا پاکانە بۆ پارتی دەکات!!!

مرۆڤ چۆن گەورە دەبێت، کە تۆ برسیت کرد و نەفامت کرد و گەوجاندت و هەموو ئاواتیت لە مووچە چڕ کردەوە؟!

دەسەڵاتەکانی شەرق ئەوە ڕەوشتیانە، هەزار سال زیاترە مرۆڤەکان بچوك دەکەنەوە، بۆ مووچە و بۆ پاروە نان و بۆ وەزیفە وبۆ شڕەخۆری حزب. لاوازی خەڵك بەوەوە دیارە، هەموو خۆپیشاندانەکان لە ناوچەی یەکێتی لە دژی پارتی و بارەگەکانی بوو، بزانە وێران بەردێك بگرنە بارەگایەکی یەکێتی، کە شەریکە بەشی پارتیە لە دەسەڵات و لە بەشکردنی سامانە تاڵانکراوەکان، ئەگەرچی بە بەشێکی کەمتریش لە پارتی ڕازی بووبێت.

بزانە بە پێنج شەش حزبی ناو گەورە و دەرگا وێران ، توانیان لە هەولێر ببنە پێشەنگی خۆپیشاندانەکی دژی پارتی؟! پێتانوایە خەڵکی هەولێر و دهۆك ناتوانن بەردبارانی بارەگاگانی گۆڕان و یەکێتی بکەن، ئەگەر پارتی ویستی لەسەر بێت؟! گۆڕان لە سایەی هەڵەکانی خۆی، و هەڵپەی بەژداریکردنی لە دەسەڵات، و پشتبەستن بەو حزبە چەواشەکارانەوە و ئەو جەماوەرە لاواز و برسیکراوە، لەوە دەچێت دۆڕاوی یەکەم بێت لەو کێشمەکێشەدا.

چونکە حزبە سیاسیەکان لە پشتەوە خەنجەری لێ دەدەن، و جەماوەریشی زۆری لێ تورە و تۆراوە، هەروەها خەسێندراوەش! بۆیە چاوەڕوانی کردن لە جەماوەر گرەوێکی دۆڕاوە، نەك هەر جەماوەر، نوخبەی ڕۆشنبیریش زۆربەیان کڕاون یان ناوێرن بە پارتی بڵێن هەڵەیت، و ترسنۆکی ڕۆشنبیران تا ئەو ڕادەیەیە لەبەر سکاڵای داعشێکی سەلەفی لە من، سایتی ستاندارد کە من لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە بۆی دەنووسم، کە کاك مسعود عبدالخالق سەرپەرەشتی دەکات، ناوێرن وتارێکی ئاسایی منیش داگرن!!! لەترسی ئەو داعشە سەلەفیە و چەند مەلایەکی داعشی هەولێر!

جا تۆ لە پیرە سەلەفیەکی داعشی وچەند مەلایەکی داعشی وا بترسێیت، ئەگەر پارتی هەڕەشەی لێکردی دەبێت چی بکەیت؟! ئەوە نمونەی نوخبەی ڕۆشنبیرە لە هەولێر، کە وا ترسنۆك بێت و بتفرۆشێت پاش چەندین ساڵ لە نووسین بە خۆبەخشی بۆیان، چاوەڕوانی چی دەکەیت لە جەماوەری ڕەشۆکی گەوجێندراو و ترسنۆك کراو و برسیکراو و کەرامەت ڕژێنراو؟!!

٢٠١٥/١٠/١٧

# گای حکومەت !

لە هەفتاکان ئەو چیرۆکە بەڕاستی ڕویداوە. کاتێ حکومەت [بەڕێوەبەرایەتی شیرەمەنی گشتی ] دامەزراند بۆ بەرهەمەکانی شیری مانگا، هەر بۆ ئەو مەبەستەش مانگایەکی زۆری بە نرخێکی باش لە خەڵک کڕی.

لە بەڕێوەبەرایەتیەکە بڕیاران دا گایەك بەکرێ بگرن، لە خاوەنەکەی کە ئافرەتێك بوو بۆ ئەوەی زاوزێ بکات لەگەڵ مانگاکان، هەرجارەی مانگایان دەهێنا بە چاکترین شێوە کاری خۆی ئەنجام دەدا، دوایێ کۆبونەوەکیان کرد وگوتیان بۆمان دەرناهێنێ هەموو جار ئەو گایە بەکرێ بگرین، دەبا هەوڵ دەین بیکڕین.

لیژنەیەك پێك هێنرا لە سێ کارمەند بۆ کڕینی گایەکە وچونە لای ژنەکەی خاوەن گایەکە، پاش هەوڵێکی زۆر قەناعەتیان پێکرد بیفرۆشێت. کە گایان هێنایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاهەنگیان بۆی گێڕا وهەموو کارمەندەکان لە پێشوازی بوون بە بەڕێوەبەرەوە!

خواردنێکی شاهانەیان دایە گاکە تا کاری خۆی بەباشی بکات، دوایی چاوەڕوانیان ڕۆژێك ودوان وسێیان گا هیچ کار ناکات!

چونەوە لای ژنەکە بۆئەوەی بزانن چ جۆرە خواردنێك دەدایە ئەو گایە وا باش کاری دەکرد، ژنەکە گوتی: بەرماوەی خۆمان وئەو گژوگیای زەوییەی دەخوارد!

گوتیان: ئیمە هەموو خواردنێکی خۆش وباشی دەدەینێ بەڵام کاری خۆی ناکات بۆ؟!!

ژنەکە گوتی: تازە ئەو گایە بوە مەوزەفی [کارمەند] ی حکومی لە مەودوا کار ناکات!!

گای حکومەت چەند زۆرن کە کار ناکەن!!!

٢٠١٣/٦/١٧

# کەمپینێك بۆ ڕیسواکردنی ئەو دکتۆرانەی بە کۆمەل وبە شێوەی مەڕوماڵات نەخۆش دەبەنە ژورەوە

کێشەی بواری تەندروستی زۆرە، وزوڵم وستەم وکەرامەت ڕژاندنی خەلکیش زۆرە ، نازانیت لە کامیانەوە دەست پێبکەیت.

لە نوسینی دەرمانی زیاد وپشکنین وتیشك وەرگرتنی زیاد دەست پێ بکەین، کە وای لێهاتوە بۆ بچوکترین کێشەی تەندروستی دکتۆرەکان کۆڵەك دەرمان وتیشك وپشکنینت بۆ دەنوسن، ولەسەریشت دەکەن لەو موختەبەر ودەرمانخانەیە بکڕیت کە ئەو شەریکە بەشە لەگەڵی، یان هی کەس وکاری خۆیەتی!!

لە کێشەی پیس وپەڵۆسی نەخۆشخانە وکلینیکە تایبەتیەکان دەست پێ بکرێت، کە زۆر پیسترە لەو چێشتخانانەی کە دەلەرزن بە هاتنی [لیژنەکە هات]ی پارێزگار!!

بەو ئاودەستانەی کە دەچیتە ناویەوە بێزت لە مرۆڤایەتی دەبێتەوە؟! بەوە دەست پێبکەین کە دکتۆرە ناودارە بێ ڕەوشت و بێ ویژدانەکان، خەڵکانێك بلیتیان دەکڕێت بۆ ماوەی چەند هەفتە چاوەڕێ دەکات، کەچی کە دەچیتە عیادەکەی دکتۆرێکی شاگردی بێ ئەزموونی داناوە، لە جیاتی ئەوەی خۆی پشکنینەکەی بۆ بکات، کارەکانی بە شاگردەکەی دەکات!!

باسی ئەو ژنانە بکەین کە خەریکە لەترسی بێ ڕەوشتی کەرتی تەندروستی، وپزیشک وپەرستارانی ئاست نزم ودەم پیس، ولەترسی لێدان وسوکایەتی پێکردنیان لە کاتی منداڵ بوندا، خەریکە مان بگرن لە منداڵ بووندا؟!

لەو کەمپینەدا تەنها باسی نەریتێکی دزێوی ناو زۆربەی دکتۆرەکان دەکەین، کە هیچ علم وزانینێکی ناوێ تابزانن ئەو رەفتارە ئەو پەڕی ڕمانی ڕەوشتیە، وئەگەر لەو وڵاتانەی کە ئەوان بڕوانامەکانیان هێناوەتەوە، بیانزانیبا کارێکی وا دەکەن بڕوانامەشیان پێ نەدەدان! ئەو نەریتە بە کۆمەڵ بردنە ژورەوەی نەخۆشە وەک مەڕوماڵات چۆن بە کۆمەڵ دەکوترێن لەلایەن پزیشکی بەیتەریەوە، بە هەمان شێوە نەخۆش لەو هەرێمە بەدبەختەدا بە کۆمەڵ دەبرێنە بەر دەمی دکتۆر، بەبێ گوێدانە تایبەتیەتی ونهێنی نەخۆشەکە، لەبەرچاوی هەر شەش یان دە یان دوازدە نەخۆشدا پرسیاری تایبەتی لێدەکات.

ئەگەر ئەو دکتۆرە عەرەبانە زۆربەیان هەڵگری تێڕوانینی سووکی بەعس بن بەرامبەر بە کورد، هەر بۆیەش بە شێوازی مەڕ ومالآت کورد دەپشکنن، سەرەڕای لێبەردانەوەی پارەیەکی زۆر بۆ پشکنین ودەرمان بەسەر ساغکردنەوە بەبێ هۆیەکی ماقووڵ، دەبێ دکتۆرە کوردەکان بۆ وا بە سووک مامەڵەی میللەتی خۆیان بکەن.

لەو دکتۆرانەی هەولێر کە ناویان دێت، وەک مەڕومالآت خەڵك دەبەنە ژورەوە ئەوانەن کە من هەر ئەوەندە ناوەم دەستکەوتوە، ئەوەی ناوی هەر یەکیکی تر دەزانیت لە باش وخراپان با بیخاتە سەر :پێویستە خەڵك ریسوایان بکات:

صفاء عزالدين، احسان الشمري، محمود المشهداني، زاهده حارس [پێنج سیسەمی پشکنینی داناوە وپینج ژن لەیەککاتدا دەپشکنێ!!] ، گەیلان موفتی، پشتیوان هاشم،هەنگاو...چەندینی تر کە من ناوەکانیان نازانم

لەو دکتۆرانەش کە ریزی کەرامەت وتایبەتیەتی نەخۆشەکانیان دەگرن بریتین: سەربەست حەوێزی، سیروان کامل، با خەڵک ئەو دوو لیستە بکەنە لیستەی شورەیی وشانازی لە ئینتەرنیت وفەیسبوک ریسوا وپاداشت بکرێن.

٢٠١٣/٨/٢٦

# سەلماندمان شایەنی خۆبەڕێوەبردن نین!

هەموو جیهانی ئیسلامی سەلماندیان کە هێشتا لە پلە و ئاستێکی سەرەتایی وا نزمن شایەنی ئەوە نین حوکمی خۆیان بکەن! ببینە لە هەر لایەک دەڕوانیت فەوزایە! حاکمی وڵاتانی موسڵمان و عەرەبی هەمیشە یان دکتاتۆرن یان دزن یان مافیان یان پیسترین مرۆڤکوژن!

یانیش هەموو ئەو سیفاتانە کۆدەبێتەوە لە یەک فەرمانڕەوا! پێشان کە داگیرکەری بەریتانی حکومەتی ئینتیدابی دادەمەزراند و لەگەڵ هەر وەزیرێکی خۆماڵی ڕاوێژکارێکی ئینگلیزی دادەنا نا هەقی نەبوو! زۆربەی جار ڕاوێژکارەکە قسەی زیاتر دەڕۆیشت لە وەزیرە خۆماڵیەکە!

چونکە دەیانزانی مرۆڤی شەرقی چۆن خوێنی گەندەڵی و کەڵەگایی و تاڵانی بە دەمارەکانی تێدەپەڕێ! ئێستا ئەگەر حکومەتێکی ڕاوێژکاری ئەمریکی، حوکمی عێراق و کوردستانی کردبا، باشتر نەبوو لەو کەر و گۆلکانەی عێراق و کوردستانیان بەرەو ئەو وەزعە برد، کە خاوەنی دەوڵەمەندترین خاک بێت و بە هەژارترین شێوە خەڵکەکەی بژێ، و هەموو خەمیان ئەوە بێ مووچەشیان نەبڕێ؟!!!

من دژی ڕەگەزپەرستیم بە هەر شێوەیەک، بەڵام چۆن دەڕوانم هەست دەکەم مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە زۆر دەیسەلمێنێ کە چەند پایەکی نوقسانە لە مرۆڤی خۆرئاوایی، لە هەموو بوارێک دەردەکەوێت بە تایبەتی بواری سیاسی! ببینە باشترین دەسەڵاتداری ئیسلام ئەردۆگانە، کەچی دەبینیت چ دکتاتۆر و خوێن ڕێـژێکە!

هەروەها لە کوردستان کەس بەقەد مەلا بەختیار باسی سیکیولاریزم و دیموکراسی و ڕیفۆرمخوازی و مۆدرێنەتە ناکات، کەچی ئەو لێدوانانەی لەگەڵ ڕەنج کە بە ئاشکرا باسی کەڵەگایەتی یەکێتی دەکات، لەو بڕوایەدام سەدامیش پێی شەرم بوو بێت بەو ئاشکرایە کەڵەگایەتی بکات!!

ئێمە دەبێت وڵاتەکانمان بدەینە دەست چەند کۆمپانیایەکی خۆرئاوایی و دەستەی ڕاوێژکاری سیاسی بۆمانی بەڕێوە ببەن لە بەرامبەر ڕێژەیەک لە داهات بۆ نمونە 20% دڵنیام مەمنونیش دەبن چونکە وەک سەرکردە تڕکەنەکانی ئێمە نین بە 90% یش ڕازی نەبن!! سەلماندمان ئێمە شایەنی حوکمکردنی خۆمان نین! شایەنی ئەو تێڕوانینە خۆرئاواییە ڕەگەزپەرستەین کە کەمێک لە ئاژەڵ بەرزتر بۆمان دەڕوانن!

2018/1/9

# خانەنشینی و خەساندن!

هەموو دنیا دەزانێت کە مرۆڤ کائینێکی ئیشکەرە، و زۆر جار کارکردن وەك عیلاج و چارەسەر وەسف دەکرێت بۆ زۆر لە نەخۆشە دەروونیەکان. خەڵکی وڵاتان کاتێ لە تەمەنی گەنجی و کارکردنن، تا ئەوپەڕی توانایان کار دەکەن، و باجێکی دیاریکراو دەدەن لە پێناو یامەتیدانی خەڵکی بێکار و خانەنشینکراودا، تا کاتێ خۆشی گەیشتە تەمەنی خانەنشینی، بەسەربەرزی موچەی خانەنشینی خۆی وەرگرێت.

چونکە کاتی کارکردنی چەندین ساڵەی ئەویش باجی داوە، بەو کەسانەی وەك ئەو خانەنشین کرابوون. لای خەڵك ژیانی کار یانی کار، خانەنشینیش یانی خانەنشینی، ڕوینەداوە تۆ لە هەڕەتی لاویدا و ساغ و سەلیم و جوان بیت، و چەندین کارت هەبێت بە ئاشکرا، کەچی لە ژێرەوە خانەنشین کرابیت!!

ئەو کارە قێزەونە کە هەزاران پیر وگەنج ، کچ و کوڕ، ئیماندار ومولحید، ئیسلامی وعەلمانی، و ڕۆشنبیر و نەزان، وخوێندەوار و نەخوێندەوار، سیاسی و دمبکچی، حزبی و ناحزبی، داوێن پیس و داعیەی ئیسلامی، ڕەشۆکی و ئەمیر و پێشەوای وهتد، یەکێکە لە ئیبداعاتی عەقلیەتی گەندەڵپەرستی دەسەڵاتی کوردی، بە تایبەتی پارتی ویەکێتی، بە هاوکاری هەموو ئەوانەی ناومان هێنان لە سەرەوە.

کەوابوو، ناکرێت هەر غەڵەتەکە بخەینە ئەستۆی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە، ئەگەر ئەو میللەتە قابلیەتی گەندەڵبوونیان تێدا نەبووایە، نەیاندەتوانی لەگەڵ ئەو گەندەڵییە بێ وێنەیە هەڵ بکەن، و ببنە لێسەرەوەی پاشماوەی قاپ و مەنجەڵەکانیان.

کێ هەیە لەو وڵاتە بە دەگمەن نەبێت دژی هەوڵی خانەنشین کردنی خۆی وەستابێتەوە؟! کێ هەیە نموونەی خانەنشینکراوی هەموو لایەن و ئاڕاستەکان و هەموو ڕەگەزەکان و ئایدیۆلۆژیەکانی نەزانیبێت؟ !

شورەیی نییە بۆ وەزیرێك هێشتا وەزیرە، مووچەی خانەنشینیش وەربگرێت؟! مردن باشتر نییە بۆ بێژەرێك چ ژن چ پیاو شەوانە وڕۆژانە کاری هەبێت لەسەر سکرینی تیڤیەکاندا، کەچی بە عەقید و عەمید و شتی تر خانەنشین کرابێت؟!

توخوداکەی عەیب نییە بۆ ئەمیرێك هێشتا ئەمیری حزبێکە بە مودیر عام و ئەندام پەرلەمان خانەنشین کرابێت؟! مردن باشتر نییە لەوەی شەو و ڕۆژ باسی سەلەفی ساڵح بکەیت، یەك ڕۆژیش پێشمەرگە نەبووبیت، و هێشتا تەمەنی خانەنشینیشت ناهاتبێت، کەچی بە پلەی عەقید خانەنشین کرابیت؟!!

ڕیسوایی باشتر نیە تۆ لە نوخبەی ڕۆشنبیران و نووسەران بیت، لە چەندین دەزگا کار بکەیت، کەچی خانەنشین کرابیت؟! شورەییە گەورەکەش بۆ ئەو گەندەڵکارە گەورانەیە کە ئەو بیرۆکە دۆزەخییەیان بەدیهێناوە بۆ خەساندنی مەعنەوی هەر دەنگێکی ناڕەزایی، بۆ دڵنیابوون و بەستنەوەی کەری خۆیان، نەوەك لوشكەیەكی فیکری ڕەخنەیی بهاوێژێت!

کاتی خۆی لە کۆشکەکانی سوڵتانەکان منداڵ وپیاویان دەخەساندن، تا سوڵتانەکان بە خەیاڵێکی ئاسوودە تێکەڵی ناو مەحەرەم و کچ و ژنەکانیان بکەن بۆ خزمەتکردن، چونکە ئەو بە شێوە نێرانە، ئەندامی نێرینەیان لێکردبوونەوە، و ئەگەر بشیان ویستبا کاری خراپ بکەن لەگەڵ حەریمی سوڵتان بۆیان نەدەکرا!

دەسەڵاتی گەندەڵیش بەو مووچەیەی خانەنشینی، خانەنشینکراوەکانیان خەساندوە لە ڕووی مەعنەویەوە، ئەگەر بیانەوێت کارێکی نا دۆستانە و نەیارانەش بکەن دژی دەسەڵات پێیان ناکرێت، دەبێت ئەوەندە پێدرێژی و دەمدرێژی بکەن، کە لە سنوورەکاندا بۆیان دەستنیشانکراوە، ئەو سنوورانەی بەدەستی دەسەڵاتی گەندەڵ کێشراوە.

خانەنشینکراوی ئەوبەر جاروبار ئازاد دەکرێت لە بەزاندنی سنووری سوپەر گەندەڵی ئەمبەر، بە پێچەوانەوەش، بەڵام زۆر کەم خانەنشینکراوێک دەبینیت بتوانێت سنووری هەردوو بەر ببەزێنێت، چونکە مرۆڤی خەسێندراو هەردەم چاوشۆڕی خەسێنەرەکانیەتی .

٢٠١٤/٩/٣

# سیستەمی تەندروستی لە ئاستی سواڵ و کەرامەت!

کەی ئەو مەشهەدە کۆتایی دێت لە بەرنامە وفیلمەکان و زنجیرەکانی ڕۆژهەڵات، کاتێ یەکێک توشی نەخۆشیەکی کوشندە دەبێت، لە پڕێکا لە مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت وکار وکەسایەتی خۆی، بەو نەخۆشییە هێندە دەشکێ تا ڕادەی سواڵکردن وپاڕانەوە لەم ولەو، تا ڕادەی بیرکردنەوە لە پەنابردن بۆ دزین وحەرام وهتد..

سەیر لەوەدایە ئەو مەشهەدە رۆژانە دەبینین لە فیلم وبەرنامە وزنجیرەکان، سەرەڕای دیتینیان ڕۆژانە بە چاوی خۆمان، وەک بڵێی ئەوە قەدەرێکە وحەتمیەتی مێژوویی یە وچارەسەری بۆ نییە! ودەبێت هەر کەسێکی کەم دەرامەت دوچاری نەخۆشی بۆوە، پێویستە کەرامەتی وەک پەڕۆکی پیسی منداڵان لێبکرێت. ئەو مرۆڤەی وکەسوکارەکانیشی کە توشی وەها نەخۆشیەک دەبێت، هێندە دەردی جەستەیی ودەروونیان گرانە، مەگەر تەنها بەرگەی دەرد وپەژارەکەی خۆی بگرێت. هەروەها کەسوکاریشی خەمیان هێندە گەورەیە بەرگەی ئەوە ناگرێت لە دەمی خۆیان ومنداڵیان بگرنەوە بۆ نرخی گرانی چارەسەری.

من هەر کاتێک کە مەشهەدێکی وا دەبینم، لە فیلم وبەرنامە وزنجیرەکان یان دەبیستم، ئەوکاتە دەزانم سەرەڕای تاڵاوی وبرینی بە زەحمەت سارێژبووی ئەو جۆرە نەخۆشیانە، چەندە بەخت یاوەرم بوو کاتێ لە ژیانی تایبەتی خۆم پێش چەند ساڵێک هاوسەری خۆشەویستم بە ئەزمونێکی وا تێپەڕی، لەبەر ئەوەی لە بەریتانیا دەژیاین، من بە تەنها خەمی چاکبوونەوەی ئەو وخزمەتکردنیم دەخوارد، لە جیاتی بچم سواڵی بۆ بکەم، بایەخم بە باری دەروونی ئەو دەدا، وهانم دەدا بۆ چاک بوونەوە وقسەی خۆشم بۆ دەکرد، وزۆربەی کاتەکانم لە تەنیشت ئەو بووم ولە ماڵەوە چێشتم بۆی لێدەنا، چونکە حەزی لە خواردنی نەخۆشخانە نەبوو.

سوپاس بۆ خوا لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی چارەسەری، وتا کۆچی دوایی کردنی دوچاری پاڕانەوە وسواڵکردن نەبووم بۆ داودەرمانی، لە سایەی ئەو عەدالەتەی ئەو دەوڵەتە مەزنە پەیڕەوی دەکات لە سیستەمی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی، کە چاکترین چارەسەر پێشکەشی هەموو کەسێکی دانیشتووی ئەو وڵاتە دەکەن ئەگەر ملیۆنەهاشی تێ بچێت.

لە جیاتی سواڵکردن وکەرامەت شکاندنی خەڵک، پێویستە پەرلەمانی نوێی کوردستان، یاسایەکی چارەسەرکردنی بە خۆڕایی بۆ هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵە دەربکەن، چارەسەرێکی هەقیقی، نەک نەخۆشخانەکانی دەوڵەت وەک کاولگە بێت، ورۆژانە نەخۆشخانەی ئەهلی دروست بکرێت، بۆ ڕوتاندنەوەی خەڵکی هەژار وکەمدەرامەت. با لە

بڕی ئەوەشدا هەرکەسێکی خاوەن کار تاکسێک بدات، وکۆی تاکسەکانی هەموو کەسێک بخرێتە سەر حیسابێکی تایبەت بەو نەخۆشخانانەی دەوڵەت، کە تایبەت دەبێت بە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە کوشندانە، ئەو کاتەش با هەر ڕێگای خێر وتەبەروعیش نەگیرێت وهانی خەڵک بدرێت بۆ یارمەتی دانی ئەو دەزگایانە بۆ چاکتر کارکردنیان وپێشکەشکردنی خزمەتی چاکتر.

لەو ڕەمەزانە چەند حاڵەتێکمان دیت لە کەناڵێکی ئاسمانی کوردی بەڕاستی پیاو وا هەست دەکات لە وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک عێراق وکوردستان نییە، بەڵکو لە کۆڵانێکی مەقەدیشۆی سۆماڵە یان لە گوندێکی نەداری ئەفغانستانە!! کوردستان پێویستە ببێتە نمونەیەک بۆ هەموو عێراق لەو بوارە، وپێشدەستی بکات لە هەڵمەتێکی سەرتاسەری چاکسازی نەخۆشخانەکانی دەوڵەت و سیستمی تەندروستی.

لە نێو ئەو شتانەش فێرکردنی ستافی نەخۆشخانەکانە بە سادەترین بنەماکانی ڕەوشتی تەندروستی، وچۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەل نەخۆشەکان، نەک ئەو سیستەر ونێرسانەی کە بە مەجازی پێیان دەڵێن فریشتەکانی ڕەحمەت، ببنە دێوزمەی عەزاب لە خەڵک، وبەو پەڕی سادیزمی و سوکایەتی ڕەفتار لەگەڵ خەڵک بکەن.

بۆ نمونە ئەوەی لە نەخۆشخانەی مندالبوونی هەولێر دەگێڕنەوە شتێکە لە سەروی باوەڕ کردنە، و هەموو کەسێکیش دەیگێڕێتەوە بێئەوەی هیچ بکرێت بۆ چارەسەری! دەڵێن سیستەر ودکتۆرەکانی ئەو نەخۆشخانەیە، سەدان جوێن وقسەی ناشیرین بەو ئافرەتە بەسزمانانە دەدەن لە کاتی ژانی منداڵبوون، وقسەی ناشیرینی وا ناکرێت بخرێتە سەر کاغەز!! نەک هێندە بەڵکو کار دەگاتە لێدان!!

جا ئەگەر ئەوە حاڵی نەخۆشخانەی هەولێری پایتەخت بێت، کە مورەشەحە بکرێتە دوبەی عێراق، ئەی دەبێت حاڵی نەخۆشخانەکانی تر چۆن بێت!؟ دەڵێن ئەو ژنەی کە دەزانێت بۆ ئەوێی دەبەن چەند مانگ پێش ڕۆژی منداڵبوونی دەکەوێتە نیگەرانی لە ترسی فریشتەکانی عەزاب. چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە هێندە گران نییە، ئەگەر عەقل هەبێت وبیرکاتەوە. شتێکی تر کە پێویستە پەرلەمان بیری لێبکاتەوە، دابینکردنی ژیانی ئەو خێزانانەیە کە ئێشکەرەکەیان دوچاری ئەو جۆرە نەخۆشیانە دەبن. بەرپرسانی خەڵک بابەس بێت سواڵکردن، تۆزێک کەرامەت.

٢٠٠٩/٩/٦

# بەشی پێنجەم:

## گەندەڵی و کلتور وهونەر و میدیا

| باجی نووسین سەربەخۆیانە ! |
| --- |
| بە تورك كردنی خۆبەخشانە: سەرسامی كچ و كوڕی كورد بە تورك! |
| ئاوێنە كەمترین ئەتەكێت و ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری تێدا نییە! |
| ناپرۆفێشناڵی NRT و چەواشەكاریەكانی |
| وەزیری رۆشنبیری وەڵامی ئەو ڕاپۆرتە بدەوە یان دەست لەكار بكێشەرەوە |
| وەسیەتەكەی شێركۆ بێكەس مانای چیە؟ |
| ئەفسانە دەنگی زیاد ئەسعەد لە نێوان شێركۆ بێكەس و عەدنان كەریم دا! |
| هەر ئەوەی بە پەشێو كرا سوكایەتی نەبوو! كوردستان یەك پارچە سووكایەتییە |
| پەشێو و وشەی گەندەڵی! |
| مژدێن و ئەزموونی كوردی چاكترین ئەزموونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست |
| تێڕوانینێك لە هونەری هەڵكەوت زاهیر دا |
| بەدبەختییە مێبازێكی وەك هەڵكەوت زاهیر بەرگریت لێ بكات! |
| هاتنی دكتۆر هۆرجۆن بۆنەیەكی جەماوەریە یان بۆنەی خواوەندەكانی گەندەڵیە؟ |
| بەختیار عەلی:كاتێ ترسنۆك باسی مێژووی ترسنۆكەكان دەكات |
| فەرهاد پیرباڵ : بەهلولەكەی دەسەڵاتی كوردی |
| مەلا عەلی و فەرهاد پیرباڵ: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت! |
| دیسان بۆ فەرهاد هاتمەوە گۆ! |
| پاڵەوانیەتی جیهانی VIVA تەقلیدێكی بێ ئەرزشی چینییە بۆ FIFA |
| هەڤاڵ ئەبوبەكر هەڵوێست و شیعرەكانی زەمەنی بەعس! |
| هەڤاڵ ئەبوبەكر وەك زێوانی ئارامگای نەوشێروان! |
| سوپاسی دۆستە دوژمنەكانت بكە فەرهاد! |

# باجی نووسین سەربەخۆیانە!

هاوڕێ و برام لە فەیسبوك پۆستێکی کردبوو پێشکەشی منی کردبوو، کە زۆر بە مانا بوو. دەستخۆش کاك بلند،قسەی ئەو پیاوە مەزنە مستەفا محمود زۆر ڕاستە، ئێمە نەك لە ڕاقیسە و دمبکچی کەمترمان دەست دەکەوێت لە نووسیندا، بەڵکو لەسەر حیسابی کات وپارە و ئاسوودەیی جەستەیی و دەروونی خۆمان دەنووسین و دەچینە ناو کێشە لە بن نەهاتووە فکری و سیاسی و ڕەوشتیەکانی ئەو کۆمەڵگایە. لەو ڕێگایەش تووشی دەیان جوێن و هەڕەشەش دەبین .

تەنها نووسین دوچاری ئەو چارەنووسەت ناکات، بەڵکو نوسینی پابەند و خالی لە ماستاوچیەتی و ڕاشکاو و گەڕیدەی دوای هەق و ڕاستی دووچاری ئەو چارەنووسەت دەکات . زۆرن ئەوانەی نانی قەڵەمفرۆشی دەخۆن و نانی وشە نووسینی ساختە دەخۆن .

من لەبەر هەڵوێستەکانم بەرامبەر دیاردە گەندەڵ و دارزاوەکانی دنیای دین و سیاسەت و کۆمەڵ ، زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکان بایکۆتی نووسینەکانم دەکەن .

کاتی خۆی لە هاوڵاتی و ئاوێنە و خەندان و چەندین شوێنیتر دەمنووسی. هەر یەکەی پاش ماوەیەك کە ڕاشکاوی و بێلایەنی منیان دەدیت، کە دەیان دیت دژی حزبایەتیم و دژی شەڕی بچوکی شارچیەتیم ، دژی گەندەڵی زۆنی زەرد و سەوزم، هێندەی نە دەبرد بابەتەکانیانمیان بایکۆت دەکرد .

هەندێك لەوانە ئێستا چونەتە ناو nrt وشوێنی تریش هەمان بایکۆتی منیان لەگەڵ خۆیان بردوە بۆ ئەوێش . چندین بابەتم ناردوە بۆ ئێن ئار تی، هەر جارەی بە بیانوێك بڵاوی ناکەنەوە، وەك بڵێی من نووسەرێکی تازە بم، نەزانم چۆن بنووسم؟!

دەزگا میدیاکانی هەولێریش هەر لە بنەڕەتەوە دەمناسن و هیچی من بڵاوناکەنەوە. هەتا بابەتێکم بۆ بەشی عەرەبی ڕووداو نارد، هیوام بە ئاستی ڕۆشنبیری ئەو برادەرە بوو کە سەرپرشتیاری بەشی عەرەبی ڕووداو بوو. بەس دەرچوو ئەویش کارمەندێکی مووچە و عەبدی مەئمورە!

مامۆستا و شاعیری مەزن عبداللە پەشێویش باسی هەمان بایکۆتی بابەتەکانی کرد بۆم، بۆیە کەمێك خەمی سووك کردم .

لە هەمووی نوکتەتر دەزگای میللەت پرێسی یەکێتی، بەبێ ئیزن و مۆڵەتی خۆم دەیان و سەدان نووسینی ڕەخنەی دینی منیان بڵاودەکردەوە و لە فەیسبوکەکەم بۆ سایتەکەیان بە

خۆڕایی و بێ بەرامبەر، بەو دواییە ڕۆڵێکی زۆر خراپیان لەو شارچیەتیەی نێوان هەولێر و سلێمانی گێڕا، تا ئەو ڕادەیەی دەبینم یەك لە کارمەندەکانیان بە ئاشکرا ئاگری ئەو شەڕە نەگریسە خۆش دەکات. لەبەر هەڵوێستەکانم دژی ئەو شارچیەتیە نەگریسە لە هەمان کاتدا بایکۆتی نووسینەکانی منیشیان کرد!

بەخوا تەنها لە فەیسبوکەکەم بابەت بڵاوکەمەوە زۆرم پێ باشترە بچوکترین تەنازول بۆ گەورەترین میدیای گەندەڵی کوردستان بکەم .

من دەمتوانی یان بە عەرەبی  یان بە ئینگلیزی بابەتەکانم بڵاوکردبایەوە، کە دەمتوانی پارەی چاکیشی پێ پەیدا کەم وەك پیشەیەك، نەك قەشمەرەکانی میدیای کوردی بایکۆتی نووسینەکانم بکەن کە بەخۆڕاییش بۆیانم دەنارد. بەڵام کە دیتم عەرەب و ئینگلیز هەزاران نووسەر و ڕەخنەگریان هەیە، گووتم تەنها دەبێت بۆ کورد بنووسم، ئەگەر قەڵەمەکەی من خێرێکی هەبێت با بۆ کورد بێت. زۆریشم زیان پێ کەوت لەسەر ئەو بڕیارە. چونکە بەو شەڕە نەگریسەی میدیای خەسێنراوی گەندەڵی کوردی، دژی قەڵەمی من و  قەڵەمە ئازادەکانی هەر کەسێکی دەرەوەی تەونی کۆنتڕۆڵی دەسەڵاتی گەندەڵی دەیگێڕن، زیانی لێداین لە بواری ژیان و ناو و کاردا .

ئەگەر ئەو کاتەی خووم بدابایە نووسین بە عەرەبی کە لە کوردیەکەم باشتر پێی دەنووسم، یان بە ئینگلیزی بمنووسیبا ئێستا لە وەزعێکی تر دادەبووم. ئەگەر هەموو بایەخم خستبا سەر ئەو زمانە مەزنە، کە ماوەیەك بە کەمێ بایەخ زمانەکەم هێندە باش ببوو چەندین جار پاکنووسی تێزی ماستەرم پێکردوە بۆ قوتابیان وەك کاری پڕوفریدینگproofreading ، ئێستا زۆر سوودمەند دەبووم، بەڵام لەبەر فەرامۆش کردنی ئینگلیزی، لەبەر خاتری کوردی و بابەت و بەدواداچوون و خوێندنەوەی کوردی خەریکە بڵێم لە خۆمدا ڕانابینم وتارێکی ئینگلیزی بنووسم بێ هەڵە. ئەگەر بە ئینگلیزی بمنووسیبا ئێستا ڕۆژنامە کوردیەکان وتارە بیانیەکانمیان وەردەگێڕا سەر زمانی کوردی، نەك بە کوردیش بۆیان بنێریت بڵاوی نەکەنەوە .

بەڵام من هەر پەشیمان نیم کە وتارەکان و کتێبەکانم بە زمانی ڕاستەوخۆ بۆ کورد نووسیوە، دەزانم سوودی خۆی گەیاندوە لە ڕووی فیکریەوە، هەرچەندە لەسەر ئاستی کەسی و پیشەیی زیانم لێی کردوە. چونکە هەر کوردبوون خۆی بە زیان دەکەوێت لەسەر هەموو تاکێکی کورد و باجی قورسی دەروونی و جەستەیی و مێژوویی و سیاسی لێ دەدات. بێگومان نووسین بە ئازادی و بە کوردیش باجی خۆی هەر هەیە و هەر دەبێت .

28/10/2016

# بە تورك كردنی خۆبەخشانە:

## سەرسامی کچ و کوڕی کورد بە تورك!

لە بیرمە کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١٠ وتارێکم نووسی بە ناونیشانی : "ئافرەتی کورد و پیلانێکی موسڵمانانەی ئاکەپە! "تیایدا باسی لێدوانێکی سەرۆك شارەوانیەکی سەر بە حزبی ئەردۆگانم کرد کە تێیدا دەڵێت :

"هەر تورکێك ژنێکی کورد بێنێت وەك ژنی دووەم تا کێشەی کورد نەمێنێت، هەموومان ببینە تورك و ئەو کاتە مومان بە بەینی وەناچیت!" [١]

لەو وتارە باسی ئەو خالە لاوازەی ئافرەتی کورد دەکەم لە بەراوردا بە ئافرەتی ناکوردی ناوچەکە، کە ئافرەتی غەیرە کورد وەك ژنانی عەرەب و تورکمان و عەجەم و فارس کە شو دەکەن بە پیاوێکی دەرەوەی نەتەوەی خۆیان، بە حوکمی پایەی ئافرەت وەك قوتابخانەی یەکەمی زمانی و پەروەردەی منداڵ بێ یەك و دوو فێری زمانی خۆیانی دەکەن، لەپاش ماوەیەکی کەم سەردانیان بکە دەبینی منداڵەکە کە دایکی تورکەو باوکی عەرەبە یان کوردە یان هەر شتێکە، بە تورکیەکی ڕەوان قسە دەکات لە خراپترین حاڵەتدا ئەگەر ژنە تورکەکە لەناو نەتەوەی باوکەکە بژیت، زمانی دایك بە چاکی قسە دەکات و دەبێتە زمانی دایك mother tongue ، زمانی باوکیش بەسەقەتی فێری دەبێت وەك دەستی دوو بەکاری دەهێنێت!

بەڵام دەیان نمونەی ئافرەتی کورد دەزانم چۆن زمانی خۆشی لە دەست دەدا و فێری منداڵیشی ناکات و خۆیی منداڵەکانی بونەتە تورکمان یان عەرەب یان هەر شتێکی تر، بڕواننە خێزانە کوردەکانی بەغداو موسڵ و دیالاو گەلێك شوێنی تر.

ئەمڕۆ لە سایەی دەسەڵاتێکی نا نەتەوی و نانیشتیمانی گەندەڵ، میداکانی کوردی بەبێ ئەوەی بەخۆشیان بزانن خۆبەخشانە بوونەتە ئامرازێك بۆ بە تورکی کردنی زمان و جیهانبینی و میزاجی مرۆڤی کورد لە نێر ومێ، هەر تەنها کچیش نا، بەڵکو تاڕادەیەك گەنجی کوردیش سەرسامی ئافرەت و ستایلی ژیانی تورکیا وئێران دەبن، لەبەر هونەر و مۆسیقا و زنجیرە درێژ و زۆرەکانی تورکی، و ئەو داگیرکردنە فەرهەنگەی تورك بۆ باشووری کوردستان.

ئەو ڤیدیۆیەی کە لە نێت تیڤی ئەڤین ئاسۆ بڵاوکراوەتەوە، زۆربەی کچانی کورد لەو ڤیدیۆیە کە لێیان دەپرسن: بە چ پیاوێک سەرسامی؟ لە وەڵامدا دەڵێن بە پیاوی تورك؟! ئەوەش لەبەرئەوەی چۆن بازرگانانمان تا تەماتەی حازری ئێرانی وماستی حازری تورکی هەبێت،

پڕۆژەیەکی خۆماڵی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانە دانامەزرێنێت، میدیای بێ ستراتیژ و بێ بەهای نیشتیمانی تا زنجیرەیەکی تورکی ئامادە هەبێت، بیر لە بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی کوردی ناکاتەوە وەك هەمان بازرگانی کەرتی کاڵا و خۆراك، دەبێتە بازرگانێکی کەرتی میدیا، کە میدیا هێندە گرنگە، فۆرمەڵەی عەقڵیەتی کوردی دەکات!

تەلەفزۆنەکانی ئەڤین لە یەکەم ڕۆژەوە ڕۆڵێکی تێکدەرانەیان بینیوە لەو تەتریک کردنەی میزاجی کوردی. ئەوە ئێستا بەرهەمەکەی دەبینینەوە!

کێشەکە لەوەدایە تورك هەر لەگەڵ شیری منداڵیدا فێری ڕقی کورد دەکرێن، تەنها کوردێکیان قبوڵە کە قەت باسی کوردبوونی خۆی نەکات! ئەو ڕق و قینەیەی تورك و هەتا تورکمانیش نیشانی کوردی دەدات، ڕووداوەکانی کەرکوک و دووز شاهێدن! ئەو ڕقە شتێکی ئاسایی نییە، نەخۆشیەکی دەستەجەمعی مێژوویی و دەروونیی تورک و تورکمانە، ئامادەن ئاسەواری کورد بسڕنەوە، کەچی ئێمە بچین بە پارە و ماندووبوون و میدیای خۆمان کچان و کوڕانمان تەتتریک و تەفریس بکەین!

٢٠١٧/١٢/١

ڤیدیۆکە:
https://www.youtube.com/watch?v=oWkiOUvatVI

# ئاوێنەکەمترین ئەتەکێت و ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری تێدا نییە!

من کاتی خۆی لە ئاوێنەم دەنووسی، کێشەم زۆر بوو لەگەڵیان، ستافێکی ڕوو قایم بێ ڕێز، بێ ئەتیکێتی ڕۆژنامەگەری، پاش زیاتر لە ٥٠ وتاری بە خۆڕایی کە بۆیانم نارد، ڕۆژێك بە وشەیەکیش دەستخۆشی و سوپاسێکیان نەکردم، هەرچەندە بابەتەکانم زۆر جێگای سەرنجی خوێنەرانی ئەو هەفتەنامەیە بوو...

پاش ماوەیەك وای لێهاتبوو بابەتم بۆ دەناردن زۆر درەنگ ئاوڕیان لێدەدایەوە یان هەر بڵاویشیان نەدەکردەوە، منیش هیچیتر بابەتم بۆ نەناردن لەوەو دواوە.

ئەو بەیانیە برایەك لینکی بابەتێکی ئاوێنەی بۆ ناردم تیایادا هەموو جنێوەکانی عەبدوللەتیفی لەسەر من کردۆتە مانشێت، بابەتە گوایە باسی مشتومڕەکە دەکات، هەموو قسە سوکەکانی عەبدوللەتیفی ڕۆمانسی گواستۆتەوە کەچی یەك وشەشی لە وەڵامەکەی منی نەگوازتۆتەوە. برادەرەکەم وەڵامەکەی منی بۆناردبوو، وتبووی پێویستە ئاماژەتان بە وەڵامی محەمەد هەریریش بدابا، کەچی هەر خۆیان لە گێلی دا بوو!

ناچاربووم من نامەیەکم بە ئیمێڵ بۆ سەرنووسەری ئاوێنە نارد کە ئەوە بوو:

[بەڕێز سەرنوسەری ئاوێنە

تێناگەم بۆ جنیوەکانی عبداللطیف سەلەفی لەسەر من بڵاو دەکەنەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە وەڵامی من بکەن، ئەوە ناوی لێدەنێن چی؟! یەك گەرد ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری لەوەدا نییە.
دەتوانن وێنەی من وەرگرن لە ئەکاونتەکەمدا، بەڵام ناتوانن وەڵامی من ببینن لەسەر لێدوانەکەی عبداللطیف سەلەفی؟!

ئەوە وەڵامی منە برادەرێکیتریش بۆی ناردوون، سەیرم پێ دێت تا ئێستا بڵاوتان نەکردۆتەوە، وامەکەن بە بابەت لەسەر ئەو ڕەفتارە چەوتەتان بنووسم.]
تا ئێستاش ئەو ڕۆژنامەیە گوایە ئازادە مەدەنیە سێکیولارە! وەڵامی منی نەدایتەوە و بابەتە وەڵامەکەی منیشی ئاماژە پی نەکردوە!

خۆش ئازاد و خۆش مەدەنی و خۆش سێکیولار! خاوەنی خەڵکانی بێ بەهرەی وەك ئێوەین بۆیە خەریکە سەلەفیەتی بەدەوی وەك یاجوج وماجوج کۆمەڵگاکەمان قووتدا!

٢٠١٦/٤/١٩

# ناپرۆفێشناڵی NRT و چەواشەکاریەکانی

دەمێکە دەڵێم حزب بەناو عەلمانیەکان و دەزگا میدیاییەکانیان، ڕۆڵێکی زۆر گێلانە یان نەگریسانە دەبینن لە برەودان بە توندڕەوی و بیری تیرۆرستی لە کوردستان. کەس نییە گوێی لە هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری ئیسلامیەک نەبووبێت کە دەڵێن داعش دروستکراوی ئەمریکایە، وەک پاکانەیەک بۆ مێژوو و هەقیقەتی دین و توراسی دینی، بەڵام زۆر زەحمەتە سەلماندنی ئەو ئیدیعایە کاتێک مێژووی پێش دروستبوونی ئەمریکاش دەخوێنیەوە، کە چۆن لە وێنەی داعش و خراپتریش هەبوون لێ چونکە میدیا وکامێرا نەبوو تاوانەکان بەس بە نووسین گەیشتنەوە ئێمە، نووسینیش وەک دیتن کاریگەری نابێت.

تەلەفزیۆنی NRTیەکێکە لەو دەزگایانەی ڕۆڵێکی زۆر گێلانە یان نەگریسانە دەبینێت لە برەودان بە توندڕەوی. زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کرێکار و مەلا لەتیفی سەلەفی لەو تەلەفزیۆنە کراوە زۆر ناشارەزایانە وەک بڵێی بۆ پۆلیشکردنی وێنەی ئەوان بوو بێت!

لە بیرمە لە کاتی فەزیحەکەی مەلا لەتیف سەلەفی بە نووسین و بە بینین پشتگیری لە شێخی سەلەفی دەکرد، هەتا بە قەد ڕووداویش بوێری نەبوو بەرنامەیەک لەسەر ئەو فەزیحەیە بکات بە ئامادەیی هەموو لاکانی. لەکاتێکدا گوند بە گوند بە دوای هەواڵی بێ کەڵک دەگەڕێت، کەچی نووسینێکی منی لەسەر ئەو کەیسە بڵاونەکردەوە، یان نەوێرا وەک ڕووداو بەژداریم پێبکات لە بەرنامەیەکی زیندی قسەی خۆمی تێدا بکەم !

ئێستاش هاتووە هەمان قسەی ئیسلامیە توندڕەوەکان و بەشێکی زۆری میانڕەوەکانیش دووبارە دەکاتەوە کە حەوت کۆپتەری ئەمریکی چۆتە ناوچەی داعش و نیشتۆتەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەک جگە لە دیتنی چەند کۆپتەرێک و ئاسمانێک نەبێت!

ئەگەر کۆمێنتەکان بخوێنیتەوە دەزانیت قەبارەی ئەو چەواشەکارییە نا پڕۆفێشناڵەی NRT چەندە گەورەیە دەگاتە ڕادەی هاندانی تاکی کورد بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ ئەمریکا و هێزەکانی، کە بمانەوێت ونەمانەوێت تاکە هێزێکە تا ئێستا کەمێک خاوەنداری لە کورد دەکات لەو بێ خاوەنییەی کورد لەناو وڵاتە دژەکانی وەک تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا! ئەگەر ئەوە ڕاستەوخۆ یارمەتیدانی داعش و داعشیەت نەبێت دەبێت چ ناوێکی تری لە بنرێ؟!

30/6/17

# وەزیری رۆشنبیری

## وەڵامی ئەو ڕاپۆرتە بدەوە یان دەست لەکار بکێشەرەوە

وەزارەتی رۆشنبیری دەبوایە سیمای جوان وگەشی ئەو حکومەتە پڕ لە دەرد وسەقەتەی خۆمان با، دەبوایە وەک وەزارەتێکی هوشیار کردنەوەی خەڵک بە هەموو هێز وتوانای خۆی لە دژی گەندەڵی وەزارەتەکانی تر وفەرمانگاکان بجەنگایە، رۆشنبیر لە زەمەنی پۆستمۆدرێنزمدا دەبێت وەک شێخ وقەسیسەکانی ئەو سەردەمە سەیر بکرانایە، نەک بێتو وەک هەر نیمچە خوێندەوارێکی تر ڕەفتار بکات.

ئینجا هەر میللەتێک لە دونیایەدا کاتێک قەوارەیەک پێک دەهێنێت دەبێت ئەولەیاتی هەبێت، نەوەک وەزارەتی رۆشنبیری وڵاتۆکەیەکی وەکو کوردستان، بێتو وەک وەزارەتێک لە حکومەتێکی بێ کێشەی ژێرخانی وهەژاری ودنیایەک لە قوربانیانی دەستی ئەنفال وکیمیا باران هەڵسوکەوت بکات.

ئەو ڕاپۆرتەی کە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە(449) لە 2008/8/17 بڵاوبوەوە بەڕاستی گەندەڵیەکی زۆری پێوە دیارە، کە نە لە کەسێکی رۆشنبیری وەک وەزیری رۆشنبیری دەوەشێتەو،ە ونە لە وەزارەتێکی وەک وەزارەتی رۆشنبیری دەوشێتەوە، کە وا چاوەڕوان دەکرێت خەڵک لە ئافاتی گەندەڵی وبە هەدەردانی پارە وسامانی خەڵک هوشیار کاتەوە، ودەبوایە ئەو وەزیرە رۆشنبیرە ئابڕووی بەرپرسە گەندەڵچیەکانی تری ببردبا، بە دەرکردنی ڕاپۆرتی وەرزی یان مانگانە لەمەر هەموو ئەو دزی وگزیانەی دەکرێت لەو کوردستانەی کە بۆتە نمونەیەک بۆ گەندەڵترین ئیدارە لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەیر لەوەدایە ڕاپۆرتەکەی هاوڵاتی تەنها چوار مانگ دەگرێتەوە لە مانگی ئەپریل (4) بۆ مانگیی تەموز (7)!! هەر لەو ماوەیە کورتەدا بە پێی ڕاپۆرتەکە زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ دەرکردنی سیدی وکلیپ وفیستیڤاڵ ومیوانی بیانی خەرج کراوە!! تەنها یەک ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینار مانگانە خەرج کراوە بۆ کڕینی گوڵی سروشتی بۆ ئۆفیسی جەنابی وەزیر!!

ئەگەر ئەو هەموو پارەیە خەرجی چوار مانگ بێت، دەبێت ساڵانە ئەو وەزارەتە چەند ملیار دینار بە هەدەر بدات وقوربانی وەسڵی تەزویر وسفر زیاد کردن وبندیوارانێ بکات؟! میللەتێک کە ئەمڕۆ کۆمەڵێک مەترسی وکێشەی چارەنوس ساز دەورەی داوە، ماقوڵ نیە 40 ملیۆن دینار بۆ کلیپ وگۆرانی حەمە جەزا و 36،400،000 ملیۆنی تر بۆ تۆمارکردنی

سیدیەک بۆ چۆپی احسانی گۆرانیبێژ، و380 ملیۆنی تر بۆ لیژنەیەکی پێک هاتوو لە تامان شاکر وبەکر معروف وهێمن حسن دابین بکرێت، بێ ئەوەی کەس بزانێت کاری ئەو لیژنەیە چییە یان (بێ ئەوەی تەنانەت لە نوسراوەکانی وەزارەتیشدا کاری لیژنەکە دیار بکرێت)!!

ئەو سێ ناوەی دوایی بە تایبەتی تامان شاکر، کە وەک ئافرەتێکی جەنگاوەری ئەمازۆنی گوایە بەرگری لە کێشەی ئافرەتان و کێشەی تریش دەکات، پێویستە زۆر بە پەلە قسەی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە بکەن، چونکە ئەو هەموو پارەیە کە دیار نەماوە یان گەندەڵی یە یان بە هەدەر دانە. رۆشنبیری هەقیقی ئەوەیە کە نەزانێک دەبینێت بەلۆعەی ئاوەکەی بەبێ هۆ کردۆتەوە، دەبێ دڵی ژان بکات، وبیگرێتەوە.

برایەکم کە گوێی لە دەنگی ئاو بەردانی هاوسێیەکەی ببوو ئەو شەوە خەوی لێنەکەوتبوو تا لە دەرگای ماڵەکەی نەدابوو وبێداری نەکردبونەوە تا ئاوەکە بگرنەوە ئینجا خەو چوبوە چاوی!! رۆشنبیر ئەوەیە کە دەزانێت ئەو هەموو ماڵە کوردەی کەرکوک لە ژێر دەواری شڕدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەگەر پارەی زیادی هەبوو بیداتە پێویستیەکی ژیان وبۆ ئەوانی بنێرێت. رۆشنبیری هەقیقی ئەوەیە دژی دیاردەی دزین وموچە وەرگرتن بەبێ دەوام کردنە (لە هەولێرە حەیاتەکەمان بەو دیاردەیە دەڵێن بندیوار) ئاخر 380 ملیۆن دینار سەدان ماڵی هەژار وبێ دەرەتانی پێ ئاوەدان دەکرێتەوە.

کەی ماقوڵە میللەتێک ئاوەرەکانی لە ژێر شرە چادر بن کەچی زیاتر لە 23 ملیۆن دینار خەرج بکرێت بۆ میوانداری کردنی د. سیراج الدین بلگین ی شارەزا لە بواری کولتوری کۆن وزەردەشتناس!!! بەو برە پارەیە دەکرا بەلایەنی کەم 25 کتێب لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئاینی زەردەشتی کراوە وەرگێردرێتە سەر زمانی کوردی!! گومانم هەیە ئەو پارەیە لەو میوانداریە خەرج کرابێت. ئەگەر ئەو پارەیە زۆرەی کە لەو ڕاپۆرتە باسی کراوە ڕاست بێت، بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە دەبێت بەرپرسی یەکەم بۆ دادگا بانگ بکرێت، بەڵام لە وڵاتێک گەندەڵی ئەسڵ بێت، ودەست پاکی ڕیزپەڕ بێت، کێ دەرەقەتی گەندەڵی دێت؟!

لە وڵاتێک ئاشکرا کردنی گەندەڵچیەکان، تەنها کاری رۆژنامەنوسێکی بێ چەک بێت جگە لە چەکی قەڵەم، چۆن هیوای پەلکێش کردنی گەندەڵچیەکانمان هەبێت. چۆن هەموو رۆژنامەنوسێکی پەرێز پاک چاوەڕێی چارەنوسێکی وەک چارەنوسی سۆرانی مامە حەمە نەکات؟! لە جیاتی خەرج کردنی ئەو هەموو پارەیە بۆ دەرکردنی سیدی وڤیدیۆ کلیپ بۆ گۆرانی بێژەکانی هەندەران وناوەوە، کە بەداخەوە ئەوانیش زۆربەی زۆریان فێری مفتەخۆری وگەندەلچیەتی کراون، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکیان بە تەواوی بونەتە بازرگان وبزنسمان، بچۆ داوای دەرکردنی یاسایەک بکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ ونەهێشتنی کۆپی

کردنی ئەو سیدیانەی کە ڕەنجیان لەگەڵدا کێشاوە وپارەیان تێدا خەرج کردوە، نەک فێری سواڵکردن وگەندەڵچیاتیان بکەن.

پێش ماوەیەک گۆرانی بێژێکی لاومان بینی لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان بۆ گۆرانی گوتن نەهاتبوو، بەڵکو کابرایەکی هەرزەکاری ئەورووپی لەگەڵ خۆی هێنا بوو باسی پرۆژە وکاروباری بازرگانی دەکرد وخۆشی کردبوە وەرگێڕی!! ئەوە کاری گۆرانی بێژە؟! سەیر لەوەدایە ئێمەی کورد زۆربەی وەزیرەکانمان وگۆرانی بێژەکانمان لە ئەورووپا دەژین وئەو ژیانە پڕ لە دیسپلینی یاساییە دەبینن، وئەو خەڵکەی ئەوێ دەبینن کە تا چ ڕادەیەک وڵاتی خۆیان خۆش دەوێت، وچۆن هەر تێکدەریەک ببینن یەکسەر تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن، ولەوێ لەوپەڕی پەیوەستی دان بە یاسای ئەو وڵاتانە وستایشیانیش دەکەن، کەچی کە دێنەوە ئەو کوردستانە کەساسەی خۆمان، وەک ئەو دۆزەخەیان لێ دێت کە لە قورئاندا باسی کراوە کە هەر لاشەی پیاوخراپانی تێدەکرێت ولێی دەپرسرێت: پڕ بوویت (هل امتلئت)؟ ئەویش هەر دەڵێت: هێشتا زیاتر (هل من مزید)؟! هەر بە هیچ تێر نابن هەتا بە خۆڵی گۆڕە کۆمەلکوژەکانی ئەنفالیش.!

٢٠٠٨/٨/٢٢

# وەسیەتەکەی شێرکۆ بێکەس مانای چیە؟

پێم ناخۆشە لەو ساتانە لە پاش کۆچی شاعیرێکی ناوداری کوردی وەک شێرکۆ بێکەس قسەیەک بکەم بۆنی ڕەخنەی لێ بێت، چونکە لە داب ونەریتی کوردا شتێکی چاك نیە زۆر باسی مردوان بکەی، بە تایبەتی بە ڕەخنەوە. بەڵام شێرکۆ کەسێکی ئاسایی نیە تا قسەکردن لەسەری بە غەیبەت حسێب بکرێت، گومانی تێدا نیە کە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی گەورەیە وخزمەتێکی زۆریشی بە ئەدەب وزمانی کوردی کردوە، من خۆم دەتوانم بڵێم زیاتر لە نیوەی شیعرەکانیم خوێندۆتەوە، فێری زۆر دەربڕین ووشە وگوزارشی جوانیش بووم لێی.

بەڵام من وا هەست دەکەم زۆربەی رۆشنبیران لە پەرۆشیان بۆ مەرگی شێرکۆ بێکەس، بە شێوازی زەین کوێرێك ویادەوەری ون کردوودا، باس لەو شاعیرە دەکەن وەک بڵێی هیچ خاڵێك لە ژیانیدا نیە رەخنەی لەسەر بێت، بەلکو سەرتاسەری کوردایەتیەکی ساف وبێگەرد بێت...

من گومانم نیە لە خۆشەویستی شێرکۆ بێکەس بۆ میللەتەکەی، بەڵام لە هەمان کاتدا گومانیشم نیە لەسەر خۆسازانی شێرکۆ لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی بە هەموو گەندەڵی وشەڕی کوردکوژی وکوشتنی ڕوحی نەتەوەوە، هەروەها گومانیشم نیە لە خۆشەویستی شێرکۆ بێکەس بۆ پلە وپایە وپۆست وتا رادەی تێوەگلان لە گەندەڵیش .

من لە بچوکترین رۆشنبیری ئەو میللەتە چاوەڕوان ناکەم ولاشم مەقبول نیە وپاکانەشی بۆ ناکەم ئەگەر لەسەر حیسابی سامانی گشتی بچوکترین گەندەڵی قبوڵ بکەن بۆ خۆیان یان بۆ ماڵ ومناڵیان یان بۆ فەرمانبەرانیان.

وەسیەتەکەی شێرکۆ بێکەسیش پێمان دەڵێت، بیرکردنەوەی ئەو شاعیرە زادە وبەرهەمی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەیە، کە زیاتر لە بیست ساڵە خاوەن ویژدانەکان بە تاک وکۆمەڵەوە لە دەستی دەناڵێنن، ودەرهاوێشتەکانی بۆتە کلتورێك هەزاران وسەدان هەزار کەس بە ڕوح وبە گیان پاڵپشتی لێدەکەن وبەرگریشی لێدەکەن، تا ئەو ڕادەیەی خەریکە داکۆکیکەرانی مافی خەڵك ونەزاهەت لە هەڵوێستی بەرگری دابن بەرامبەر لەشکری گزی و گەندەڵخۆری.

وەسیەتەکە داوای ناشتنی دەکات لە مولکایەتی گشتیدا [پارکی ئازادی] مولکایەتی گشتی بە تێگەیشتنی ئەو دەسەڵاتە مانای مولکایەتی تایبەتی حزب وسەرکردە وبەرپرس گەورەکان دەگرێتەوە، بۆیە هەزاران رەز وپارچە زەوی وگردو چیا وروبار دەستی بەسەردا گیراوە

وتەلبەند کراوە، هەربەوەندەش نەوەستان سەدان بیرە نەوت دەستی بەسەردا گیراوە وبۆتە مولکی تایبەتی کەسانی دەسەڵاتداری پلە یەک ودوو وسێ!

کاتێ شێرکۆ بێکەس بەبێ سڵەمینەوە وەسیەت دەکات لە پارکێکی گشتی، شوێنی کاتی خۆش بەسەربردندا بنێژرێ، وبەبێ ئەوەی حسابی هەستی گشتی هەقیقی خەڵک بکات، ئایە پێیان خۆشە گۆڕێك بە هەموو مانا رەمزیەکانی گۆڕ لە مەرگ وماتەمینی ودڵتەنگی لەناوەڕاستی پارکێکی گشتی تەرفیهی قوت بکرێتەوە، مانای ئەوەیە شاعیر هەمان تێڕوانینی دەسەڵاتی بۆ مولکایەتی گشتی هەبووە تا لە ژیاندا بووە، ئەوەش کارەساتێکە گەورەتر لە کارەساتی مەرگی خودی شێرکۆ بێکەس.

10/8/2013

# ئەفسانە دەنگی زیاد ئەسعەد

## لە نێوان شێرکۆ بێکەس و عەدنان کەریم دا!

عەدنان کەریم وزیاد ئەسعەد یەکەمین دەنگی دڵی منن، نازانم دەنگ و هونەری کامەیانم زیاتر پێ خۆشە. بەڵام لە بەرنامەی کورد ئایدڵ کەمێک دڵم لە عەدنان کەریمی گەورە رەنجا، کاتێ لە بەژداربوێکی ڕێزدار و متمانەداری ناو بەرنامەکە بیستمەوە، کە چەندین بەژداربوو هەوڵی وتنی گۆرانیەکانی زیاد ئەسعەد و زەکەریا شیان داوە، بەڵام عەدنان کەریم رێگر بووە و ڕازی نەبووە، بە بیانووی گوایە دەنگ و ئاوازەکانی زیاد کوردی نین!!!!

دڵنیام ئەو هەواڵە ڕاست بوو، چونکە ماقوڵ نییە، زیاد ئەو هەموو سەرسامە بێ شومارەی کوردستانی هەبێت، کەچی لە بەرنامەیەکی گۆرانی کوردی کەسێک بیری بۆ چڕینی ئەو ئاوازە ئەفسوناویانەی زیاد نەچێت!!!

بەداخەوە هەست دەکەم ئەو هەڵوێستەی عەدنان کەریم هێندە هونەری نەبوون، هێندە شتیتر بوون، سەرەڕای خۆشەویستی گەورەم بۆ عەدنان، کە بە وتاری تایبەتیش بەرگریم لە عەدنان کردوە. بەڵام چاوەڕوان نەبووم، کە زیاد خۆی ستەم لە خۆی دەکات، و خەڵکانێک ودەسەڵاتیش ستەمی لێدەکات، عەدنان کەریمیش ستەمی لێبکات و ڕای خۆی فەرزکاتە سەر مەزاجی کوردی!

ئەو گرتە ڤیدیۆیەی شێرکۆ بێکەس کە لە ڕووداو ئاشکرا کرا، بەڕاستی گەنجینەیەکی شاراوە بوو، ئەوەی تا ئەمڕۆش شاردویەتیەوە گەورەترین تاوانبارە. چونکە ڕاستە عەدنان گۆرانی بێژێکی گەورەیە، بەڵام مەرج نییە داوەرێکی هونەری پیشەیی باش بێت، سیاسەتی لە بەرنامەکەدا لە تیۆرەکانی پاسۆک دەچوو لە سیاسەت! زۆر بە هەڵپەبوو مۆری ناکوردیەتی بەم و بەو وەبنێ! ئەو وابزانم ئاواز وهونەری فۆلکلور و کۆی ئاواز و هونەری کوردی تێکەڵ کردبوو!

شاعیری مەزن شێرکۆ بێکەس لە وەسفی زیاد دا گووتی: دەنگێکی بەرزی تاسە شکێنە، و لە عەدنان چاکتر دەیزانی زیاد چ وەستایەکە و چ شارەزایەکە بە هونەر و کلتور و ئاوازی ناوچەکە و گووتی:

زیاد ئەسعەد بە چاکی ئاگای لە گۆرانی و کلتوری کوردییە، ئاگای لە گۆرانی کۆن و تازەی میللەتانی دەوروبەرە، تەنانەت هەناسەکانیشیان لێک جیادەکاتەوە! ئەڵڵا لەو وەسفەی تەنانەت هەناسەکانیشیان لێک جیادەکاتەوە! مرۆڤی وەک شێرکۆ دەبێت دادوەر بێت لەو بەرنامانە.

خاکێتی و تەوازوعی شێرکۆ بێکەس گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە خۆی شاهەنشاهێکی تێکست و شیعرە، ستایشی تێکستە ڕوون وناسک و بێ گرێ و گۆڵەکانی زیاد ئەسعەد بکات، و سەرسامی لە هارمۆنیەتی تێکست و ئاوازەکانی زیاد دەرببڕێت! ودەڵێت:

لە ڕووی ئەو تێکستانەشەوە کە بۆ ئاوازەکانی هەڵیان دەبژێرێ، تێکستەکان ڕوونن و بێ گرێ و گۆڵن، بە تەواوی لەگەڵ ئاوازەکاندا دەگونجێن!

ئەو شایەدییە بۆ زیاد ئەسعەد گەورەترین شانازییە، لە یەکێک لە گەورەترین شاعیر و هەستیار و هونەرناسی کورد، هیوادارم عەدنان کەریم لەو هەڵوێستەی بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە گەورەکان بە دانهێنان بە یەکتری جوانتر دەبن، نەک بە یەکتری شکاندن و بە پێشبڕکێی ناهونەریانە!

٢٠١٨/٣/٦

لینکی ڤیدیۆکە:

https://youtu.be/wVpiPDKUaB8

# هەر ئەوەی بە پەشێو کرا سوکایەتی نەبوو!
# کوردستان یەك پارچە سووکایەتییە

خەڵك وادەزانێت سوکایەتی بەس ئەوەیە یەك دوو چەکداری نەزان بێت و دەستدرێژیت بکاتە سەر! خەڵک وادەزانێت هەر ئەوە سوکایەتییە کە کرا بەرامبەر عبداللە پەشێو. بەرلەوەی ئەوە بە سوکایەتی بزانرێت دەبێت بزانن ژیانتان پڕاوپڕە لە سوکایەتی...
سوکایەتی ئەوەیە ماڵی سەرۆك وەزیران ئەو هەموو ڕووبەرە داگیر بکات، بەخۆڕایی و سنوری بگاتە ناو گوندی باو وباپیری پەشێو و هەتا گۆڕستانیشیان لێ بکاتە ناوچەی قەدەغەکراو و بە خاوەن مردووی نوێ بڵێن، بە پێنج دەقە مەیتەکەت بنێژە وئەوێ چۆڵ کەن، دەنا تووشی ڕێکاری یاسایی دەبنەوە!

سووکایەتی ئەوەیە چەکداری گەنج هێندە نەخوێندەوار بێت لە سایەی ئەو وڵاتە مافیاوییە، نەزانێت عەبدوڵلا پەشێو کێیە، کاتێ خۆی ناساند تەقەی سەری بێت!
لە هەر وڵاتێکی جیهان با لە گوندێك شاعیرێکی وا مەزن هەڵکەوتبا، ئێستا گوندەکەش وچەندین دەزگا و قوتابخانە و ڕێگای دەوروبەریش بە پەیکەر وناوی ئەو شاعیرە دەڕازێنرایەوە، نەك گوندەکەشی بکەوێتە ناو قەڵەمڕەوی ماڵی یەك کەس!

سوکایەتی ئەوەیە لەو وڵاتەی کە نە لە ئەرز ونە لە ئاو و نە لە ژینگەی لەباری کەم نییە، تۆ شیری کوێتی ومیسری وسعودی بخۆیتەوە، و تەماتە و خیاری ئێرانی بکڕیت، وکەرە و ڕۆن وماستی تورکیایی بەکار بهێنیت!

سوکایەتی ئەوەیە کورد لەو شۆپینگ سەنتەرانە کاتێ بە کوردی قسە بکات کەس نەبێت تێی بگات، وگەنجی کورد خۆی بە نامۆ بزانێت تیایدا، چونکە بەڕێوەبەرانی هەموو شتێکی تێدا بێت، تەنها کوردی تێدا نەبێت.

شورەیی و سوکایەتی ئەوەیە ناوی شەقامت بنێیت بە تۆکیۆ و فلۆریدا و ئەی بی سی سیتی ونازانم چی، کەچی هەزاران مرۆڤی گەورە و ناوی جوانی کوردیت هەبێت!
سوکایەتی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە نەخوێندەوارە بێ ئەسڵ وفەسڵە بۆ بێژەرێکی کچی شۆخ وشەنگ شین وشەپۆڕ بکات لەسەر ئاستی سیاسی و میدیایی، بەڵام بۆ وەفاتی کەڵە ڕۆشنبیر ونووسەر وئەدیبێکی گەورەی وەك محەمەدی مەلا عەبدولکەریم وا بێ دەنگ و بێ باك بیت!

سوکایەتی ئەوەیە وڵات لەو تەنگژە گەورانەی ئابووری دابێت، وخەڵکەکەی برسی بکەیت، وشەو وڕۆژ نەخەیتە سەر یەك بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، چونکە خەڵك بە هیچ نەزانیت، لە

جیاتی ئەوە هەر خەریكی كۆڕ وكۆبوونەوە و فۆریۆم و پانێڵی بێ كەڵك بیت، كە دار ناخاتە سەر بەرد...

سوكایەتی ئەوەیە خەڵكەی نیشتیمان پاڵ پێوەنێیت بۆ دەرەوە و كۆچ كردن و ڕاكردن لە ترسان ولە برسان، وڵاتیش بكەیتە هوتێلێكی بازرگانانی بیانی كاڵای ساختە وشەریكە دز و مۆڵگەی بێ بەهایی وبێ ڕەوشتی..

ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بێ ڕەوشتە بەناوی كوردایەتیەوە بەو خەڵكەی دەكات، سەدام لە چاو ئەواندا سەرەڕای دڕندەییەكەی، فریشتە بوو.

15/3/2017

# پەشێو وشەی گەندەڵی!

لە گفتوگۆیەکی دوو بە دوودا لەسەر وەزعی گشتی کوردستان و کورد، شاعیری هەرە گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو زۆر بێزاری خۆی لەو پەتایەی شارچیەتیە دەربڕی و گووتی ئەوەی کورد بێت نەك نابێت جیاوازی بکات لە نێوان سلێمانی و هەولێر ، بەڵکو نابێت جیاوازی بکات لە نێوان سلێمانی و کۆبانێ، هەولێر و ئامەد، مەهاباد و دهۆك.

فەرمووی ئەوە پیلانی بەعس بوو پێی جێبەجێ نەکرا، ئێستا دەسەڵاتی کوردی لە جیاتی بەعس ئەو پیلانە گڵاوە جێبەجێ دەکات.

گووتی ئەو دەسەڵاتە بەناو کوردیە نابێت وەسف بکرێت بە گەندەڵ، چونکە وشەی گەندەڵ زۆر بچووکە بۆ وەسفی، دەبێت وشەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە گوزارش لەو هەموو نەگریسیەی بکات کە تیایدایە .

ئەو دەسەڵاتە پێشڕەوی کوردی کرد بەرەو پەرتەوازەیی و دواکەوتوویی و دەیان کارەساتی تر.

7/10/2016

# مژدێن و ئەزموونی کوردی

دەڵێی کورد خویگرتوە بە خۆهەڵکێشانی بێ ناوەرۆك و بەتاڵ، کە باس دێتە سەرباسی هەر بابەتێك، هێشتا تازە دارە دارە دەکەن لە هەر بوارێکدا دەڵێن ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاکترین کەسین لەو بوارەدا، یان چاکترین نمونەین یان ئەزمونین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بێئەوەی حیسابی ئەو هەموو خوێنەرە وریایەی کورد بکەن کە وەک کرمی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی ئینتەرنێتیان لێهاتوەو ئاگاداری جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

زۆرجار دەڵێم دەبێت ئەو برادەرانە گوندێکی لا چەپ نەناسن بەناوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو مەبەستیان ئەو شوێنە نەبێت هەر کاتێ باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، چونکە ئەگەر لە پڕۆژەی بودجە توانیبێتیان چەندین گوندی وەهمی دەستنیشان بکەن و بودجەشی بۆ دانێن لەگەڵ بوونی نەخشەی کوردستانی گەورە لەسەر دیواری زۆربەی ماڵەکان و بوونی چەندین بەشی جوگرافیا لە زانکۆکانی کوردستان، بە دوری نازانین گوندی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) یانیش بۆ ئەو مەبەستە داهێنا بێت تا سوێندەکەیان نەکەوێ، بە درۆ سوێند نەخۆن کاتێک دەڵێن ئێمە باشترینین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە فلان وفیسار بوارەدا.

سەیر لەوەدایە زۆربەی جاریش ئەو نمونانەی کە نیشانی دەدەن، بەچاکترین نمونەی ئەو گوندە داماوەی [رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا] دادەنێن، نەک هەر باش نیە بەڵکو لێواولێوە لە عەیب و عارو بێ زەوقی و نانیشتیمانی و دژە کوردایەتی و تەژی لە گەندەڵی.

بۆ نموونە هەر لە پاش ١٩٩١ دەسەڵاتی کوردی ڕۆژانە بە ئێمەو دنیای دەگوت :ئەزموونی دیموکراسی کوردستان، چاکترین ئەزموونە لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەتا عەرەبە فەقیرەکانی باشور و ناوەڕاست خەریك بوو باوەڕ بکەن و ئەزموونە ناوێزەکەمان بگوێزنەوە بۆ بەغداو بەسرا بەڵکو چەندە خراپن ئێستا خراپتر دەبوون.

ئەو زوڕنایەی [چاکترین ئەزموون لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا] لە چەند رێکلامێکی پارەدراودا لە چەند ڕۆژنامەیەکی ئەمریکاو خۆرئاواش بڵاودەکرایەوە، ئەو ئەزمونە بەناو ناوێزەیە هەموومان دەزانین چەندە مایەی شەرمەزاری و نەنگیە لە مێژووی کورد: ئەزمونێکە پڕیەتی لە براکوژی، کوشتن و تەسلیم کردنەوەی کوردانی خەباتگێڕی پارچەکانی تری کوردستان، تاڵانی سەروەت و سامانی میللەت، پەرتەوازەیی، کوشتنی هەستی ئینتیمای نەتەوەیی، قوڵ کردنەوەی گیانی حزبایەتی، دامەزراندنی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و پەك خستنی پەرلەمان و هەرزان فرۆش کردنی نەوتی کوردستان بە ڕێژەیەک پێش خۆماڵی کردنی نەوتیش کۆمپانیا بێگانەکان خەونیان بەو ڕێژەیەی وەزیری وەزارەتە جانتا ڕەشەکە نەدیوە کە دەگاتە ٦٠% بە سەرەوە، زۆر جار ئەو هەرزان فرۆشیە دزەکانی لەندەنم بیردەخاتەوە کە جاروبار لەسەر شەقامەکان لاپتۆپی هەزار پاوەندی بە سەد پاوەند

عەرزت دەکەن، کاتژمێری دوو هەزار پاوەندی بە شەست پاوەند دەدەن، چونکە پشتی پێ نەئێشاوەو دڵی بە خاوەنەکەی ناسوتێ، گرنگ ئەوەیە بای تلیاکەکەی بکات بۆ چەند ڕۆژێك.

بە هەمان شێوەی ئەزموونە پڕ لە عەیب و عارەکەمان، لە ماڵپەڕێکدا [گۆرانیبێژ] "مژدێن" کە یەکەم کەسە لە ناو کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بێگومان کە کامیرای بردە ناو ئاودەست و گۆرانی لەسەر ئینجانەی تەوالێتدا چڕی، گۆرانی بە نیمچە ڕووتی پێشکەش کردو وێنەی تۆپلێسی [ڕووتی نیوەی سەرەوەی لاشەی] خۆی بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی بە قەولی خۆی تەحەدای ئەوانە بکات کە گوتویانە [م...ی] جوان نین، پاش ئەوەی لەڕاپرسی سایتێکدا بە دەنگی ئەو خەڵکەی گوایە جەماوەری ئەون بە خراپترین گۆرانیبێژ راگەیانرا، کەچی زۆر ڕوقایمانە وەك ڕوقایمی زوڕناژەنانی ئەزموونە ناوازەکەمان دەڵێت:"من ئافرەتێکی پڕ داهێنانم لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لە داهاتوودا هەر بەو هۆیەوە سوپاس دەکرێت".

مژدێن وادیارە کچی حەڵاڵ زادەی ئەزموونی کوردیە نەك لەبەر ئەوەی بە هەموو عەیب و عارەوە خۆی پێ پڕ داهێنانە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو وەک چۆن زوڕناژەنانی ئەزموونە ناوازەکەمان، لە وەڵامی ئەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت دەڵێن ئەوانە دوژمنن و چاویان بە ئەزموونە ناوازەکەمان هەڵنایێت، "مژدێن"یش بە ناحەزانی سیناریۆیە هونەرییە پۆرنۆگرافیەکانی دەڵێت:"من ئەو ئافرەتانەم پێ نەخوێندەوارو نا هۆشیارە کە سیناریۆکانی من رەت دەکەنەوە". بەڕاستی لە یەک دەچن دەڵێی دوو لەتی سێوێکن، سێوەکەش چاکترین سێوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٢٠١٢/٧/١٢

# تیێڕوانینێك لە هونەری هەڵكەوت زاهیر دا

هەڵکەوت زاهیر دیاردەیەکە، لەگەڵ لێشاوی گەندەڵی وەک پاشکۆو پاشگرێکی ئەو تسونامیە گەندەڵەی کوردستان، لەو خاکەدا سەوز بوو و باڵای دەرکرد. بەردەوامیشی لەسەر سوتەمەنی ئەو گەندەڵیەوە وەستاوە، دەنا کێ باوەڕ دەکات ئەو هونەرە ناڕەسەنە بە مایەی خۆشی هەستێت، چ جای لەوەی قازانجیش بکات.

ڕاستە ڕێژەیەکی زۆر لە هەرزەکاران وخەڵکی تر سەیری ئەو کارانە دەکەن، بەڵام بلێی پارەی پێبدەن ئەوە زەحمەتە. ئەوانەی پاڵپشتی ئەو هونەرە دەکەن هەر ئەوانەن کە پاڵپشتی وەزیرو وەزارەتە گەندەڵەکان دەکەن، کە بە ملیۆنەها دۆلاردیزە بەدەرخونە دەکەن، بێ ئەوەی ڕۆژێک لێیان بپرسنەوە، یان وەك وەزارەتە ناو جانتاکەی ئاشتی هەورامی سەرەرای ئەو هەموو تاڵانکردنەی نەوت وسامانی نەتەوەیی هێشتا بە زیان کەوتۆتە سەر بودجەی هەرێم!!

کێشەی هەڵکەوت زاهیر لەوەدایە زۆر بە نەفەسێکی بەرزەفڕو بوغرایەوە قسە دەکات، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ [ئێن ئار تیڤی]، چەندین جار هەر وشەی تەحەدا بەکار دەهێنێت! لەوەش سەیرتر هەر لەسەرەتاوە خۆی لەسەروی ڕەخنەوە دادەنێت، ودەڵێت گوایە ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن دەیانەوێت لە سایەی عەزەمەت و گەورەیی ئەودا ناو دەر بکەن!!

ئەو لەهجەیە لە خۆباییە نوسەرێکی کوردی کاتی خۆی، کە یاخی بوو لە سێبەرەکەی خۆشی، بەبیر هێنامەوە، کە ئەویش هەروای دەگوت، شەو وڕۆژ وەک شۆڕشگێرە ئاشوبیەکان یان فەوزەویەکان خەریکی پەلاماردانی ئەم وئەو بوو، کەچی کەس بۆی نەبوو وەڵامی داتەوە نەوەک تاوانبار بکرێت بەوەی دەیەوێت بە پلیکانەی باڵای بەرزی ئەودا سەرکەوێت، تا لە کۆتاییدا دەستەمۆ کرا لە لایەن ئەوانەی کە جوێنی بە باوک وباپیریانیشی دەدا بە ڤایرۆسی سەوزە دۆلار، ئێستا بۆخۆی لە ئوتێلیکی راقی میوانی هەمیشەییە، وهەرسەرگەرمی خواردنەوە ووڕێنەیە.

کاتی خۆی لەڕابردودا خەڵکی زۆر هەبوو وەڵامی نەدەدایەوە نەوەک بڵێت دەیانەوێت لە سایەی زەبەلاحی و گەورەیی ئەودا ناودار بن، ئێستا هێندە سوک و ڕیسوا وقێزەون بووە خەڵک بێزی نایەت ناوی بخاتە ناو وتارەکانیان!!.

هەلکەوت زاهیریش جگە لە چەند کارێکی کەم، کە دەتوانی بڵێی بەکار دەچێت، وهەرچەندە سەرچاوەکانی ئاوازەکان ئەمڕۆ بۆ ئێمە مەعلوم نیە، ڕاست و چۆپ کەوتۆتە شێواندن

وقێزەون کردنی هونەری کوردی. ئەو بەناو هونەرمەندە هەموو بەهرەکەی ئەوەندەیە لاسایی تیاترۆخانەکانی لوبنان و میسر بکاتەوە، چونکە لەوە دەچێت بە قەلب وقاڵبەوە لەو بەشە هونەرە نزمەی ئەو دوو وڵاتە توابێتەوە! ئەو پیاوە سەرچاوەی ئیلهامی (....) ئەو ئیلهام بەخشەی هەڵکەوتی گرتوە.! هەڵکەوت خەریکی هونەرێکە، کە پێشان تەنها درەنگی شەو لە مەلهاکانی بەیروت و شارع الهرم قاهیرە پێشکەشی سەرخۆش وعەوداڵانی داوێن پیسی دەکرا، وتایبەتیش بوو بە بادانی سمت وسینگ ودەربڕینی وشەی وروژێنەر بۆ جوڵاندنی هەستە نزمەکانی خوارەوە، وەکو نۆتی وهۆم شیکەواوەو تامی ئەو وئەویش بکە وتا دوایی!!!

کەچی ئێستا بەڕۆژی ڕوناک لە سکرینی تەلەفزیۆنەکان، یەکێک لە مێگەڵەکەی هەلکەوت زاهیر بەشیوەیەکی زۆر ڕەخیس وبازاڕی، بە تەنها یان بە یاوەری پلەی بۆیەکی playboy هەڵکەوت باسی دەست بردن بۆ سینە وگۆنا ولێو ماچ کردن دەکات، وگوایە نۆتیە واتە[ بزێوو شەیتانە]... گوێبگرە بۆ ئاستی ئەو وشانە کە سەرەڕای ئەوەی دەڵێی عەرەبێکی تازە کوردی فێربوو نوسیویەتی، تەنها ئاخ وئۆفی هەیفا وەهبی وبوس الواوا و [بحبک یا حمار]ت بەبیر دێنێتەوە:

تۆ کۆرێکی هاری لاچۆ لە سەر رێگام

چاو لە چاوم دائەگری ماچت کرد لە گۆنام

ویستم لە دەستت ڕاکەم خۆت نزیک کرد لە لام

دەستت خستە ناو دەستم ماچت کرد لە لێوم

کاک هەلکەوت زاهیر تەحەداش دەکات، کە هونەرەکەی ئەو لەناو هونەری کوردی لە لوتکە دایە، چونکە ئاهەنگەکانی پڕدەبن لە کچ وکوری هەرزەکار! ئەو برادەرە یان نازانێ یان خۆی لە گێلی دەدات، کە لەبەرچی ئاهەنگەکانی ئەو لە ئاهەنگی بۆ نمونە هونەرمەندێکی ڕەسەنی وەك عەدنان کەریمیش قەرەباڵغتر بێت، چونکە هەڵکەوت ئاسانترین چەك لەو گۆڕەپانە بەکاردەهێنێت، کە چەکی وروژاندنی سێکسییە وهێزی جوانی ئافرەتە، بۆیە گومانم نییە هەیفا وەهبیش بینەری زیاتری هەیە لە ئوم کەلسوم لەسەر یوتیوبدا، لە یەتیوب کچێکی مەسیحی میسری باسی سیاسەتیش دەکات نەک بابەتێکی سێکسی، بەڵام چونکە زۆر جوانە و زۆر بە نازوعیشوەوە ئەدای دەکات، وسەرەڕای ئەوەی قسەکانی فلسێکی قەڵب ناهێنێت لە دنیای سیاسەت وفیکردا، کەچی زیاتر لە ملیۆنێك و سێ سەد هەزار بینەری هەیە !!

ئەوانەی لە مێگەڵەکەی هەلکەوت وهەیفا کۆدەبنەوە بە پاڵنەری جنسی وسێکسیەوە دێن بۆ ئەوێ نەک بە پاڵنەری دیتن وبیستنی هونەرێکی ڕەسەن، ئەی ماقوڵە ئەو ناسلی ولۆکە

ودەشنێ وئەوانی تر بە نیمچە ڕووتی وبە وشە ڕوتەکانیان وجوڵە سێکسیەکانیان نیشانی گەنجانی وروژاو بدات لەجیاتی بچنە لای ئەو دەچن بۆ کۆڕی فاروق ڕەفیق بۆ نمونە؟!! کاری هونەرمەندی هەقیقی بەرزکردنەوەی هەست وچێژی هونەرە لای خەڵک نەک تەخدیرکردنیان بە غەریزەی سێکسی.

سەیر لەوەدایە لە چاوپێکەوتنەکەیدا هێندە خۆی فریشتە ئاسا دەردەخات، خەریکە شەیتان شەرمی لێدەکات، کەچی قسەکانی هانی و باخان دەیسەلمێنن کە لەبەرامبەر ئەنجامدانی کاری هونەری داوای بەرامبەری نا (...)و نامادیان لێدەکرێت جا لەلایەن (.....)، نازانم کێ داوایان لێدەکات؟!! بێگومان کەسێکی زیرەکی ناوێت تا بزانێت ئەو شتە نامادیانە چیین کە داوایان لێدەکرێت، بەداخەوە نێوەندی هونەری کوردی بەرەو ئەو هەڵدێرە بردوە!!

کورە نازدارەکەی ڕاوێژکارەکەی حکومەتی پێشوو، وەک چۆن ژمارەی پێوانەیی لەو ئاوازو وشە بەرزانە شکاندوە بە دانانی ٦٠٠ ئاوازی بێ دایک وباوك، کە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت لۆکە وناسلی بە کوردی بیکەنە گۆرانی یان نانا ودومنیک وهەیفا وەهبی بە عەرەبی بیان چڕن، بە هەمان شێوە خەریکە ژمارەی پێوانەیی دەشکێنێت لە زیادەڕۆییەکانی لە دەربڕینە بێ پەردەکانی وەك:

**هەوەس و هەوەسبازی هاتیتە بەر دەرگام**

**ویستت ماچێکم بکەی لێوت هێنا بۆ لام**

**دەستت برد بۆ سینەی من وتت ئاە پێم خۆشە**

یان هاندانێکی بێ پەردە بۆ ڕابواردنی بێ سنوری کچان لەگەڵ ئەم وئەو و شوو نەکردن:

**بە قسەم کە شوو مەکە**

**یاری بە ئەو وخۆت مەکە**

**تا ئەتوانی خۆت ئازاد کە**

**تامی ئەو وئەویش بکە!!**

ڕۆژ بەڕۆژ قسە بێ پەردەکانی زیاد دەکات، ئەجوائی بێ مۆڕاڵی مەلهاکانی بەیروت وقاهیرە دەهێنێتە ناو هونەری کوردی، بە پشتگیری کەسانێك لە دەسەڵاتەوە، ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بەس نیە ئەو پیاوەیان کردۆتە صدام حسێنی هونەری کوردی بە قەولی باخان، بەڵکو

دەیانەوێت یەك کەناڵی ئاسمانی تایبەتیشی بۆ دامەزرێنن تا زیاتر هونەرە بێ پەردە ونۆتی وپۆرنۆیەکەی برەو پێبدات!

ئەو دەسەڵاتە چی ماوە تێکی نەدابێت، تا لێی ئەمین بین لەسەر هونەری کوردی و ئەویش تێک نەدات؟! لە جیاتی زمانێکی فۆڕماڵی کوردی یەکگرتوو، دوو زمانی فەرمی دروست کردوە لە جوگرافیایەکی بچوکدا...

پێناسنامەی نەتەوەیی لە نێو گۆمی وەلائی حزبیدا خنکاند... گیانی ئینتیمای نەتەوایەتی لە دەرونی زۆربەی خەڵکدا کوشت، بە گەندەڵیە زەبەلاحەکان کە هەموو سنورێکی لۆژیکی تێپەڕاندوە.
سەروەت و سامانی ئەو میللەتەی هەموو تاڵان کردوو و بە هەدەری دا، وای لێهاتوە دەست و پێوەندە کانیان فرۆکەی تایبەت بۆ مناڵەکانیان بە دیاری دەکڕن! ڕۆژێک دێت ئەو وڵاتە دەگاتە چاخی تەواو بوونی نەوت، هەمومان یەکسان دەبین لە هەژاری و سواڵکەریدا، چونکە خۆ وەك وڵاتانی ئەوروپا خەمی نەوەی دواڕۆژ وئاییندەمان نەخواردوە، تا سامانە زیادەکانمان بۆیان بخەینە حیسابێکی تایبەتەوە، هەتا وڵاتێکی بچوکی وەك کوێت، لەترسی تەواو بوونی نەوت هێندە پرۆژەی وەبەرهێنانی ئەنجامداوە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەگەر ئێستا نەوت کۆتایی پێ بێت کاریان لێ ناکات !!

**موفرەداتەکانی گەندەڵی یەک پاکێچن...**

پارەی زۆری بە هەوەنتە دەست کەوتوو، پێویستی بە کاڵای گرانبەها هەیە، پێویستی بە سەیارەی دوا مۆدێل هەیە، پێویستی بە قەسرو تەلاری خەیاڵی هەیە، پێویستی بە گازینۆی قومار هەیە، پێویستی بە هونەرێکی شازونۆتی وەک هونەرەکەی هەلکەوت زاهیری هەیە، پێویستی بە ئاخ وئۆفی نیشەبزوێنی دەشنێ ولۆکە وناسیلی وباقی مێگەڵەکەیە. بەڵکو لەجیاتی هێنانی نانسی عەجرەم وهەیفا وئەلیسا وسەماکەرە ئیرۆسیەکانی جەمشید، بەرهەمی خۆماڵی برەو پێبدەین تا عوملەی سەعبەمان بۆ بگەڕێتەوە! نەچێتە گیرفانی سۆزانیەکانی عەرەب و فارس و تورک چونکە هینەکانی خۆمان ئەولاترن، کە ئەوە جۆرێکیشە لە کوردایەتی!

لە کێشەی کتێبی [ئایەتە شەیتانیەکان]ی سەلمان ڕوشدی وفەتوا بەناوبانگەکەی کوشتنی، خەڵکێکی زۆر بەرگریان لێکرد یان لە دژی بوون، بەڵام ئەوەی لە هەموان زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو نوسەرێکی بەریتانی گوتی:" من دەڵێم سەلمان ڕوشدی موستەهەقی فەتوای کوشتنە لەبەر بیروڕاکانی نا، بەڵکو لەبەر ئاستی نزمی ئەدەبی نوسیندا"!!

هەڵکەوتیش موستەهەقی ڕەخنە وئیدانەکردنە لەبەر هونەر نا، بەڵکو لەبەر ئاستی نزم وناڕەسەنایەتی هونەرەکەی. دەسەڵاتیش وەک لەو بوارەی بەرهەم هێنانەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە وهەلکەوت زاهیر توانیویەتی لە ساڵێکدا ٦٠٠ ئاوازی [نۆتی وهۆم شیکەواوا وتامی ئەو وئەم بکە] دابنێت، ئەگەر لە بوارەکانیی تری بەرهەمهێناندا هێندە بلیمەت بایە نە پێویستیمان بە کەرەوزی ئێرانی و نە بە پیازی کوێتی ونە بە تەماتەی سعودی وڕۆنی تورکی وماستی مۆزەمبیقی دەبوو.

04-06-2012

# بەدبەختییە

## مێبازێکی وەك هەڵکەوت زاهیر بەرگریت لێ بکات!

ئەو خەبیرە لە هونەری وروژاندن و سنگ و سمت، ئێستا دەڵیت من خەبیری دەنگم ئەو دەنگانەی بڵاوکرایەوە دەنگی شێخی ڕۆمانسی نییە... ئەو هەڵکەوتە دەزانێت کەسی وەك ئەو دەربازی نابێت لە هێرشی سەلەفیان، بۆیە ڕۆژانە هەوڵی ماستاوکردن دەدات بۆ کەسایەتیە دینیەکان، ڕۆژێك لەگەڵ مەلا عەلی کەڵەکێ خەریکی نوشتە وجن دەرکردنە لە خۆیی و لە بووکە شوشەکانی، و ئەمڕۆش داویەتە پاڵ شێخی شێخی سەلەفی، بۆ دەمگرتنیان لەو کارە بێ ڕەوشتانەی بەناوی هونەرەوە دەیکات و بڵاوی دەکاتەوە! هەورووەها لەبەر هۆکارێکی تریش ئەو بەرگریە دەکات لەو شێخەی کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

هەر کەسانێکی سەر بە دەسەڵات، لە هەر پلە وپایە و مەوقعێکەوە بن، قۆچێکی هەستیاریان هەیە وەك مێرولە! ئەو قۆچە هەستیارانەی پیاوانی دەسەڵاتی گەندەڵ بۆ بۆنکردن وناسینەوەی هەڵوێستی دەسەڵاتە لەو شتانەی کە ڕوو دەدەن لە دەوروبەریان!

بێگومان قۆجەکانی هەڵکەوت زاهیر و پیاوانی دەسەڵات لە میدیا کار و نووسەر وشاعیر وماعیر و هونەرمەند و گۆرانیبێژ، هەستیان بە هەڵوێستی پشتگیرانەی دەسەڵاتی گەندەڵ کردوە لە مەلا لەتیف لەو فەزیحەیەدا، بۆیە بێ یەك و دوو ئەوانیش دەبێت پشتگیری لێ بکەن، و ئامرازەکانیان بە ساختەیی بەکار بهێنن بۆ پشتگیری کردنی!

چونکە هەڵکەوت زاهیر لە بواری مۆسیقا و دەنگ و سمت و سنگ کاردەکات، هەستی بە بەرپرسیارەتی مێژوویی کردوە، بۆ پشتگیری لە پیاوێکی دەسەلات، بۆیە ئەویش زۆر سیلگێرانە دەڵێت ئەو دەنگانەی لە کلیپەکانی عەبدوڵلەتیف دا هاتووە دەنگی ئەو نییە بەپێی زانستی دەنگ!

کوڕم بڵێ من ناچارم ماستاو بۆ دەسەڵات بکەم، تا زیاتر لێم ڕازی بن، دەنا بەیانی دەسەڵاتێکی هەڵگری فکری سەلەفی وەك عەبدوڵلەتیف بێتە سەر حوکم خۆت و کچەکانت هەڵدەواسێ!

لەوەش سەیرتر گۆرانیبێژێکی بێ شەخسیەت هەیە ناوی هەردی، بۆ ئەوەی ماڵی خەزوری ڕازیبین کچەکەیانی بدەنێ مەرجیان لەسەردانا واز لە گۆرانی و هونەر بهێنێت، ئێستا چەند ساڵێکە وازی هێناوە وەك هەڵکەوت تێوەگلاوە لە گەندەڵی و بزنز دەکات لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵ، ئەویش بەرگری لە شێخی ڕۆمانسی دەکات، پاش ئەوەی بە زەبری شەقی ماڵە خەزوری کردیانە ئیسلامی و دەروێش!.

ئەو میللەتە چۆن شێوێندراوە، ڕۆژنامەی سێکیولار و میدیای سێکیولار و نووسەری بەناو دژی ئیسلامی سیاسی، هەمووی پشتگیری لە دواکەوتوترین پڕۆژەی تێکدەری سەلەفیزم و بە عەرەبکردن دەکەن. بەلام نهێنی زۆربەیان ئەوەیە گەندەڵی کۆیان دەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵ وپیاوە سیحربازەکانی!

٢٠١٦/٤/٢٠

# هاتنی دکتۆر هۆرجۆن

## بۆنەیەکی جەماوەریە یان بۆنەی خواوەندەکانی گەندەڵیە؟

بەڕاستی کورد سەلماندی کە گەلێکی زۆر هۆشمەندن، وحەز بە شارستانیەت و ئاستی بەرزی ڕەوشتی دەکەن، ئەگەر بواریان هەبێت. ئەگەر دڵسۆزانە کاربکرایە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ژیاری و فەرهەنگی کورد، دەستە وحزب و گروپگەلێک بەرژەوەندیان لە مانەوەی کورد بە ناحاڵی نەبوایە، ئێستا گومانم نەبوو کە پێش هەموو گەلانی ناوچەکە دەکەوتەوە. یەکەم جارە لە مێژووی گەلان، هونەرمەندێک لە ڕۆڵی دکتۆرێکدا ئەو هەموو لاینگرەی هەبێت، تا ڕادەی ئەوەی لەبەر مەرگی دکتۆرەکە لە دراماکە جلی ڕەشی بۆ بپۆشن وتازیەباری بۆ بکەن ولافیتەی رەشی بۆ هەڵواسن.

هاتنی دکتۆر هۆرجۆن کەسایەتی دیاری زنجیرە درامای پزیشکی ئەفسانەیی بۆ کوردستان، بەداوەتێکی فەرمی کۆمپانیایەک، زۆر مانا ودەلالاتی گەورە هەڵدەگرێت، هەرچەندە خەریکە لەبەر دیتنی بەرپرسان و پیاو ماقوڵان و خواوەندەکانی گەندەڵی، بۆنەکە زۆر بچوك کەنەوەو لەبەر چاوی خەڵکی بکەوێنن. دکتۆر هۆرجۆن [جۆن کوانگ رایۆڵ] لە میللەتێکی زیندوو وداهێنەرو بەڕەوشتی، یەکێک لە پڵنگەکانی ئاسیاوە هاتوە، نازانێت چی دەگوزەرێت لە کوردستان، نازانێت زەمەن لە کوردستان راوەستاوە!

ئەو حاڵەتەی گەندەڵی ویژدانی پزیشکەکان کە ئەو ئاماژەی پێدەکات، لە سەدەکانی پازدە و شازدە لە کوردستان، تازە بازاڕی گەرمە وتا دێت گەرمتریش دەبێت، و بەشێکی بچوکی کۆی گشتی گەندەڵستانەکەیە. دکتۆر هۆرجۆن نازانێت وەک چۆن ئەو لە پاکی و بێگەردی وهەژار دۆستی داهێنەر بوو، ئاواش گەندەڵکارانی ئێمە لە قۆچینەوە و دزین وتاڵانی سامانی نەتەوەیی وخنکاندنی هەژاران داهێنەرن! گومانی تێدا نییە گرەویان لە باندە مافیایەکانی ئەمریکای لاتینیش بردۆتەوە، چونکە لەوانیش چڵێسترن وچاوچنۆکترن و بێ خێرترن، بە بەڵگەی ئەوەوە کە سەرانی مافیاکانی ئەوێ زۆریان لایەنگروخۆشەویستێکی زۆریان هەیە لەناو گەلەکاندا، هەندێ جار وەک کەسانی ئەفسانەیی سەیریان دەکەن!

دکتۆر هۆرجۆن نازانێت هاوکات لەگەڵ هاتنی ئەودا، ئەوانەی پێشوازی لە ئەو دەکەن چەند ساڵە بە زەبری چاوسورکردنەوە بودجە لە پەرلەمان تێدەپەڕێنن، هێندە داهێنەرن بە کون فەیەکونێك لەسەر نەخشە گوند وئاوایی خەیاڵی دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بودجەی خەیاڵی بۆ دابنێن وبچێتە گیرفانە خەیاڵیەکان.

با کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەری بۆ دکتۆر هۆرجۆن بکەن خەڵک پێی بڵێن بۆچی ئەویان خۆش دەوێت ...ئەگەر ئەو کۆمپانیایەی داوەتی کردوە، پاشکۆیەکی گەندەڵکاران نییە لەجیاتی بردنی بۆ لای ئەوانەی خەڵک لە دژی ئەوان دکتۆر هۆرجۆنی خۆش دەوێت، با لەسەر شەقامەکانی سلێمانی وهەولێر و ڕانیە و دهۆک کۆبونەوەی جەماوەری بۆ سازبدەن، و پێی بڵێن چ باسەو بۆ ئەو خەڵکە تا ئەو ڕادەیە ئەویان خۆش دەوێت؟ بۆچی لەبەر مردنێکی درامی ناڕاستەقینەش خەڵکی ڕەشپۆشیان کرد بۆی، ولافیتەی سەرەخۆشیان بۆ نووسی [وانا لله وانا الیه راجعون]! با خەڵک بە دکتۆر هۆرجۆن بڵێن چۆن زۆربەی دکتۆرەکانی کوردستان وەک مەڕوماڵات سەیری نەخۆشە هەژارەکانیان دەکەن، بە بەڵگەی ئەوەی سێ سێ و چوار چوار نەخۆش دەهێننە ناو ژوری پشکنینی خۆی، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ تایبەتمەندی و پاراستنی نهێنی نەخۆشەکانی بکات.

با خەڵک بە دکتۆر هۆرجۆن بڵێن، چۆن دکتۆرە نا مرۆڤەکان هەتا جێگایەکی گونجاوی چاوەڕوانکردنیش بۆ خەڵک دابین ناکەن، نەک ئەوە، بەڵکو نزمترین پلەی تەندروستیشی تێدا ڕەچاو ناکرێت، بۆ نمونە بۆ ئاوی خواردنەوە یەک پەرداخ دانراوە، کە خەڵکێکی زۆر لێی دەخواتەوە، بەبێ گوێدانە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.! با خەڵک بە دکتۆر هۆرجۆن بڵێن چۆن زۆربەی دکتۆرەکانی کوردستان لەسەر نەخۆشەکانیان فەرز دەکەن کە دەرمان لای دەرمانخانەکانی خۆیان بکڕن، و بەفێڵ پێیان دەڵێن کە دەرمانەکانت کری وەرەوە لام تا چەند ئامۆژگاریەکت بکەم ،وەک دکتۆرێکی گەنج لە هەولێر وای لەگەڵ من کرد.

با خەڵک پێیان بڵێن چۆن زۆر لە دکتۆرەکانی کوردستان، هێندە بێویژدان بوونە دەرمانی زیادە و بێ پێویستی و بگرە دەرمانی وا دەنوسن بۆ هەندێ نەخۆش، کە پەیوەندی بە نەخۆشی نەخۆشەکەوە نیە. با خەڵک بە دکتۆر هۆرجۆن بڵێن لە وڵاتان دکتۆروسیستەر ئەگەر لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ نەخۆش لەجیاتی ناوهێنانی بەڕێزەوە پێی بڵێت مای دیەر my dear کە دەستەواژەیەکی زۆر ئاساییشە بەڵام لەسەری سزا دەدرێن، ئەگەر دووبارەیان کردەوە، کەچی دکتۆرو پەرستارەکانی کوردستان، لە جیاتی فریشتەی ڕەحمەت بن بۆ نەخۆش بونەتە میرغەزەبی عەزاب بۆ نەخۆشەکانیان، و ئاگادارم زۆربەی ژنانی کوردستان تۆقیون لە منداڵبوون لەو نەخۆشخانانە، لەبەر سوکایەتی پێکردنیان و جوێن پێدانیان، بەڵکو لێدانیشیان لەکاتی ژانی منداڵبوندا!! ئەو جوێنانەی دەدریت لەلایەن ئەو دکتۆرو پەرستارانە هێندە سوک وپیسن ڕووی مەجلیسیان نییە!

با خەڵک بە دکتۆر هۆرجۆن بڵێن ئەوە دەگوزەرێت لەو وڵاتە گەندڵستانە وئەگەر وەک ئێمە تۆ دەیان ناسیت هەرگیز قبوڵ ناکەیت وێنەتان لە یەک چوارچێوە لەگەڵ خوداوەندەکانی گەندەڵی کۆببێتەوە. بەهاتنی دکتۆر هۆرجۆن دەبێت هەموو خوداوەندەکانی گەندەڵی ودکتۆرە بێویژدانەکانی کوردستان کە زۆربەی هەرەزۆریان تا سەرئێسقان خراپن و ویژدان گەندەڵن، ئارەقەی شەرمەزاریان بێتەوە، ئەوانەی وادەکەن وەکو ئەو کەچەڵە وایە کە شانازی بە قژی هاوسێکەیانەوە دەکات.

17-06-2012

# بەختیار عەلی

## کاتێ ترسنۆك باسی مێژووی ترسنۆکەکان دەکات

لە ئینگلیزی ئیدیۆمی کۆپی کات :(a copy-cat) بۆ ئەو کەسە بەکار دێت، کە لاسایی یەکێک، یان کەسانێکی تر بکاتەوە، بەڵام بە بارە نێگەتیڤەکەی.
دیسان ئیدیۆمی فات کات یش (a fat cat) بۆ دەسەڵاتدار و سیاسی وسەرمایەداریی زەبەلاح بەکار دەهێنرێت، کە دەسەڵات و سەرمایەکانیان بە شێوەیەکی خراپ و نایاسایی بەکار دەهێنن، واتە ناونیشانەکە (کۆپی کات کردنی فات کات) ئاماژە بەو رۆشنبیرە خۆ پێ زەبەلاحە دەدات کە لاسایی ئەو دەسەڵاتە دەکاتەوە، کە لە هەمان کاتیشدا وانەی ڕەوشتیان بۆ دەڵێتەوە.

زۆر جار مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، کە چۆن کەسانێکی ترسنۆك تا ماوەیەکی کورت یان درێژ توانیویانە خەڵکانێکی زۆر هەڵخەڵەتێنن بە ئازایەتییەکی ساختە، کە لەوانەیە بەسەر کەسانێکی ئاسایی سەرقاڵ بە دونیا و بژێویی وکێشەکان وماندویی تێپەڕێت، بەڵام هەرگیز تاسەر؛ بەسەر هەموو کەسێکدا تێ ناپەڕێت، کەسانێك هەن زۆر بەقەد بەختیار عەلی و هاورێکانی زیاتر دەخوێننەوە، بەڵام پێیان نەنگییە بەقەد 2% ئەوان شت بنووسن.

بەختیارعەلی و پێڕە بوغراکەی لە بەدبەختی و بێ یادەوەریی و ساویلکەیی کوردە ئەمڕۆ خۆیان وەك سوپەرمانی گۆڕەپانی رۆشنبیریی نیشان دەدەن. بێگومان ئەگەر ئەو برادەرە و پێڕەکەی لەناو میللەتانی تردا ببونایە بەتایبەتی میللەتانی زیندوو، ووریا و چالاك، هەرگیز نە ئەو کێش و نە ئەو پایەیان نەدەبوو، ئەوە تەنها کوردە، پێی ئاساییە کەسانی فایلدار لەناو ژیانی سیاسییاندا هەبێت، ئەوە تەنها کوردە سەرکردەی وای هەیە، کە تانك و هێزی دوژمنی هێناوەتە ناو شەڕی براکوژی، زۆریش لایان ئاساییە ئەمانە سەرکردەیان بێت، ئەوە هەر کوردیشە کەسانێکی گەندەڵچی و بەشدار لە پەردەپۆشکردنی گەندەڵی پێی قبوڵ بێت و دەرسی ئەخلاقی و پاکیی ونەزاهەتیان پێبدەن!

ئەو گەندەڵییە زەبەلاحەی دەزگای سەردەم و نێوەندی رۆشنبیری کوردستان، کە رۆشنفکرێکی وەك (شوان ئەحمەد) پەردەی لەسەر هەڵدایەوە، ئەگەر لە سەدا دەشی ڕاست بێت، دەبوو کەسانێکی وەك شێرکۆ بێکەس و بەختیار و ئەوانی تر شەرمیان بە خۆیان بوایە جارێکی تر قسەی کەش و فشی وابکەن، گوایە هێشتا خۆیان هەر ئەو زاتە پاکانەی پێش فەزیحەتەکەن.

بەختیار و هاورێکانی ... کە خواکردی ئەو کەسەی گەندەڵییەکانی ئاشکرا کردن، یەکێك بوو لە ناو بازنەکەی خۆیان، چونکە ئەگەر بۆ نمونە ئیسلامیەك بوایە، ئەوە بە زاراوە سەیر و تیژەکانیان دەیانکردە گەورەترین تیرۆریست لە جیهاندا، تا ڕادەی ئەوەی فشەی بە ئوسامە بن لادن بێت.
ئەوەی منی زیاتر هاندا بۆ نووسینی ئەم بابەتە، نووسینەکەی بەختیار عەلی بوو بەناوی (لە مێژووی ترسنۆکەکانەوە فێربن) ئاوێنە 29/12/2010 ، کە تێیدا دەرس و پەند بە گوێی فەرمانڕەوایانی کوردستاندا دەدات، گوایە ناتوانن بەر بە بوێری قەڵەمە بوێرەکان بگرن. وەك عادەتی خۆی نووسینەکەی پڕکردووە لە زاراوە و قسەی قەبە، وەك چۆن کەلاوەیەك بە جوانترین دیکۆر دەڕازێنیتەوە، ئەوەش تەنها بۆ خەڵەتاندنی نیمچە خوێندەوارەکانە.

بەختیار داوا دەکات، کە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە دەسەڵاتدارە ترسنۆکەکانەوە فێربن و ڕێ بە نووسینی ئازاد نەگرن. لەو بارەیەوە دەڵێ:

**"هیچ حاکمێک لەمسەر زەوییە ناتوانێت خەیاڵێکی ئازاد لەبیرکردنەوە و نووسین بترسێنێتو بوەستێنێت. لەهەر شوێنێک وشە بترسێت، عەدالەتی لێنییە ...عەدالەت ئەوەیە ئازادانە بیربکەینەوەو بنوسین، حوکمی حاکمێکی زاڵمیش هەمیشە وەک دڵۆپە ئاوێکی بێتینە کاتێک بەر گەورەیی بەردی داهێنان دەکەوێت .حوکمی حاکمەکانی هەولێریش لەمڕۆدا، بێگومان دەبێتە گاڵتەجاڕی مێژوو، وەک چۆن حوکمی ئەو حاکمانەی حەلاجیان سووتاند، بووە گاڵتەجاڕی مێژوو، وەک چۆن حوکمی دادگاکان دژ بەفلۆبێر، دژ بە ئۆسکار وایلد، دژ بە دی، ئێچ، لۆرانس بووە گاڵتەجاڕی مێژوو. ئەوەی دەسەڵاتدارانی کورد دەیکەن هیچ نییە جگە لە دووبارەکردنەوەی مێژووی بێئاگایی خۆیان."**

ئەو قسانە هەمووی جوانن و کەس لاری لێیان نییە، بەڵام وەك ئەوە وایە کەسێکی داوێنپیس ئامۆژگاریی خەڵك بکات بۆ داوێن پاکی و ڕەوشت بەرزیی. ئەگەر ئەمڕۆ بەختیار و هاورێکانی ڕەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرن لەسەر گەندەڵیی و دژایەتی وشە، ئەوە هەرخۆیان بوون گەورەترین گەندەڵییان لێ ئاشکرا بوو، لە جیاتی دەست خۆشی کردن لەو بوێرەی کە ئەو هەموو گەندەڵیانەی ئاشکرا کرد، کەچی کەوتنە خۆ بە دەستە جەمعی، وەڵامی ترسنۆکانە و بێ بنەماکانی خۆیان بە کاك شوان ئەحمەد دایەوە و بەیانیان لەسەر دەردەکرد، هەڕەشەیان بۆی دەنارد، تا کار بەوە گەیشت لە بەهەشتە پاوانکراوەکەی شێرکۆ بێکەس، بەختیار و ڕێبین و ئەوانی تر دەرکرا (مەزمومەن مەدحورا) مذموما مدحورا وەك قورئان دەڵێت، لە هەمووشی قێزەونتر ڕێگایان نەدا کاك شوان ئەحمەد هیچی تر وەڵامەکانی خۆی لە بڵاوکراوە پاوانکراوەکانی ئەوان بنووسێت.

**پرسیارێك بۆ بەختیاری خوداوەندی زاراوەسازی و وشەگەلی فەنتازی:**

ئایا وشەکانی شوان ئەحمەد گوللە بوون یان نارنجۆك، تا ئێوە بە قەولی خۆتان هێندە نا عادیل بن ونەهێڵن بڵاوی بکاتەوە؟! خۆ ئێوە دەسەڵاتی باڵا نین تا ئەو کارە بکەن؟ ئێوە و هاورێکانتان تەنها دیکۆر و زەخرەفەیەك و ئێکسسوارێکی ئەو دەسەڵاتەن، ئێوەش بۆ خۆتان بەشدارن لە هەموو گەندەڵییەکان، هەر لەو نووسینەی سەرەوەدا بەختیار دەڵێت:

**"لە هەر شوێنێك وشە بترسێت، عەدالەتی لێ نییە... عەدالەت ئەوەیە ئازادانە بیربکەینەوە وبنوسین" ئەی کوا ئەو عەدالەتە بۆ کەسانی تر ئەوانەی نەیاری ئێوەن، یان ئێوەش وەك دیکتاتۆرە ترسنۆکەکانی مێژوو تەنها ئازادی ستایش کردنی خۆتان وپێڕەکەتان لا ڕەوایە."**

خۆزگە کاك بەختیاریش پایەی خۆی بزانیبایە، ئایا لەبەرەی نووسەرە بوێرەکانە یان ترسنۆکەکان!؟ بەر لەوەی باسی مێژووی ترسنۆکەکان بکات.

دەکرا ئەم نووسینە لە سایتە ترسنۆکەکەی ئاوێنە یان هاوڵاتی بڵاوکرێتەوە، بەڵام ئێمە ئەزموونی تاڵمان هەیە لەگەڵیان، و دەزانین ئەو سایتانەش هی ئەو پێڕەن و پاوانی خۆیانە. چاك نەبوو سایتێکی ئازادی وەك کوردستانپۆست هەیە، دەنا دەنگی سەدانی وەك شوان ئەحمەد و ئێمە و هاووێنەی ئێمە بزر دەبوون.

1/1/2011

سەرچاوە: بەختیار عەلی: لە مێژووی ترسنۆکەکانەوە فێربین!

# فەرهاد پیربال : بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی

بەهلول کەسایەتیەکی مێژوویی بەناوبانگە ناوی وەهەب کوڕی عەمرۆیە، لە سەردەمی هارون ڕەشید ژیاوە ١٤٨ هیجری بەرامبەر ٧٦٥ میلادی. هەموو دەسەڵاتێکی ئیستیبدادی و تاکڕەو لە مێژوودا بەهلولی خۆی هەبوە ودەبێ کە کاری بە پێکەنین هێنانی پیاوانی دەسەڵاتە ومکیاژ کردنی ڕوخساری دزێویەتی بۆ شیرین کردنی لەبەر چاوی خەڵک ولە بیربردنەوەی کارەساتەکانیەتی کە بەسەر ژیان وقەدەری میللەت ونەتەوەی دەهێنێت.

هاڕونە ڕەشید سەرەڕای مشتومڕ دەربارەی شێوازی کەسایەتی لەنێوان خەلیفەیەکی ستەمکار ودادپەروەردا بەڵام لە ستەمکاری باوەڕ ناکەم شان لەشانی دەسەڵاتی کوردی وخۆماڵی بدات، ئەو ئیمپڕاتۆریەتەی هاڕونەڕەشید دایمەزراند هێندە گەشەکردوو وزانست پەروەر وبەهێز بوو،ئەو کاتە هەموو جیهان لە ژێر کاریگەری ئەودا بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن کاری بەهلول لەو دەوڵەتە، هەر بە پێکەنین هێنانی هاروونە ڕەشید نەبوو، بەڵکو سوک کردنی هەژموونی ئیستبداد بوو لەسەر شانی خەڵک، بەڵکو دەڵێن بەهلول لە ترسی دەسەڵات خۆی بە شێت نیشان دەدا، چونکە فەقیهێکی گەورە بوە، وپرسیاری فەتوای کوشتنی ئیمام موسای کازمی شیعەکانی لێکردوە، لەترسی بەرپرسیارەتی ئەوە خۆی شێت کردوە.

دەگوترێ بەهلول هەردەم لەبەرەی خەڵک بوە، و ڕەخنەی ڕەمزی توندی لە دەسەڵات گرتوە. بۆ نمونە جارێکیان لە ترسی چاودێری سەرۆکی پۆلیسەکانی خەلیفە، خۆی دەکات بە دوکانێك بۆ ماسی کڕین، ماسیەک هەڵدەگرێت وتەماشای کلکی ماسیەکە دەکات، سەرۆکی پۆلیسەکانی خەلیفە لەوێ پێی دەڵێت؛ بەهلول خەڵک ماسی بکڕێت لە سەریەوە دەڕوانێت نەک کلکی! ئەویش دەڵێت؛ سەری دەمێکە گەنیوە، گوتم بزانم گەندەڵیەکە گەیشتوتە کلکی!!!

بەهلولی کوردی لە سەرەتادا بە زمانێکی داشۆڕەوە هاتەوە لە فەرەنسا، دەستی کردە ڕەخنەی توند وتیژ لە دەسەڵاتداران، زۆر کەس پێیوا بوو دەبێتە میرابۆی شۆڕشی خەڵک بەسەر دەسەڵاتی سوپەر گەندەڵ. ڕەخنەکانی سەرەڕای وشە بێ پەردە وڕیزپەڕەکانی، گوزارشی لە ڕۆحی شۆڕشی فەڕەنسی وفەیلەسوفەکانی ئازادی وەک ژان جاک ڕۆسۆ دەکرد، بەڵام لە بەرامبەر باجەکانی ئازادیخواز بوون، ئەو باجەی کە هەموو ئازادیخوازێک دەیدات بەرامبەر هەڵوێستەکانی، بەهاری ئازادی فەرهاد پیربال زۆر کورت بوو وەک بەهارە بەستەڵەکەکانی ئەوروپا وئەسکەندەنافیا.

کەس داوای لە پیرباڵ نەکردوە ئالای شۆڕشی خوێناوی هەڵگرێت، بەڵام کەسیش چاوەڕوانی ئەوەی لێنەدەکرد، لە ئەوپەڕی ڕەخنەگریەوە بچێتە ئەوپەڕی ستایشکەری ئەو دەسەڵاتە، کە ڕۆحی نەتەوەیی کوردی وێران وداڕزاندوە، بە ڕەفتارە گەندەڵەکانی دوور لە هەموو دڵسۆزیەک بۆ نەتەوە و نیشتیمان ومێژووی خوێناوی دوور ودرێژی ئەو میللەتەی، کە لەوەتی هەیە هەلێکی وا زێرینی دەست نەکەوتوە بۆ بنیاتنانی خۆیی وپتەوکردنی خەونی هەموو کوردێك لە بەشە جیا جیاکانی کوردستان.

فەرهاد پیرباڵ بەڕادەیەک چارەنووسی خۆی بەستۆتەوە بەو دەسەڵاتە، لە کاتێکدا دەم بۆ هەموو تابۆ وموقەدەسێک وداب ونەریتێک دەبات، کەچی هەتا لە کاتی مەستی وسەرخۆشبونیشیدا ستایش ودروود وسەلام دەنێرێت بۆ دەسەڵاتداران!!!

دیارە دەسەڵاتی کوردیش حەزی لەو ڕۆڵەیە کە پیرباڵ دەیگێڕێت، هەموو دەرگا قفڵدراوەکانی بۆ دەکاتەوە، بە بەردەوامی داوەتی دەکات بۆ کۆڕ وسیمنار وبەرنامەی تەلەفزیۆنی، لەهەمووی خۆشتر پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ دەکاتەوە، وتابلۆکانی بە هەزاران دۆلار دەکڕێتەوە لە ڕێگای پیاو وژنە تێرەکانی ناو نازونیعمەتی گەندەڵی خۆی!!

پێم خۆشە هونەری بەرز بەرز بنرخێنرێت، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی لە رەفتاری گەلەوە هەڵقوڵێت، نەك بەشێوەیەکی ساختە ونمایشکارانە، دەبا دەسەڵات لە فەرهاد پیرباڵ ڕازی نەبێت بزانین کێ هەزار دۆلاریش بە تابلۆکانی دەدات، نەک پەنجا وشەست هەزار دۆلار؟

بەهلولی عەرەبی وبەهلولی کوردی هەردووکیان خۆیان شێت کردوە، بەڵام بەهلولی عەرەبی لە دژی ستەم ودەسەڵات وایکردوە، ولە پەنا شێت بووندا دەیان کاری چاکی کردوە لە بەرگری کردن لە خەڵك، لە کاتێکدا بەهلولی کوردی لە ئاست هەموو کارەسات وگەندەڵیەکانی دەسەڵات بێ دەنگە، بەبێ دەنگیش ناوەستێت ستایشیشی دەکات!! ئەو دەسەڵاتە بوو کە فەرهاد پیرباڵ ڕەخنەی توندی لێدەگرت هێشتا نیوەی گەندەڵیەکانی دەرنەکەوتبوون، دەبێت ئەو دەسەڵاتە کەڕە گوێی لە کام ڕەخنەی پیرباڵ گرتبێت وخۆی چاککردبێتەوە تا فەرهاد وا لێی ڕازیبێت ولە مەستترین حاڵەتیدا درووود وستایشی بۆ بنێرێت؟!

لەندەن

٢٠١٣/٣/٩

# مەلا عەلی و فەرهاد پیربال:

# مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت!

کە دەڵێم مەلا عەلی و فەرهاد پیربال دوو لوتکەن، مەبەستم هەردووکیان لە یەك بواردا دوو لوتکە نین، بەڵکو لە بواری جیادا! فەرهاد پیربال لوتکەیە لە ڕاشکاوی و دڵ سافی و ئاشکرا دەربڕینی ناو هەناوی، هەروەها لوتکەیە لە دەربڕینی ناڕەزایی و نیگەرانیەکانی بە بەرائەتێکی منداڵانەوە! مەلا عەلی لوتکەیە لە زمان پاراوی و زمان لووسی و خۆ بچووك نیشان دان، و تەوازوع نواندنی بازرگانانەوە! من دەڵێم ئەگەر حزبە ئیسلامیەکان بە قەد مەلا عەلی مەعلان بان، و زمان لووس و موتەوازیع و بێ فیز بان، کاریگەریان زۆر زۆرتر دەبوو لەوەی کە هەیە!

تۆ بروانە ڕۆشنبیرێکی ئەدیب و نۆڤلیست و دەرچووی دکتۆرا لە فەرەنسا، لەبەر ئەو کێشانەی ڕاشکاوی و دەسەڵاتی تۆقێنەر بۆی دروست کردوە، بچیت خۆت بهاوێیتە باوەشی مەلایەکی نەزانی بازرگانی دین و توبی نەبەوی تا پاکانەی ئیمانبداریت بۆ بکات! مەلا عەلی ئەوەندە زیرەکە لە ستایش کردنی فەرهاد پیربال، هەر بە دانا و فەیلەسوفی کوردستانی ناو دەبات، فەرهادیش بەو دەروونە زامدارەوەی یاریە قێزەونەکانی حزبەکان و نەزانەکان، وەك منداڵێکی بەرئ لە کاتی ستایشەکانیدا شاگەشکە دەبێت، و نازانێت چۆن چاکەی مەلا عەلی بداتەوە!

مەلا عەلی وەک ئیسلامی سیاسی ڕەفتار ناکات، ئەو خاوەن پڕۆژەیەکی بازرگانییە، کە بە سەدان هەزار دۆلاری بەسەر دادەبارێنێت، پێویستی بە پشتگیری نەك فەرهادێکی فاسقی نوێژنەکەری مەشروب خۆرێکیشە، بەڵکو پێویستی بە مەسیحیەک و ئێزدیەک و جووێکیشە دوو قسەی خێری بۆ بکەن !بە پێچەوانەی ئیسلامی سیاسی تا پێی بکرێت ڕووی گرژدەکاتەوە هەتا لە دیندارە ناسیاسیەکان.

زامی فەرهاد لەو بێ ریزیانەیە کە بەرامبەری دەکرێت، و لەو پیلانانەی حزبە دەسەڵاتدارەکان و دەزگا موخابەراتەکانیەتی. زامی فەرهاد لە دەست ئەو پارتیانەیە، کە پێیان وایە فەرهاد نابێت دەم لە راستی سەرکردەکانیان بکاتەوە، زامی فەرهاد لە دەست ئەو گۆڕانانەیە کە بە چڵکاوخۆرێکی پارتی دەزانن !یان لە دەست ئەو ئیسلامیانەشە کە بە کافر و فاسقی دەزانن!

فەرهاد وەك زۆر ڕۆشنبری تر، زۆر لاوازە لە فەرهەنگی دینی، نازانێت مەلا عەلی هەتا مەکروهیشە لەناو بازنەی ئیسلامی سیاسیدا !وادەزانیت مەلا عەلی بەو زمانە لووسە، و بەو

دەست ماچ کردنەی، و بە زانا ودانا وەسف کردنەی، ئیتر شەرعیەتی خۆی دەسەنێتەوە! هیچ ئیسلامیەکی تر ناتوانن گومان لە ئیمانی بکەن، پاش ئەوەی مەلا عەلی ئیمانی زیندووکردەوە بە شایەت پێ هێنانی و نوێژی بە جەماعەت!

فەرهاد هێندە مەلا عەلی لێ گەورە بووە، ئازادی بڵاوکردنەوەی جەهلی مەلا عەلی، بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەبەستێتەوە! دەڵێت دەبێت دان بە زانایی و دکتۆری و دانایی مەلا عەلی بهێنن! ڕازییە بە درۆکانی مەلا عەلی لە چارەسەری ئیدز و شێرپەنجە و جێبەجێکردنی شەریعەت و خەتەنەکردنی ئافرەتان! کتێبە پڕ لە خورافاتەکانی توبی نەبەوی و سیحر وجادووەکانی، کە هەمووی تەرجەمەی کتێبە خوڕافاتەکانی عەرەبیە، من خۆم دیومن، بەراورد دەکات بە کتێبی بنچینەی جۆرەکانی داروێن!

مەلا عەلی یش زامی هەیە، زامی مەلا عەلی لەوەدایە کە زۆر لە ئیسلامیەکان دژایەتی بازرگانیەکەی دەکەن، نەك لەبەرئەوەی باوەڕیان بەو خورافاتانەی توبی نەبەوی نییە! بەڵکو چونکە مەلا عەلی لە زۆر لە وەسفەکانی تەجاوزی توبی نەبەویش دەکات، وەك مەشروبە بە ناوبانگەکەی شیرمیز خواردنەوە، و ڕیخی مانگا لەسەردان و هتد...

لاوازی هەر ڕۆشنبیرێك لەبەرامبەر بازرگانانی دین دەردەکەوێت! فەرهاد پیرباڵێکی وا یاخی وا ملشۆڕ بیت بەرامبەر مەلا عەلی، چاوەڕوانی شەرعیەتی لێ بکات، ئەی خەڵکی گشتی نەخوێندەوار چۆن بە چۆکدا نەیەت بۆ مەلا و جادوگەر و بازرگانانی دین!؟

٢٠١٧/١/٨

# دیسان بۆ فەرهاد هاتمەوە گۆ!

لە دواهەمین وتارم لەسەر فەرهاد پیرباڵ گووتم:
کەس بە قەد فەرهاد پیرباڵ سەری لە من و لە خەڵک و خۆشی نە شێواندوە! پەنجا وتار و پۆستم لەسەری کردوە نیوەی بەرگرییە لێی، نیوەکەی تریش ڕەخنەیە لێی!
زۆرجار بڕیارم داوە بە باش و خراپ قسەی لەسەر نەکەم، بەڵام ناچارم دەکات بە ڕەفتار و کارو قسەکانی بێمەوە گۆ!

لە هەفتەیەکدا لەوەتی چەندین بیرۆکەی دژ و چەندینی لەگەڵم لەلا دروست دەکات بە کار و ڕەفتارەکانی! فەرهاد بەو کەسایەتییە بێ هەدادانەی جارێکیتر و خوادەزانێ چەندین جاریتریش پەلکێشی ناو باسی خۆیت دەکات!

کە دەیبینم ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت، دەستخۆشی لێدەکەم، کە دەبینم خۆی سووک دەکات بۆ سەرکردەکانی ئەو گەندەڵستانە لێی تووڕە دەبم! کە دەیبینم لە تابۆکان دەدات زۆر لام گەورە دەبێت، کە دەچێتە باوەشی مەلا عەلی وەک مناڵێکی تازە جزو عەممە خوێن ڕقم هەڵدەستێنێ! کە پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات خۆشم دەوێ، بەڵام کە دەیبەستێتەوە بە کەسانێکی ناشایستەی غەرقی ناو گەندەڵی تووڕەییم دەوروژێنێ!

فەرهاد پیرباڵ وەک فەیلەسوفێکی سەردەمی گریک یان پاریس ڕەفتار دەکات، لە وڵاتیک کە مرۆڤی عاقڵی زمانگر شێت دەکات، چ جای کەسێکی دڵ ساف ومنداڵئاسا و سادەی دڵ وزمان وەک یەکی وەک فەرهاد.
فەرهاد بەرگەی ئەو یارییە موخابەراتییە قێزەونە ناگرێت، کە دەزگا سیخوڕییە بۆگەنەکان لەگەڵی دەکەن، ئەو دەزگایە سەخیف وبێ ڕەوشتانەی بەس بۆ گیانی کورد ئازان، بۆ دوژمنیش حیزی مل شۆڕی وەک خۆیان نییە!

یەک لەو هۆیانەش کە هانی دام دیسان لەو بابەتە تێوەگلێم، ئەو حیقدە مناڵبازارەی کەسانێکی سیاسی کورتبین و نەزانە کە سەرەڕای کارەساتی فەرهادیش و زیندانی کردنی و کەرامەت ڕژاندنی، خۆشحاڵی دەردەبڕن چونکە چەند جارێک لەکاتە لاوازبوونەکانی و کەس لەسەر بە جواب نەهاتنی ستایشێکی مەسعود بارزانی دەکات!

کاتێ فەرهاد دژی دەسەڵات و حزبەکان قسە دەکات، هەزاران گێل و دەبەنگ بە گاڵتە لێی وەردەگرن و گاڵتەشی پێ دەکەن، گومانیشی لەسەر دروست دەکەن کە یاری موخابەراتە! بەڵام کە ستایشی بارزانی دەکات تێکڕای هەوادارانی گردەکە بە جیدی لێی وەردەگرن!
بەڕای من پارتی و گۆڕان دوو تاوانباری سەرەکین لە کەیسی فەرهاد پیرباڵ، یەکێیان بە هێرش و سووکایەتی پێکردنی، ئەویتریان بە تێوەگلاندنی فەرهاد لە یاری زۆر قێزەون، بۆ

ناو زڕاندنی! میدیای سووک و فەزائیحی کوردیش تاوانبارێکی ترە بۆ زیاتر نیشاندانی فەرهاد وەک شێتێک و سەرلێ شێواوێک! وادیارە خێزان و براکانی فەرهادیش بەو ڕەفتارانەی ئەو دواییەی زۆر پەست و ئیحراج بوونە، لە جوێندان بە مونا قاوەچی و مێردی و یان بەو ڕەفتارە نابەجێیەی بەرامبەر عەرەبە عەگال بەسەرەکە کردی، بۆیە خۆیان داوای دەستبەسەرکردنیان کردوە، ئەوەش بەداخەوە کارێکی نامەسولانەیە دەبوایە نەیانگەیاندبا ئەو سنوورە.

ئەگەر کێشەی دەروونی هەیە، بە ڕێگایەکی پزیشکی چارەسەریان بۆی کردبا، نەک بە گرتن و دەست بەسەرگرتن! ئەوان بەو پشت لەعەرزدانەی فەرهاد، ڕووتیان کردەوە لە هەر پشتگیریەکی مەعنەوی خۆیان! ڕەفتاری ئەو برایانەی، ڕەفتاری برایەکی بەدر شاکر سەیابم بیردەهێنێتەوە، کاتێ وازی لە شیوعیەت هێنا، حزبی شوعی برایەکی نەخوێندەواری سەیابی وەک برا قەسابە نەزانەکانی فەرهادی هان دەدا بۆ نووسین لە دژی سەیاب!

لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من ڕەخنە و جوێنەکانی ئەو دواییەی بۆ ماڵی بازرانی و نێچیرڤان بە تایبەتی هۆکاری سەرەکی ئەو دەستبەسەر کردنەن، ئەو ڕەخنە توندانەی کە جەماوەرێکی گێل لە دەوری بە گاڵتە و فشە لێیان وەردەگرت، لە جیاتی پێی ڕاپەڕن! زۆر ئەزیەت دەخۆم کە فەرهاد وا بە جیدی دەیەوێ خەڵک بجوڵێنێ، خەڵکەکەش بۆ گاڵتە و پێکەنین لە دەوری کۆدەبنەوە و بەتەوسەوە سوکایەتیشی پێدەکەن!

مرۆڤی وەک فەرهاد وا ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ پڕی مێژوو بوون لەناو میللەتانی تر، بەڵام باوەڕناکەم بەو قەسوەتە و بێ ڕێزییە ڕەفتاریات لەگەڵدا کرابێت!
ئازادی بۆ فەرهاد پیربال و هیوادارم هیچیتر لەو نیشتیمانە نەژێت کە دەزگا سیخوڕەکان ئەفلاتونت بۆ شێت دەکەن و ئەو نیشتیمانەی خەڵکەکەی دڵکرمی لە یەک و ڕقن و بوغزاوی و پەرتەوازە، کە بەرگەی نووسین و وتە و هەڵچوون و شێتبوون و جوێن و ڕەخنەی فەرهاد ناگرن!

٢١٠٨/٥/٢

# پاڵەوانیەتی جیهانVIVA

# تەقلیدێکی بێ ئەرزشی چینیە بۆFIFA

لە زۆربەی بۆنە جیهانیەکان سیاسی بێت، کۆمەڵایەتی یان وەرزشی هەموو جارێک ئەو هەستە تاڵەی بێ دەوڵەتیی کورد زیاتر لەلای هەر تاکێکی هۆشیاری کوردا تۆختر وتۆختر دەکاتەوە. ئەو هەستەی کە ڕۆژانە برین دەخاتە بەدەنمان وجەستەمان، و ڕۆژانە دڵ ودەرونمان ژەهراوی دەکات، کاتێک خشتەی دەوڵەتان دەبینیت، کاتێ ئاڵای دەوڵەتان هەڵدەکرێت لە بۆنە جیهانیەکان، کاتێ بەرپرسانی کورد وەک (هەتیوی سەر خوانی هەرچی وپەرچیان) سەردانی وڵاتان دەکەن ولە پشتیان هیچ ئاڵایەک هەڵناکرێت.

ئەو هەستە ژەهراویەی دەتخنکێنێت کە سۆماڵیەک یان ئەفغانیەک سەرەڕای بەدبەختیان وهەژاریان ودواکەوتوویان کە خێریان پێ دەشێت، کەچی هەر وەزعی قانونیان وەک وڵات لە تۆ چاکترە، وبۆی هەیە لافی دەوڵەت بوون بەسەر ئێمەی کورد لێ بدەن!

ئەو هەستە ژەهراویەی بینە وقورگم دەگرێت کاتێک کوڕەکەم لە قوتابخانە وەک مناڵەکانی تر شانازی بە کوردستان دەکات ووێنەی ئاڵاو شاخەکانی دەکێشێت، وەک چۆن هاوپۆلەکانی شانازی بە جەزائیر ومیسر وسودان ولوبنان وئەفغانستان وپاکستان وبەنگلادیش دەکەن، ورۆژێک بەنیگەرانیەوە دێتەوە دەڵێت هاوپۆلێکی کە منداڵێکی جەزائیریە باوکی پێی گوتوە: کوردستان نیە، کوردستانی چی؟ دەوڵەتێک نییە بە ناوی کوردستان!!

ئەو قسەیە هەر بەدەن ودڵی منی ژەهراوی نەکرد بەڵکو شۆکێک بوو دڵە ناسک وبچوکەکەی مناڵەکەشم لەو تەمەنە ناسکەدا خەمی بێ وڵاتی بخوات. لە هەمووی ناخۆشتر پرسیارەکانی بوو؛ بابە بۆ کوردستان دەوڵەت نییە؟ چەند ساڵە بێ دەوڵەتین؟! بۆ چوار پێنج کوردستان هەیە وهیچیان دەوڵەت نین؟!

ئەگەر ئەو بێ دەوڵەتییە تاوانی ئیمپریالیزم وگەلانی زڕبرا موسڵمانەکانی تورک وفارس وعەرەب وهەڵکەوتەی جوگرافی بێت لە بەشە هەرە گەورەکەی، بەڵام تاوانی ئێمەی کوردیش کەم نییە لەو وەزعەدا. تاوانی لە دەستدانی هەلە مێژوویەکان، تاوانی خنکاندانی خەونەکەمان بە شڕەخۆری وگەندەڵیەکی لە سنوور بەدەر، تاوانی لەوەتی هەین هەر خەریکی خۆخۆرین، تاوانی لەوەتی هەین باسی حوکمی زاتی ولامەرکەزیەت کردن، ولە چاکترین حالەتدا باسی فیدرالی کردن.

تاوانی ئێمەشی تێدایە کاتێک ئەو هیوایەی کورد لەسەر زمانی یەکەم سەرۆکی کورد لە مێژووی عێراقدا وەسف دەکرێت بە خەون وخەیاڵی شاعیران. تاوانی خۆمانی تێدایە کاتێک لە جیاتی ئیستیفتا وراپرسی بکەین لەسەر سەربەخۆیی یان مانەوە لەگەڵ عێراق، وەک گەلی باشوری سودان، لەجیاتی ئەوە هەموو هێز وهزرمان دەخەینە گەڕ بۆ ڕاستکردنەوەی حکومەتە شۆڤێنیەکەی بەغدا ومادەی نەگریسی ١٤٠ دەکەینە مەکۆی ئاواتە بەرزەکان!! یان کاتێ ئەو خاکانەی ساڵەهایە شەڕیان لەسەر دەکەین دەیخەینە مەزادخانەی مادەی ١٤٠.

تاوانمان زۆرە وناکرێت هەمووی باسکەین، بەڵام دوا تاوانمان ئەو فیکرەیە بلیمەتەی یەکیەتی تۆپی پێی کوردستانە، کە لەلایەن سەرۆکێکی نیمچە خوێندەوار بەڕێوە دەبرێت وزۆر بە پەرۆشەوە دەچن بەشداری دەکەن لە پاڵەوانیەتی هەرێمەکانی جیهانی VIVA World Cupکە لەلایەن) Non-FIFA-Board دەستەی نا ئەندامانی فیفا) وە ڕێک دەخرێت گوایە بۆ ئەو میللەتانە رێکدەخرێت کەبێ دەوڵەتن وکەمایەتین بێ وڵاتن (وەک قەرەجەکان ) یان نەتەوەی زۆر بچوکن Micronations.

تیمی کوردستان ئەوە بۆ چوارەم جارە تێیدا بەشداری دەکات ، یەکەمیان لە 2008 کە لە هەرێمی سامیلاندی سوێدی ڕێکخرا، ودوەمیان لە 2009 کە لە هەرێمی پادانیای ئیتاڵی، وسێیەمیشیان لە قوبرس ڕێکخرا.

بەڕاستی شەرمە نەتەوەیەکی چل ملیۆنی، وەک بڵێی بێ وڵاتی ئەو قەدەرێکی ئیلاهیە، وبەدوای بڕوبیانوی تر دەگەڕێت، بۆ سەلماندنی بچوکی خۆی، وبەپێی خۆی بچێتە ناو خولێکی هەرێم و میللەتە مایکرۆکان یان هەرێمەکانی وەک (پادانیای) ئیتاڵیا و(سیمی لاند) ی سوێد و(بروڤێنس) ی فەرەنسا و (ئۆکتانیا) ی ئیسپانیا، کە ئەو هەرێمانە لەچاو کوردستان لە وڵاتانی پێنج ئەستێرە دەژین، نەچەوساوەن ونە لەچاو کورد دڵۆپێک خوێنیان ڕشتوە بۆ سەربەخۆیی، بەڵکو زۆربەیان هەربیریشی لێناکەنەوە، نە ڕۆژێک وەک کوردستان ودۆزە گەورەکەی سەردێری هەواڵەکانی جیهان بوون!

لە هەمووی سەیرتر ئەو کوردستانە گەورەیە، تیپی سریانەکانیشی لەگەڵ خۆی دەباتە ئەوێ وهەر تورکمانی کەم بوو، کە ئینشاڵڵا لە بتوڵەی داهاتوو ئەوانیش دەبات! لەگەڵ ڕیزمان بۆ هەر نەتەوەیەک هەرچەندە بچوکیش بێت.

سەرەڕای ئەوەش ئەو وێنە وڤیدیۆیانەی کە دیتمان لەو پاڵەوانیەتانە هێندە سارد وسڕ بوون، دەتگوت بتولّەی یان پاڵەوانیەتی فەریقە شەعبیەکانە، یاریگای بێ مودەرەجات ونەبوونی تەماشاکەران، ولە هەمووی خۆشتر وێنەی ئەو منالّە بوو کە بە خۆیی ودایکی وپاسکیلەکەی وەستا بوو ئاڵایەکی کوردستانیان دابویە دەستی ودەیشەکاندەوە! نازانم چەندیان پێی دابوو تا ئەو کارە بکات!

یان لەوەش خۆشتر لە یاریەکان بانگەشە بۆ کۆڕەک تیلیکۆمیش دەکرا وەک بڵێی ملیۆنەها کەس دەیبینێت وەک جامی جیهانی FIFA!! عەبقەریەتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەر بەوەش ناوەستێت، بەڵکو ئەو ساڵ میوانداری پاڵەوانیەتەکەش دەکات لە هەولێر کە لەکاتی ئەو نوسینەدا دەستی پێکردوە!

ئەگەر لە کاتێکدا تەنها یەک جامی جیهانی FIFA هەیە لە سەرتاسەری جیهان، بەڵام چەندین پاڵەوانیەتی هەرێمی جیهانی هاو شێوەی VIVA تەزویرەکەی خۆمان هەیە، هەندێکیان باس دەکەین، بەڵکو ئەو بلیمەتانەی تۆپی پێی کوردستان سودی لێ وەردەگرن وبودجەیەکی چاکیش لەو ڕێگایەوە دەخۆن:

**پاڵەوانیەتی جیهانی The FIFI Wild Cup**

**کە لە لایەن [فیدراسیۆنی جیهانی سەربەخۆی تۆپی پێ] بەڕێوە دەبرێت لە ئەڵمانیا.**

**پاڵەوانیەتی جیهانیUNPO**

**ئەوەش پاڵەوانیەتێکە بۆ UNPO واتە ئەو میللەت و ڕێکخراوانەی ئەندام نین لە جامی جیهانی FIFA دا، یەکەم جار لە هۆلەندا لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێکخرا.**

**پاڵەوانیەتی جامیELF**

**ئەوەش پاڵەوانیەتیەکی جیهانیە لە قوبرسی تورکی بەڕێوە دەچێت بە ناوی پاڵەوانیەتی جامی جیهانی] ELF یەکسانی وئازادی وبرایەتی] یەکەم جار لە قوبرسی تورکیدا لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕێکخرا. ودەیان پاڵەوانیەتی تر.**

**پاڵەوانیەتی VIVA و پاڵەوانیەتی جامی جیهانی FIFA بەکارە ساختەکانی چینیەکان دەچێت، کە زۆر جار خەڵکی بێ سەواد ونەخوێندەواری پێ فریو دەدەن بۆ نمونە:**

**لاسایی SONY بە SQNY کردۆتەوە،کێ ئاگای لەو کلکە بچوکەی Q کیو هەیە؟!**
**لاسایی NIKE بە NEKI کردۆتەوە،کێ ئاگای لەو تەڵەکەبازیە هەیە؟!**

**دەبا لاسایی FIFA بە VIVA بکرێتەوە.**

ئەگەر ئەوە پاڵەوانیەتیەکی نێودەوڵەتی وجیهانی بێت حاڵی وا نابێت، لەوبڕوایە دام دەوری عێراقی وکوردستان زۆر گەرم وگوڕترە لەو بەناو جامی جیهانیە، پێویستمان بەوەیە کەمێک کەرامەتی نەتەوەییمان هەبێت، مرۆڤی بەکەرامەت برسیشی بێت ناچێتە ڕیزی سواڵکەران، بەڵکو بیر لە چارەسەرێک دەکاتەوە بەبێ لە دەستدانی کەرامەتی .

FIFAش کەوتۆتە ناو زۆنگاوی سیاسەت، چونکە چەندین پێوەری هەیە لە بەخشینی ئەندامیەتی. ڕاستە کورد سەربەخۆیی نییە و فیفاش FIFA گوایە تەنها یانەیەکە بۆ میللەتانی خاوەن دەوڵەت وقەوارەی سیاسی، بەڵام هەندێ ئەگەر بە وردی سەرنج دەینە ئەندامانی FIFAدەبینین کە سەربەخۆیش مەرج نیە بۆ ئەندام بوون لە FIFA بۆ نمونە کۆسۆفا کە نزیکەی ٧٠ دەوڵەتیش دانیان بە سەربەخۆیان هێناوە، کەچی هێشتا هەر ئەندام نیە لە FIFA لەبەر خاتری ڕوسیای دژی ئازادی وسربیا.

یان فەلەستین کە تا ئێستاش دەوڵەت نییە کەچی ئەندامە لە فیفاFIFA ، هەروەها دورگەی گوام Guam کە سەربەخۆش نییە، وئەندامیش نیە لە نەتەوە یەکگرتوەکان وژمارەی دانیشتوانیشیان ١٧٨٠٠٠ کەسە وسەر بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، کەچی ئەندامیشە لە .FIFA هۆنگ کۆنگ کە ناوچەیەکی کارگێری تایبەتە لە چین، بەڵام هەرچی بێت دورگەیەکی چینییە، ولەوانەیە بە فەرمانی کۆلۆنێلێکی چینی بە چەند سەعاتێک بیخەنەوە ژێر حوکمی ڕاستەوخۆی چین، کەچی سەیرە نە وڵاتێکی سەربەخۆیە، ئەندامیشە لە .FIFA بە هەمان شێوە ماکاو Macau کە دوەم ناوچەی کارگێڕی تایبەتە لە چین، کە نە سەربەخۆیە ونە ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، کەچی ئەندامە لە FIFA ی مەڵتی ستاندارد [فرە پێوەر!]

یان دورگەکانی مارشاڵ Marshall Islands کە کۆمارێکی سەربە خۆی بچوکی ٦٨٠٠٠ کەسیە، ئەندامیشە لە نەتەوە یەکگرتوەکان ، بەڵام ئەندامێتی نیە لە FIFA ، هەروەها دورگەی کۆماری ناورۆ Republic of Nauru کە ٩ نۆ هەزار کەسێکن!

بەڕاستی شورەییە بۆ سیستمی نەتەوە یەکگرتوەکان و FIFA کە مایکرۆوڵات ومایکرۆنەتەوەی وەک دورگەی گوام Guam و دورگەکانی تورکس وکایکۆس Turks

and Caicos Islands٢١ هەزار کەس، وکیبیریتی  Kiribati ١٣١٠٠٠ هەزار کەس وسان مارینۆ San Marino ٣١٠٠٠ هەزار کەس و دورگەکانی مارشاڵ٦٨٠٠٠ کەس، یان دورگەی کۆماری ناورۆNauru کە ٩ [نۆ] هەزار کەسن. ئەو وردە نەتەتەوە وولاتانە نوێنەرایەتیان هەبێت و ئەندام بن لەو دوو ڕێکخراوە، کەچی میللەتێکی گەورەی وەک کورد ٤٠ ملیۆنی ئەگەر زیاتریش نەبێت، بەو قەبارە جوگرافیە گەورەوە وبەو مێژوە پڕ لە کارەساتەوە نوێنەری نەبێت وئەندام نەبێت لە نەتەوە یەکگرتوەکان و لە.FIFA

کەوابوو لە جیاتی بەژداری کردن لەو پاڵەوانیەتە ساختانە کە مرۆڤ توشی بێ ئومێدی دەکات، کاتێ خۆت دەهێنیتە ڕیزی نەتەوە وردیلەکانی چەند هەزار کەسی ئەم وئەو، هەر نەبێ وەک فەلەستین کە کورد بەلایەنی کەمەوە پێنج شەش قات لە فەلەستینیەکان زیاترن، هەوڵی بوونە ئەندامیەتی بکەن لەFIFA ، لەجیاتی سەرف کردن وئەنفالکردنی چەند سەد دەفتەر دۆلارێک لە میوانداریی پاڵەوانیەتی هەرێمەکانی جیهانیVIVA World Cup ، هەوڵ بدەن سود لە پێشینە یاسایەکانی وەک گوام  و هۆنگ کۆنگ  و ماکاو  وشوێنی تر وەرگرن تا ببنە ئەندام لە فیفا FIFA  نەک سەرقاڵ بن بەو گاڵتە جاریەی VIVA World Cupکە گومانم نیە لەوەی ١% خەلکی جیهان نازانن پاڵەوانێتی تۆپی پێی VIVA هەر چیشە، لە کاتێکدا ١٠٠% جیهان دەزانێت پاڵەوانێتی تۆپی پێی FIFA  چییە.

لەندەن

٢٠١٢/٦/٧

# هەڤاڵ ئەبوبەکر هەڵوێست و شیعرەکانی زەمەنی بەعس!

هەڤاڵ ئەبوبەکر وا لە بونەکانی بەعس شیعری بە هەوەستی سیاسي بەعس هونیوەتەوە؟ !من پیموایە ئەوەی بە بچوکترین وتە پشتگیری بەعسی کردبیت شایەنی ریسواکردنە. من چونکە بەعسی نەبووم دەزگای روشنبیری کوردی، دەستنووسی کتێبێکی منی هەر بزر کرد، کە من نوسخەشم لێی نەگرتبوەوە لەبەر بێ پارەیی ویستم ئەوان چاپی بکەن!!، ئەی خیرە دوو پیشانگا بو هەڤاڵ ئەبوبەکر دەکاتەوە؟!!!!

ئەگەر یەکێك کوڕی ئەو ڕۆژگارە بێت ولەناو ئەو هەموو تۆقینەی بەعس ژیابا، دەیزانی چ ناپاکیەکە لەو ناپاکانەی ئەو سەردەمە خۆش بین، ئیمە هەموو ژیانمان لە ترس ودڵەڕاوکێ دا بوو، ئەویش بەو پەڕی هەلپەرستانە بیت وشیعر بە ستایلی بەعسی بنوسێت بە کوردی. ڕاستە هیچیان ڕاستەوخۆ باسی صدام ناکەن، بەڵام مەرج نیە باسی بکەیت ڕاستەوخۆ تا بزانی ئەو شیعرە بۆ صدام وبەعس وتراوە، هەر کەسێك کەمێك لە دنیای نووسین سەردەرکات دەزانێت، هەردەقێك بەپیی شوێن وکات مانای خۆی وەردەگرێت.

ئەوەی جۆرج ئۆرویل لە لەندەن دەینووسی لە بوێریدا بەراورد ناکرێت بەوەی باسترناك دەینووسی لە ژێر ترس و تۆقینی سەرکوتکرین دەزگای دەوڵەتی کۆمەنستی، فەرقی زۆرە تۆ بە ئازادانە دژی ئەمریکا بنوسیت وەك قەناعەتیکی شۆڕشگێڕانە ولە دەرەوەی فشار ودەسەڵاتی بەعس بە پاڵنەرێکی ئیسلامی یان مارکسی یان لە ژێر کاریگەری بیرمەندێکی وەك چۆمسکی، ولە نێوان هێرش کردنە سەر ئەمریکا وزایۆنیزم بە شێوازی بەعسیانە ودەیان رەمزی بەعسی تیکهەڵکێشی شیعرەکەت کەیت تا پێت بڵێین [بارك الله فيك يا بطل.!!!]

ئەو شیعرانەم خوێندەوە کە هەڤاڵ خۆشی دان بەوەش دادەنێت کە هی ئەون، بۆیە بەهیچ جۆریك گوومانم لە ناپاکی و هەلپەرستی هەڤاڵ ئەبوبەکر نەماوە...

نوسینەکان دیارە لە هەشتا ونەوەتەکان نووسراوە، لەو سەردەمەدا بەعس وەك سەگی هار لە یەک کاتدا پری کورد وشیعە وئیرانی دەدا ولەپاش داگیرکردنی کوێتیش رووبەڕووی هێزی هاوپەیمانی خۆرئاوا ببوەوە، شەو ڕوژ لە دەزگا میدیاییە جاڕسکەرەکانی خەریکی جوێندان بوو بە ئەمریکا وزایۆنیزم، وباس هەر باسی پیلانە گڵاوەکانی ئەمریکا بوو کە گەمارۆی ئابووری خستبوە سەر عێراق، ودەزگاکانی سەدام بە ئەنقەست منداڵی عیراقیان لەبرسان وبێ دەرمانی دەکوشت بە بیانووی گەمارۆی ئابووری. ئایە ئەوەی دێت وبە شیعر گوزارش لەو وەزعە دەکات وجوین ونەفرەت بۆ ئەمریکا دەنیرێت وبەشان وبالی قودس هەڵدەدات، لە کاتێکدا دەیان قودسی کوردی داگیرکراوە ودیت وباسی دەرمان بڕین دەکات بەوکەسە دەڵێین هەر لە ڕای خواوە ئەو بیرۆکانەی بۆ هاتوە؟!

یان ئەو بیرۆکەیە لە دەوڵەتی ئیستیبدادی بە شێوەیەکی تۆماتیکی دەگوێزرێنەوە بۆ خەڵکی لەرزۆك وترسنۆك وهەلپەرست، ئەوانەی دەیانەوێت لە هەموو سەردەمیکدا خاوەن ئیمتیاز بن بێ ئەوەی هەڵوێستێکی جوامێرانە و مرۆیانەیان هەبوو بێت، بی ئەوەی ڕۆژیك تا بەیانی لە ترسی گیران ودڵەڕاوکی وهەڕەشەی بەعس خەویان زڕابیت؟!

تەسەور کە یەکیك لە ١٩٩٠/١٢/١٨ بیت لە کۆرێک شیعر بخوێنێتەوە بە ناوی دژایەتی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، بە ناوی پەردەلادان لە ڕووی ڕەشی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی!! یانی ٣ مانگێك پێش راپەڕین، ئەی کەی ئەو کەسە هەڵوێستیکی هەبووە بەرامبەر ئەو ڕژێمە لە ئاستی قسە زلەکانیدا بێت؟!!

لە شیعری قەسابخانەکەی قودس و پەیامێك، هەڤاڵ ئەبوبەکر پاش ئیدانەیەکی دوور ودرێژ بۆ ئەمریکا و زایۆنیزم، بەشێوەیەك پیاو قێزی دێتەوە بەو جۆرە لەو سەردەمە وەك نصیر متقدم ورفیق حزبیەک وا بدوێت، لە چەند دێرێکدا وا غەزەل لەگەڵ بەعس وڕژێمەکەی دەکات:

**وا لێرەوە..**

**لەم وڵاتە ئاشتی خوازە**

**بەهێزەوە**

**نامەم دەنێرمە ئاسمان و**

**هتد....**
ئەو وڵاتە ئاشتی خوازە؟! کە نوقمی خوێنی کورد وشیعە وسونەش کرابوو لەسەر سنوورەکان؟!

لە شیعری [پەرەی مێژوو هەڵدەنەوە]، هەڤاڵ ئەبوبەکری بەزمانی عێراقچیەکی عەرەبی فەللوجە وئەنبار وئەعزەمیە قسە دەکات، باسی خیانەتی بازۆفت دەکات، کە رۆژنامەنووسێکی بەریتانی بە ئێرانی رەگەز بوو، صدام گرتی ولە سێدارەی دا بە بیانووی سیخوڕی، هەتا ئەگەر بابڵێین ڕاستیش بێت، وسیخوڕ بێت، سیخوڕ بووە بەسەر دوژمنەکەی کورد، ئیمە لە بیرمە ٩٩% ی لاوان ئەو کاتە هەتا لە تۆپێنیشدا حەزمان لیبوو عێراق بدۆڕێنیت، کوردێکی قوڕمساغی وەك هەڤاڵ ئەبوبەکر چی داوە لە بازۆفت ئەگەر بەعسی چیەتی نەبێت؟! یان بە زمانێکی بەعسیانە بڵێیت کاتی سایکس بیکۆ بەسەر چوو!!! ئێمە تا ئەو ساتەش ولەوانەیە سەدان جیلی تریش بەدەست سایکس بیکۆ دەناڵێنین، ئەوە تەنها کەسێك وادەڵێت کە خۆی بە بەعس فرۆشتبێت ووەك عەرەبێکی قەومی توندرەو بیربکاتەوە. هەڤاڵ ئەبوبەکر لەو شیعرە وا دەڵێت:

**بزانن ئەو بایەی کە دێ**

**لە سێدارەی ناپاکیەوە**

**هەر بۆنی [بازۆفت]ی لێ دێ**

**ئینجا بۆ چەندان جاری تر**

**بەڕێگەتانا بچنەوە**

**چاك بزانن لەم وڵاتا**

**جێگای خۆتان ناکەنەوە**

**کاتی [سایکس بیکۆ] نەما**

**گشت سامانی وڵاتەکەم**

**بە دیاری بۆ پاشا ببا!!!!!!!!!!!**

لە وتارێکی ٢٠١٤

# هەڤاڵ ئەبوبەکر وەك زێوانی ئارامگای نەوشێروان!

هەڤاڵ ئەبوبەکر دەرچووی قوتابخانەی سەرۆکی فەرماندەیە بە هەموو مەکینە ئیعلامیە زەبەلاحەکەیەوە. هەر لەو ڕۆژگارەوە نەیویستوە هەلی دەرکەوتن لە دەست بدات وەک شاعیر و شێوەکار و نووسەر وشتی تریش، هەرچەندە دەرکەوتن لە مەیدانی ڕژێم لەو ڕۆژگارە نەنگی بوو، هەزاران بلیمەتی جوامێر سەریان کز کردبوو لە ترسی دەرکەوتن، چونکە دەرکەوتن باجی هەبوو. بچوکترین باجی دەبوو ببیتە بەعسی!

ئەگەر دەنگت خۆشبا دەبێ گۆرانیان بۆ بڵێی، ئەگەر نیگارکێش بایت دەبوایە چەند وێنەیەکی سەدام و شەڕەکانی بکێشیت، ئەگەر شاعیر بایت وەک هەڤاڵ دەبوایە چەندین شیعر بنووسیت و کۆڕ ببەستیت بۆ سەدام و قادسیە و شەڕەکانی... دەبووایە جوێن بە ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسرائیل بدەیت، دەبوایە باسی دۆزی فەلەستین بکەیت، باسی هیرۆشیما و ناگازاکی بکەیت، ئەگەر پاش سەدامیش لێیان پرسیت ئەو شیعرانەت بۆ کێ هۆنیوەتەوە دەتوانی وەک هەڤاڵ ئەبوبەکر بڵێیت فەلەستین و قودس و هیرۆشیما و ناگازاکی ڕەمزی دۆزی کورد و کارەساتی هەڵەبجە بوون لای من!

ئەو پیاوە تەنها لە پیشەی قسەکردن سەرکەوتووە، بڕوانە ئەو هەموو دەنگەی گۆڕان بۆی کۆکردەوە، ئەو هەموو ماوەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە دەست بوو لە دوو سێ وێنەی بە پایسکیل هاتنە ئیش و ویلکێری کەمئەندامان لێخوڕین و زبڵ کۆکردنەوە و گەسک لە دەستگرتن زیاتر هیچیتری جیاوازیەکی کرد لە شار و پارێزگاو شارەوانی سلێمانی؟!

ئێستاش پاش ئەوەی گۆڕان مەعدەنی هیچ لەباربوویان ناسی و پشتگیریان نەکرد بۆ بوونە پارێزگار، کۆچی دوایی خوالێخۆش بوو، نەوشیروان ی قۆستۆتەوە بە هەمان شێوازی ڕۆشنبیرە شرەخۆرەکانی ناو ڕژێمە دکتاتۆرەکانی وەک سۆڤیەتی کۆن و کۆریای باکوری نوێ، کە پایەیان لەسەر ڕەهبەرێکی زیندوو یان مردوو بنیات ناوە، دەیەوێت گۆڕان بەو ئاڕاستەیەی عیبادەتی فەردی و گەرمکردنی بازاڕی ماستاوچییان ببات!

ئەو لە یەکەم ڕۆژەوە وەک کۆنە ئیسلامی و دینداڕێک لایەنی دەفن وکفن و شۆردنی نەوشێروانی گرتە ئەستۆ لەگەڵ کۆمەڵێ وێنە و ڤیدیۆی پڕ گریانی مناڵانە کە من پێم شەرمە وا بۆ دایکیشم بگرییەم.

بە کورتی خۆی کردۆتە زێوانی گۆڕەکەی نەوشێروان، ئەو نەوشێروانەی سیفەتی خاکی بوونی و بێ فیزی لە هەموو سیفەتەکانیتری هەقیقیتر و زەقتر بوو. کەچی ئەو کابرایە چونکە قاڵبووی ناو فەرهەنگی عیبادەتی زەعیم و قائیدی زەڕووڕەیە، پێشوازی لە هەموو چینەکانی

کۆمەڵ دەکات و خوتبەیەکی پڕ لە سۆز و عاتیفەیان بۆ دەدات و وەک هەر زێوانێک باسی گەورەیی و نەمری و سیفاتە ڕیزپەڕەکانی سەرووی ئادەمیزادبوونی سەرکردە دەکات، دووایش هەر پۆستێکی فەیسبووکی چڵ پەنجا وێنەی خۆیی و شەعب بڵاودەکاتەوە، هەر بە ڕەسمی خۆی دامەزراندوە بە زێوانی ئارامگای نەوشیروان وەک زێوانەکانی مەزارگای حەزرەتی حوسێنی شیعە!

پێشوازی لە منداڵەکان دەکات و وەک میدیای دەوڵەتە شیوعیە کۆنەکانی وەک کۆریای شیمالی دەڵێت: ئەوە سەرکردەی ئێمەیە خەوتوە تا خەونی سەرکەوتنمان بۆ ببینێت، و بگەڕێتەوە ڕزگارمان کات!!!!!

پێشوازی لە قوتابیانی زانکۆی ئەمریکی سلێمانی دەکات و دەڵێت: ئەو زانکۆیە خەونێکی کاک نەوشێروان بوو هاتە دی!!

پێش فاروق رەفیق دەکەوێت دەڵێت: پەیامی نەوشێروان دەبێت ئێوە تەواوی بکەن، بە مەلایان دەڵێت هەموو جومعەیەک باسی پەیامێکی نەوشیروان بکەن!!! دیارە بوویتە بوخاری و موسلیم؟!

ڕۆشنبیری ناو ئەو دەوڵەتانەی عیبادەی تاک personal cult هەمیشە وان، زەعیم لەلایان هەمە کارە و هەمە پیشەیە لەیەک کاتدا: سەرکردە و حەکیم و کرێکار و قوتابی و ئەندازیار و دکتۆر و زانا و ئەدیب و هتد. ئەوانە بچووکی خۆیان بە ستایش و عیبادەتی زەعیم گەورە دەکەن، بەشێک لە خۆشەویستی خەڵکە سەرسامەکە و شوێن کەوتووی زەعیم دەبەن بەو لاواندنەوەیەی دەیکەن بۆ زەعیم!

هەر ڕۆژەی لێدوانێکی عاتیفی و ڕیزپەڕ دەدات، وەک نەوشێروان پێویستی بە شۆردن نییە، نیوەی کورد دەبێت بە کاک نەوشێروان پاک بکرێتەوە!!! بەڵام دیارە نەوشێروان یش نەیتوانی ڕابردووی هەڤاڵ ئەبوبەکر پاک بکاتەوە هەتا کە لە ژیانیش بوو.

بەڕای من ئەو جۆرە ماستاوچی و زێوانانەی مەزارگای زەعیم مەترسیترین کەسانێکن لەسەر نەرێتی دیموکراتیەت و مرۆدۆستی. ئەو تەقدیسکردنە و عیبادەتە فەردییەی کە کەسانێکی وەک هەڤاڵ ئەبوبەکر برەوی پێدەدەن و خەم و خۆشەویستی خەڵکەکە وەبەردەهێنن لەو هەل و مەرجە ناسکە، ناوەرۆکی پەیام و بیروباوەڕەکانی نەوشێروان لە ماناکانیان بەتاڵ دەکەنەوە، و ڕێگا خۆش دەکەن وەک حزبەکانی تر ببنە خاوەن ئەندامی ماستاوچی و پیاهەڵدەر و خاوەن مەزاری شەریفی سەرکردەش!

2017/5/29

# سوپاسی دۆستە دوژمنەکانت بکە فەرهاد!

فەرهاد سوپاسی هەموو ئەوانە بکە کە لە یەك کاتدا دۆست و دوژمن، و خەسم وحەکەمن بۆ تۆ!
هەر سوپاسی ئەوان بکە باشترە، لەوەی قسە بۆ میللەتێکی ساویلکەی بێ هیمەت بکەیت، کە بەس بۆ پێکەنین گوێت لێ دەگرن.

هەر سوپاسی بابە گەورەی بکە بەڵکو ئەو لە شەق و پێلەقەی پیاوە گەندەڵ ودزەکان ومافیاکان و شەلاتیەکانیان دەتپارێزێت.

ئەگەر چوار پێنج کەسیش لەسەر تۆ بە وەڵام هاتبان، ئەگەر خۆپیشاندانێکی بێ دەنگت بۆ کرابا، تۆش ئەمڕۆ ناچار نەدەبوویت سوپاسی دۆستە دوژمنەکانت بکەیت، وبە حەکەمایەتی خەسمەکانت ڕازی بیت...
سوپاسیان بکە ئەگەر ڕۆشنبیر گەلێکی هوشیاری نەبێت، وەك ماسییە لەناو حەوزێکی شوشەی بێ ئاو!

سوپاسیان بکە سێ چارەگی گەل بێ دەنگە، و چارەگی دڵ خۆشە بەوەی بەسەرت هاتووە.

محەمەد هەریری
13/4/17

# بەشی شەشەم :

## توندڕەوی و مەرگ دەرهاوێشتەی گەندەڵی

| |
|---|
| کوردستان لە سایەی گەندەڵان شۆڕشێکی سەلەفی بە مێژوو قەرزارە! |
| هەتا ترامپ یش دەرچوو لە گەورەترین حەکیمی کورد حەکیمترە! |
| وانەیەکی دیموکراتی بۆ دەسەڵاتی سوپەر گەندەڵ لە هەڵبژاردنی ترامپدا! |
| لە نوسێنی ماستاوچیەکی گەورەی صدام ولە وەرگێڕانی ماستاوچیەکی سەلەفی!! |
| عبدالرحمن سدیق و گەندەڵی کوردی |
| سنورێك بۆ مەلاو بانگخوازە داعشیەکان دابنێن ئەی دەسەڵاتی مەست بە بۆنی نەوت |
| برنجی حەڕام و لاپتۆپی حەڕام |
| فڕۆکە ڕووسیەکە و گەندەڵی گیان و ڕوحمان دەخاتە مەترسی! |

# کوردستان لە سایەی گەندەڵان

## شۆڕشێکی سەلەفی داعشی بە مێژوو قەرزارە!

ئەوانەی لە جیهانی سێیەم و وڵاتانی جوگرافیای ئیسلامی ئیدیعای سێکیولاری و دیموکراتی دەکەن ، لە وێنەی پارتی و یەکێتی و ئەردۆگان و بەشار ئەسەد و سیسی و ئەو شتە پیسانەن، بۆیە خەڵك لە ڕقی ئەوان و لەبەر نەزانی خۆشیان بە دەرەنجامە ئاییندەییەکان پشتگیری لەو ڕەوتە دینیە سەلەفیە کارەساتاویانە دەکەن کە دژایەتی ئەوانە نیشان دەدەن، بەڵکو هەندێ جار دژیشیان نەبن!!! وەك سەلەفیەتی مەدخەلی عبداللطیف!

کاتێك مەلا بەختیار بە چیایەك لە گەندەڵی و سیاسەتی چەوت و خەڵك سووك کردنەوەی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە، وەك نوێنەرێکی سێکیولاری دیموکراتی ئازادیخواز دەردەکەوێت، ئەگەر خواش لە ئاسمان پشتگیری بکات، خەڵك پشتگیری ناکات لە بەرامبەر ئینشاخوێنەرەوەیەکی وەك علی باپیر، یانی لە عەلی باپیریش بچوکتر لەوێ بایە هەر سەرکەوتوو دەردەچوو.

تۆ بڕوانە نمونەی دووەم سیسی میسر کە خەڵکێکی زۆر پشتگیری کرد بۆ لادانی ئیخوان، کە مورسی گرت و دادگایی کرد لەسەر تۆمەتی زۆر سەخیف و هەڵبەستراو، یەکێکیان بەکرێ گیراوی بوو بۆ حەماس و نیازی دەست هەڵگرتنی بوو لە زەوی میسر بۆ فەلەستینیەکان! خەڵك هەر چاوی نوقاند و قسەی نەکرد، ئەو هەموو فەشەلەی سیسی لە چاککردنەوەی وەزعی میسر لە هەموو بوارەکان خەڵك هەر بێ دەنگ بوو.

کەسێکی وەك ئیسلام بحێری خستە زیندان لەسەر ڕەخنەگرتنی لە چەند حەدیسێك بە سکاڵای سەلەفیەکان، خەڵك هەر بێ دەنگ بوو، بەڵام کار بگاتە ئەوەی دوو دوورگەی میسری تیران و سەنافیر ببەخشن بە سعودیە بە چەند دۆلارێك، و مورسی یش دادگا بکەیت لەسەر نیازی دەست هەڵگرتن لە خاکی میسر، خەڵك چۆن باوەڕ بە دیموکراسیەت و سێکیولاری ڕژێمی سیسی بکات، کە بێ گوێدانە ڕای خەڵکی میسر دوو دورگەی خاکی میسر دەبەخشێتە سعودیة؟!

لە پاش ئەزموونە سەقەتەکانی ئیسلامی سیاسی، لە قاعیدە و داعش و ئەفغانستان و ئێران و سودان و تورکیا و سۆماڵ، ئەگەر نوخبەیەکی سیاسی بەڕاست سێکیولار و دیموکرات و شەفاف و دوور لە گەندەڵی هەبا، خەڵك و گەنجان وا بێ سەر و مێشك بەرەو ئەو ئیسلامیانە کێش نەدەبوون بەو هەموو فەشەلەوە. بەداخەوە ئەو کوردستانە لە سایەی ئەو دەسەڵاتە پڕ گەندەڵیە، و ئەو مەزاجە سەلەفیە سەقەتە شۆڕشێکی داعشی بە مێژوو قەرزارە. ڕۆژێك دێت ئەو باجە بدەین لە سای سەری گەندەڵە بەناو سێکیولار و دیموکراتەکان.

٢٠١٦/٤/١٣

# هەتا ترامپ یش دەرچوو

# لە گەورەترین حەکیمی کورد حەکیمترە!

ئەو ترامپەی جوێن نەما پێی نەدرێ و گاڵتە نەما پێی نەکرێ، وەك کەسێکی سەرشێتی بێ حیکمەت لە میدیای نەیارەکانی نیشان دەدرێت، کەچی بە بەردەوامی دەیسەلمێنێت، سەرەڕای ئەو هەموو قسانەش ترامپ دەردەکەوێت کە چەند پڕ عەقڵ و حیکمەتە.

یەکێك لە سەرسەخترین ناحەزانی، لەناو خودی حزبەکەی خۆی میت ڕۆمنی بوو، کە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن، وشە و وەسفی خراپ و سوکایەتی نەما بە ترامپ ی نەڵێت، و ترامپ یش هەرگیز تەخسیری نەکرد لێی. کەچی ئەمڕۆ ترامپ ڕۆمنی داوەت کردوە بۆ ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی پێ بسپێرێ!!!

لای ئێمە تەنها لەگەڵ دەسەلات نەبیت، با هەر پسپۆریەک و زانستیکت هەبێت، دەسەلات تا بودەڵەکانی خۆی هەبێت، بە هیچ جۆرێك دانی خێرت پێ ناهێنێ!

لای ئێمە تا خزم و ماستاوچی حزبی هەبێت حەز دەکەیت فەیلەسوفیش بیت بەس ڕەخنەت هەبێت، کەس حیسابی چڵە پوشێکت بۆ ناکات، ئەوە جگە لە هەوڵی سزادانی جەستەیی و مەعنەوی .

ئینجا لای ئێمە ئەوەی سەرۆك ڕەخنەباران بکات، دەسەڵات پێیبکرێت ئۆکسجینیشی لێ دەبڕێت!

لای ئێمە دوو باڵی دەسەڵات، کە پێکەوە ئەو وڵاتە دادەدۆشن، زۆرجار لە ڕقی یەکتر، زۆر پایە و ئیمتیازی کورد دەدۆڕێنن، بە تایبەتی لە دەرەوەی کوردستان و ناوچە بەناو جێناکۆکەکان!

لای ئێمە دەسەڵات هێندە بێ وەفا و ئەمەکە، زۆرجار پیاوەکانی خۆشی لەبەرچاوی کۆمەڵگا ڕیسوا دەکات!

زیرەکی ترامپ لە سعودیە و کەنداویش دەرکەوت. دەڵێن ترامپ لەو سەردانەی نزیکی ٣٠٠ ملیار دۆلاری جزیەی وەرگرتووە لە سعودیە! بەڕای من تۆڵەی هەموو ئەو جزیانەی کردۆتەوە کە موسڵمانان لە یەکەم ڕۆژی دەرکەوتنی ئیسلام لە فەلە و جووەکانی وەرگرتووە!

ترامپ سەرەڕای هەر سەرنجێک، هەموو ڕۆژێ دەیسەلمێنێ کە قسەکانی دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە... کاتی خۆی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن گووتی من بۆ هەزاران سەرباز و چەک و فڕۆکە بنێرم بۆ پاراستنی وڵاتێک بە خۆڕایی؟! دەبێت سەرانە بدەن لە بەرانبەر پاراستنیان! ئەوەتە جێبەجێی کرد و گەورەترین جزیە و سەرانەی وەرگرت لە مێژوودا ! مەلیکی سعودیە و ئەمیرەکانیش دڵیان خۆشە و سەمای شمشێری لەگەڵ ترامپ دەکەن!

ترامپ گوایە سەرشێتەکە بوو، دیتتان چۆن خۆی بە دوژمنی ئیسلام و تیرۆری ئیسلام نیشان دەدا، کەچی لەو سەردانەی و ئەو لوتکەیە ئیسلامیەی کە بەستیان، بە یەک وشە باسی ڕۆڵی وەهابیەتی سعودی نەکرد لە بەرهەمهێنانی تیرۆر! دەبینن پارە و نەوت چ موعجیزاتێک دروست دەکات، بەس بۆ کورد نەوت ماڵوێرانییە.

ئێستا دەزانن بۆ میللەتانی مەزن مەزنن، و میللەتانی بچوك و پەڕاوێزخراو وهامشی بۆ بچوك و پەڕاوێزخراو و هامیشین؟!

ئەوەی جیاوازی نازانێت با بۆخۆی هەڵپەڕێت .

٢٠١٧/٥/٢٢

# وانەیەکی دیموکراتی

## بۆ دەسەڵاتی سوپەر گەندەڵ لە هەڵبژاردنی ترامپدا!

دوور لەو خوڕافاتانەی باس دەکرێت دەربارەی ترامپ، گوایە ماسۆنیەت هێناویەتی، یان ناوی لە تەورات هاتووە یان هەر پڕوپوچێکی تر، من پێموایە وانەی زۆر هەیە لەو ڕووداوە گرنگە فێر بین ئەگەر بمانەوێ.

**یەکەم:** بەڕای من کەلەبەرێك لە خودی سیستمی دیموکراتی هەیە، کە لێیەوە کەسانی وەك ترامپ و پێشتریش وەك هیتلەر و توندڕەوانی دینی شەڕانگێز و بێ باوەڕ بە دیموکراتیەت لییەوە دزە دەکەن بۆ سەر لوتکەی دەوڵەتە دیموکراتیەکان.

بۆ مرۆڤ کاتێ داواکاری پێشکەش دەکات بۆ بوونە کارمەندێکی ئاسایی لە فەرمانگەیەك دەیان مەرج و مروجی [وەک شەرت وشرووت] لەسەر دادەنێن، دەڵێن شەهادەی ئەوەت هەبێت، زمانی ئینگلیزت زۆر باش بێت قسە و نووسین و ئەزموونی ساڵێکت هەبێت و هتد! بۆ دەبێت بۆ بوونە سەرۆکی وڵاتێکی وا گەورەی دیموکراتی، ئەو مەرجانە ڕەچاو نەکرێت، کە لە ڕێگایەوە پارێزەری لە سیستمی دیموکراتی بکرێت، و ئەزموونی هیتلەر دووبارە نەبیتەوە، لە کودەتا بەسەر دیموکراتیەت.؟!

هەرچەندە حاڵەتی دامەزراوی دەولەتی سەردەمی هیتلەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ بە هێزی دامەزراوەیی ئەمریکا.

بەڕای من مۆڵەت دان بە خەڵکانی بێ باوەڕ بە پرنسیپەکانی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و یەکسانیەکان، لە سیستمی دیموکراتیەت بۆ ئەوەی بەسەر شانی دیموکراتیەت بگەنە لوتکەی دەسەڵات، و گورزێکی کوشندە لە خودی سیستمی دیموکراتیەت بدەن، وەك ئەوەیە تۆ سونیەکی وەهابی بکەیتە سەرۆکی ئێران یان شیعەیەکی شینی ڕافزی سەفەوی، بکەیتە پاشای سعودیە! دەبیت سنوور هەبێت بۆ ئازادی ئەوانەی دوژمنایەتی ئازادی دەکەن بەوپەڕی ئازادیەوە!

**دووەم:** بانگەشەی دیموکراتی بوون، بەس نییە خەڵك ڕازی بکەیت دەنگت پێ بدەن، لە ترسی دێوەزمەیەکی بیرفاشیزمی ڕەیسستی وەك ترامپ و نمونەی ترامپ. دەبێت بەڕاستی هەڵگری ڕەوشتی دیموکراتی بیت، و کاروکردەوەکانت ڕەنگدانەوەی ئەو پرنسیپانە بێت، ئینجا خەڵك باوەڕت پێ دەکات و دەنگت پێ دەدات!

دیتمان هیلاری کلینتۆن، کە سەرەڕای هەر شتێکی بە حەوت ئاو شوراوەتەوە لە چاو ترامپ، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی چەند گومانێك سەبارەت بە ئیمێڵەکانی، و ئاشکرابوونی چەند درۆیەك، و گومانی پاکتاوکردنی چەند نەیارێکی بە شێوازی گوماناوی، خەڵکێکی زۆر لە دوا ساتەکانی هەڵبژاردنەکە، و پاش گورزی ئێف بی ئای FBI یش بە ئاشکرا کردنی ئیمێڵەکانی، بڕیاریاندا هەر دەنگ نەدەن، کە دەڵێن ژمارەیان ١٠ ملیۆن دەبێت، یانیش دەنگ بە ترامپ بدەن وەک سزایەك بۆ هێلاری! یانی تۆ بە بانگەشەکردن بۆ دیموکراتیەت، و نووسینی وتارێك و بەستنی سیمنارێکی دۆنکیشۆتی، و دەرکردنی ڕۆژنامەیەك و کردنەوەی تەلەفزیۆنێك، و ڕێکخستنی چەند کۆڕ و سیمنارێکی سێکیۆلار و دیموکراسی نابیتە دیموکرات وسیکیولار، ئەگەر خەریکی دزی وتاڵانی بیت، لەگەڵ دز و تاڵانچیەکانی دەسەڵات، خەریکی چاوبرینە ناموسی خەڵك بیت، وەك هەر بی ڕەوشتێکی دەسەڵات، یان خەریکی تۆقاندن و کوشتن و برینی نەیارەکانت بیت وەك هەر فاشستێک و تیرۆرستێك!

ئێستا خەڵکێکی زۆر لە بێزای و بێ هیوایی لەو دەسەڵاتە تێکدەر و بێ بەهایە زۆر باکیان نییە داعشیش بێت، یان سوپای عێراق بگەڕێتەوە! بۆیە بە دووری مەزانن ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد سەد دەر سەد لە کوردستان بکرێت، خەڵك دەنگ بە داعش فکرێکی دەست و داوێن پاك بدات، لە دژی ئەو دز و تاڵانچی و بێ بەها و ڕەوشتانەی دەسەڵات کە هەموویان بانگەشەی دیموکراتیەت دەکەن!

٢٠١٦/١١/١٠

# لە نوسینی ماستاوچیەکی گەورەی صدام ولە وەرگێڕانی ماستاوچیەکی سەلەفی!!

کاتێ لە سایتی موکریاندا دەگەڕام کتێبێکم بەرچاو کەوت، بەناوی:نوێکردنەوەی بیری ئاینی، لە نوسینی د .محەمەد شەریف، کە مەزنترین ماستاوچی صدام بوو، لە سەردەمی ئەنفال وکیمیاویدا، و ڕاوێژکارێکی دینی سەدام حوسێن بوو!!

نازانم دەێت کەسێك هەموو ژیانی خزمەتکردنی رژێمی صدام بێت وصدام بە خەلیفە عمر بچوێنێت لە عەدالەت، وبە سوڵتان صلاح الدین ئەیوبی بچوێنێت لە ئازایەتیدا، وەك لە مقالاتەکانی کە بڵاوی دەکردنەوە لە رۆژنامە وگۆڤارە ڕووزەردەکانی رژێم، وەك ڤێنیش هەندێکی بڵاوکردەوە، دەبێت چی پێ بێت بۆ نوێکردنەوەی بیری ئاینی؟!!

دەبێت بیری ئایینی ڕەسەن لای کەسێی خۆفرۆش وماستاوچی دڕندەترین دکتاتۆر بەرامبەر نەتەوەکەی چی بکات؟!

وئەوە چ گەلحۆیەکە باوەڕ بەو کەسە وبەو فیکرە دەکات، کە زادەی هەناوی کەسێکی بێویژدانی سەرسفرەی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕە لە هەستیارترین ساتی کارەساتئامێزی کورددا؟!

سەیر لەوەدایە ئەو جۆرە خۆفرۆش وماستاوچیانە لە هەموو عەهد وسەردەمێك جێگای خۆیان دەکەنەوە، ئەمڕۆ ئەو پیاوە لەلایەن پارتی لەباوەش کراوە وهەموو جۆرە پاڵپشتی ودەعمێك دەکرێت، بە پایەو وبە پارە وبە واستەکردن بۆ منالەکانی وهتد..

دەسەڵاتێك یەك زەڕە شەڕەف ومروەت وکوردایەتی تێدا بێت، کەسێکی وا وکەسانی وا ناگرێتە خۆی، بەڵکو دەبێت بدرێتە دادگا. بەڵام چونکە خۆشیان پەرێزیان پیسە بۆیە مەنجەڵ دەگەڕێ و سەقاپی خۆی دەدۆزێتەوە!

لە هەمووی سەیرتر بڵێین کێ ئەو کتێبەی لە عەرەبیەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە؟ کەسێک وەرگێڕاوە، کە ئەویش وەستای ماستاو وسەلەفیەکی مەشرەب مەدخەلییە، ئەویش مەلا عومەر چنگنیانی یە السلفي سابقا!!!

ئەو پیاوە سەلەفیەی کە گاڵتەیان بە فیکر وبیری ئایینی دێت، لەبەر خاتری ماستاوچیاتی بۆ حزبی قائید ومەبلەغێك ئەو کتێبەی وەرگێڕاوە، کەمن دڵنیام ئەگەر نوسخە عەرەبیەکەی بۆ شێخە سعودیەکان ویەمەنیە دواکەوتوەکانی بنێرن و بیخوێننەوە، سەد کوفریات وشیرکیات وبیدعیاتی لێ دەگرن، بەس للماستاو احکام.

٢٠١٣/١٢/٢٠

# عبدالرحمن سدیق و گەندەڵی کوردی

مامۆستا عبدالرحمن سدیق باسی چارەسەری گەندەڵی دەکات لە تەلەفزیۆنی خواوەندی گەندەڵان دا. وەك هەمیشە بەڵگە و ئارگیومنتەکانی زۆر جوانە بەڵام هێندە نەزەری باسی گەندەڵی دەکات، وەك بڵێی باسی ئەقوامی کۆنی پێش هەزاران ساڵ دەکات. یەکەم پایەی ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی، خۆ جیاکردنەوەیە لە گەندەڵکارەکان و دەزگاکان و دەستە و دایەرەیان. قسەکانی زیاتر لەسەر ئایەتی [ تلك الدار الاخرة نجعلها للذين لايريدون علوا في الارض ولا فسادا] دەکات. دەڵێت پارەی گەندەڵی لە قومار خراوترە چونکە قومار بۆیە حەرامە یەکێك پارەی هەموو قومارچیەکان دەباتەوە، گەندەڵیش مانای ئەوەیە چەند کەسێك پارەی هەموو خەڵك بدزێت و بخوات .

ئەگەر بەپێی ئەو لێکدانەوە بێت کێ هەیە لە هێما وسیماکانی دەسەڵاتی کوردی گەندەڵێکی حەرامخۆرتر نەبێت لە قومارچیەکان؟! بۆ باسی ئەو هەموو دزی و گەندەڵیە ناکات کە لە دەوەوبەری خۆی ڕوودەدات؟! چ پێویست بە باسی نەزەری دەکات لە کاتێکدا ژیانی عەمەلی کوردستان هەمووی نوقمی گەندەڵی بووە؟! خەریکە گەندەڵی هیچ مانایەك بۆ کوردبوون و هەستی ئینتیما ناهێڵێت .

گەندەڵی کوردی تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە لە هیچ گەندەڵیتری وڵاتان ناچێت. گەندەڵی کوردی زۆر بێ ئیحساستر و بۆگەنتر ودەبەنگترە، بەڕادەیەك مرۆڤ تووشی خەمۆکی و شیزۆفرێنیا دەکات، توشی شێتبوون دەکات!

منداڵەکانی دوێنێی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، بە ملیاردەها دۆلاریان لە دەستە، سەرەڕای ئەوەی ئەو نەوتەی کوردستان شەو و ڕۆژ بەتاڵان دەبردرێت، کەچی هێندە بێ شعور و چڵێس و بێ عەقڵن گەندەڵەکانی کوردستان، هەتا مووچەی پێشمەرگەش بە جوانی نادەن!!

گەندەڵی کوردی هێندە پیسە خودی باسکردنیشی گەندەڵ بووە!

10/12/2012

# سنورێك بۆ مەلاو بانگخوازە داعشیەکان دابنێن

# ئەی دەسەڵاتی مەست بە بۆنی نەوت

هێندە بە ترس ولەرزن بەرامبەر لۆژیکی توندڕەوانەی ئەوان، ناوێرن ڕەخنەیەکی جیدیانەیان لێ بگرن، ناوێرن بڵێن ئەو دەقانە جێگای باوەڕمان نین هەتا حەدیسێکی زەعیفیش بێت، ناوێرن بڵێن ئەو دەقانە مۆرکێکی مێژوویی پێوەیە، بۆ حالەتێکی تایبەت و هەل ومەرجێکی تایبەت هاتوون، نەوەك توندڕەوان بە حەوت پشت کافریان بکەن!

ناوێرن ئەو ڕوحە جەنگاوەرییەی، کە خەریکە سەری هەموو ئومەتی ئیسلام لە قوڕ ڕادەکات، لە دین داببڕێنن، دەبێت تەنها پاکانە و تەفسیری لاوازی جیا ببیننەوە بۆ چارەسەریان. هێندە بێ هەڵوێستن، لە کاتێکدا کوردستان بەرەنگاری درندانەترین هێرشی تیرۆرستان دەبێتەوە، خەڵک بە گیان و ماڵ هەوڵی پاراستنی کوردستان دەدات، کەچی مەلا و بانگخوازە داعشیەکان، وەك سەگ لە دواوە قەپ لە جەستەی گەل ونیشتیمان و پێشمەرگە دەگرن ڕۆژانە، ئەوان گوایە کاریان دینداریە، هەتا ناتوانن کەمێك دڵی ئەو مەلا و بانگخوازە داعشیە خۆفرۆشانەش بشکێنن، ڕەخنەیان لێبگرن...

ناتوانن بەرەنگاری مەلایەکی فاشست ببنەوە، دەڵێت داعش بەرەی ئیمانە و لە پێناو لا الە الا اللە سێ چارەگی مرۆڤەکان بکوژین ئاساییە. ناتوانن وەڵامی ئەو مەلایە بدەنەوە کە نیوەی ئافرەتانی کورد تەکفیر دەکات! بڵێی ئەو سکوتەیان عەلامەتی ڕەزابوون نەبێت.

ناتوانن وەڵامی بانگخوازێکی بێ بەها وبێ ڕەوشت بدەنەوە، کە پێشمەرگە خۆیی وسێ ژنەکەی و کەس وکاری دەپارێزێت لە بەکەنیزەکردنیان، و بە ئاشکرا قسەیەك دەکات کە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ قسەکانی مەلا شوانی خۆفرۆش ودەڵێت: :ئەی تۆ چۆن دەچیتە ناو سوپایەکی کوفرەوە، کە عەلەمەکەی لەوپەڕی شوعی وبێ دینیەت تیایەتی تا ئەوپەڕی نەسرانیەت و ماسۆنیەت."

من نازانم و لەوە تێناگەم، هەرکەسەی دەمی دەکاتەوە لە کوردستان باسی فشارێکی زۆری ئاسایش دەکەن بۆسەر خەڵك، و دەڵێن خەڵك لە ڕقی فشار وگەندەڵی ودزی وتاڵانی دەچنە سەنگەری توندڕەوان! ئەوە چ لۆژیکێکە لە ڕقی گەندەڵی وفشار بچیتە سەنگەری توندڕەوی وتیرۆرستی دژ بە میللەتەکەت؟!

دیارە هێشتا ئەو خەڵکە نازانێت، بە ڕێگایەکی سیاسیانە بەربەرەکانێی دیاردە سەلبیەکان بکات؟! تێناگەم بۆ ئاسایشی هەولێر و سلێمانی خەریکی گرتن و ئەزیەتدانی منداڵە ورتکەی توندرەوانن، کەچی ئەو هەموو مەلا و بانگخوازە داعشیانەی ئازاد کردوە لە ڕشتنی ژەهری تیرۆرستیان لەناو کۆمەڵگا؟! ئەوەی لەو ڤیدیۆی داعشی چاکەت وپانتۆڵ لەبەر عبدالواحید هاتوە، بەڕاستی دەبوایە یەکسەر دەستگیر کرابایە وبدرایە دادگا بە تۆمەت خیانەت لە کوردستان، وسوکایەتی کردن بە ئائیسلامی وموسلمانەکانی کوردستان.

30/1/15

# برنجی حەڕام و لاپتۆپی حەڕام

ئەوەی لە لەندەن ژیا بێت دەزانێت زوو زوو لەسەر جادە و کۆڵانەکان تووشی کەسانێکی گومانلێکراو دەبن بە لاپتۆپی نوێ و کامێرای دێجیتەڵ و مۆبایلی لۆک کە بە نرخێکی زۆر هەرزان دەیفرۆشن، هەیە گوێ ناداتێ لێیان دەکڕێت بەڵام من شاهێدی دەدەم کە ٩٨% خەڵکەکە وەڵامیشیان نادەنەوە چونکە دەزانن کەل وپەلەکان دزیاریە یان جێگای گومانە!

بەخوا لەو کاتەی پێویستیم بە لاپتۆب بوە تووشم بوە بە تووشیان و لێم نەکڕیون و چووم لاپتۆپێکی دەستی دووم کڕیوە، چونکە لەو کۆنەڵگایە فێربووم کە ئەگەر تۆ بە ئاسانی بیکڕیت یانی هانی دەدەی جارێکیتریش دزی بکات! ئەوە بۆ لاپتۆپێک کە بەکاری دەهێنیت و نایخۆیت، ئەی ئەگەر شتە دزیارەکە خواردن بوو؟! ئەوە خراپتریش بۆ ئەوەی کە باوەڕی بە حەلاڵ و حەڕام هەیە.

سەید ئەحمەدی هاوڕێی ئەردۆگان پۆستێکی بڵاوکردۆتەوە دەربرەی کەسێکی هاومەشرەبی دەڵێ چوم برنجێکی باش بکڕم، کابرای دوکاندار برنجێکی باشی پێدام گووتی ئەوە برنجی پێشمەرگەیە بەڵام بەرپرسەکان بە گەندەڵی دەیفرۆشنەوە و برنجێکی تری ئاساییان بۆ دەبەن!

سەید ئەحمەد گوایە سەرکۆنەی گەندەڵی دەکات بەڵام بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت تێوەگلاوە لە گەندەڵی و حەڕامەوە. لە جیاتی ڕەخنە لە خاوەن پۆستەکە بگرێ کە نەدەبا ئەو برنجە بکڕێ، دەبوایە ئامۆژگاری دوکاندارەکەی کردبا کە ئەو برنجە لە بەرپرسان نەکڕێت گەندەڵی و حەڕامە، کەچی برنجە نایابەکەی کڕیوە و بردیتیەوە بۆ ماڵ و زۆر وەسفی خۆشی و بۆخۆشی برنجە کە دەکات، نازانێت ئەو برنجە حەڕامە لەگەڵ گۆشت و خوێنی تێکەڵ بووە، و هەڵوێست لە حەڕام و گەندەڵی بەوە دەکرێت کە بشمری بۆ برنج برنجێکی وا نەخۆیت کە بە گەندەڵی و حەڕامەوە گەیشتۆتە ئەو دوکانە !دەبوایە سەید ئەحمەد داوای لە هەموو خەڵک کردبا کە ڕێ ئاسانی بۆ دز و گەندەلان نەکەن، نەک هەر باسی گەندەڵی بکات.

18/7/2017

# فڕۆکە ڕووسیەکە و

# گەندەڵی گیان و ڕوحمان دەخاتە مەترسی!

زۆربەی ئەگەرەکان ئاماژە دەکەن کە فڕۆکە ڕووسیەکەی لە سینا کەوتە خوارەوە بە فیعلی فاعیل بووە، بەڕای من بۆمبێك بووە، بە بەرتیلێکی کەم ڕەوانەی ناو فڕۆکەکە کراوە.

موخابەراتی بەریتانی دڵنیایە لەو زانیاریانە، بۆیەش ئێستا ناهێڵێت خەڵکی بەریتانیا بە جانتای شەحن وگەورە بێنەوە، تەنها بە جانتای دەست نەبێت. لەو وڵاتانە گەندەڵی هەر کاریگەری لەسەر قووتی خەلك نییە، بەڵکو لەسەر ژیان و سومعە وێنەیشیانی هەیە.

من خۆم پیاوێکی بەریتانیم دیت بە پەخشی زیندووی بی بی سی، گووتی بە ٢٠ پاوەند یانی ٣٠ دۆلارێك، جانتاکانی منیان بەبێ چێك کردن و پشکنین خستە ناو تەیارەوە!! کێ ناڵێ هەر بە ٥٠ دۆلاریش جانتایەکی پڕ بۆمب دزەی پێ نەکراوە بۆ ناو فڕۆکە ڕووسیەکە کە بووە هۆی کوشتنی ٢٢٤ ژن ومنداڵ و پیاو؟!

وەرەر بڕۆ سیاحەت بۆ ئەو وڵاتانە پۆلیسی کۆنترۆڵ بە ٥٠ دۆلار گیانی سەدان کەس بفرۆشێت!! لەو هەرزانییە؟!گەندەڵی هەر گیانت ناخاتە مەترسی، بەڵکو شۆرەت وڕەوشت و وێنەشت دەخاتە مەترسی.

دەبینیت گەندەڵی بەردەوامی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە باشوور، چۆن وێنەی دزێوکردوە لە نیگای میدیای جیهانی، و لای وڵاتانی بڕیار بەدەستدا. ئینجا با هەر میدیای دەسەڵات خۆیان وەك تەڕەزان نیشانی خەڵکی ساویلکە بدەن!

سوێند بەخوا لە سەرۆکەوە تا بچوکترین بەرپرس، حیسابی هیچیان بۆ ناکرێت، تەنها کاری خۆیان پێیان ڕایی دەکەن. مرۆڤی گەندەڵ و دز وتاڵانچی با دەستەیەك ڕۆشنبیری کڕاوی خۆفرۆشیش بە بەژن وباڵایان هەڵبدەن، یەك سانتیمەتر بەو پیاهەڵدانە لۆکاڵیانە بەرز نابنەوە، هەر قەزمن و بە قەزمی دەمێننەوە، چونکە مرۆڤی مەزن بۆ خەڵک بە گشتی دەژیت، مرۆڤی قەزمی هەڵسوڕاو بە غەریزەی حەیوانی تەنها بۆ کوڕ وکچ و خێزان وعەشیرەتی خۆی دەژیت. مێژووش مرۆڤە مەزنەکان نەمر دەکات و کورتە باڵا و قەزمەکانیش دەکاتە پەند.

٢٠١٥/١١/٩

# بەشی حەوتەم:

## ئۆپۆزسیۆن و دیموکراسیەت لە گەندەڵیدا

ئۆپۆزسیۆنی تاڵتر لە گەندەڵی!

هەندێك لەبەر دژایەتی پارتی بەرگری لە داعشیش دەکەن!

کوردستان: سوتاندنی قۆناغەکان لەلای دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن!!

ئەبو هۆل کەی قسە دەکات!

نازانم ماندوو نەبوویت لە بێ دەنگی وبێ جوڵەیی، بێ بایەخی بە خەڵکانیتر؟!

گەڕانەوەیەکی مەهدییانە!

ئۆپۆزسیۆن دەبێت چۆن بێت؟

ئۆپۆزسیۆنی ئایینی

بە مزگەوتکردنی هەولێر لە دیدی مەرایی ڕۆشنبیران!

ئێوە هێندە دژی گەندەڵی نین هێندەی دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین!

ئەو خۆفرۆشانە بە خۆڕایی یەك یەك ئاشکرا دەکەم!

بەرهەم لاساییەکی نەزانانەی نەوشیڕوان دەکاتەوە!

شاسوار کەروێشکێکی دەرچووی ناو کڵاوی بەتاڵی چ ساحیرێکە؟!

دیموکراسی بوونیش سنوور ومرۆڤی خۆی هەیە!

دیموکراسیەت بە گۆترە!

دیموکراسیەت لە نێوان براگەورە Big Brother وسایبەرسپێسدا Cyberspace

گەندەڵان ناتوانن هەست بە ئازاری هەژاران بکەن!

لە دیموکرات پەست بووم و ئێستا بۆیان پەستم!

دیموکراسیەتی زیاتر: چاکترین وەڵامە بۆ ڕەخنەکان

بەرزترین تاوەر ونزمترین سیستمی دادپەروەری

نرخی مرۆڤەکان ٥٠٠ سەد دۆلارە و نرخی حوشترەکان بە ملیۆنەها دۆلارن!!!

# ئۆپۆزسیۆنی تاڵتر لە گەندەڵی!

مۆدێلێك لە نارەزایەتی و ئۆپۆزسیۆنی دەرکەوتوە، هێندە دوژمن بە گەل و خەمسارد لە دوژمنە، ڕشانەوەم پێیان دێت. وەختە بڵێم گەندەڵەکانی دەسەڵات زۆر لەوان شەریفترن!

ئومەی عەرەبی هەمووی دژی دەسەڵاتی شیعەی عێراقە، چونکە لەسەر تانکی ئەمریکییەوە هاتن بۆسەر دەسەڵات نەك بە ئازایەتی خۆیان. ئەو بەناو ئۆپۆزسیۆنە مرۆڤپەروەر و ناسکانە، بیست ساڵ زیاترە نەیانتوانی ئەو دوو بنەماڵەی دەسەڵات یەك بست بکشێننەوە لە دەسەڵات.!

بە پێچەوانەوە زۆربەیان بوونە موچەخۆری ئاشکرا و ژێربەژێری ئەو دەسەڵاتە، ئێستاش تێیاندایە بێ دەنگە، لەو کوردە سۆزانیانەی بەغدا کە ڕۆژانە ڕقی عەرەب تیژتر دەکەن دژی کورد، تێیاندایە بە دڵ پێی خۆشە بەسەر تانکی حەشدی شیعی بێتە سەر دەسەڵاتی کوردستان، وادەزانێت دوژمن کە بە تانکەوە دێت، بە مەبەستی گۆڕینی دەسەڵات دێت لە گەندەڵیەوە بۆ دیموکراتیەت!

زۆر لەو بەناو ئۆپۆزسیۆنانە بە دڵ پێیان خۆشە هەولێر داگیر بکرێت بەدەستی حەشدی شیعی، خۆشیان لە خیانەتکارانی ماڵی تاڵەبانی بێ دەنگ کردوە، کە ئەگەر ئەو خیانەتە لەناو میللەتێکیتر ڕوویدابا، ڕۆشنبیرەکانی هەموو شاریان دەهێنایە سەر شەقام، نەك ببنە زوڕنای ئەو خیانەتکارانە و بیانویان بۆ بهێننەوە!

دەڵێن هەردوو لا خیانەتیان کردوە! بەڵێ لە ڕووی مێژووییەوە ڕاستە. بەڵام ئێستا تەنها گوێبگرە بۆ میدیای عەرەبی و لێدوانی توندڕەوترین میلیشیای شیعی، دەزانی کام لا خیانەتی کردووە، هەمووی ستایشی لاهور و بافێڵ و ئاڵا و هێرۆیە!

٢٠١٧/١٠/٢٠

# هەندێك لەبەر دژایەتی پارتی

# بەرگری لە داعشیش دەکەن!

بەڕاستی تەنها کوردە وا ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان مونافەسەی ناوخۆ و مەترسیەکانی دەرەکی. تۆ ببینە ئەردۆگان چی نەکردوە بە حزبە تورکییە سێکیولارەکان، هێشتا کە مەترسیەکی دەرەکی دێتە پێشیان، هەمووی لەبیریان دەچێت و دەبنە یەك ڕیز لە دژیدا. دوا هەڵوێست، هەڵوێستی چوار حزبی سەرەکی تورکیا بوو لە دژی سزاکانی ئەمریکا بۆ تورکیا، سەبارەت بە دەستگیرکردنی قەشە ئەمریکییەکە. هەمووی تێکڕا بەیانی هاوبەشیان دەرکرد لە دژی ئەمریکا.

لە کوردستانی عێراق حزبەکان و خەڵکەکەشی جیاوازی ناکەن لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و دژایەتی نەتەوە و نیشتیمان. ئەو داهێنانە بەداخەوە بزوتنەوەی گۆڕان وجەماوەرەکەی دایانهێناوە، هەندێ باڵەکانی یەکێتیش زۆر بە گەرمی دوای کەوتوون، لەو جۆرە دژایەتیە بێ لۆژیکییە لە دژایەتی دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی پارتی، کە بەداخەوە دەگاتە ڕادەی ئەوەی ئامادەن هەموو کورد تەسلیم بە دوژمن بکەن .

من دژی ئەوە نیم هەموو شێواز و کارێکی یاسایی بکەن لە دژی کارەکانی پارتی و گەندەڵیەکانی، خۆشم تا سەر ئێسقان لە دژی پارتی و سیاسەت و کردارە پڕ گەندەڵییەکانیم، بەڵام کاتێ باسەکە دەگاتە سەر چەند کەسێکی داعشی، کە من پێش لە پارتی و بەو هەموو دەزگا ئاسایشانەوەیەوە، وتوومە ئەوانە داعشن، بە ئینتیمای حزبی یان فیتڕی، چۆن دەتوانم ئێستا لە دژی پارتی وەك میدیای گۆڕان و ئەو ئۆپۆزسیۆنە شارچیەتیەی کە تەنها دژی پارتییە، و کارەساتەکانی یەکێتی نابینێ، بەرگری لەو داعشانە بکەم؟!

برادەرێك لەسەر بابەتێکی مندا دەڵێت من تێکەڵ و پێکەڵم کردوە کە دەمێکە گوتوومە سووسەیی وەک داعشێکە، برادەرێکی تر هاتوە گرتەیەکی ڤیدیۆییەکی پچڕاوی مەلا ئیسماعیل سووسەیی داناوە، کە خۆی شین و مۆرکردۆتەوە گوایە قسە بە بارزانی دەڵێت، بێ ئەوەی بزانێت ئەو ڤیدیۆیە لەسەر چییە و مەلا بۆ وا خۆی شین و مۆر کردۆتەوە!

وتارەکەی مەلا سووسەیی زۆریش کۆنە من لە ٢٠١١/٨/٣٠ وە وتارێکم لەسەر نووسیوە، یانی ئەگەر ڕاست بێ، سووسەیی لە ٢٠١٤ بەیعەتی بە داعش کردبێت، کەوابوو پیش بوونە داعشی بە سێ ساڵ، من زانیومە کە سووسەیی خاوەن بیرێکی داعشانەیە، لەو وتارە دەڵێم:

"بەداخەوە ئەمرۆ دەسەڵاتی کوردی هێندە ڕەزا قورس بووە لەناو خەڵك وای لێهاتوە ئەگەر کارێکی چاکیش بکات کەسانێکی ناحەز بەو دەسەڵاتە ئەگەر ڕەخنەی لێبگرێت یان جوێنیشی پێبدات خەڵک گوێی بۆ رادەگرێت، جا با ئەو رەخنانە هەرچیەک بن و لە دەمی هەر کەسێک بێنە دەر." یانی ئەو دەردە ئۆپۆزسیۆنە کۆنە لە پشتگیری کردن لە هەر تیرۆرست و خۆفرۆشێك بە ئەهریمەن، تا ئێستاش ئەو شێوازی ئۆپۆزسیۆنە لە برەودایە!

هەر لە بڕگەیەکی تری وتارەکەی لەمەر سووسەیی دەڵێم: "بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو سروشتە دیندارەی هەولێر لەلایەن هەندێ مەلا زۆر بەخراپی ئیستغلال کراوە دێن ودەیانەوێت هەموو بیرورا توند وخورافات وشازەکانی خۆیان بەسەر ئەو شارە بسەپێنن، وەتوانیشیانە برەو بەزۆر بیرورای توند و شاز بدەن و خەلکیش لەبەر متمانەیان بە مەلا و دینداران بێ دڵ لە دڵدان لێیان وەردەگرن"..

ئینجا لە بڕگەیەکی تری وتارەکە باسی ئامانجی مەلا ئیسماعیل سووسەیی دەکەم لەو هەموو کەف و کوڵەی دەیکات لەو وتارە: " لە وتارەکەیدا مەلا سووسەیی زۆر بە توندی بەرەنگاری هەردو حزبەکەی دەسەلات و پەرلەمان و خودی سەرۆک دەبێتەوە گوایە لەسەر دین و شەرەف و ناموس بە شێوازێکی زۆر عاتیفیانە دەیەوێت وا نیشانی خەلک بدات یاسای ژمارە ٨ سالی ٢٠١١ بەناوی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە خێزاندا، لە هەرێمی کوردستان(، دژە شەرەف و ناموس و دینە وهەتا یاساکانی بەشێوەیەکی تەمسیلی عەنتیکە نیشانی خەڵکی دەدا، و نمونە هێنانەوەکانیشی هەموی لە دژی رەگەزی مێینە یە.

ئەو شێوازەش خۆی لە خۆیدا هاندانی خەڵکانێکی سادە و ساویلکەی مزگەوتەکانە بۆ زیاتر بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی رەگەزی مێینە، بۆ نمونە دەیگوت ئەگەر کچەکەم سبەینێ لە پێش چاومان تەلەفۆنی عاشقایەتی کرد دەبی هیچی لێنەکەم و لە حەیفان یان ئینتیحار کەم یان...یان ئەوەندە بە گەرمی دژی قەدەغە کردنی خەتەنەی مێینە بوو دەتگوت دیفاع لە ئایەتێکی ڕاشکاوی قورئان دەکات، لە هەموشیان کارەساتتر بەرگری لە لێدانی ژن دەکرد بە شێوەیەک هەتا زانا و موفەسیرانی بەرابیش زاتی ئەوەیان نەکردوە."

ئێستا زانیتان چەواشەکاری بەناو ئۆپۆزسیۆن و مونافەسەی سیاسی دەگاتە ئاستی بەرگری کردن لە وتاری تیرۆرستی و خودی تیرۆرستان؟! من تا سەر ئێسقان نەیارم بە هەڵە و گەندەڵی و نا عەدالەتی پارتی، بەلام زۆر بە وریاییەوەش ئاگاداری مەترسییەکانی تیرۆ و تیرۆرستانم، وەك هەندی حزب و رۆشنبیری ساویلکە و جەماوەرچی ناهێڵم ئەو تیرۆرستانە بەکارم بێنن بۆ بەرگری کردن لە وتار و کەسایەتییە تیرۆرستە داعشییەکان.

٢٠١٨/٨/٣

# کوردستان: سوتاندنی قۆناغەکان

# لەلای دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن!!

وەک چۆن من هەر یەک لە ئێمە هەڵویستێکی هەبوە، لە بەرامبەر ئەو ڕوادوە مەزنە مێژووییە شۆڕشی لاوانی میسر، کە لەسەر ئاستی تاکەکان زۆربەی هەرە زۆری پشتگیری بوە، لاوانی کوردیش پێشوازییەکی زۆر گەرم وگوڕیان کرد لە شۆڕشە مەزنەکەی میسر، تەنها چاوێک بە مێسەجەکانی (ئێم ئێس ئێم) ی کەناڵی (الجزیرە مباشر) دا بخشێنە دەبینیت ڕێژەی مێسەجی کوردەکان زۆرترە لەو کەسانەی کە مێسەجی پیرۆزبایی دەنێرن لە وڵاتانی عەرەبی!

ئەوەش تێوەگلانی سیاسی تاکی کورد نیشان دەدات، و ئاماژەیەکی ترسناکیشە بۆ دەسەڵاتداران ئەوانەی بە بیانوی دیموکراتیەکی خنکێنراو وداتەپیوی گەندەڵستانێکی حیزبی، پێیان وایە دونیا لە کوردستان شامی شەریفە، ودورە لە کاریگەرەیەکانی شۆڕشی تونس ومیسر، تاڕادەی ئەوەی بروسکەی پشتگیری بۆ دیکتاتۆرێکی چەپەڵی وەک موبارەک دەنێرن...

من وەک هەڵوێستێکی کەسێتی هیوادارم کار نەگاتە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، نەک لە خەمی دەسەڵاتداران، بەڵکو لەترسی پشێوی وتاڵان وبڕین ومەترسی دەرەکی سەر کۆی ئەزمونەکەی کوردستان، کە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە نەک حزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام ئەو گەندەڵیە بەرفراوانەی لە کوردستاندا لە ئارادایە بڕبڕەی پشتی هەموو تیۆرە سیاسیە کۆن ونوێکانی سەرهەڵدان ودروستبوونی دەوڵەتیشی شکاندوە!

ئەخر دەوڵەتی نوێ لەسەرەتادا، کەسانێکی شۆڕشگێر وپاک وبەوەفا بۆ خەبات وخوێنی گەلەکان بەڕێوەی دەبەن، وچەند جیلێکی زۆری پێدەچێت تا دەگاتە قۆناغی گەندەڵ بوون ودارمان، کەچی کوردستان وەک پەندێکی عەرەبی دەڵێت (بوو بە ترێ بەرلەوەی ببێتە پەسیرە).

ئەخر ئەو هەموو گەندەڵییە وسڕینەوەی یادەوەری نەتەوەییە، دەبوایە بەلایەنی کەم پاش پەنجا ساڵ لە بوونە دەوڵەتەوە بهاتایە، نەک لە قەوارەیەک ڕوبدات هێشتا نەبوە بە دەوڵەت، ورۆژ بەرۆژ مەترسی لەسەر زیاد دەبێت، لە سایەی سیاسەتی نەزانانەی کوردی بۆ زیندوکردنەوەی عێراقی عروبی!!

دەمەوێت بڵێم کە گەل گەیشتە خاڵی تەقینەوە، ئەوە هیچ تەمەنایەکی ئێمە وکەسانی تر دادی وەزعەکە نادات، ئەوەی لەو ماوەیە کەمە لە گەندەڵی ڕویداوە لە کوردستان، بارتەقای تێکڕای گەندەڵی تونس ومیسرە بە چەندین جار، ئەگەر بەراورد بکرێت بە روبەرو وژمارەی دانیشتوان!! ئەوە لەسەر ئاستی کوردستان.

17/2/2011

# ئەبو هۆل کەی قسە دەکات!؟

ئەمشەو لەگەڵ نووسەرێکی میسری قسەم دەکرد، باسی میسری دەکرد، و دەیگووت سیسي حەوت ساڵ لە سعودیە مولحەقی عەسکەری بوە، لەو ماوەیەدا تەواو بوویتە سەلەفی لە بیروبۆچوون. گووتی ئاگادارنیت چۆن هەرکەسەی دژی حەدیس قسە بکات زیندانی دەکەن وەك اسلام البحيري، کە کەمێك ڕەخنەی لە بوخاری گرت؟!

گووتم ماقولە سەلەفی بێت و وا ئیخوان بکوژێت؟! گووتی باوەڕت بێت سیسي هێشتا سەلەفیەکی میانڕەوە، دەنا شێخ و قیاداتی سەلەفی و ئیخوان ئێسکی یەکتر دەهاڕن!

چونکە سەلەفی ئیخوان بە خەواریج دەبینن، ئیخوان یش سەلەفی بە بەکرێگیراوانی کوفری جیهانی دەبینن، بۆیە کوشتنی یەکتر لایان وا ئاساییە .

زۆر ماقولە ئەو گۆشەیە. شتێکی نوێی لێ دەبینم کە پێشتر نەمدیبوو .

هەر کە خەوتم لە خەوما خەڵکی میسر خۆپیشاندانیان دەکرد، و گەورە و بچوك هاواریان دەکرد ئەبو هۆل کەی قسە دەکات؟! منیش بە یەکێك لە سەرانی خۆپیشاندانەکەم گووت: ئەبو هۆل پەیکەرێکی بەردییە چۆن قسە بکات؟!

گووتی تۆ بە زمانتەوە دیارە میسری نیت ئەگینا دەتزانی ابو الهول پەیکەرێکی بەردیی نییە، کاتی خۆی وەك سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی میسر دژی دەسەڵاتی گەندەڵ هاتە مەیدان دەنگی نزیکەی نیوەی میللەتی هێنا، بەڵام پاش هێنانی دەنگەکان هەندێك گەندەڵی گەورەی ئاشکرا کرد، وایدەزانی خەڵکەکە بە ئاشکرا بوونی یەکسەر شۆڕش دەکەن ، کە خەڵك بە حاسیبە و حیساباتی ئەو شۆڕشیان نەکرد، هەر زوو ئەبو هۆل چووە سوڕی متبوون و جگەرەکێشانێکی وەك دووکەڵی شەمەندەفەر، ئێستا بوویتە ئەو ئەبو هۆلەی کە خەڵك پێیان وایە پەیکەرێکی بەردیینەیە، بەڵام لە ڕاستیدا سەرۆك ئۆپۆزسیۆنێك بوو چونکە زیز و توڕە بووە لە گەل وا بوەتە ئەبو هۆل!

گووتی تەسەوەر بکە پێش ماوەیەك کچێك و کوڕێکی پێکەوە مردن لە ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل ، تۆ چەند دەمت کردەوە بۆ مەرگی ئەوان، ئەویش هەر هێندە!
ئەوە نەك بۆ کارەساتە نەتەوەییەکان بە جواب نایەت سەرەڕای بە دەستهێنانی نیوەی دەنگی میللەت، بەڵکو بۆ کارەساتی منداڵەکانیشی ئاخێك و ئۆفێکی نەکرد! ئەوە چ دەروون نەخۆشێکە؟!
گووتی ئێوەی کورد مەمنونی خوا بن کە سەرەڕای هەر گەندەڵی و کارەسات و داگیرکردنێك و شتێك ئەبو هۆل ێکتان لەناو نییە!

منیش بە گاڵتەوە پێکەنیم گووتم تۆ چووزانی نیمانە ؟!
ویستم پێی بڵێم بەس دەماری کوردایەتیم بزوا و بێ دەنگ بووم!

18/3/17

# نازانم ماندوو نەبوویت
# لە بێ دەنگی وبێ جوڵەیی، بێ بایەخی بە خەڵکانیتر؟!

شتێکیتریش زۆر پەستم دەکات لەو فیلمە هیندیەی کوردستان، ئەویش بێدەنگی کاک نەوشێروانە، یانی لە کوردستان نیت چیە، یا لە قوتبی شیمالی بیت، بۆ ناتوانیت دوو قسە بکەیت؟! لە بەرنامەیەکی ڕووداو، بەناوی قاوەیەك لەگەڵ حزبەکان، هەڵسوڕاوێکی گۆڕان وابزانم ئازاد حمە ڕەش ی ناو بوو گووتی: من زۆر ڕەخنەم هەیە لە بێدەنگی کاک نەوشێروان!

ڕاست دەکات لەوەتەی شەڕی داعش بووە قسەیەکی نەکردوە دەربارەی!

هەزاران گەنج وڵاتیان بەجێهێشت و ئێستاش بەجێی دەهێڵن هەر پەیامێکی نەبوو بۆ ئەو گەنجانە !لەو دنیا خراپبوونەش هەر دەنگی نییە بۆ جەماوەر!

نازانم چۆن جەماوەر لە ڕێگای بێدەنگی و هەڵکوڕمان لە ژورێکدا بەڕێوە دەبردرێت؟!
ئەو ماوەیە لە ئەوروپا بوو دەیتوانی لەگەڵ هەموو دەزگا میدیا و ڕاگەیاندنەکان لێدوانی وابدات کاریگەری زۆر بەجێبهێڵێت، نەك تەنها میدیای لۆکاڵی خەریکی چەلەحانێ بێت.

خەڵکی ئێمە زۆر لای گرنگە ئەوانەی خۆیان بە ڕەمز دەزانن دەنگ وڕەنگیان هەبێت!
دەبوایە تا ئێستا دەیانجار سەردانی هەولێر و دهۆکی کردبا و وتاری بۆ خەڵك دابا، هەر نەبا لەکاتی مانگی هەنگوینی لەگەڵ پارتی!

خەڵك هەیە تا سەر ئێسقان لەو باوەڕەدایە کە نەوشێروان بەس سلێمانی لا گرنگە وهیچیتر!
خەریکە منیش باوەڕ بکەم. نازانم ماندوو نەبوویت لە بێ دەنگی وبێ جوڵەیی، بێ بایەخی بە خەڵکانیتر؟!

14/10/2015

# گەڕانەوەیەکی مەهدییانە!

هەندێ برادەری گۆڕان باسی گەڕانەوەی کاک نەوشیروان دەکەن وەک چۆن موسڵمانێک باسی گەڕانەوەی مەهدی مونتەزیر، یان مەهدی چاوەڕوانکراو دەکەن! وەک بڵێی ساتی گەڕانەوەی ساتی کۆتایی مێژووە، و هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات گورگ و مەڕ و مەسئول و هەژار بە یەکسانی و بێ ترس پێکەوە دەخۆن و دەخۆنەوە!

کاتی خۆشی کە بزوتنەوەکە دروست بوو هەمان ئەو وەهمە مەهدییانەیان بە خەڵک دەفرۆشتەوە، بێ ئەوەی خوێندنەوەیەکی واقیعبینترانەیان هەبێت، بۆ وەزع و نەخشەی سیاسی و هێز لە کوردستانی عێراقدا. وایان لە خەڵک گەیاندبوو کە یاریەکە فول دیموکراتییە، ئەگەر دەنگی زۆرینەی هەرە زۆر بهێنن، ئیتر پارتی و یەکێتی وەک حزبی پارێزگاران و لەیبەری بەریتانی، یان حزبی دیموکراتی و کۆماری ئەمریکا، واز لە کورسیەکانیان دەهێنن عاقڵ عاقڵ دەچنە ماڵەوە و دەسەڵات دەدەنە دەست گۆڕان!

پارتی دوو کورسیش بهێنێت لە سەرتاسەری کوردستان واز لە دەسەڵات ناهێنێت لەو ڕۆژگارەش وامگووتوە! دەرکەوت یەکێتی یەک کورسیش لە سلێمانی بهێنێت هەر خۆی بە حاکمی سلێمانی دەزانێت! کەوابوو گۆڕان گرەوی لەسەر چی دەکرد؟!

کابرایەک دەنگی نیو ملیۆن خەڵک زیاتریشی پێیە، چۆتە ناو دەسەڵاتێک چەند پۆستێک و وەزارەتێکی وەرگرتووە، تەنها دەسەڵاتیان بەسەر هەژارەکان دەشکا، و وا لە پەل وپۆیان خستن نەیانهێشت بچوکترین کاری باش ئەنجام دەن!

هەر کە لە سنووری پارتیشیان تێپەڕاند وەک بووکە بەبارانە سەرۆک پەرلەمان و وەزیرەکانیان دەرکردن، ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت گۆڕان نەیتوانیوە بە بچوکترین ڕێکار بەرپەچی ئەو کەڵەگاییەتییەی پارتی بداتەوە، هێندە ترسنۆک و بێ کەرامەت بن هەتا بە بەفەرمیش لە حوکمەتەکەی پارتی و یەکێتی نەکشێیتەوە؟!

پێکەنینم بە بەرنامەیەکی knn هات بێژەرەکە بە ئەندام پەرلەمانێکی کۆمەڵی گووت: کۆمەڵ بۆ هەڵوێستی نییە دژی حوکمەتەکەی نێچیر؟! ئەویش گووتی: ئەخر ئەوەش خەتای گۆڕانە! خەڵک دەڵێن گۆڕان بەوپەڕی سوکایەتیەوە دەرکراوە، هێشتا ناکێشێتەوە لەو حوکمەتە، ئێمە بۆ دەبێت لەوان گەرمتر بین بۆ کێشانەوە!؟

ئەرێ بەڕاست ئەو پیاوە دوو ساڵە لە خەلوەتگای لەندەنە بیری بۆ کێشانەوەش نەچوو بۆ بەدەستهێنانەوەی تنۆکێک لە کەرامەتی ڕژاویان؟!

تۆ دوو ساڵ بە نیو ملیۆن دەنگەوە مان لە بچوکترین ڕێکار بگریت، و سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و بەدبەختیانە مان لە قسە و لێدوان بگریت، دەتانەوێ لە هاتنەوەی وەک مەهدی مونتەزیر چاوەڕوانی لێبکەین؟!

کابرایەکی گۆڕان لەبەر ئیحراجیان لەو بێ دەنگیەی نەوشیروان، دەیگووت بەریتانیا و ئەمریکا فەرمانیان پێکردووە قسە ولێدوان نەدات، و هەڕەشەی مەرگیان لێکردوە گەر لێدوان بدات دژی پارتی و یەکێتی! دیارە بەریتانیا و ئەمریکا لای پارتی و یەکێتی ئیش دەکەن؟! کەچی ئێستا دەڵێن بە پاڵپشتی ئەو دوو زلهێزە و بە فڕۆکەی سەربازی بەریتانی گەڕاوەتەوە، بەو زووانە بڕیارە قورسەکە دەدات!!!

ئەو سیناریۆیە مناڵکارانە مەگەر خەڵکی بەدبەختی نەزانی پێ فریودەن، ئەمریکا و بەریتانیا بیانویستایە نەیاندەهێشت ئەو وڵاتە ببێتە داڵدەدەر و کرێگرتەی ئێران و تورکیا، نەیاندەهێشت ببێتە زۆنێکی پڕ مافیا!

٢٠١٧/٥/١٥

# ئۆپۆزسیۆن دەبێت چۆن بێت؟

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هەڵبژاردنەی دوایی پەرلەمان وسەرۆکایەتی کۆردستان، پێویستە ئۆپۆزسیۆنی کوردی بە وردی توێژینەوەی هۆکار وئەنجامەکانی دەنگ دان بکات لەسەر بنچینەی ئەوەی لە سۆشیۆلۆژی پێی دەڵێن: ڕەفتاری دەنگدان voting behaviour یان ڕەفتاری دەنگدەر voter behaviour کە لە هۆکار وپاڵنەرەکانی دەنگدەران دەکۆڵێتەوە وهۆی دەنگدانیان بۆ ئەو حزب وئەو لیستە نیشان دەکات لەسەر بنچینەی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی وچینایەتی وڕەگەزی ونەتەوایەتی.

بۆ نمونە ئەو هەموو دەنگە زۆرەی کە گۆڕان هێنای، ئەگەر گۆڕان لە گۆڕەپانەکە نەبوایە بەشێکی ئەو دەنگانە بۆ لیستی چاکسازی دەڕۆیشت (نەک هەموی)، بەشەکەی تریش بەژداری دەنگدانەکەی نەدەکرد لە بنەڕەتدا. چونکە تورەیی لە دەسەڵاتیش پلە پلەیە وهەموو کەسێک لەیەک ئاستدا نین بە پێی زەرەرمەندی ئەو کەسە وئەو ستەمانەی لێیکراوە ویان لەسەر ئاستی هۆشیاریش دەوەستێت.

نمونەیەکی تر لەو دەنگانەی بۆ بزوتنەوەی ئیسلامی ڕۆیشتوە، چۆن توانی بەتەنیا دوو کورسی بە دەست بێنێت بەو بارە شلۆقەشی کە پێدا تێدەپەڕێت؟! بێگومان دەنگێکی زۆری کۆمەل وکەمتریش یەکگرتووی بۆ چوە، ئەو دەنگانەش هی ئەوانەن کە باوەڕیان بەوە نییە حزبی ئیسلامی بچێتە هاوپەیمانی لەگەڵ دوو حزبی عیلمانی.. هەرچۆنێکی بێت ڕەفتاری دەنگدەر ئەمڕۆ ڕوبەرێکی گەورە لە زانستی سۆسیۆلۆژی وسیاسەتیش داگیر دەکات وزۆر گرنگی پێدەدرێت لە زانکۆکانی جیهانی ڕۆژئاوا.

ئەگەر بمانەوێ ئۆپۆزسیۆنێکی سەرکەوتوو بین ودەنگی خەڵک بۆ خۆمان ڕاکێشین لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنیدا، چونکە لەو قۆناغە تۆ هیچت نییە پێشکەشی خەڵکی کەیت جگە لە خیتاب و وشە وبەرنامەی ئایندە نەبێت، بۆیە پێویستە:

- بوێر بێت لە تەرح کردن ورەخنە گرتن: خەڵکی بە گشتی وەک دێوێک حکومەت ودەسەڵات دەبینێت، پێویستی بە یەکێکە وبە لایەنێکە جادووی ئەو ترسەیان بۆ بەتاڵ کاتەوە، وزۆر بوێرانە کەموکورتیەکان بخەنە ڕوو دوور لە موهاتەرات و هێرشی کەسایەتی وناوزڕاندن، لە جیاتی ئەوەی تۆمەتی دزی و بەرتیلخواردن بدەیتە پاڵ کەسێکی دیاریکراو، دەتوانیت بە پێی ئامار وداتاکان قسە بکەیت، بڵێی بۆ نمونە کەرتی کشتوکاڵ هێندەی لە بودجە بۆ تەرخانکراوە کەچی کەرەوز لە ئێران و پیاز لە سعودیە وتەماتە لە ئێران دەهێنین.

بەڕاستی لیستی گۆڕان لە بەشێکی گەورەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کاریان لەسەر ئەو لایەنە دەکرد زۆر زیرەکانە وبابەتیانە ئاماژەیان بە گەندەڵیەکان وکەموکورتیەکان دەکرد، کە ئەو شێوازە زۆر کاریگەرترە لە موهاتەرات وتۆمەت خستنە پاڵ کەسانێک وگۆڕینی بابەتەکە بۆ بە شەخسیکردن.

- ئەگەر دەتەوێ ببیتە ئۆپۆزسیۆن پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا وئاکتیڤ بیت، نەک خو بە ئۆپۆزسیۆن بونەوە بگریت، وبە قەبارە و ئاستی چالاکیەکانت ڕازی بیت وهیچ پێش نەکەویت، وەک بۆ نمونە چەند حزبێکی وەک حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی میسر کە بونیان زیانی زیاترە لە نەبونیان چونکە سەرەڕای ئەوەی هیچیان پێناکرێت وخنکاون لە ژێر فشاری چاودێری دەوڵەت، لە هەمان کاتیشدا میکیاژێکن بۆ ڕووی ناشرینی ڕژێمەکە، وگوایە دیموکراسیەت وپلوراليزم (فرە حزبی) لەو وڵاتە هەیە! خەریکە لە کوردستانیش چەند حزبێکی وا سڕبوو خو بەو وەزعە دەگرن ولە هەر هەڵبژاردنێک کورسیەکیشیان دەست کەوێت نیعمەتی خوایە، گرنگ ئەوەیە هەبن!

- یەک لە نەرێتە چەوتەکانی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کۆکردنەوەی خەڵکی زۆر و بێ شومارە لە دەورەی خۆی بێ گوێدانە چەندایەتی، ئەمڕۆ چۆن تەکنۆلۆژیا هەزاران کرێکاری ناردۆتە ماڵەوە ولە جیاتی ئەوان کارەکان ڕادەپەڕێنێت، بە هەمان شێوە هیچ حزبێکی سیاسی پێویستی بەو قەرەبالغیە نیە، چونکە چەندە ئەندامت زۆر بێت هێندە کێشەیان زۆرتر دەبێت، وفشارەکان زیاتر دەبێت، بۆ نمونە هەرسێ حزبی سەرەکی بەریتانیا، حزبی کرێکاران و کۆنسێرڤەتیف ولیبراڵ دیموکرات بە هەمویان 1.3% دەنگدەران ئەندامن لەو حزبانە بە ڕێژەی 250 هەزار ئەندام بۆ کریکاران و 166 هەزار ئەندام بۆ کۆنسێرڤەتیف و 60 هەزار ئەندام بۆ لیبراڵ دیموکرات ئەوە لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی بەریتانیا لەسەروی 65 ملیۆنە، کەچی لەوانەیە حزبەکانی کوردستان لەو سێ چوار ملیۆنەی خۆمان بە لایەنی کەم 50% دەنگدەرانیان کردۆتە ئەندامی خۆیان.

- جەخت کردن لەسەر خزمەتگوزاری زیاتر لە ئایدیۆلۆژیا وبابەتە فیکریەکان بە جۆرێک هەموو کەسێک وابزانێت حزبەکەی تۆ حزبی ئەویشە جا لە ئەو کەسە لە هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی وچینایەتی ودینداری و.. بێت.

ئەوەی گرنگە لەو گۆڕەپانە میدیایەکی بەهێزە وگۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵکە ونیشاندانی کەموکورتیەکان وگەندەڵیەکانە لە فۆرمێکی بابەتیانە، وسەرنج ڕاکێشانی جیهانی دەرەوەیە بۆ ئەوەی لە ناوە وە ڕودەدات.

ئەو بابەتەمان بۆیە بەسەر کردەوە چونکە کەسانێک وادەزانن ئۆپۆزسیۆنی تەنها لەوەرزی هەڵبژاردن خۆشە، ودوو دڵن لە مانەوە لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆن یان بەژداری کردن لە حوکمەت، ئێمەش بەو حزبانە دەڵێین ئەگەر لە ئاییندا تەوحید لوتکەی دینداری بێت، وهاوبەشی یش لوتکەی تاوان بێت، ئەوە لە سیاسەت هاوبەشی لوتکەی سیاسەتی تەندروستە وتەوحیدیش (هەموو بوونە یەک) لوتکەی تاوانە.

٢٠٠٩/٨/٢٩

# ئۆپۆزسیۆنی ئایینی

بە حوکمی دابەش بوونی کوردستانی باشور بۆ دوو ناوچەی هێزو دوو ئیدارە وهەندێك پێیان چاکترە ناوی بنێن بە دوو ئیمارەت، وەک دوو ئیمارەتە مێژوییەکەی سۆران و بابان کە زۆر شتیان لەیەك دەچێت لەگەڵ دوو ئیمارەتەکەی هەولێر وسلێمانی، وەک ناکۆکیی بەردەوام وترسی هەڵلوشینی لایەک بۆ لاکەی تر، دابەشبوونیان لە پابەنبوون ووەلا بۆ دەوڵەتی عوسمانی وسەفەوی وچەندین دیاردەی تر، ئۆپۆزسیۆنیس دوو ڕەنگی جیاوازی وەرگرتوە. یەکگرتنەوەیەی دوو ئیدارەکەی هەولێرو سلێمانیش وەك کێشە سواوەکەی فەلەستینیان لێکردوە کە نە چارەسەری دەکەن و نە وازیشی لێدەهێنن، شەو ورۆژ مێشکمانی پێ ئازار دەدەن.

جیاوازی ئەو دوو ئیدارەو ئەو دوو حزبە سەرەڕای چەند خەسڵەتێکی زاتی و تایبەتی دوو ناوچەکە لە ڕووی ئۆپۆزسیۆنەوەش دوو ڕەنگی جیاوازی وەرگرتوە... لە ناوچەی ئیدارەی یەکێتی سەرەڕای بوونی هێزێکی سیاسی گەورەی وەك گۆڕان کە تەکانێکی گەورەی بە کاری ئۆپۆزسیۆن دا، چەندین حزبی تریش وەک دوو حزبە ئیسلامیەکەش یەکگرتوو و کۆمەڵ دەورێکی دیار دەگێڕن لە دەوڵەمەندکردن وجۆراندنی کاری ئۆپۆزسیۆن، لەوەش گرنگتر وکاریگەرتر بوونی میدیایەکی بەهێزوتاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ لەگەڵ بوونی قەڵەمی بە هێز ورۆشنبیری بوێر کە کارو فعلی ئۆپۆزسیۆن بوونی خستۆتە سەر ڕێچکەی دروست وسروشتی خۆی.

لە بەرامبەردا لە هەولێرو تا ڕادەیەکیش دهۆك ناوچەکانی تری ژێر کۆنترۆڵی پارتی و ئیدارەی هەولێر کارو فعلی ئۆپۆزسیۆن بوونی ناوچەکە بە مەلا ومامۆستایانی ئایینی سپێردراوە کە وادیارە دەسەڵاتیش خۆشی لێ دێت وئەو حاڵەتەی پێ باشترە لە بوونی چەند حزبێکی سیاسی وخاوەن خیتابێکی مۆدرن وسەرەڕای بوونی چەند رۆشنبیرێکی بوێر وشارەزا بە هونەری دواندنی خەڵك و پەردە لادان لەسەر هەموو کەموکورتیەکانی دەسەڵات بە شێوەیەکی هەستیاری نەشتەرگەرانە...

هەمو کوردستان جۆرێک لە دینداریەکی پاک و میانرەوانەی تێدایە، هەولێریش بە شایەدی دیندارانی شارەکانی تری کوردستان سەرقافڵەیە لەو دینداریەدا لە ڕۆشنایی ئەو رۆڵە مێژووییەی هەولێر یاریکردوە لە دین پەروەریدا، لە سەرتاسەری کوردستان وجیهانی ئیسلامدا. بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو سروشتە دیندارەی هەولێر کە هەندێ جار دەگاتە رادەی ساویلکەیی لەلایەن هەندێ مەلا زۆر بەخراپی ئیستغلال کراوەو دەکرێت، دەیانەوێت هەموو بیرورا توند وخورافات وشازەکانی خۆیان بەسەر ئەو شارە بسەپێنن، وەتوانیشیانە برەو بەزۆر بیرورای توند و شاز بدەن، هەر ئەوەش بەداخەوە وایکردوە ئەمرۆ جلەوی

سیاسەتکردن و ئۆپۆزسیۆن بوون بکەوێتە دەستی چەند مەلایەک لە هەولێر، ودەسەڵاتیش لە بەرامبەردا هەر بەمەلا وەڵامی مەلاکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەداتەوە.

زۆر جار وەك هەولێریەک هەست دەکەم شەڕی ئایینی موعتەزیلە وئەهلی حەدیس لە هەولێر دەکرێت لەجیاتی تەرکیز کردن لەسەر کێشە هەقیقی وهەنوکەییەکان، وەک چۆن ئەو شەڕەی ئەوساش لە دەستکردی دەوڵەتی ئەمەوی بوو بۆ دوور خستنەوەی خەڵک لە کێشە هەقیقیەکان، بۆ نمونە لە شەڕی گۆڤاری [چرپە] کە توانیان مەلاکان زۆر بە توندی بوروژێنن لە بەرامبەر نەفرەتکردنی چرپە، چەند مەلایەکی دەسەڵات دەستخۆشیان لە گۆڤاری چرپە کرد ودژی داخستنی بوون، چونکە موسڵمانانی گوایە ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە دژی خوا وئیسلامدا نوسراوە!!!

لە ڕاستیشدا نە ئەو وتارەی چرپە کە پڕ لە سوکایەتی کردن بوو بە پیرۆزیەکانی خەڵك کە بە هیچ شێوەیەك ناچێتە پۆلێنی ئازادی دەربڕین شایەنی ئەو شۆڕشە ئایینیە بوو، نە ستایش کردنی کاری گۆڤارەکەش بەو بیانوە پوچانەی مەلای ئەو دیوی مەلاکانی ئۆپۆزسیۆنیش قەناعەت بە هیچ کائینێکی عاقڵ دەکات، خەڵک خەریک کردنیش بە یاری موعتەزیلە و ئەهلی سونە وکێشە ئاینیەکان و کردنیان بە بەرەی دژی خودا و لەگەڵ خودا سەری دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە سوك وڕەحەت دەکات...

ئەوە بە واتای ئەوەش نییە کە هەولێر ڕۆشنبیری ئازاو میدیای بوێری لێ نەبێت، بۆ نمونە دەزگای ستاندارد وکاک مەسعود عبد الخالق وهاوکارانی تری نمونەی لە خۆبوردن وبوێرین لەو ڕوبەرە تەسکەی ئازادی کە لە هەولێر هەیە، وسەرەڕای هەموو سەر ئێشەکانی دەسەڵات هەر خۆراگرن، پێویستە هەموو لایەنێک دان بەو هەقیقەتە دابنێن.

گومانی تێدا نییە کە مامۆستایانی هەولێرو شارەکانی تری کوردستانیش رۆلێکی خێرخوازی چاکیش دەبینن لە بەرگرتن لە گەندەڵی مۆڕاڵ و پاراستنی بەها بەرزەکانی کۆمەڵی کوردەواری، دەنا بۆی هەیە کەسانێکی سەرمایە پەرست کوردستان بکەنە مەلهایەکی پڕ لە ئایدز، بۆیە بوونی ئەوانیش لەو گۆڕەپانەدا بە خیتابێکی میانڕەوانەی دوور لە توند وتیژی وتەکفیر کردن و هەڕەشە ئامێز پێویستە، بەڵام بەداخەوە ئەو مەلایانەشی کە وتاریان هێشتا لە ئاستی گەشەکردنی کۆمەلگاکە نین ژمارەیان کەم نییە.

بۆ نمونە مەلایەک پێش ماوەیەک لە وتارێکدا زۆر بە توندی بەرەنگاری هەردو حزبەکەی دەسەلات و پەرلەمان و خودی سەرۆکی هەرێم دەبێتەوە گوایە لەسەر دین و شەرەف و ناموس بە شێوازێکی زۆر عاتیفیانە لە دژی یاسای ژمارە ٨ سالی ٢٠١١ بەناوی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توند و تیژی لە هەرێمی کوردستان)، لەکاتی خوتبەکەدا لەبەر ناشارەزایی بە خیتابی هاوچەرخ وچۆنیەتی دواندنی هەموو تاکێکی کۆمەڵ بە پیاو وژن وفرە ئایین ونەتەوەکانەوە سەرلەبەری خیتابەکەی لە دژی رەگەزی مێینە بوو.

ئەو شێوازەش خۆی لە خۆیدا هاندانی خەلکێکی سادە و ساویلکەی مزگەوتەکان بوو بۆ زیاتر بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵ رەگەزی مێینە، بۆ نمونە بە شێوازێکی زۆر کۆمیتراژیدیایی دەیگوت: " ئەگەر کچەکەم سبەینێ لە پێش چاومان تەلەفۆنی عاشقایەتی کرد دەبی هیچی لێنەکەم و لە حەیفان یان ئینتیحار کەم یان وەک دەیوسەکان بەدیاریەوە بوەستم..." لە هەموشیان کارەساتتر بەرگری لە لێدانی ژن دەکرد بە شێوەیەک هەتا زانا و موفەسیرانی بەراییش زاتی ئەوەیان نەکردوە.

بۆ نمونە گەورە موفەسیرێکی وەک تەبەری لە پێش نزیکەی هەزار سالدا کەباسی تەفسیری ئایەتی: [واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المضاجعِ واضرِبوهن] لەو سەردەمەدا هێندە هەستیارانە ومووراعات ئاسایانە باسی دەکات دەیان ریوایەت دەهێنێتەوە بۆ بەلاوەکی کردنی لێدانەکە و سەد شەرت و شروتی بۆ دادەنێت ئینجا کە باسی لێدانەکەش دەکات دەیسەلمێنێت کە لێدانەکە بە مانای وشە لێدان نییە، بەلکو رەفتارێکی دەروونییە دەنا چۆن لێدان بە سیواکێکی چەند گرامی مانای لێدان دەهێنێتە دی؟!

یان ئەوەندە بە گەرمی دژی قەدەغە کردنی خەتەنەی مێینە بوو دەتگوت دیفاع لە ئایەتێکی راشکاوی قورئان دەکات، ئەوە لە قورئاندا هەر باسیشی لێنەکراوەو لە حەدیسیشدا ئەوەی هاتوە ئاراستەی دەمی لە نێرە، جگە لە چەندین حەدیسی لاوازداو لە سیرەشدا یەک بەلگە نییە کە پێغەمبەر هیچ یەکێک لە کچەکانی خەتەنە کردبێت، ئەوەشی دەڵێت پێغەمبەر لە روی نەهاتوە باسی بکات وەک چۆن بەرچاوم کەوتوە، ئەوە ئەو سەختگیرە نە لە ئیسلام و نە لە پێغەمبەر باش تینەگەیشتوە ئەو کارەش زانایانی ئیسلام بە تاوان دانە پال پێغەمبەری دەژمێرن بە نەگەیاندنی هەموو پەیامەکەی. لەوەش سەیرتر خەتەنەکردنی مێینە لە مەنزلگای وەحیشدا (دورگەی عەرەب و سعودیەش) بوونی نییە، ئەو وڵاتەی کە فەقیهەکان [عمل اهل المدينه ] کاری خەلکی مەدینە بە سەرچاوەیەکی شەریعەت دادەنێن.

ناکرێت ئەو هەموو هەقیقەتە پشتگوێ بخەین هەر لەبەر خاتری قەولێێک لە کتێبێکی مەزهەبیدا هاتوە، هەموو ئافرەتانمان لە پێناویدا سەقەت بکەین، با ئەو قەولە نەک هی شوێن کەوتەکانی شافیعی بێت با هی خودی شافیعیش بێت؟ !هەتا شێخ یوسفی قەرەزاوی لە سالی ٢٠٠٩ فەتوایەکی دەرکرد بە پشت بەستن بە ئەنجام گەلێکی چەندین توێژینەوەی زانستی کە کەسانی متمانەدار پێی هەستا بوون کەوا خەتەنەکردنی مێینە نە فەرزێکە تا جێبەجێ بکرێت و سەرباری زیان بەخشیشە بە ئێستا و دوارۆژی ئافرەتان، شێخ قەرەزاوی لە فەتواکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سکالا و دادی ئافرەتانی خەتەنەکراو زۆر بوە، دەناڵێنن بە کاریگەری نێگەتیڤی ئەو خەتەنەکردنە بەسەر ژیانی هاوسەریان... یان بەو دواییە ئەو هەموو کێشە گەورە وبێ شومارانەی کوردستانیان خستبوە لاوە شەڕی بە کافرکردنی جەژنی نەورۆز و بە خائین کردنی کاوەی ئاسنگەری بەدبەختیان دەکرد کە لە چەند وتاردا وەلاممان دانەوە...

ئەوەیە جیاوازی نێوان ئۆپۆزسیۆنێك ئاماژە بە گەندەڵیەکان دەکات بە ژمارە وداتا دەسەڵات ڕووت دەکاتەوە، بە خیتابێکی سەردەمانە وبێ ڕوشاندنی دڵی هیچ پێکهاتەیەکی کۆمەڵگاکە، ولە نێوان ئۆپۆزسیۆنێکی ئاینی کە هەموو خۆشین ومۆرکردنەوەکانی لە پێناو بەرگری کردنە لە خوایەکی قادر وبەهێزدا، لە کاتێکدا بەندە زەعیف و بێ دەسەڵاتەکان زیاتر پێویستیان بە بەرگری لێکردن هەیە لە بەرامبەر جەبەروت وگەندەڵی وتاڵان وبڕۆی دەسەڵاتی گەندەڵدا، هەموو کێشەکانیان کورت دەکەنەوە لە بەگری کردن لە خەتەنە کردنی ئافرەتان ومافی لێدانیان یان حەرامکردنی نەورۆز وهەتا کۆتایی لیستی کێشە ئاسودە بەخشەکان بە دەسەڵات .
ئەو خیتابەی ئۆپۆزسیۆنی ئایینی مەلاکان بەو هەموو کەموکورتیەوە، بەو توندوتیژیەوەو بەو بی مەنتیقیەوە وبەو پەی نەبردن بە زمانی هاوچەرخەوە، وەڵامدانەوەو تەشهیر پێکردن وتاوانبارکردن وسەرکوتکردنیشی زۆر ئاسانترە بۆ دەسەڵاتیك کە خۆی بەرهەمهێنەر و پاڵپشتکەری ئەو جۆرە خیتابە لاوازەی ئۆپۆزسیۆنی ئایینیە.

22-05-2012

# بە مزگەوتكردنی هەولێر لە دیدی مەرایی ڕۆشنبیران!

جۆریك رۆشنبیر لە هەولێر و دەوروبەری هەن بێ ئەوەی لەبەرەی ئیسلامی سیاسی بن، و زۆر خۆیان پی سێكیولار و دیموكراتخواز و تاڕادەیەكیش چەپڕەو نیشان دەدەن كەچی بە ئاگاییەوە بێت یان بە دەبەنگی تا سەر ئێسقان خزمەت بەو پرۆژەیە ترسناكەی مەلاكانی هەولێر دەكەن لە كردنی هەولێر بە مزگەوتێكی زەبەلاح، بە دینی كردنی ئەو شارە لە ڕێگای سەپاندنی تێڕوانینی دینیەوە بەسەر هەموو لایەنەكانی ژیان لە بیركردنەوە و جل لەبەركردن و ڕەفتاری كۆمەڵایەتی و تا دەگاتە سیاسەتیش..

ئەو برادەرانە ئەوەی من بزانم نە لەبەر دەبەنگی و نە لەبەر ئیسلامەتی و لە خواترسی ئەو كارانە دەكەن، بەڵكو لەوە دەچێت خاوەن خولیایەكی ئایندەیی دەسەڵات بن، و دەیانەوێت جەماوەری سادە و ساویلكەی دیندارانی هەولێر بۆخۆیان كێش بكەن، بۆ ڕۆژێكی دەنگدان ئەگەر خۆیان كاندید كرد! كابرا هەموو ژیانی لە ناو حزبێكی نەتەوەیی و پێشمەرگایەتی بە هەدەر داوە، ئێستا دەڵێت حوكمی ئیسلامی چاكترین چارەسەرە بۆ ڕزگاركردنمان لەو نەهامەتیانەی عەلمانیەت بەسەر كوردی هێناوە!!!

برادەرێكی تر بە ناوی كەمال چۆمانی، هیچ بۆنەیەكی دینی تێپەڕنادات تا موغازەلەیەكی شەقامی دینداری ئیسلامی سیاسی و شەعبی نەكات، ڕاستە زۆر ڕەخنەگرێكی چالاكە لە دەسەڵات و گەندەڵیەكانی، بەڵام لە جیاتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی تێڕوانینێكی سیاسیانەی مۆدرن بۆ ئۆپۆزسیۆن بوون و خەباتی مەدەنی، هاتووە لە نووسینیكدا بە ناونیشانی: [سڵاو لە مزگەوتی هەولێریيان؛ پارتی بۆچی مزگەوت دەكاتە ئامانج؟]

لەسەر ڕووداوی لادانی سێ مەلاكەی هەولێر، بە بیانووی بەرگری كردن لە ئازادی مەراییەكی خەست بۆ مەلاكان و بۆ جەماوەر بێ سەرە سادە و ساویلكەكە دەكات! نازانێت زۆربەی هەرە زۆری ئازادیەكان لە سنوری مینبەری مەلاكان كۆتاییان دێت! لای كاك كەمال هەولێر بریتییە لە مزگەوتێكی گەورە وبەس، چونكە هەولێری نییە و وەك من لەناو هەولێر لە دایك نەبووە و نەژیاوە، بۆیە دەرەنجامی شەپۆلی دینی لێ بۆتە حاڵەتێكی ڕەسەن و وادەزانێت هەروا بووە!

بەڵام لە بیرمە پێش سەحوەی موبارەكی ئیسلامی، مزگەوت ڕۆڵێكی ئاسایی دەگێڕا و دین ڕووبەرێكی ئاسایی لە ژیانی خەڵك داگیر كردبوو، هێندە ڕۆڵی نە ئاوسا بوو تا هەموو ژیانی هەولێریان یەكسان كات بە مزگەوت، وەك كاك كەمال دەڵێت: " لە هەولێرێ، لای خەڵكێی هەولێرێ، مزگەوت لە هەمو دەزگاكانی تر پیرۆزترە. مزگەوت ماڵی هەمو توێژەكانە بێ جیاوازیی چینایەتیی و ڕەنگ و عەشیرەت. لە هەولێرێ، مزگەوت ئەو دەزگایەیە كە تێیدا

هەموان لە دەوری یەکێتییەکی ناوەکیی دروستکردوە کە هەموان لە یەکتر کۆدەکاتەوە. مزگەوت، وەک هەولێرییەکان خۆیان دەڵێن، ڕەمزی ئەو شارەیە... .

"ئینجا دەڵێت: " ئەوەی لە هەولێردا وەک خۆی ماوەتەوە، مزگەوتە. لە تەواوی دەزگا مەدەنیی و رۆشنبیریی و سیاسیی و مەعریفییەکانی هەولێریش، پارتیی دیموکراتیی تەنها لە مزگەوت دەترسێ. ئێستاش هەموان کۆکن هەولێر تەنها مزگەوتی جێی مەترسییە بۆ پارتیی. مزگەوتە توانیێتی فشارێک لەسەر پارتیی دروستبکات. پارتی تەواوی دەزگاکانی کۆنترۆڵکردوە، بە نزیکەی تەواوی ئەکتەرەکانی ناو دەزگاکانی، بە حیزبە سیاسییەکانیشەوە. پارتی تەنها دەزگای مزگەوتی پێ کۆنترۆڵ نەکراوە، واتا بەشێکی زۆریان نەک هەمویان." لە هەولێر تەنها مزگەوت ماوەتەوە چونکە مینبەرەکان و مەلاکان داوای گەڕانەوەی خەڵك دەکەن بۆ تەنها مزگەوت و ئەندازەکردنی ژیانیان بە ویستی ئەوان.

گەنجەکانیان هەمووی خەریك کردوە بە تاعەت وعیبادات و عەرەبی فێربوون و قورئان تەجویدکردن و دەوراتی علمی حەدیس و شەڕی ئەشعەری و سەلەفی و موعتەزیلە و ئەو شتانە، بۆیەش دەبینی نیو ملیۆن پیاو و گەنجیان بۆ مەولودی پێغەمبەر دەردەکەون، بەڵام سەد گەنجیان ناچنە سەر شەقام بۆ مافەکانیان و بۆ مووچەیان بۆ سامانی دزراویان، و بۆ ئەو هەموو کوردەی بە دەستی ئەردۆگانی خۆشەویستی مەلایە خاوەن مینبەرەکان دەکوژرێن! بۆ ئەو هەموو ژن و کچانەی ئێزدیان بە کۆیلە بردران! هەولێر بە تلیاکی مەلاکان تەخدیر کراون کە ڕووبەری حەرامەکان هەموو چالاکیەك دەگرێتەوە، بۆیە کەمترین دەزگا و چالاکی ڕۆشنبیری و فیکری و هونەری تێدا نیە، نەك لەبەرئەوەی پارتی قەدەغەی کردوە.

ئەخر کاکە کەمال لە چەندین بۆنە بە چات و بە ڕووبەڕووش کە قسەمان کردوە، دانی بە کەمووکورتی خۆی ناوە لە بواری شارەزایی و تێگەیشتن لە دین بە گشتی، کەمن پێموایە نەشارەزایە بە وتار و ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسیش. ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە تێناگەن کە ئەو موغازەلەیەی شەقامی دینداری ئیسلامی سیاسی، دەرەنجامەکەی دەچێتە سەر هەوڵی هێزێک کە شەو و ڕۆژ خەون بە زەوتکردنی ئازادی دەبینێت.

کاک کەمال دەڵێت: "-ئەوەی هەڕەشەی لێکرا، ئەوەی لیبدرا، ئەوەی ریشی سوتێندرا، ئەوەی لە مینبەر هێنرایە خوارەوە، ئەوەی لە نوێژ دەرکراو، وتاربێژ و نوێژخوێنان و مزگەوت نەبو، ئازادیی بو." سەرەڕای ئیدانەی توندمان بۆ ئەو چۆرە ڕەفتارکردنەی ئاسایشی پارتی، و هەرچەندە ئەو مەلایانە دنیایەك ووتاری هەڕەشە ئامێز و تۆقێنەریان هەیە لەسەر ئینتەرنێت، و یەکێکیان وتارێکی توندی لەسەر خۆم نووسیوە، و کتێبەکانی من بە هەوڵی ئەو لادراوە لەسەر سایتی ستاندارد، بەڵام با ئەو قسەیەشت بۆ قووت دەین قەیناکا !بەڵام کە دەڵێیت: "-سڵاو لە مامۆستایانی ئیسلامدۆستی هەولێر، شانازیی بکەن کە ئێوە ئامانجی دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەستەڵاتی هەولێرن.

ئێوەن رەمزی هەولێر و رەمزی بەرگریکردن لە مافی چەوساوەکان، هەر بۆیەشە ئێوەن دەبنە ئامانجی سوتاندنی ریشی پڕ ویقارتان و هەوڵی دەربەدەرکردنتان.”!!! توخواکەی کاکی ڕۆشنبیر ئەوانە ڕەمزی هەولێرن؟! ئەخر ئەوانە ڕەمزی هەولێرن بۆیە هەولێر بۆتە ئەو جەستەیە گەورەیە خەوتووە، کە بۆ هیچ لە مافە سیاسی و مرۆییەکانی خۆی نایەتە وەڵام، بەڵام بۆ بچووکترین بەناو موقەدەساتی دینی، یان تەنها لەسەر بەرژەوەندی مەلاکان دێتە وەڵام و خۆپیشاندان و قوربانی دان!

کام بەرگری کردنێك لە مافی چەوساوەکان ئەو مەلایانە کردوویانە؟ کوا ئەسڵەن مافی چەوساوەکان جێگای بایەخیانە؟! ئەوەی گرنگە لایان ئەوەیە خەڵك هەمووی بە جەماعەت نوێژ بکات، هەتا بەیانیانیش، ئەگەر خەڵك نەیتوانی، بەیانیان مزگەوتەکان پڕ بکەن. ئەوە پێغەمبەر گلەییان لێدەکات لە ڕێگای خەونی مەلایەك! ئەوەی گرنگە لای ئەوان ئافرەتانی هەولێر هەمووی سەرپۆش بکەن و باڵاپۆش بن، وببنە حەریمی مێردەکانیان و هیچ فێرنەبن لە گوێڕایەڵی زیاتر.

ئەوەی گرنگە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیماڵەکان هەموو لەسەر کەناڵە دینیەکان بن و خەڵك موعتاد بێت بە وەعزی مەلاکان، هەتا کاریگەری لەسەر تاک تاکی کۆمەڵگا بەجێ بهێڵن و ببنە پاسەوانی وتاری ئیسلامی سیاسی، هەتا دایکم کەمن لەوەوە فێری کوردپەروەری بووم، گومانی بکەوێتە جائیزە نەورۆز بکەین یان نا؟!

ڕاستە ئێمە دژی سیاسەتەکان و گەندەڵیەکانی پارتین، بەڵام نابێت ئەو دژایەتیە کوێرمان کات لەو بەدیلە کارەساتاوییەی کە لە مزگەوتی ئەو مەلایانە سەرچاوە دەگرێت! ڤایرۆسی دینی تێکەڵ بە سیاسەت بوو چاوەڕوانی هەموو جۆرە توندڕەویەێ و سنووربەزاندن و ئازادی زەوت کردنێك بکە! ئەمڕۆ مەلایەکی وەك ئیدریس کاریتانی کە دەسەڵاتی بەسەر مزگەوتەکەشی ناشکێت کتێبەکانی من بە هەڕەشە و گوڕەشە بتوانێت قەدەغە بکات لەسەر سایتێك، ئەو دەسەڵاتەی دەکەوێتە دەست مەلایەکی وا دەبێت چ مانایەکی ئازادی بزانێت و چ سنوورێکی ئازادی بپارێزێت؟!

هەر کەمال چۆمانی خۆشی ئاماژە دەکات بۆ ترسناکی ئەو بەرهەڵستیەی کە لە مزگەوتەکانەوە سەر هەڵدەدەن ودەڵێت: “پارتی یەک شت گرنگە بزانێت، ئەویش ئەوەیە؛ ئەگەر کوشتن و رفاندنی رۆژنامەنوسان، هەوڵی دەربەدەرکردنی کەسە چالاک و رەخنەگرەکان، دەرکردنی سەرۆکی پارلەمان و کەسایەتییەکانی دی بۆ چوبێتە سەر، ... بەڵام سوکایەتیکردن بە مەلاکان و رێگرتن لە وتاردانیان، ئەگەر خۆشیان نەکاتە هێزی توندڕەو، دڵنیا بن گروپی دی کە خۆیان بە داکۆکیکار لە خوا و قورئان و پێغەمبەر و ئیسلام دەزانن، خۆیان رێکدەخەن و دواجار دەبنە گەورەترین سەرئێشە بۆ هەرێمی کوردستان و لە هەموانیش زیاتر پارتیی دیموکراتیی. ئەوانەی بە ناوی بنبڕکردنی توندڕەوییەوە وتاربێژان بێدەنگدەکەن، دەبێت باش بزانن خۆیان هۆکاری دروستکردنی توندوتیژیین.”

جارێ کاک کەمال باسی ڕەهەندی سیاسی ئەو هەنگاوەی پارتی ناکات، کە کێشمەکێشێکە لە دژی کۆمەڵی ئیسلامیدا لە دژی ئەو مەلایانەی مایلدار بە کۆمەڵ دەیکات، ئینجا دەبێت کەمال چۆمانی و هەموو هاوبیرانی بزانن هەر پاڵپشتیەك بۆ پتەوترکردنی هەقیقەت بە مزگەوتکردنی هەموو هەولێر دەچێتە گیرفانی ئەو تووندڕەوییەی کە لە دەرەنجامی ئەو وتارە حەماسیانەی ئەو مەلایانە دەخوێندرێتەوە و نەوەیەکی ئاسۆتەنگی دینی لە مزگەوتەوە دروست بە دەنگی الله اكبر بەرەو جیهاد دژی دەسەڵاتی کافر دەردەکەون و کۆمەڵگا ومێژوو لە خوێن وەردەدەن. ڕاستە پارتی بێڕێزیەکی زۆری بە مزگەوت ومەلا و نوێژخوێنان کرد ، بەڵام ئەو سێ مەلایەش هۆکارێك بوون بۆ ئەو کردەوە دزێوانە، کە بڕیاری لابردنیان دەرچوو، نەدەبوایە بە تەحەداوە بچنەوە سەر مینبەر، و ڕێگای تریان گرتبایە بەر بۆ دژایەتی بڕیارەکە، نەك ئەو خەڵکە نوێژخوێنە هاندەن و شەڕی خۆیانیان پی بکەن و بیانکەنە قەڵغان بۆ پایە و ناوداری خۆیان[1]..

٢٠١٦/٥/٢

[1] وتارەکەی کەمال چۆمانی: http://www.nrttv.com/birura-etails.aspx?Jimare=2948

# ئێوە هێندە دژی گەندەڵی نین

# هێندەی دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین!

لەو دوو سێ ڕۆژە هەڵمەتێکی گەورەی ئیسلامیەکان و هەندێك لەوانەشی کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەڵمەتی ئیسلامیەکان بەڕێوەیە دژی کۆنفرانسی دابڕان...

من لەو هەڵمەتانە زۆر لاریم نییە لە هەندێ خاڵ کە دەیوروژێنن، بەتایبەتی ئەوانەی باسی باری سیاسی و ئابووری و بێ مووچەیی و ئەو شتانە دەکەن، و ئەوانەی لە سیمای مەلا بەختیار بەژداربووێکی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە و نەهامەتیەکانی دەبینن. بەڵام من وا هەست دەکەم ئەو بڕووبیانوانەی بە تایبەتی ئیسلامییەکان زیاتر ئایدیۆلۆژیە ودژی بانگەشەی سێکیولاری و دیموکراتیە، نەك دژی بێ مووچەیی و وەزعی ئابووری وسیاسی، چونکە ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامیانە هێندە خەمی ئەو وەزعەیانە هەرنەبا خۆپیساندانێکمان دەدیت ئەوان ڕێکیان خستبا، هەرنەبێ دەستکێشانەوەمان دەدیت لە حوکمەت.

وتاری ئیسلامیەکان لە شەڕکردن دژی شتێك بە بیانووی شتێکی تر زۆر بێزارکەرە بۆ من، تا ڕادەی ئەوەی لە فەیسبوکیش حەزم لە بلۆککردنی ئەو کەسانەیە...

دەڵێم سعودیە بۆ قازانج و قوربانی حەج بەسەر موسڵمانە هەژارەکان دابەش ناکات، ئیسلامیەکان ڕەخنە دەگرن ئەی بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان یارمەیان نادەن؟!

دەڵێم لە جیاتی قوڕئان و کتێبی وەهابی بەرگ لووس، پارەکەی بنێرن بۆ برسیەکان دەڵێن، قورئان خۆی خۆراکە، موسڵمانی هەقیقی بەدوای خواردنی ڕوحیەوە نەك مادی!

دەڵێم ئەو کردە تیرۆرستانەی فەرەنسا خراپە و ئیدانە بکەن، دەڵێن ئەی فەرەنسا نەبوو لە جەزائیر یەک ملیۆنی کوشت؟!

دەڵێم ئەردۆگان داعشێکە بۆ خۆی، دەلێن بەڵکو زیندووکەرەوەی ئیسلامە و سوڵتانە و شەونویژ و سوژدەی شوکری بۆ دەبەن کەرزگاری بوو لە کودەتا!

دەڵێم ئەوە نییە کورد دەکوژێت، دەڵێن پ ک ک مارکسیە و کافرە با بیان کوژێت!

دەربارەی ئەو کۆنفرانسەش هەمان بڕوبیانووە، کە دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین، نەك هەر دژی مەلا بەختیار و شتیتر، لەوانەیە خەڵکە گشتیەکە وا بێت، کە مەلا بەختیار بە

سەرپرشتیاری ئەو کارە دەبینن، هەموو ئامانجەکەی ئەو کۆنفرانسەشیان لەبەرچاو بکرێت، ئەخر گەندەڵی و بانگەشەی دیموکراتیەت و سێکیولاریزم پێکەوە ناکرێت. کاتی خۆی لە وتارێکی عەرەبیدا بە ناونیشانی: " العلمانية المشوهة... أغرت النَّاس بالإسلام السياسي!" عەلمانیەتی شێواو خەڵك کێش دەکات بۆ ئیسلامی سیاسی. ئاماژەم بە کاریگەری فیگەر حزب و سیستمی دزێو کرد بۆ سەر بانگەشەی سێکیولاریزمی دیموکرات، و گووتم: کیشەی هەرە گەورەی تێگەیشتن لە ناوەرۆکی دەوڵەتێکی مەدەنی سیکیولار، لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە، کە هەڵوێستی خەڵکەکە لەسەر سێکیولاریزم، لەسەر بنچینەی نمونە شێواوەکانی سێکیولاریزم وەردەگیرێت، کە لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جێبەجێ دەکرێت، چونکە سێکیولاریزم لە نوسخە ڕاستە خۆرئاواییەکەی هەرگیز لە هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی جێبەجێ نەکراوە.

زۆربەی نمونەکان نزیکتر بوون بۆ حوکمی عەسکەری و دیکتاتۆری فەردی و ماڵباتی و حزبی...من گومانم نییە ئەگەر خەڵك بواری تێگەیشتنی بۆ بڕەخسێت لە ماهیەتی دەولەتی سێکیولاری دیموکرات و دەوڵەتی دینی، و لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیان، گومانم نییە کە دەوڵەتی سێکیولاری دیموکرات هەڵدەبژێرن، لەبەر ئەو ئەمن و ئەمان و ئازادی ویەکسانیەی نیوان خەڵک لەسەر بنچینەی هاوڵاتی بوون کە ئەو دەوڵەتە دەستەبەری دەکات"

ئیسلامیەکانی ژێر سایەی پارتی لەبەر ترسنۆکی لە ڕەخنەگرتن لە کارەکانی پارتی، لە خوایەکی دەوێت ڕقی خۆی لە روداو و کەسایەتیەکی سلێمانی خاڵی کاتەوە، یەکێکیان وتارێکی نووسیوە سەرتاپای جوێن و سوکایەتیە بە مەلا بەختیار، و هەڕەشەی جیهاد کردن دەکات و باسی عەشقی مەرگ دەکات، سەیر لەوەیە ئەو هەموو مینبەر ومزگەوت و تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەی ئیسلامیەکان ڕۆژانە و هەفتانە چالاکیان تێدا ئەنجام دەدەن، بەو کۆنفرانسە سی رۆژیە و جەند توێژینەوەیەکی وشکی ئەکادیمی هێندە تەنگاو بوونە دەڵێت: " ... ئەفەندی ، قەسەم بەخوای گەورە چەندە عەشقی شەراب و گۆشتی بەرازو قورەشین و شەوی سورو دزینی قوتی ئەو خەڵکە و تێکدانی نەخشەو پلانی گەنجەکانن .... هەزار هەندە عەشقی مردنێکین لە پێناو خوای گەورە....... ... ئەفەندی ئاخر ئێمە بازرگانی شەر نیین و گەرشەریش دەرگای دینەکەمان بگرێ هەڵی دەزڕێنین.

ئاخرئومێد دەکەی حەپینی سەگ و لورەی گورگ و خنە خنی بەراز و مشەمشی کەمتیارەکان سەدای دەنگی بانگی مزگەوتەکان کپ بکەن"

لە هەمووی عەنتیکەتر دەڵێت:" ... ئەفەندی گەر مارکس و لینین و چەپ وەڕەکان خەڵکانێکی وەکو تۆیان ئامادەکردبێ پێت وایە ابن حجری عەسقەلانی و بوخاری و موسلیم و ابن صەلاحی شارەزوری و ئیمامی نەوەوی ابن تیمیە کەسیان ئامادە نەکردوە پارێز گاری لەو دینە بکەن .... کەمتیار ئەفەندی تف لەئێوە کە دژایەتی ئەو دینە دەکەن و ....... هەزار

جاریش تف لەئێمە گەر پاسەوانیەتی ئەوئیسلامە نەکەین " هههه سەلاحەدینی ئەیوبیشی لەبیرچوە، چونکە سۆفی مەشرەب بوو!

خەتای ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ ونانەتەوەیی ونادیموکراتیەیە کە هەمووی گۆڕەپانی میدیایی و ڕۆشنبیری تەسلیمی هێزەکانی سەلەفیزم و ئیسلامی سیاسی کرد، تا ئەو ڕادەیەی هێندە نازاندی بوونە بەرگەی کۆنفرانسێکی نیمچە ئەکادیمی ٣ ڕۆژی ناکەن، کە ڕەخنە لە دیاردەی ئیسلامی سیاسی دەگرێت.

یانی ئەگەر دوو سێ دڵسۆزی دیموکراتخوازی میللەتەکەمان سێ چوار تەلەفزیۆنی ڕۆشنگەری چاك و تۆکمە دامەزرێنن، خەریکی هەڵوەشاندنەوەی وەهمەکانی ئیسلامی سیاسی بن، دەبێت چۆن ئەو سەلەفیە ئاسۆ تەنگانە و ئیسلامگەرایانە زیڕە بکەن؟!

٢٠١٦/٩/٢٥

# ئەو خۆفرۆشانە بە خۆڕایی یەك یەك ئاشكرا دەكەم!

کاک یاسینێک هەیە Yassen Taha، لە سەردەمی یەکگرتوو و ئیخوان بوونەوە دەیناسم، ئەو کاتە وەک مامۆستایەکی خۆی لێی دەڕوانین، دوایی چووە ناو پرۆژە میدیاییەکەی شاسوارەوە، کردیانە بەرپرسێک لە تەلەفزیۆنی ئێن ئارتی عەرەبی. کوردیش یاخوا پارەی نەدەیتێ!

ئەو کاکەیە خۆی لێبۆتە شرۆڤەکاری پلە یەکی کورد، هەموو شیکاریەکانیشی هاوزهنی شاسوار و سروەی خوشکی و ئالا و هوشیار و عێراقچییەکانیترە! بەڵام ناوی نەوەی نوێ و شاسوار ناهێنێ ودەیەوێت بانگەشەی کورد بکات بۆ خۆبەدەستەوەدان، لەوێنەی ئەو پێشوازییەی دوێنێی سلێمانی .

من تاقەتی نووسینەوەی هەموو قسەکانی ئەوم نییە لە وێنەی پۆستەکان دەیبینن، چونکە ئەو دەمارە کرێگرتەییەم گرت، کە تۆ سەراوژێر شیکاری دەکەیت و دەتەوێ کورد بەتەواوی خۆی دا بە دەستەوە! وەڵامێکی زۆر تورەی دایەوە، وبە تەوسەوە دەڵێت تۆ تەنها کیبۆرد و فەیسبوکت بە دەستە! ئەو برادەرە ئیخوانییە دەزانێت کە من عەرەبیەکەم لەو بێژەرە عەرەبیانەی تەلەفزیۆنەکەشی باشترە، بەڵام ڕۆژێ داوای وتارێک یان لێدوانێکی تەلەفزیۆنیشی لێ نەکردووم، هەر وەک نیشاندانی ڕای جیاواز، و ئەگەر نەڵێم هەموو، زۆربەی میدیای کوردی بایکۆتی نووسین و بەژداریم دەکەن، کەچی دەڵێت تۆ تەنها کیبۆردت بە دەستە و تەواو !بێگومان هەر کیبۆرد و فەیسبوک ماوە لێمی قەدەغە بکەن و دەنگم خەفە بکەن!

وادەزانێ کیبوردی دەستێکی ئازاد وبێ چاوەڕوانکردنی مووچە و پاداشتی سیاسیە خۆفرۆشەکان وەک کیبۆردی دەستێکی کرێ گرتە ئاسانە! وەک بڵێی خۆی بی کەی سی هەڵگرتبێت!

من لە وەڵامیدا گووتم Yaseen Taha :ئەخر هیچیتر ئیدیعای پرۆفێشناڵیش مەکە چونکە تۆ تەنها کارمەندێکی لای شاسوار و دەتەوێ ببیتە پردێک بۆ گەیاندنی پەیامە پێ سپێردراوەکانی. من وەک تۆ نزیک بام لە گۆڕەپان، تەنها کارم کیبۆرد نەدەبوو، یانی تۆ چەکت بەستوە نەمانزانیوە؟! تۆش هەر کیبۆردت بەدەستە بەڵام بە جیاوازیکەوە، کە تۆ پارەیەکی مفتی باش بە کیبۆردەکەت دەخۆی، من تەنها سەر ئیشە و جوێن و توانجی نەزان و خۆفرۆشانم پێ ئەبڕێ!

کاکەی کارمەندی شاسوار دەمێکە لە فورسەتێکی وا دەگەڕێت، تا سەرودڵی نەگرم بە کۆمێنتەکانم، چونکە دەزانێت من بۆنی ئامانجی کرێگرتە و خۆفرۆشان زۆر لە دوورەوە دەکەم. یەکسەر بلۆکی کردم!

داخەکەم کەسانێک هاوڕای بوون وامدەزانی زۆر لەوە حەساستر و دووربینترن. ئەمڕۆ پرۆسەیەکی زەبەلاحی دوژمنان بە ناوی نیشتیمان پەروەری و عێراقچیەتی و تەساموح دەگوزەرێ بە سپۆنسەری زۆربەی حزبەکانی سلێمانی بە داخەوە! ئەوە لۆجیکی لاواز و دۆڕاوانە.

مرۆڤ کە لاوازبوو بیانووی بێ عەقڵانە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە !چاکیان فریوداون بەو قسە سواوانە. تا بەهێز نەبیت خەڵکی دواکەوتوو ڕێزت لێ ناگرن، عەرەبی عێراق تەنها کاتێک وەک هاوڵاتیەکی چاک لێت دەڕوانن، کە جاشێکی بێ کێشەی عەرەبی دەسەڵات بیت! ئەگەر ئەو پڕۆژەی خۆبەدەستەوەدانە سەر بگرێ، ئەوە نەوەیەکی کوردی زۆر ترسناک لەو کەسە دۆڕاوانەی وەک یاسینەکان بەرهەم دێ، و ئەو نوزەیەی کوردیش کە ماویەتی بۆ سەربەخۆیی دەبڕن!

٢٠١٨/٤/٢٦

# بەرهەم لاساییەکی نەزانانەی نەوشێروان دەکاتەوە!

بەرهەم تەنها چانسی بۆ کەمێک پاکبوونەوە لە چڵکاوی گەندەڵی و شڕەخۆری، ئەوەبوو ئەگەر لە کاتی دامەزراندنی گۆڕان بە گەری کەوتبا، و کەمێک وازی لە زەعامەتویستی هێنابا. بەڵام ئەو ژیان گەرم ونەرم وپاروو وپارەی گەندەڵستانی دەسەڵاتی کوردی پێ چاکتر بوو، لە وەی بچێتە ناو حزبێکی تازە پێکهاتوو و مەغزوبون عەلەیهی!

ئێستاش دەیەوێ لەسەر هەمان ڕێچکەی نەوشێروان شتێکی وەک گۆڕان دروست کات! بەڵام ئەگەر وا بیربکاتەوە زۆر بە هەڵەدا چووە، و زۆر نەزانانە تێگەیشتوە ولاسایی دەکاتەوە!.

دەیەوێت وەک نەوشێروان خۆی بە دوژمنی سەرسەختی گەندەڵی نیشان بدات، بەڵام وەک حەدیسەکە دەڵێت: خواردن و خواردنەوە و سواربووشی (مأكله و مشربه و مركبه حرام ) لە حەرام و گەندەڵیدا نقوم بووە!

نەوشێروان بەلایەنی کەمەوە تا ئەو کاتە زۆر پەرێزی پاک بوو و بچوکترین ڕەخنەی بابەتی لەسەر نەبوو کە لە گەندەڵی تێوەگلابێت، بەڵام بەرهەم پارچەیەکە لە گەندەڵی ودەسەڵاتی گەندەڵ و هەلپەرستی، بۆیە ڕووی بەراورد نییە لەگەڵ نەوشێروانی ڕەحمەتی.

دووەم: دەیەوێت وەک نەوشێروان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر، قەوارەکەی پڕی ئیسلامی و مەلا و کوڕە مەلا بکات! بەڵام لەوەش زۆر ساویلکانە و نەزانانە لاسایی نەوشێروان دەکاتەوە. نەوشێروان ئەو کۆنە ئیسلامیانەی هێنایە پێشەوە کە زۆربەیان وتاری ئیسلامی سیاسیان تێپەڕاندبوو، دیموکرەتیزە ببوون لەگەڵ بوونی سۆزێکیش بۆ ئیسلام، بەڵام بەرهەم دەیەوێت ئیسلامییە شەریعەتیەکانیش بهێنێتە ناو قەوارەکەی بێ گوێدانە مەترسی ئایندەی ئەو کارە!

یان چووە کوڕە مەلایەکی هێناوەتە ڕیزی پێشەوەی قەوارەکەی وکردویەتی بە دەمڕاستی جەماعەتەکەی، لە کاتێکدا ئەو کەسە قۆڵی سەدان کەسی بڕیوە بەرلەوەی بێتە دەسەڵات، وتا بڵێی ناشایستە ونەزانە، و هەموو فەزیڵەتی ئەوەیە کوڕی مەلایەکی تاڕادەیەک ناودارە و لەوانەیە دەنگی ئەو چینە بۆخۆی ڕاکێشێت!

بەرهەم تەڵەیەکی کۆنە، مەگەر هەر دەبەنگەکان بە تەڵە کۆنەکانەوە بتەقن!

٢٠١٨/٤/٤

# شاسوار کەروێشکێکی دەرچووی ناو کڵاوی بەتاڵی چ ساحیرێکە؟!

ئەو وڵاتانەی خۆرهەڵات لەبەر دەستێوەردانی دەرەکی و ئیقلیمی و ناوخۆیی وەك کڵاوی سیحربازەکانی لێهاتووە، لە کڵاوێکی بەتاڵ دەیان کۆتر و کەروێشکت بۆ دەردەهێنن. شاسوار عەبدولواحید یش لە کەروێشکێکی سپی ناو ئەو کڵاوە بەتاڵە سیحریە دەچێت کە لە هیچەوە هاتە بوون بە قودرەتی ساحیر!

من هەر جارەی ساحیرێك دەبینم کە کۆتر و کەروێشك لە ژێر کڵاوێکی بەتاڵ دەردەهێنێت، دەڵێم ئەگەر ئەو دەرهێنانە ڕاست بن، دوای دەرهێنانیان ئەو کۆتر و کەروێشکانە کێوە دەچن؟! ئایە وەك هەر کەروێشکێک و کۆترێکی ئاسایی دەفڕن و دەخۆن و دەخۆنەوە؟! یان وجودیان بەندە بە وجودی ساحیرەکە لە ساتی نمایشەکەدا؟

ئەو شاسوارە زۆر لە پرێك لێیان کردین بە سەرتۆپی کوڕێ، لە کوڕی کەبابچیەکی ئاساییەوە، بۆ خاوەن دوکانێکی یاری ئەتاری منداڵانەوە، بۆ کارکردن لە ڕێگای قاچاغی بەغدا و هەولێرەوە، سەرەنجام بۆ دۆڕاندنی هەموو ئەوەی پێکەوەی نابوو تا ٢٠٠١! من خۆشم لەو کاتانە کاری نێوان بەغدا و کوردستانم دەکرد بۆ ماوەیەك قازانجمان دەکرد دوایی هەموو شتەکانت لەناکاو دەگیرا ومایەپووچ دەبوویت! منیش وەك شاسوار لە ١٩٩٤ ئەوەی هەمان بوو دەستی بەسەردا گیرا لە موسڵ و بەشێکیتریش برادەریکی کوردی ئێرانی هاوبەش بردی و فلسێکی بۆ نەگەڕاندینەوە! دەزانم کار لە ڕێگای قاچاغ هێندە ئاسان نییە و بەرهەمدار نییە!

باشە مرۆڤ چۆن بە شاگردی کەبابچیەتی و کاری پڕمەترسی نێوان کوردستان وبەغدا وا دەوڵەمەند دەبێت؟! ئەگەر هەموو کوردستان وعێراق یەکی سێ نەفەر کەبابیان لە باوکی کڕی بێت وا دەوڵەمەند نابێت!

ئەگەر کاری قاچاغی نێوان کوردستان وبەغداش بە لە دەستدانی هەموو سەرمایەکەی کۆتایی پێ هاتبێت، تا ڕادەی بێ هیوایی و گەڕانەوە بۆ خوێندن کە لە پێنجی دواناوەندی بەجێی هێشتبوو، دوایی بە هەرجۆرێك خوێندن تەواو دەکات، و لە ٢٠٠١ لە زانکۆی سلێمانی وەردەگیرێ، بەڵام دیارە لە لوتکەی نائومێدیەوە دەچێتە هەندەران لە مانگی ٢ی ٢٠٠١ لە ئەڵمانیا خۆی ڕادەست دەکات!

کەسێك ملیۆنێر بێت و لە زانکۆش وەرگیرابێت، و هیچ پێشینەیەکی خەباتی سیاسی و فیکریشی نەبێت تەنها کاسبێك بێت، بۆ ڕادەکات بۆ ئەڵمانیا ئەگەر بێ هیوایی نەبێت لە دەست

بێ وەزعی و فەشەلی کاسبیاتی؟ !ناشڵێم بازرگانی، چونکە ئەو هێشتا تەنها کاسبێك بوو نەببوو بازرگان!
دوایی دێتەوە لە ئەڵمانیا لە مانگی ٨ ی هەمان ساڵ ٢٠٠١، دەست دەکات بە خوێندن و تا ٢٠٠٥ زانکۆ تەواو دەکات و لەماوەیە هیچ چالاکیەکی بازرگانی دیار نییە، لە ٢٠٠٥ وە تا ئەمڕۆ ٢٠١٧ کە دەکاتە ١٢ ساڵ لە ناکاو بووە خاوەن کۆمپانیای نالیا بۆ وەبەرهێنانی گشتی و خانووبەرە، کە ٢١ هەزار ئەندازیار کاری تێدا دەکات! کە خاوەنی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و خاوەنی چاڤی لاند و چەندین گوندی ئەڵمانی و کوردستی و نازانم کێندەری!
ئەو دوازدە ساڵە دەبێت شاسوار ئەو هەموو کەروێشکانەی [خەڵکی میسر بە ملیۆن دەڵین ارنب] لە کڵاوی کام ساحیر و جادووبازێك دەرهێنا بێت؟!

من ناتوانم باوەڕ بە گێڕانەوەی پڕ لە بزەی پڕ بەرائەتی خودی شاسوار بکەم بۆ چیرۆکی پێکەوەنانی ئەو هەموو سەروەت وسامانەی، ناشزانم لە کڵاوی کام سیحرباز دەرکەوتوە؟! هێشتا کڵاوی سیحربازەکەی پشتی سامانەکەیمان نەناسیوە، ئێستا لەو گەشتەی ئەمریکا گەڕاوەتەوە سەری لە کڵاوێکیتر دەرهێناوە وەك پیاوی سیاسەت ودەوڵەتمەداری!

پێمخۆشە کوڕە هەژار و کەسایەتی گەنجی نوێ دەرکەون لە مەیدانی سیاسەتدا بە شێوەیەکی سروشتی وماقوڵ وەك عەلی حەمە ساڵح بۆ نمونە، بەڵام نەك وەك شاسوار ڕۆژی لە کڵاوێکی سیحرباز دەرکەوێت وەك ملیاردێر، و ڕۆژێکیتر وەك خاوەنی حزب ولیست و خەونی بوون بە سەرۆك وەزیران!
من نە هیوام بە کڵاوی سیحربازە و نە متمانەم بە بوونی ئەو کەروێشکانە هەیە کە لەو کڵاوانەوە دەردەچن!

٢٠١٧/٧/٢٦

# دیموکراسی بوونیش سنوور ومرۆڤی خۆی هەیە!

دیموکراسیەت زیاتر لە هەموو وشەیەکی سیاسی تر خراپ بەکار دەهێنریت، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دیکتاتۆرستان وحزبی تاکڕەوی سنترالی وڕێکخراوی شمولی وتۆقێنەر، ناوی دیموکراسیەتیان بە خۆیانەوە لکاندوە. زۆربەی سەرکردە سیاسیەکان ئەو وشەیە لە وتارەکانیان بەکار دەهێنن، هەتا کاتی خۆی وڵاتە کۆمەنیستەکانیش ناویان لە سیستمی حوکمی خۆیان دەنا بە دیموکراسیە گەلیەکان!

لەو رۆژهەڵاتە پڕ لە ئاشوب ودوفاقیەی ئێمەشدا، کەسانێکی زۆر بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری حزب وڕێکخراو وکەسایەتیە سیاسیەکان، ئیدیعای دیموکراسیەت دەکەن بەبێ ئەوەی لە ئەزموونی دیموکراسیەت دەرچن. زۆریان دەچنە ناو گەمەی دیموکراسیەت بێ ئەوەی لە بنەماکانی تێبگەن یان پەیڕەوی لێبکەن، زۆرجار بای دیموکراسی کە هەڵدەکات بە پێچەوانەی میزاجی سیاسی وئایدیۆلۆژی فلان حزب وفلان سیاسییە هەڵدەکات.

کاتێک عەلمانیەکان حەماسەتی دیموکراسیان بەرزدەبێتەوە، ومتمانە بە خۆیان دەکەن کە دەبینن ئەو هەموو خەڵکە چەپڵەیان بۆ لێدەدەن، وڕێگا دەدەن بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسی یان نیمچە دیموکراسی، وەک ئەوەی لە جەزائیر وتورکیا وفەلەستین ڕویاندا، یان ئەوەی لە میسر ڕوییدا، دەبینن خەڵک لە بێزار بوونیان ولە بێ هیوایان بەوان، ولە دەست نسکۆیە بەردەوامەکان، زۆربەی دەنگ دەدەنە حزبە ئیسلامیەکان، لەبەر ئەو وێنە ئاڵ ووالایەی ئیسلام، کە لە کۆیادەوەری (زاکیرەی جەمعی) وئەندێشە و خەیاڵدانی گەلێری کۆمەلایەتی (المخیال الشعبی) خەڵکیدا هەیەتی، نەک لەبەر عەبقەریەت ولێوەشاوەیی ئیسلامی سیاسی، کە بەڕای ئێمە پتر لە سەد ساڵی پڕ لە تێکۆشانی فیکری وئەزموونی سیاسی پێویستە، بۆ ئەوەی دەربازی بێت لە هەموو تێڕوانین وبۆچوونە سەقەتەکانی دەربارەی سیاسەت وکۆمەڵگا وئازادیەکان ومافەکانی خەڵک وهتد!

سەد ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی شایەنی ئەوە بێت دەسەڵات وحوکم بگرێتە دەست، وکۆمەڵگایەکی دیموکراتی دروست بکات، با دیموکراتیەکە مۆرکێکی تایبەتیشی پێوە بێت، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە دیموکراسی بێت. چونکە تەنها لە سایەی دیموکراسیەتی هەقیقیدا ڕیز لە هەموو بیروباوەڕ وبیر وبۆچون ومەزهەب وئاین وئایدیۆلۆژیا جیاکان دەگیرێت.

کەس ناتوانێت لە ڕێگای حوکمی ئاینی، جا ئیسلامی بێت یا مەسیحی ویەهودی یان هەر دینێکی تر، هەموو خەڵک وەک یەک موعامەلە بکات، وەک یەک لە خۆیان ئەمین بن ولێی

نەترسێن. ئەمڕۆ کۆمەڵگا گۆڕاوە بەهەمان شێوەی تەقلیدی کۆن دابەش ناکرێت: موسڵمان وئەهلی کیتاب! ئەمڕۆ کۆمەڵگا خەڵکێکی تێدایە باوەڕی بە هیچ دینێک نیە، یان دین بەلای دا گرنگ نیە، یان مولحیدن ئەوانە وچەندین بیروباوەڕی تر، بە کاریگەری شۆڕشی زانیاری وئینتەرنێت وگلۆبالیزم ڕۆژانە بڵاودەبنەوە، دەبێت ڕیز لەو هەموو ئاراستە وبیر وبۆچونانە بگیرێت وبە زەبری یاسا بپارێزرێن، چونکە ئەگەر پلورالیزمی سیاسی ئیسلامی تەنها شوێنی ئەهلی کیتابی لێدەبێتەوە (کە ئەو شوێن بونەوەیەش میسالی نیە، وقابیلی ڕەخنەیەکی زۆرە!) ئەوە بێگومان شوێنی مارکسیەک ولیبرالیەک ومولحیدێک ولاموبالیەک ولا مونتەمیەکی لێ نابێتەوە!

جا ئەگەر عیلمانیەکان لە چەندین بۆنەی سیاسی، کودەتایان بەسەر ئەنجامی دیموکراسیەت کردبێت، چونکە یاریکەری فاشیل بوون لە گۆڕەپانی دیموکراسیەتدا، لە بیرمان نەچێت ئەو ترسەی کە نێوەندە عیلمانیەکان دەری دەبڕن، دەربارەی بەکار هێنانی دیموکراسیەت لەلایەن حیزبە ئیسلامیەکان، وەک هەر بەرهەمێکی (یەک بار مەسرەفی) واتە وەک ئەو گوێزانەی کە یەک جار بەکاری دەهێنیت بۆ تاشینی ڕیشت وفڕێی دەدەیت، ترسێکی هەقیقیە.

چونکە یەکەم جار لێدوانەکانیان وهەڕەشە وگوڕەشەکانیان، بەر لەگرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات وەک لە جەزائیر وسوریا وچەندین شوێنیی تر ڕویدا، وا لە عەلمانیەکان دەکات بترسن، دەسەڵات بدەنە دەست هێزێک هێندە ڕیز لە دیموکراسیەت دەگرێت تا سەردەکەوێت، یان بە تەعبیری توندڕەوێکی وەک ئەبو حەمزەی میسری، کە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوای وەک ئاودەستێک وەسف کرد، تەنها بۆ قەزائی حاجەی (واتە ڕیتن) لە تەنگاویدا بەکار دەهێنێت!! واتە لە ناچاری پەیڕەوی بکەیت تا قەزائی حاجەتی لێدەکەیت!!

دووەم نە عیلمانیەکان ونەئیسلامیەکان لە جەوێکی دیموکراسی نەشونمایان نەکردوە، وزۆربەی حزبی نهێنی وڕێکخراوی ژێرزەمینین، ئەوانەی لەو جۆرە جەوەش پەروەردە دەبن، مەحاڵە بە ئاسانی پەیڕەو لە دیموکراسیەت بکەن، یان سەبر لەسەر ئەنجامەکانی بگرن.

هەتا لەناو ڕۆژنامەگەری ومیدیاش بەگشتی، ئەو بێ حەوسەلەییە هەیە دەرهەق بە دیموکراسیەت، لە بیرمە لە سایتێکی بەناوبانگی وەک (کوردستان نێت) کۆمەڵێ نوسەری مولحید وچەپڕەو بە درێژایی مانگی ڕەمەزان جنێو وسوکایەتیان بەو مانگە کرد، منیش لەوەڵامی زیاتر لە 30 وتاری پڕ جوێن وەڵامێکی یەک لاپەڕەی (ئەی فۆڕم A4) بۆ ئەو بێ زەوقیە ئەوان نوسی، کەچی خاوەنی سایتەکە کاک عومەر فارس عەزیز وادیار بوو سنوری دیموکراسیبوونی کۆتایی پێهات بەو وەڵامەی من، ووەڵامەکەی بڵاوکردمەوە بەناچاری ولە

ژێرەوە بە خەتێکی سور کۆمەڵێک قسەی ناشیرین وتۆمەتی نارەوای نوسیبوو، ئەو کاتە زانیم شێوازی ئەو برادەرە لە شێوازی رۆشنبیرێک نا چێت بەڵکو لە شێوازی قاچاغچیەکی نا بەڵەد دەچێت، چونکە دەیانگوت ئەو برادەرە تەنها سۆزێکی کوردایەتی سەرەتایی هەبووە، وبەڵام پیشەی هەقیقی قاچاغچێتی بوە! ئێستاش زوو زوو لە کوردستان دەبینرێت، وپێیەکی لە ئەوروپایە ویەکێکی لە کوردستانە، وادیارە حەلیمە گەڕاوەتەوە بۆ عادەتی قەدیمە، بەڵام ئەو جارەیان قاچاغچیەتی بە وشە دەکات!

پێویستە هەر دەزگایەک جا حزب یان وەزارەت یان حوکمەت یان تەلەفزیۆن یان رۆژنامە وگۆڤارێک، ئەگەر باوەڕی بە دیموکراسیەت هەبێت، بەر لەهەموو شتێک کەسانێکی دیموکراتیخواز بۆ کارکردن لەو دەزگایە هەڵبژێرێت، چونکە بچوکترین فەرمانبەر توانای شێواندنی کاری هەیە، بۆ نموونە ئەگەر من وتارێکم نارد بۆ گۆڤارێکی وەک ستاندەرد، با سەرنوسەرەکەشی تا سەر ئێسقان باوەڕی بە ئازادی بیروڕا هەبێت، ئەگەر یەکێک لە گۆڤارەکە ئەو باوەڕەی نەبوو یان ئەنتی دیموکراسی بوو، دەتوانێت زۆر شت بکات! بە تایبەتی ئەگەر سەرنوسەرەکە زۆر سەرقاڵ بوو هەتا بواری وەڵامدانەوەی ئیمێڵەکانیشی نەبوو.

بۆ نموونە ئەو کارمەندە دەتوانێت ئەو وتارە لە لیستی وتارەکانی گۆڤارەکە لابدات، یان لە کلکی لیستەکەیدا دا بنێت وزۆر وتاری بێ ئەهمیەتی پێش بخات، لەبەر میزاجی شەخسی خۆی، یان بە جۆرێکی دا بنێت کەکاتێ کلیکی لەسەر دەکەیت تەنها ئەو وتارە نەکرێتەوە، (وە سبحان من لیس عندە صدفە!) .

٢٠٠٨/٧/٦

# دیموکراسیەت بە گۆترە!

خۆزگە هۆکاری ڕێگەنەدان بە دروست کردنی دەوڵەتی کوردی، گەندەڵی و دکتاتۆری دەبوون وەک هەندێ کورد بۆی دەچن هێندە بە خەستی، لە ژیانی خۆیاندا هێندە بە توندی بەگژ دکتاتۆرەکانی داگیرکەریش دا نەچوون !

جارێ سەیرم بەوە دێ کورد لەو ناوچەیە بژیت، کە هەموو حوکمی دینی و دیکتاتۆری بێت، سەرەڕای ئەوەی هەشتا ساڵ زیاترە ئەزموونی سیاسییان هەیە، کورد لە چاو ئەوات هەر ئەزموونی نییە! هێشتا داوای دیموکراتیەتی زیاتر لە کورد بکەیت!

لەگەڵ ئەو وەزعەشدا خۆرئاوا و جیهان هیچ کێشەیەکیان نییە لە ڕیزگرتن لە سنووری موقەدەسی ئەو وڵاتانە و بەرگری لێکردنیان! هاوڵاتیەکانی تورک و عەرەب و فارسیش کێشەیان نییە و بەخوێن وڵاتیان دەپارێزن، وڵاتی کوردیش بە هی خۆیان دەزانن. دەڵێن نەک کەرکوک، هەولێر وسلێمانیش هی عەرەبە! کەچی هەندێ لە کوردەکەی خۆمان لە دوژمن سەرسەخترە بۆ کورد فریوی خواردوە بە زاراوە قەبەکانی ئەنتی ناسیونالیزم و لەو بالۆرە قۆڕانە!

ئەوانە نازانن هەڵوێستی ئەمریکا و خۆرئاوا لە کورد یەکەم لەبەر خاتری سەقامگیری و نەخشە پارێزی ئەو وڵاتانەیە کە دکتاتۆرە تورک و فارس و عەرەبەکان حوکمی دەکەن، دووەم لەبەر سووک ڕوانینیانە بۆ کوردە، کە وەک تفەنگێکی کرێ لێی دەڕوانن!

بۆیە من دڵنیام ئەگەر دەسەڵاتی کوردی نمونەی دیموکراسیەتیش بێت، و سەرۆکی کورد پێغەمبەرێکی دیموکراسیەت و شارستانیش با، هێشتا هیچی نەدەگۆڕی لەو هەڵوێستە خراپەی ئەمریکا و خۆرئاوا!

خۆزگە ئێمەی کوردیش وەک ئەو وڵاتە شۆڤێنی دینی و سیاسیانە هەباین، با دکتاتۆری وشۆڤێنیش باین بەس هەباین. ئەگەر دەوروبەرمان لە عەرەب و فارس و تورک هەن و شۆڤێنین، و لای حکومەتەکاتی خۆرئاوا ڕیزیشیان دەگیرێت، شەڕیشیان بۆ دەکەن، سەرەڕای ئەوە زۆربەیان داعشی سوونی و شیعین، وخوێنی گڵاوی هەزاران سەربازی ئەمریکی بە دەست و پلانەکانی ئەو شۆڤێنیانە ڕژاوە.

ئێمەی کوردیش لەوەتی هەین لەبەرەی خۆرئاوا دژی هێزە تیرۆرستەکانین،ئێستاش بە هەموو عەیبەکانەوە دەسەڵاتی کوردی لە هەموو دەسەڵاتەکانی ناوچەکە دوورترە لە شۆڤێنیەت، و چاکترە لە مامەڵەکردنی کەمەنەتەوەکان، کە خەریکە بڵێم وامان ناز هەڵگرتوون خەریکن سواری سەروگوێلاکمان دەبن.

هێشتا ئێمە دەکووتن بۆ ئەو دکتاتۆر و شۆڤێنیە دینی مەزهەبی و نەتەوەییانەی عەرەب و تورک! چاکتر بوو ئێمەش هەباین با شۆڤێنی و دیکتاتۆر و لایەنگری تیرۆرش باین. ئەو کات دەتانبینی چۆن ئەمریکا و خۆرئاوا ڕێزیان لێ دەگرتین.

شتێکیتر، سەرەڕای بوونی سەربەخۆیی و دکتاتۆریەت وشۆڤێنیەتی دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی هاوڵاتیانی تورک و عەرەب وفارس، هێندە وڵاتەکانی خۆیان خۆش دەوێت با ئەهریمەنیش حوکمیان بکات!

کوردە بۆرەی ئێمە لە ڕقی مەسعود بارزانی و پارتی خەریکە خیانەت کردنیشی لێ دەبێتە شۆڕشگێری، و خەریکە چەک هەڵدەگرن بۆ شۆڤێنیەتی عەرەبی و تورکی و فارسی! هیچ میللەتێکت دیوە عاقڵی وا کلۆڵ بێت لەناو دەریایەک شۆڤێنیست هەستی لە هاوڵاتیەکی دیموکراتیەکانی خۆرئاوایی ناسکتر و دیموکراتتر بێت؟!!!

٢٠١٧/٩/٢٤

# دیموکراسیەت

## لە نێوان براگەورە Big Brother وسایبەرسپێسدا Cyberspace

جۆرج ئۆرویل ( 1903 -1950) رۆمان نوس ورۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئینگلیز، کە هەردەم لە بەرەی هەژاران وژێردەستەکان بوە، وژیان ونوسینی تەرخان کردبوو لە پێناوی ئازادی تاک وگشتیەکان، ئازادی خەڵک هەردەم خەم ونیگەرانی ئۆرویل بوو، تا ڕادەی فۆبیا. ترسی جۆرج ئۆرویل لە زەوت کردنی ئازادییەکان دەگاتە چڵەپۆپەی بە دەرکردنی ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی بە ناوی (1984) کە لە بنەڕەتدا ناوی (دوا پیاو لە ئەوروپا) The Last Man in Europe بوو.

لەم ڕۆمانە جۆرج ئۆرویل باسی چارەنووسی خەڵک دەکات، لە ژێر سایەی حکومەت وحزبە شمولی وتۆتالیتاریەکان، کە لەلایەن دیکتاتۆرێکی ئولیگارشییەوە حوکم دەکرێت وخەڵک بە شێوەیەکی گشتی دەخرێنە ژێر چاودێریەکی توند وتیژی 24 سەعاتی، بە هۆی کامێرا وشاشەی گەورە بە ناوی (تیلیسکرین) Telescreen.

ئەو کۆمەڵگایە ترسناکە ناونابوو بە کۆمەڵگای (برا گەورە) Big Brother. کۆمەڵگای (برا گەورە) جۆرج ئۆرویل لەوەدا هاتوە، کاتێ شاشە وتێلیسکرینە گەورەکان بەبەردەوامی چاوەدێری ژیانی تایبەتی وگشتی خەڵکی دەکرد، ولەکاتی ڕودانی بچوکترین شت بە دڵی براگەورە نەبێت شاشەکان بە دەنگ دێن ودەڵێن: براگەورە ئاگادارتە ودەتبینێ: BIG BROTHER IS WATCHING !YOU

بێگومان تاڕادەیەک ئەو پێشبینیانەی جۆرج ئۆرویل هاتۆتە دی، کاتێ حکومەت وحزبە دەسەڵاتدارە تۆتالیتاریەکان، تەکنۆلۆژیا بەکار دەهێنن بۆ زیاتر چاوەدێری کردنی کۆمەڵگا وداپلۆساندنیان، هەتا جیهانی ئازاد ودیموکراسیش لەو دەردە بە دوور نین، ئەمڕۆ شار وشارۆچکەکانی ئەوروپا ملیۆنەها کامێرا چاودێری جوڵەی خەڵک دەکەن.

هەزاران فەرمانبەر کاریان تەنها چاودێری کردنی شاشەی ئەو کامێرانەیە، تەنها جیاوازیەک لە نێوان وڵاتانی دیموکراسی وتۆتالیتارەکان ئەوەیە کە وڵاتانی دیموکراسی لەبەر هۆی ئاسایش ئەو چاودێرییە وکامێرانە بەکار دەهێنن، لە چوارچێوەی یاسادا ولەبەر متمانەی خەڵک بەو سیستمە سیاسیانە ،خەڵکی دەستبەرداری کەمێک لە ئازادی خۆیان بوون لە پێناو ئاسایشی گشتی.

بەڵام لە وڵاتە تۆتالیتاریەکان بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ یاسایەک، خەڵک دەخرێتە ژێر چاودێری وهەموو ژیانی دەخرێتە مەترسیەوە، تا ڕادەی ئەوەی دەگاتە بڕیاری ڕەشەکوژیشی... ئەو ڕوانگەیەی ئۆرویل ئەگەرچی سەرتاسەریش نەهاتەدی، بەلام هیچ لە بلیمەتی ئەو کەمناکاتەوە .

چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایە بە شێوەیەک لە شێوەکانی پیادەکرا، لە وڵاتانی تۆتالیتاری پێشوو وەک یەکێتی سۆڤیەت ودیکتاتۆرەکانی رۆژهەڵات وچین وبۆرما وڤێتنام وتا دوایی.

بێگومان ئەوەی کە ئۆرویل بیری لێنەکردبۆوە، ئەوە بوو وەک والتەر ریستن سەرۆکی گروپی سیتیگروپ لە ساڵی 1997 وە نوسیویەتی :"لەجیاتی پیادەبوونی تێڕوانینی جۆرج ئۆرویل لەبارەی چاوەدێری کردنی براگەورە بۆ هاوڵاتیان، زانست و تەکنۆلۆژیا هاوڵاتی دەکاتە چاودێر بەسەر براگەورەدا" ئەمڕۆ هاوڵاتی دەتوانن وەک براگەورەی پێشو بڵێن: هاوڵاتی ئاگادارتە ودەتبینێ: CITIZEN IS WATCHING YOU

ئەمڕۆ شۆڕشی سایبەرسپەیس Cyberspace(واتە فەزای ئەلیکترۆنی) لە هۆکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن وئینتەرنێت و فەیس بوک وتویتەر، توانیان تا ڕادەیەکی زۆر گرەو لە براگەورە وەرگرنەوە، لە چاوەدیری کردن وژماردنی هەناسەکانی خەڵک وخورپەی دڵەکانیان.

کاریگەری ئەو تەکنۆلۆژیا نوێیە یەکەم جار لە فیلیپین دەستی پێکرد لە ساڵی 2001 کە لە ڕێگای تێکستی مێسەجەوە توانیان خۆپیشاندانێکی ملیۆنی ڕێک خەن، وسەرۆکی وڵات جۆزین ئیسترادا لە شوێنەکەی لادەن، ئینجا لە لوبنان هەر بە هۆی تێکستی مێسەجەوە لە 2005 توانیان سوریا ناچار بکەن بە کشانەوەی داگیرکاری خۆی لە لوبنان.

نموونەی تر زۆرن لە ماینمار وزیمبابۆی وکۆلۆمبیا، وڕوداوەکانی ئێران کە خەڵک بە مۆبایل وئینتەرنێت توانیان قەبارەی نارەزاییەکانیان نیشانی جیهانی دەرەوە بدەن، تا گەیشتە شۆڕشەکانی فەیسبوک وتویتەر لە تونس ومیسر ویەمەن ولیبیا وسوریا، کە پێدەچێت تیۆری براگەورە بەتەواوی بەرەو نەمان بەرێت.

ئەو حزب ودەسەڵاتانەی کە جاروبار، لە ژێر پەردەی دیموکراسیەتیشدا، دەیانەوێت حەز وویستە براگەورەییەکانیان بسەپێنن بەسەر خەڵک، لە ڕێگای قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ حزبێک یان بنەماڵەیەک یان لەڕێگای بەدبەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا ، لە چاوەدێریکردنی خەڵک دەبێت چاک بزانن ئەمڕۆ شۆڕشی سایبەرسپەیس چەکێکی زۆر قورستری لەوەی براگەورەی بەخشیوەتەوە دەستی جەماوەر وهاوڵاتیان، بۆیە پێویستە براگەورە لە عەقڵیەتی خۆی بگۆڕێت وتەوازوع بنوێنێت بەرلەوەی بکەوێتە ژێر ڕەوڕەوەی شۆڕشی سایبەرسپەیس Cyberspace.

Sunday, 08.07.2011

# گەندەڵان ناتوانن هەست بە ئازاری هەژاران بکەن!

لە سەرەتای شەستەکان، ئەمریکا بڕیاری دا دانوستان بکات لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ڤێتنام، و داوای لێکردن وەفدێک بنێرن بۆ پاریس بۆ گفتوگۆ دەربارەی وەستانی جەنگ پاش لێکەوتتی زیانێکی گەورە بە سوپای ئەمریکا.

شۆڕشگێڕانی ڤێتنام وەفدێکی چوار کەسیان نارد، کە پێک هاتبوو لە دوو ژن و دوو پیاو، موخابەراتی ئەمریکی چاکترین هوتێلی ئامادە کردبوو، بۆ مانەوەی وەفدی ڤێتنامی و هەموو هۆکارێکی حەسانەوەی بۆ دابین کردبوون. کاتێ وەفدی ڤێتنام گەیشتنە فڕۆکەخانەی پاریس، چەندین ئۆتۆمبیلی گرانبەها لە چاوەڕوانیان بوون بۆ ئەوەی بیانبەن بۆ هوتێلە گرانبەهاکە، بەڵام وەفدی ڤێتنامی ڕازی نەبوو سواری ئۆتۆمبیلەکان بن و بچنە ئەو هوتێلەی بۆیان ئامادەکرابوو!
داوایان کرد لێیان گەڕێن بە ئازادی خۆیان بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کە دەیانەوێت تێیدا بمێننەوە، و ئەوان لە کاتی دیاریکراودا ئامادەی کۆبوونەوەی دانوستانەکان دەبن.

وەفدی ئەمریکی پێیان سەیر بوو و لە سەرۆکی وەفدی ڤێتنامیان پرسی: لە کوێ دەمێننەوە؟
گووتی لای قوتابیەکی ڤێتنامی کە لە دەوروبەری پاریس دەژیت !
ئەمریکییەکە بە سەرسوڕمانەوە گووتی: ئێمە مانەوەیەکی پڕ لە حەسانەوەمان بۆ ئامادە کردوون لە ڕاقیترین هوتێل بۆ قبوڵی ناکەن؟!

ڤێتنامیەکە وەڵامی دایەوە: ئێمە لە جەنگمان لە دژی ئێوە لە چیاکان دەماینەوە، و لەسەر بەردا دەخەوتین و گیامان دەخوارد، دەترسێین ئەگەر ئەو وەزعەمان بگۆڕێت خۆشگوزەرانی ئەو ماوەیە ببێتە هۆی گۆڕانی ویژدانمان، بۆیە لێمان گەڕێن !

هەر بەڕاستی وەفدە ڤێتنامیەکە چوونە لای قوتابیە ڤێتنامیەکە مانەوە، و دانوستانیان دەستپێکرد کە بووە هۆی کێشانەوەی سوپای داگیرکەری ئەمریکی لە هەموو خاکی ڤێتنام.

ئەستەمە بۆ ئەوانەی هەر خەریکی هۆڵیدەی و سەفەرن بۆ پاریس و لەندەن و واشنتن، و لە ڕاقیترین هوتێل دەمێننەوە و بە فڕۆکەی تایبەت گەشتەکانیان دەکەن شەڕی گەندەڵی بکەن یان خەمخۆری ئازاری هاوڵاتیەکان بن!

23/11/2017

# لە دیموكرات پەست بووم و ئێستا بۆیان پەستم!

زۆر نیگەران بووم بەو كردە تیرۆرستەی جمهوریەتی سێدارەی شیعەستانی ئێران كە لەدژی بارەگایەكی حزبی دیموكرات ئەنجامی دا لە كۆیە!
ئەوەیە ئەنجامی دانیشتن لە بارەگاكان و نە چوون بۆ ناو گۆڕەپانی هەقیقی ڕۆژهەڵات!
لە جیاتی دیموكرات بپەڕێتەوە بۆ چالاكی كردن لە دژی ڕژێم، ڕژێم سەرەڕای دانیشتنیان لە مەقەڕەكان بۆ كوشتنیان دەپەڕنەوە!

سەركردەكانیان وەك سەركردەكانی باشوور تا بن پیلان گەندەڵ بوون!
باوەرت بێت دیموكرات هێندە خۆیان سوك كردوە پیاو حەزناكات لەو ساتانەش قسەیەكیان لەسەر بكات، چ جای قسەكیان بۆ بكات!

ڕژێمێكی وەك ئێران هەموو دنیای خۆرئاوا و ئەمریكا دوژمنیەتی، سەرەڕای وڵاتانی ناوچەكە، هێشتا دیموكرات و كوردانی ئێران یەك لە سەدا سوودیان لەو واقیعە وەرنەگرتووە، و بە ئاشكرا بوونەتە پاشكۆ و گەندەخۆری حزبە مافیاكانی دەسەڵاتی كوردی، دانیشتوونە لە مەقەرەكان بە بێ كار!

باوەڕتان بێت میللەتێكی تر با، ئێستا ئەو وڵاتەی بە گیر هێنابوو، بەو هەموو دوژمنە بەهێزانەوە!

21/12/16

# دیموکراسیەتی زیاتر: چاکترین وەڵامە بۆ ڕەخنەکان

بەو دواییە زنجیرەیەک وتاری ئەمریکی وبەریتانی پڕ ڕەخنە، لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان وسەرکردایەتی کورد دا بڵاوکرایەوە، کە خەڵک وڕۆژنامەگەری کوردستانی سەرتاسەر وروژاند. ئەمجارەیان بە پێچەوانەی عادەت سەرکردایەتی کوردیشی خستە جوڵە تاڕادەیەک!

چونکە سەرکردایەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی، پارێزبەند و موحەسەنە لە دژی ڕەخنە یان خۆیان پێ لە ڕەخنە گەورەترە، هەرچەندە لەوەدەچێ تۆزێک گرنگی بدەن بە ڕەخنەی دەرەکی. بێگومان ئەوەش بە پێچەوانەی چاوەڕوانکراوە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی خۆیان بە دیموکرات دەزانن، زیاتر لە ڕەخنەی ناوەکی دەترسن تا دەرەکی.

چاکترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو مەسلەکە لە کۆنفراسەکانی بەڕێز سەرۆکی عێراق مام جەلال دەردەکەوێت، وەک لە ڕۆژی ئیمزاکردنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حزبی ئیسلامی دا، مام جەلال بەو پەڕی ڕەفتار زبریەوە مامەڵەی لەگەڵ ڕۆژنامەگەری ومیدیای کوردی دەکرد بە بەراورد لەگەڵ بیانیەکان، بە بیانووی ئەوەی ئەوان (سەرکردە سیاسیەکان) لە بەر دەستی میدیای کوردین، بۆیە دەبوایە تەنها عەرەب وبێگانەکان پرسیار بکەن!

چەندین ساڵەڕۆشنبیری کورد وڕۆژنامەگەری کوردی هەمان ئەو ڕەخنانەیان وتوە ونوسیوە دەرهەق بە هەموو دیاردە نێگەتیڤەکانی وەک: گەندەڵی، ونا عەدالەتی، وپایەدار کردنی فایلدار وخۆفرۆشەکان، وزیندانی کردنی نایاسایی، ونەبوونی بودجەیەکی دیار وئاشکرا، وخزمایەتی، وبەرتیل، ونەبوونی خزمەتگوزاری پێویست، ما قوڵ نیە هەرێمێکی وەک کوردستان بودجەکەی بەقەد ئوردن بێت کەچی تا ئەمڕۆش خزمەتگوزاریەکان لەو ئاستە بن.

ئەوە بۆ 16 ساڵ دێت کارەبا وئاو لە حوکمی نەبوندان، کەچی کەرتی غەزەی فەلەستینی بۆ چەند رۆژێک بەرگەی بێ کارەباییان نەگرت، وبەو شێوەیە کە لە میدیاکان دیتمان تەقینەوە، کەچی حکومەتەکەی ئێمە ئەوە چەندین نەوە پێ بگەیەنێت لەناو تاریکیدا!! لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەش هێشتا حکومەت مێشێکی لێ میوان نەبوە. وەک بڵێی خۆیان کوتا بێت لە دژی ڕەخنە، بە تایبەتی ڕەخنەی ناوەخۆ!!

وتارەکانی مایکل روبین و کەیت کلارک تەنها چەند زانیاریەکی لەو ڕەخنانەی نێوەندی ڕۆژنامەگەری ورۆشنبیری کوردی زیاتر بوو، ولەوانەشە بڵێین زمانەکەشی زبرتر بوو، چونکە لە ڕاستیدا ئەوان بە مەبەستی چاکسازی نەیان نوسیبوو، بەڵکو بۆنی ڕێگا

خۆشکردنی وەرچەرخانی سیاسەتی ئەمریکای دەرهەق بە کورد لێ دێت. بێگومان ئەو ڕاستیەش لە نرخی ڕەخنەکان کەمناکاتەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ڕاستی دوور نەبوون.

وادیارە ئەمریکا لە ژێر فشاری دوژمنی پلە یەکی خەونەکانی کورد، کە تورکیایە وولاتە عەرەبیەکان لە سەروی هەمویانەوە میسری ناموبارەک وتاڕادەیەکیش سعودیە، وئینجا باڵی عەرەبی لە دەسەڵاتداریەتی عێراق و لە هەمووی سەیرتریش لۆبی ئیسرائیلی!

دەیەوێت پاشەکشە بکات لە پاڵپشتیکردنی کورد، هەرچەندە هیچ ڕێکەوتنێکی نوسراویش ئەمریکا پابەند ناکات بە یارمەتیدانی کورد، کە ئەوەش هەڵەیەکی گەورەی سەرکردایەتی کوردە کە بەو شێوە عەشایەریە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەمریکا دا بکات.

سەردەمەکە سەردەمی کیسنجەر وشا وسەدام نیە تا ئاشبەتاڵێکی تر بخولقێنن، پێویستە دەسەڵاتدارێتی کوردستان بە چاکسازیەکی دیموکراسی بەرفراوان ، وخۆ نزیک کردنەوەی لە گەل، وبنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی لە لوتکەوە وەڵامیان بداتەوە، نەک بە دەعوا تۆمار کردن ومەحکەمە.

چونکە ئەو مەسەلەیەکی دۆڕاوە ئەگەر بچێتە دادگا، ئێمە چاوەڕێ ناکەین ببن بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، بەڵام ماقوڵیش نیە ببنە قاڕوون، چونکە هەر دەسەڵاتێک، گەل پشتیوانی بوو بە دڵ وبە گیان، ئەوە نەک ئەمریکا وتورکیا وکێ و کێ، بەڵکو هەموو جیهان ناتوانن وا بە ئاسانی بەسەریان تێپەڕن.

ئەگەر ئەمریکا بزانێت گەلی کوردستان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردن، هەرگیز ناتوانێت بەو سوکایەتییە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەن!

بەڕاستی تا سەرکردایەتی کورد بەو جۆرە خەڵکەکە لە خۆی نائومێد بکات، ناتوانێت پاڵپشتیان مسۆگەر بکات لە هەر هەل ومەرجێکی هەستیار بێتە پێشەوە، بۆیە ئەو سەرکردایەتیە هەست بە گرێی بستە باڵایی دەکات بەرامبەر فشارەکانی ئەمریکا وکەسانی تر، کێشانی خەڵکیش بەلای سەرکردایەتی کورد پێویستی بە بڕێکی زۆر لە دیموکراسی دامەزراوی ودادپەروەری ویەکسانی وگەلێک شتی تر هەیە.

٢٠٠٨/١/٢٦

# بەرزترین تاوەر ونزمترین سیستمی دادپەروەری

ڕاستە کەسانێکی نەخۆش هەن چاویان بە هیچ کارێکی چاک هەڵنایە، وحەز ناکەن کەس پێشیان کەوێت لە هیچ بوارێکدا، ئەوەش زۆر لە وتاری نوسەر وسیاسەتمەدارانی عەرەبە نائیماراتیەکان بەدەردەکەوێت، هەتا کە باسی قەیرانی دراوی ئیمارات کرا بەو دواییانە، کەسانێکی زۆر بە ڕاشکاوی پێخۆش بوونی خۆیان دەربڕی، و ئاواتەخواز بوون ئیمارات بگەڕێتەوە بۆ بیابانێکی وشک وبێ بایەخ!!

بەڵام من  یەکێکم لەوانەی زۆر سەرسامم بە پێشکەوتنی ئیمارات لە زۆر بواردا، وهیوادەخوازم ڕۆژێک کوردستان بگاتە ئەو ئاستەی ئیمارات، وەک چۆن سەرانی کورد موژدە بە ئیماراتکردنی کوردستانمان پێدەدەن.

ئەوەی لە ئیمارات ڕوودەدات لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری وتەکنۆلۆژی جێگای ڕیز وسەرسامییە، بەودوایە لە 2010/1/4 هەر لەو ئیماراتە بەرزترین ساختمانی هەوربڕی جیهان کرایەوە کە درێژیەکەی لە 800 مەتر زیاترە، ووابزانم هەموو دونیا سەرسام بوون بەو شاکارەی ئیمارات. بەڵام هەر پێشکەوتنێک بەبێ لایەنی ڕوحی وویژدانی دەبێت چی لێبکەوێتەوە؟! تەنها یەک سات بڕوانە ئەو کەسانەی کە تەنها پارەیان هەیە ودەتوانن بینا وخانووی وا دروست بکەن، خەڵکی هەمووی پێ سەرسام بێت، کاتێک هەڵسوکەوتی سەرەتاییانەیان دەبینیت ئەو کاتە دەزانیت چەندە پێویستیان بەلایەنە مرۆڤایەتیەکە هەیە.

بۆ نموونە کوێتیەکان کە سەروەت وسامان وداهاتی ساڵانەیان لەوانەیە بەشی بەخێوکرنی وڵاتێکی 50 ملیۆنی کەسی بکات، بەڵام ڕوحیەتی ئەنانیە وچاوتەنگی وایان لێدەکات کە خۆیان دوو ملیۆن نابن وڕەگەزنامەی کوێتی نەدەنە زیاتر  لە 200 هەزار کەس لەوانەی باوک وباپیریشیان لە کوێت لە دایک بوە کە پێیان دەڵێن (البدون) (بێ ڕەگەزنامە)!!

ئەگەر ئیمارات بەرزترین تاوەری لە جیهان هەبێت ئەوە بێگومان نزمترین سیستمی دادپەروەریشی هەیە،  وەک هەر وڵاتێکی تری عەرەبی وڕۆژهەڵاتی، چۆن؟! پێش ماوەیەک لەسەر ئینتەرنێت ویوتیوب ڤیدیۆیەکی ئەشکەنجەدانی شێخ (عیسی بن زاید ال نهیان) ی برای سەرۆکی ئیمارات بڵاوبۆیەوە، کە تێیدا ئەشکەنجەی پیاوێکی ئەفغانی دەدات، بە دڕندایەتیەکی بێ وێنە وەک لێدان بە داری سەربە بزمار، وخۆڵ لە دەم کردن، وڕاکێشان بە دوای ئۆتۆمبیل، وسوتاندنی ئەندامی زاوزێ، پاش بریندارکردن خوێ کردنە برینەکان ولێدانی بە ئۆتۆمبیل ،وچەندین کاری دڕندانەتر کە ئەو مرۆڤە سادیزمە دەیکات!

دڵمان خۆش بوو کە گوتیان شێخ عیسی دەستگیرکراوە ودادگایی دەکرێت، وگوتمان دیارە ئیمارات لە بواری ڕیزگرتنی یاساییش پێشکەوتوە، بەڵام هێندەی نەبرد دادگای جینایەتەکانی العین شێخی سادیزمی بەرائەت کرد، گوایە حەزرەتی شێخ تەخدیر کراوە ولە کاتی ئەشکەنجە دانەکە ئاگای لە خۆی نەبوە!!

دادگای کارتۆنی لە جیاتی سزادانی شێخ عیسی بە پێنج ساڵ حوکمی زیندانی بڕیەوە بۆ بسام وغسان مستەفا النابلسی (ئەوانەی کاسێتی ڤیدیۆکەیان بڵاوکردەوە) بە تۆمەتی پیلان دانان لە دژی شێخ!! هەروەها دادگای ناوبراو لە تێکستی حوکمەکەیدا دەڵێت ئەو دەرمانانەی دراوە بە شێخ مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی دوژمنکارانە وڤیدیۆکەش دەسکاری کراوە!!

لەوەش سەیرتر تەنها بە دە هەزار درهەمی ئیماراتی قەرەبووی کابرای ئەفغانی، ئەگەر ئەو پیاوە ئەوروپی بوایە بە دە ملیۆنیش ڕازی نەدەبو بەڵام مرۆڤی جیهانی ئیسلام ورۆژهەڵات بە گشتی خۆی زۆر پێ هەرزان وڕەخیسە! لەوانەشە ئەو قوربانییە دەستبەسەر بێت لە ئیمارات ونەهێڵن دەرچێت لە ئیمارات.

بەڵام خۆشیەکەی دادگا وسیستمی دادپەروەری ئیماراتی، وخۆشی شێخ عیسی وشێخەکانی تر هەتا سەر نەبوو وفشۆڵی دادگای ئیماراتیش زیاتر بەدیارکەوت، کاتێک ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر)ی بەریتانی لەسەر زاری پارێزەری ئەوکەسەی کە دەڵێن دزەی بە ڤیدیۆکە کردوە بۆ ئینتەرنێت، وتی ئێمە کاسێتی 25 بیست وپێنج ئاهەنگی تری ئەشکەنجەدامان پێیە هەمان شێخ عیسای سادیزم پێی هەڵساوە!!

کەوابوو ئێمە لەبەردەم حاڵتێکی سادیزمی گشتگیر داین نەک پیلانی دەرمان خواردن، دەبا هەموو کەس لە حاکم ومەحکومەکان بزانن ئەگەر لە نیۆرۆک ولەندەن زیاتر شارەکانیان پڕ لە ساختمان کەن، وهاوتەریبی ئەوە وەک ئەوانیش یاسا بەرقەرار نەبوو وڕیزی لێنەگیرا وبە یەکسانی بۆ هەموو کەسێک وەک یەک نەبوو ئەوە پولێکی قەڵپ نا هێنێ.

لە کوردستانیش بازاڕ ومۆڵ وسوپەرمارکێت وهوتێلی گەورە ومەزنی تێدا دروستکراوە ومایەی دەست خۆشییە، بەڵام هیوادارین ئەگەر کوردستان نەگاتە ئیماراتیش لە ڕووی ئاوەدانیەوە، با لە سیستمی دادپەروەری وڕیزی یاساگرتن نمونەیەکی چاک بخرێتە بەرچاوی گەلانی ناوچەکە، چیتر خەڵک بێ دادگایی کردن بەند نەکرێت، هیچی تر لە ڕۆژنامەنوسان نەدرێت، وتیرۆر نەکرێن، هیچی تر لیژنەی بەدواداچوونی بێ ئەنجام دروست نەکرێت کە تا ئێستا تاوانبارێکی نەدۆزیتەوە لە هیچ تاوانێک.

23/1/2010

# نرخی مرۆڤەکان ٥٠٠ سەد دۆلارە و نرخی حوشترەکان بە ملیۆنەها دۆلارن!!!

ئەمشەو گەشتێك دەکەین بۆ میرنشینی عەرەبی یەکگرتوو، میللەتێکی بچووکی کەنداوی فارسین، ودیارترین وڵاتی عەرەبیە لە رووی ئامێزکردنەوەی بۆ بەها خۆرئاواییەکان، وسەرمایەداری ، بەڵام شوێنی کڕین وکۆیلەکردن وبەکارهێنانی مرۆڤیشە!

لە ڤیدیۆی هاوپێچدا بیژەرەکە وا دەست پێدەکات لە باسکردنی کارەساتی جەرگبڕی ئەو منداڵە بەنگلادیشی وپاکستانیانەی، کە وەک کۆیلە دەکرێن یان دەرفرێنرێن لە خێزانەکانیان لە تەمەنی ٣ و ٤ ساڵیدا، بەڵکو منداڵێکی ٢ ساڵیش لە ڤیدیۆکە دەردەکەوێت، کە هەتا قسەکردن نازانێت، ولە ترسان چوەتە ژێر تەختەی خەوەکە! ئەو مناڵانە بە ٥٠٠ دۆلار دەیانکڕن، وبە قاچاغ دەیانبەن بۆ ئیمارات وئەو شێخانەی ئیمارات بۆ خۆشی خۆیان بەکاریان دێنن لە پێشبڕکیی حوشتردا!

ئەو منداڵە بچوکانەی تەمەنی باخچەی منداڵان، بە درندەترین شێوە بە کۆیلە دەکەن دوور لە نازی دایک وباوکیان، لەگەڵ بەرەبەیاندا لە خەویان هەڵدەستێنن وقورسترین مەشقیان پێدەکەن، وکە زۆرجار دەبێتە هۆی مردنی منداڵەکان، لەبەر بچوکی تەمەنیان و خێرایی حوشترەکان، سەرەڕای دارکاری کردنیان لەلایەن ڕاهێنەرەکانیان ئەگەر لەخەو هەڵنەستان. تەسەورکە منداڵت چوار ساڵی بێت یان بجوکتر بۆ مەشقی وشتر بە لێدان لە خەو هەلیستێنن! خودایە ئەو عەرەبەت لە چ مەعدەنێك دروستکردوە؟!

ڕاهێنەرەکان سەرەڕای دارکاریش، تەعەدای سێکسیش لەو منداڵانە دەکەن، وەك لە فیلمەکە دەردەکەوێت وکارمەندە بەنگلادیشیەکەی کەلاوە سەحراویەکەی منداڵەکان وادەڵێن! تەسەور کە هەر ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی خوێندمەوە کە ئەو شێخە حوشتر سیفەتانەی ئیمارات گەورەتری مۆڵی جیهان لە ئیمارات دەکەنەوە، لەسەر ڕوبەری ٧٤٣٠٠٠ مەتر چوارگۆشە کە پارکیکی گەورەو ١٠٠ هۆتێل بە بیست هەزار ژورەوە وهەزااران شۆپ وسوپەر مارکت وڕێستورانت وهتد.

وەك بەر لە چەند ڕۆژێك لە پۆستێکی دیکە لەسەر فەزیحەکی تری قەتەریەکان لە کۆیلە کردنی ئافرەتە مێواندارەکانی سەر هێڵی ئاسمانی قەتەری نوسیبووم: "گاڵتەم دێت بە ئاوەدانی چیمەنتۆ وبینایات بەبێ ئاوەدانی عەقڵ ومێشك، خەڵکێکی زۆر ئەوەی بە توێکڵ فریودەخۆن، زۆر سەرسامی دەردەبڕن بەرامبەر قوللە بەرزەکانی ئیمارات وقەتەر و دورگە جوانەکان و فڕگە پانەکان و بازاڕ ومۆڵە قەبەکان !بەڵام من دەزانم لە ڕووی مرۆییەوە لە اسفل السافلینن " !!

بەڵی ئەو شیوخانەی ئیمارات لەو بە هەشتە دەژین، کەچی بە مەسافەیەکی کەمەوە لە کۆشکەکانیان، ئەو منداڵانە لەو سەحرایە وشکە کامپێکی پەڕپوتیان بۆ کردونەتەوە، وەك دەڵێیت لە کامپی دیل وگرتیان دەچێت، لەسەر خۆل دەخەون وتەنها چەند پسکتێکیان دەدەنی تا قەڵەو نەبن وحوشترەکانیان چاك ڕاکەن، ولەژێر پلەی ٤٤ گەرمادا مەشقیان پیدەکەن، ولییان دەدەن و هیچیشیان نادەنێ!

نە جلوبەرگێکی لایق، و نە خواردنیکی مرۆڤانە، ونە چاودێریەکی دایکانەی چەند ئافرەتێك، ونە پاراستن لە دەستدریژی ونە شوێنی خەوتن وپێخەفێکی مرۆیی، نە هەتا ژورێکی وەك ژووری حوشترەکان! هەموو کارە ڤێزەونەکانیشیان پێدەکەن لە پاککردنەوەی پاشەڕۆی حوشترەکانەوە تا کۆکردنەوەی پاشەڕۆیان!

ئەو هەموو کارەساتە دەکرێت لە ژێر چاودێری شێخ محمد بن ڕاشد ال مکتوم، کە لە میدیای ئیمارات وەك فریشتەیەکی خێرخواز دەردەکەوێت، بۆ منداڵی خۆشگوزەرانی عەرەب لەسەر زەوی دادەنیشێت گوایە زۆر بێ فیزە، کەچی منداڵی هەژاری بەنگلادیش وپاکستان وەک کۆیلە وخراپتر لە کۆیلەش دەچەوسێننەوە!

ئەگەر ئەوە ڕەفتاری شێخە عەرەبە نامرۆڤەکانی ئیمارات بێت، لەگەڵ منداڵی چوار ساڵی وبچوکتر، لە سەردەمێك بە هیچ پێوەرێك کۆیلایەتی بۆ مرۆڤ مایەی قبوڵ نیە، ومرۆڤایەتی لەسەر هەموو ئاستێکی یاسایی وسیاسی ومیدیایی وئەکادیمی وڕای گشتی ومیزاجی سەردەم وهتد، دژی کۆیلایەتی بن، ئەی دەبێت ئەو عەرەبانە لە ئەفرقیا چیان کردبێت، بەرامبەر مرۆڤی پێست ڕەش، لە سەردەمانیك کە کۆیلایەتی شتێکی ئاسایی بوو لە هەموو جیهان، نە یاسا ونە ڕەوشت و نە دابونەرێت ونە ئاییینەکانیش دژی نەبوون، هەتا ئاییینی ئیسلامیش ببوە چەکیك بۆ کۆیلەکردن، نەک بەرتەسک کردنەوەیی وقەدەغەکردنی بەپێی ئامانجە دوورەکانی قورئان .

ئەوەش لینکی ڤیدیۆکەیە:
https://www.facebook.com/photo.php?v=10152017821716938&set=vb.678651937&type=2&theater

٢٠١٤/٧/٧

| پێڕستی بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 3-15 |
| بەشی یەکەم: گەندەڵی سیاسی و حزبی لە لوتکەوە | 19-65 |
| مافیا ودەوڵەت | 19-20 |
| سەرۆکی بەڕێز لەبەر ئەو هۆیانە هەستی ئینتیمای نەتەومیی لاواز بووە | 21 |
| خەڵك لەچ وەزعێك دایە پارتیش هەر باسی سەربەخۆیی دەکەن! | 25 |
| وەفیق سامەرایی: موستەشارە سپۆرتەکەی سەیدولرەئیس | 27 |
| نێچیرڤان بارزانی: کابینەی بەهاری کوردی و لەشکری ماستاوچیان! | 30 |
| سەرەڕای دوژمنایەتی ئەردۆگان نێچیرڤان سواڵی بینینی دەکات!!! | 34 |
| دیاردەی تەها محی الدین معروف | 35 |
| سەرۆکمان زێڕە! | 37 |
| چی ئەبوو ئەگەر مالیکی جێگای متمانەی کورد با؟! | 38 |
| خۆ لی کوان یووی دامەزرێنەری سەنگافورە دکتاتۆریش بوو | 41 |
| نێچیر نەوتی نییە بۆ ناوەوە لەبەر دەرەوە!! | 43 |
| پەیمانی سەرۆکەکانی ئێمە بۆ گەل، وپەیمانی خدێوی فوئاد بۆ خزمەتکاری خۆی! | 45 |
| پێشمەرگە لە نیوان بێ وەفایی دەسەلات و گاڵتەجاری ناحەزانی کورد! | 46 |
| لە شاخ یەکێتی، لە شار پارتی کەڵەگا! | 48 |
| ئەبو عەنتەر و دەسەڵاتی کوردی | 49 |
| قەتەر و دەسەڵاتی مافیای باشوری | 52 |
| ڕەخنەش ماندووەو ئیبن خەلدونیش حەپەساوە لە گەندەڵان! | 53 |
| فەزیحەکانی دەسەڵاتی فەلەستین و دەسەڵاتی کوردی | 55 |
| نەوت ودیکتاتۆریەت وسەربەخۆیی | 57 |
| پرۆژە یاسای نیشتەجێکردن بۆ پێشمەرگەی بێ خانوو | 59 |
| سەرانی پارتی بەو ڕەفتارە توندوتیژانەتان گۆڕێکی گەورە بۆ خۆتان هەڵدەکەنن! | 62 |
| پارتی لە دەوڵەتەوە بۆ دوو لەت! | 63 |
| دەبا ئێوەش تەوافوقی بن! | 64 |
| دووەم: گەندەڵی ئابووری | 66-91 |
| گەندەڵی بەریتانیا وکوردستان<br>لە نێوان داوای لێبوردنی ئەوان وداوای بەڵگەی ئەوانی ئێمە! | 68 |
| لە گەندەڵی سەردەمی شێخ مەحمودەوە بۆ گەندەڵی سەردەمی بارزانی! | 70 |

| | |
|---|---|
| بودجەی فەزیحە بەرەکات | 72 |
| خەمی ساڵانەی قەسابخانەکەی بودجە! | 74 |
| ئاشتی هەورامی کوردستان لە بازاڕی نەخاسە هەڕاج دەکات! | 78 |
| گەندەڵی انعمت علیهم و گەندەڵی مغضوب علیهم! | 80 |
| سواڵی مەڵتی ملیاردێرەکان | 82 |
| دڵمانیش خۆشە گەیشتینە ڕێکەوتن! | 84 |
| کە دز دەبێتە ماڵخۆ | 86 |
| خۆزگە ئەو دەسەڵاتە لە جیاتی ڕیفراندۆم چیرۆکی دانە غازی پێ دەگووتین! | 88 |
| خەڵك برسی کەن باش دەیچێننەوە! | 90 |
| **بەشی سێیەم: گەندەڵی و هەڵبژاردن** | 92-127 |
| پێشنیاری چارەسەرێك بۆ قەیرانی هەڵبژاردن لە جیهانی سێیەم دا | 94 |
| ئێران ومۆریتانیا ئاوت! هەڵبژاردنی کوردستان چۆن دەبێت؟! | 96 |
| ئەنجامە پێشوەختییەکانی هەڵبژاردن!! | 99 |
| ئینشاڵڵا هەموو رۆژێکتان پێش هەڵبژاردن بێت! | 101 |
| هەڵمەتی هەڵبژاردن:چەند بابەتێك | 103 |
| لیستی داخراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ شاردنەوەی ناشیاوەکانە! | 106 |
| ساختەکاری هەڵبژاردن لە نێوان ڕاستی وسەرەڕۆیدا | 108 |
| هەڵبژاردنی ئێران و وانەیەك بۆ کوردستان | 111 |
| کورد وهەڵێکی زێڕینی دوای هەڵبژاردنی ئێران | 113 |
| ئەلیسا وبانگەشەی ئیرۆتیکی بۆ لیستی هاوپەیمانی! | 115 |
| لیستی یەکگرتوو لە هەولێر | 117 |
| هەڵبژێرە لەنێوان سێکیولاریکی گەندەڵ یان داعشێکی دەست پاك | 119 |
| لەبەر بێ مەرجەعیەت لەو هەڵبژاردنە دۆڕاوی هەرە گەورە کورد بوو! | 120 |
| دەنگ مەدەنە ئەوانەی لە بەغدا کوردیان هەڕاج دەکرد! هەڵوێستی سارتەر لە | 122 |
| دەنگ بدە بەو مواسەفاتە ئەگەر هەبوو!!! | 124 |
| چۆن دەزانی هەڵبژاردن وپەرلەمان لای حزبەکان فشەیە! | 125 |
| مەهاتیر لە ٩٢ ساڵی دەگەڕێتەوە ناو سیاسەت بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی گەندەڵ! | 127 |
| **بەشی چوارەم: گەندەڵی و خەڵك** | 128-142 |
| ئەو گەندەڵستانە خەتای دەسەڵاتە یان گەل؟! | 130 |
| میللەتێکی بێ جورئەتە بە دەستی خۆی نییە! | 134 |
| جەماوەر خەسێنراوە چاوەڕوانی هیچی لێمەکەن!! | 135 |

| | |
|---|---|
| کەمپینێك بۆ ڕیسواکردنی ئەو دکتۆرانەی وەك مەڕوماڵات نەخۆش دەبەنە ژورەوە | 137 |
| سەلماندمان شایەنی خۆبەڕێوەبردن نین! | 139 |
| خانەنشینی و خەساندن | 140 |
| سیستمی تەندروستی لە ئاستی سواڵ و کەرامەت! | 142 |
| **بەشی پێنجەم: گەندەڵی و کلتور وهونەر و میدیا** | **144-192** |
| باجی نووسین سەربەخۆیانە ! | 146 |
| بە تورك کردنی خۆبەخشانە: سەرسامی کچ و کوڕی کورد بە تورك! | 148 |
| ئاوێنە کەمترین ئەتەکێت و ڕەوشتی ڕۆژنامەگەری تێدا نییە! | 150 |
| ناپرۆفێشناڵی NRT و چەواشەکاریەکانی | 151 |
| وەزیری رۆشنبیری وەڵامی ئەو ڕاپۆرتە بدەوە یان دەست لەکار بکێشەرەوە | 152 |
| وەسیەتەکەی شێرکۆ بێکەس مانای چیە؟ | 155 |
| ئەفسانە دەنگی زیاد ئەسعەد لە نێوان شێرکۆ بێکەس و عەدنان کەریم دا! | 157 |
| هەر ئەوەی بە پەشێو کرا سوکایەتی نەبوو! کوردستان یەك پارچە سووکایەتییە | 159 |
| پەشێو و وشەی گەندەڵی! | 161 |
| مژدێن و ئەزموونی کوردی چاکترین ئەزموونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست | 162 |
| تێڕوانینێك لە هونەری هەڵکەوت زاهیر دا | 164 |
| بەدبەختییە مێبازێکی وەك هەڵکەوت زاهیر بەرگریت لێ بکات! | 169 |
| هاتنی دکتۆر هۆرجۆن بۆنەیەکی جەماوەریە یان بۆنەی خواوەندەکانی گەندەڵیە؟ | 171 |
| بەختیار عەلی:کاتێ ترسنۆك باسی مێژووی ترسنۆکەکان دەکات | 173 |
| فەرهاد پیرباڵ : بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی | 176 |
| مەلا عەلی و فەرهاد پیرباڵ: مەرگی ڕۆشنبیر و ژیانی جەهل و خورافەت! | 178 |
| دیسان بۆ فەرهاد هاتمەوە گۆ! | 180 |
| پاڵەوانیەتی جیهانی VIVA تەقلیدێکی بێ ئەرزشی چینیە بۆ FIFA | 182 |
| هەڤاڵ ئەبوبەکر هەڵوێست و شیعرەکانی زەمەنی بەعس! | 187 |
| هەڤاڵ ئەبوبەکر وەك زێوانی ئارامگای نەوشێروان! | 190 |
| سوپاسی دۆستە دوژمنەکانت بکە فەرهاد! | 192 |
| **بەشی شەشەم: توندڕەوی و مەرگ دەرهاوێشتەی گەندەڵی** | **193-205** |
| کوردستان لە سایەی گەندەڵان شۆڕشێکی سەلەفی بە مێژوو قەرزارە! | 195 |
| هەتا ترامپ یش دەرچوو لە گەورەترین حەکیمی کورد حەکیمترە! | 196 |
| وانەیەکی دیموکراتی بۆ دەسەڵاتی سوپەر گەندەڵ لە هەڵبژاردنی ترامپدا! | 198 |

| | |
|---|---|
| سەلەفی!! | |
| عبدالرحمن سدیق و گەندەڵی کوردی | 200 |
| سنورێك بۆ مەلاو بانگخوازە داعشیەکان دابنێن ئەی دەسەڵاتی مەست بە بۆنی نەوت | 202 |
| برنجی حەرام و لاپتۆپی حەرام | 204 |
| فرۆکە رووسیەکە و گەندەڵی گیان و ڕوحمان دەخاتە مەترسی! | 205 |
| **بەشی حەوتەم: ئۆپۆزسیۆن و دیموکراسیەت لە گەندەڵیدا** | 206-242 |
| ئۆپۆزسیۆنی تاڵتر لە گەندەڵی! | 208 |
| هەندێك لەبەر دژایەتی پارتی بەرگری لە داعشیش دەکەن! | 209 |
| کوردستان: سوتاندنی قۆناغەکان لەلای دەسەڵات وئۆپۆزسیۆن!! | 211 |
| ئەبو هۆل کەی قسە دەکات! | 213 |
| نازانم ماندوو نەبوویت لە بێ دەنگی وبێ جوڵەیی، بێ بایەخی بە خەڵکانیتر؟! | 215 |
| گەڕانەوەیەکی مەهدییانە! | 216 |
| ئۆپۆزسیۆن دەبێت چۆن بێت؟ | 218 |
| ئۆپۆزسیۆنی ئایینی | 221 |
| بە مزگەوتکردنی هەولێر لە دیدی مەرایی ڕۆشنبیران! | 225 |
| ئێوە هێندە دژی گەندەڵی نین هێندەی دژی سێکیولاریزم و دیموکراتین! | 229 |
| ئەو خۆفرۆشانە بە خۆڕایی یەك یەك ئاشکرا دەکەم! | 232 |
| بەرهەم لاسایەکی نەزانانەی نەوشێروان دەکاتەوە! | 234 |
| شاسوار کەروێشکێکی دەرچووی ناو کڵاوی بەتاڵی چ ساحیرێکە؟! | 235 |
| دیموکراسی بوونیش سنوور ومرۆڤی خۆی هەیە! | 237 |
| دیموکراسیەت بە گۆترە! | 240 |
| دیموکراسیەت لە نێوان براگەورە Big Brother وسایبەرسپێسدا Cyberspace | 242 |
| گەندەڵان ناتوانن هەست بە ئازاری هەژاران بکەن! | 244 |
| لە دیموکرات پەست بووم و ئێستا بۆیان پەستم! | 245 |
| دیموکراسیەتی زیاتر: چاکترین وەڵامە بۆ ڕەخنەکان | 246 |
| بەرزترین تاوەر ونزمترین سیستمی دادپەروەری | 248 |
| نرخی مرۆڤەکان ٥٠٠ سەد دۆلارە و نرخی حوشترەکان بە ملیۆنەها دۆلارن!!! | 250 |

**بەرهەمەکانی نووسەر:**

- **داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.**
- **نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت**
- **ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.**
- **خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت**
- **ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.**
- **ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا**
- **ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان**
- **کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە**
- **دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک**
- **باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی**
- **پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی**
- **مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان**
- **ڕابوونی مەرگ**

**هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:**

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&main=201506302252031246 59&qr=true&report=relateditems




دانة غاز
DANAGAS

# Corruptionland

## The Story of a Failed Experience in Southern Kurdistan ( Iraqi Kurdistan )

Written by: Mohammed Hariri

من له نووسینی ئەو کتێبە بیرم لە وشەی گەندەڵستان و گەندەڵی دەکردەوە! چونکە دڵنیام وشەیەک نییە بە وردی وەسفی حالەتی خراپی بارودۆخی کوردستان بکات. بەر لە ماوەیەک لەگەڵ شاعیری مەزنی کورد عەبدوڵلا پەشێو بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، یەک دووجار وشەی گەندەڵی دەسەلأتم بەکار هێنا. پەشێوی مەزن گووتی کاک محەممەد: غەرەتە ئەو دەسەلأتە بەناو کوردیە وەسف بکرێت بە گەندەڵ، چونکە وشەی گەندەڵ زۆر بچووکە بۆ وەسفی، هەقی خۆی ناداتێ! دەبێت وشەیەکی تری بۆ بدۆزرێتەوە گوزارش لەو هەموو نەگریسیەی بکات کە تیایدایە، تا ئێستا لە قاموسی کوردی وشەیەکی لەو جۆرەم نەدۆزیتەوە بۆی بەکاری بێنین. ئەو دەسەلأتە پێشڕەوی کوردی کرد بەرەو پە تەوازەیی و تالأنی و هەڕاجکردنی نیشتیمان و دواکەوتوویی و دووبەرەکی و هەستی بێ ئینتیمایی و دەیان کارەساتی تر.

"گەندەڵی نەک مایەی شەرمەزاری نییە لەو جەنگڵستانەی گەندەڵیدا، وبەڵکو بە دانپێداهێنانی سەرۆکەکانمان بۆتە کلتور و فۆلکلۆر!! کوڕ ئەو کوڕەیە تا بۆی بکرێت هەلەکان بقۆزێتەوە وتا دەتوانی پارە ومولکی گەندەڵی بۆ خۆی گلّداتەوە... نەک گەندەڵی ڕێگە پێدراوە لە سایەی ئەو کلتورە گەندەڵەدا، بەڵکو فایلداری بەعسیش بە هەر ئاساییە، مادام مل کەچ وپەیوەستی بە حزبایەتی وسەرۆکایەتی حزبەکەت..!

" گەندەڵی کوردی تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە لە هیچ گەندەڵیتری ولأتان ناچێت. گەندەڵی کوردی زۆر بێ ئیحساستر و بۆگەنتر ودەبەنگترە، بەڕادەیەک مرۆڤ تووشی خەمۆکی و شیزۆفرێنیا دەکات، توشی شێتبوون دەکات، منالەکانی دوێنێی بنەماڵە دەسەلأتدارەکان، بە ملیاردەها دۆلاریان لە دەستە ، بەلأم سەرەڕای ئەوەی ئەو نەوتەی کوردستان شەو و ڕۆژ بەتالأن دەبردرێت، کەچی هێندە بێ شعور و چڵێس و بێ عەقڵن گەندەڵەکانی کوردستان، هەتا مووچەی پێشمەرگەش و کارمەندەکانیش بە جوانی نادەن!! گەندەڵی کوردی هێندە پیسە خودی باسکردنیشی گەندەڵ بووە!"

Design: Hadi Hunar

First Edition 2018